تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ڕەخنەی کوردی لە لوتکەی لوژیکەوە بۆ هەڵدێری جنێو

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

غفور صالح عبدالله

کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەییەو وەڵامدانەوەیە بۆ جنێونامەکانی (ڕێبین هەردی) لە هەردوو ژمارەی گۆڤاری "ئاینده"(٥)، (٨و٩)و هەندێ لە نوسەرەکانی دیکەی گۆڤاری (ڕەهەند) هەروەها لە کتێبی (لەبارەی دیموکراسیەوە، وەڵامێك بۆ کاك ملا بەختیار).

-چاپی یەکەم-

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

رەخنەی کوردی لە لوتکەی لۆژیکەوە
بۆ هەڵدێری جنێو

غفور صالح عبدالله

کۆمەڵێ وتاری رەخنەییەو وەڵامدانەوەیە بۆ جنێونامەکانی (رێبین هەردی) لە هەردوو ژمارەی گۆڤاری (ئاینده) (٥)و (٨و ٩)و هەندێ لە نووسەرەکانی دیکەی گۆڤاری (رەهەند)، هەروەها لە کتێبی لەبارەی دیموکراسیەوە وەڵامێك بۆ کاك مەلا بەختیار...

◊ ناوی کتێب: (رەخنەی کوردی لە لوتکەی لۆژیکەوە بۆ مەڵدێری جنێو)

◊ نوسینی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

◊ کۆمپیوتەر: تەها حەمەنوری

◊ چاپخانە: داناز

◊ تیراژ: (٥٠٠)

◊ چاپی: یەکەم / کوردستان / ٢٠٠٢

ژمارەی سپاردن: (٦٨) ی وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٢ ی دراوەتێ.

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

پێشەکی ..
بۆچی ئەم ناونیشانە ..؟

ڕەخنە وەکو تیۆرێکی نوێو چەمکێکی جیا لەگەڵ هەموو دەقە ئەدەبیەکانی دیکە، کۆمەڵێ بنەماو ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، چونکی نە هەموو ڕەخنەگرێکی شیعر دەبێ بەشاعیرو نە هەموو شاعیرێك دەتوانێ ببێتە ڕەخنەگری شیعر، هەندێ کەس دەڵێن ڕەخنە موتەتەفیلە لەسەر ئەدەب یان پاشبەندێتی، دەق نەبێ ڕەخنە نابێ، زۆرجار ڕەخنە لەسەر دەقی نەخوێندراوەیش دەکرێ وەکو ڕەخنە لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵ...

دەقی ئەدەبی چەند پیرۆز بێت دەسا ڕەخنە هێندە پیرۆزتر و دەق پیرۆز دەکا بەهەڵسەنگاندنی یاخود بەهەڵوەشاندنەوەی‌و ناساندنی ئاستی دەقەکان بەخوێنەر لە هەموو ڕوویەکەوە، دەقی ڕەخنەیی هێندەجار دەگاتە دەقی وەلامدانەوە کە بێگومان لە دووتوێی ئەم دەقەدا ڕێساکانی ڕەخنەو ئادابی ڕەخنە ڕەچاو دەکرێ لە لایەن دەق نووسەکەوە، دەقە ڕەخنەییەکانی بلینسکی، پووشکین‌و گۆگۆل‌و تۆرگنێفی لە لای خەڵکی ڕووسیا ئاشناو خۆشەویست کرد، دەقە ڕەخنەیەکانی فلادیمیر نابۆکۆف (یۆلیسس)ی لەبەر دلان ئاشنا کردو موحازەرەکانی خۆیان لە خۆیاندا بوون بەچەند دەقێکی ئەدەبی زیندووو وەرگێڕدران بۆ زۆربەی زمانەکان... بەداخەوە ڕەخنەی کوردی - ئەگەر هەبێ - نەیتوانیوە خۆی لە قالبی کەسایەتی‌و دۆستایەتی‌و خوێندنەوەی

زەوقی ڕزگار بکات، سەرەتای ڕاپەڕین، کە ئەمەیان سەرحەدێکەبۆ هەموو شتەکان دانران (پێش ڕاپەڕین‌و دوای ڕاپەڕین).

وەلێ دوای ڕاپەڕین -وەرچەرخانێکی خ ەر پەیا بوو لەم بوارەدا، کۆمەڵێ کەس پەیا بوون بە ڕەخنەو خوێندنەوەی دەق‌و دیاردەکان خۆیان سەرقاڵ کرد تا لەم ڕێگەوە خەریکە خۆیان بە بیریاری سەردەمی دوای ڕاپەڕین خۆیان ناوزەد دەکەن‌و، خۆشاردنەوە لە نێو دەقە ڕەخنەیی‌و لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژئاواداو، تیۆریزەکردنی بۆچوونی سەقەت‌و لاسایی کردنەوەی زەقی بیریارە ڕۆژئاوایەکان‌و موتربەکردنی فەلسەفەی سەقەتی هەندێ لە پۆست مۆدێرنێتەکانی ڕۆژئاوا، وەکو دەق ئاوێزان‌و داتاشین لەگەڵ دیاردەوحاڵەتە کوردیەکاندا،....

لەم ناونیشانە بۆ ئەم کتێبە باشترم نەدۆزیەوە، چونکی نووسینەکانی دووتوێی ئەم کتێبە کۆمەڵێ وتاری وەڵامدانەوەن بۆ (ڕێبین هەردی) بەبێ تەشەنووج‌و جنێوو قسەی جنێوئامێز، بگرە بەبەڵگەوە وەڵامی هەڵەو جنێوەکانی ئەم زاتەم داوەتەوە لە هەردوو نووسینەکەی لە گۆڤاری ئایندە ژمارە (٥)و (٨و ٩)و کتێبەکەی (لەبارەی دیموکراسیەوە). ئەوەیش خستنە بەرچاوی ئەو واقیعەیە کە ئێستا لە ڕەخنەی کوردیدا تەشەنەی کردوە...

()()()

ڕەخنە... یان فەرهەنگی جنێو

لەسەر دێری ئەم وەڵامەدا بۆ کتێبەکەی ڕێبین هەردی! ((لەبارەی دیموکراسیەوە، وەڵامێك بۆ کاك مەلا بەختیار)) بەڕوونکردنەوەو خستنە بەرچاوی ڕاستیو چەواشەکاریەکان دەردەکەون.

لە لاپەڕە (٤٩) کتێبەکەیدا ڕێبین ئیدیعاو گەزافێکی سەیر لێدەدات، کە گوایە ئەوو هاوڕێکانی لە گۆڤاری ڕەهەند مەعسوومن لە هەڵە کردن، ئەوەتا دەڵێ: (لە ئێستاوە سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کە هەڵەیەکمان دەدۆزێتەوە) زۆر بێمنەتانەش لافی لێدەدات، بەڵام منیش مژدەی دەدەمێ، یەکەم کەس کە دەبێ ڕێبین سوپاسی بکات، ئەوا غەفور ساڵحە کە ئەو بە نەخوێنەوارو درۆزنی لە قەڵەم دەدا، دەیانجارو سەدانجار، دەبا بزانین وەکو نموونەیەکی هەرە زەقی خەوارێکی هەڵەکانی ڕێبین هەردی لە هەمان کتێبو لە لاپەڕە (٤٩)دا دەڵێ: (سەعدی ئیبراهیم لە ژمارە پێنجی ئاینده ئاماژەی بەوە کردووە)، بەڵام دیارە ڕێبین لەبیری چووەتەوە کە ئەو سەعدی ئیبراهیمە هەر خۆیەتیو لە ژمارە (٨و ٩)ی گۆڤاری ئایندەدا نەك ژمارە (٥) و نووسینێکی لەسەرم بڵاوکردوەتەوە بەناونیشانی: (غەفورو شارلۆك هۆڵمز... خوێندنەوەیەك لە تەکنیکەکانی قسە هەڵبەستندا). ڕێبین هەمان هەڵە لە لاپەڕە (٥٤)یشدا دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ: (بە قەڵەمی سەعدی ئیبراهیم لە ژمارە (٥)ی ئایندەدا بڵاوکراوەتەوەو دەیسەلمێنن ئەم پیاوە چ

مەحشەرێکی نەخوێندەواری‌و بوختانی خستۆتەگەڕ). ئەم دووبارە بوونەوەیەش گومانی هەڵەی چاپی ڕەواندوەتەوە. هەر بۆ دڵنیاییش چاوێکم بەژمارە (٥)ی گۆڤاری ئایندەدا خشاندەوە ناوی (سەعدی ئیبراهیم)م نەدۆزیەوەو بەرچاو نەکەوت نە لە دوورو نە لە نزیکیش...

جا برادەرینە نوسەرێك ئەمە خەیاڵ‌و بیرکردنەوەی بێ، چۆن لەڕووی دێ بە خەڵکی دیکە بڵێ نەخوێندەوارو درۆزن...؟!

ئەنجا، لەسەرتاوە دێمە سەر جنێو‌و قسەیەکی ڕێبین هەردی لە لاپەڕە (٣٤)ی ئەو کتێبەیەدا (لەبارەی دیموکراسیەوە وەڵامێك بۆ کاك بەختیار)، کە دەڵێ: (من گووتوومە غەفور نەخوێندەوارەو سەلماندومە، من گووتوومە غەفور درۆزنە سەلماندومە، فەرموو بیسەلمێنە غەفور درۆی نەکردوەو من تۆمەتم بۆ داتاشیوە)....

بەڵێ ڕێبین ڕاست دەکاو با بزانین چۆن سەلماندویەتی کەمن (نەخوێندەوارو درۆزنم)، لە گۆڤاری ئایندە ژمارە (٥)و ژمارە (٨و٩)و لە کتێبەکەیدا، لە ڕێگای پتر لە (٢٨٠) ڕستەو پەرەگرافی جنێو‌و قسەی بازاڕیەوە، (١٦٣) پەرەگراف کاك مەلا بەختیار لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری ئایندە خشتەی بۆ کردون‌و، ئەوەکانی دیکەش لە گۆڤاری ئایندە جووت ژمارەکەی (٨و٩)و، لە کتێبی (لەبارەی دیموکراسیەوە) سەلماندویەتی‌و چاکیشی سەلماندوە!! ئەوا لێرەدا ئەو سەلماندنانەی ڕێبین هەردی بە خشتە دەخەینە بەرچاو...

سەلماندنەکانی رێبین لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری (ئاینده)

ژ		ل
١	خۆی لێ کردوین بە نوسەر	٤١
٢	ئەم پیاوە کە لە ستونی رۆژنامە بەدناوو چیرۆکە رووزەردەکانی پێش راپەرینەوە	٤١
٣	قەڵەمە نەخوێنەوارەکەی	٤١
٤	ئەمرۆ بەخشندەیی و میهرەبانی جیهانی دوای راپەرینی لێکۆراوە	٤١
٥	ئەو شرە نوسینانەوە بکوژین	٤١
٦	نەخوێندەواری لێ ئەبارێ	٤١
٧	نەخوێندەوارترین کەسی ئەو نەوەیەی پێش ئێمە	٤١
٨	تازە لەوە کەوتووە	٤١
٩	غەفور بێ هیچ شەرمێك	٤١
١٠	ئەم کورد پەرستەی ئاخر زەمان	٤١
١١	ئەوەندە لەئاستێکی نزمدان	٤١
١٢	وێنەیەکی پر لەنەخوێندەواری	٤١
١٣	بەنەخوێنەوارێکی واوە بکوژم	٤١
١٤	ئەو جەهلنامەیەی بەرەخنە لەقەڵەم دەدەن	٤٢
١٥	لێشاوی بوختانانەیە	٤٣
١٦	ئەو پیاوە بێ ئاگایە	٤٣
١٧	ئایا نەخوێندەوارێك	٤٣
١٨	دێری تیا نیە نەخوێندەواری لێ نەبارێ	٤٣
١٩	نوسینەکە فرێ بدەیتە ناو "سلەی مهملات"	٤٣

٢٠	بروات بخوێنێتەوەو پاشان دەست بۆ نوسین بەرێت	٤٣
٢١	غەفوری بێ ئاگا لەدنیای فکرو نوسین	٤٣
٢٢	غەفور بەچ رووپەکەوە	٤٣
٢٣	مەگەر هەر خودا بزانێ غەفور ئەم هەموو شاکارە لەکوێوە دێنێ	٤٣
٢٤	غەفور لەبەر ئەوەی حەرفێکی لەسەر کۆمەڵگای دایک سالاری نەخوێندۆتەوە	٤٤
٢٥	ئەو پیاوەی بووە بەچاوساغی برێك لەنوسەرو ستون نوسەکان	٤٤
٢٦	ئەم چ نەخوێندەوارێکە	٤٥
٢٧	بەچ رووپەکیشەوە لێمان بووە بەنووسەرو چاوساغ	٤٥
٢٨	لەزاری نەخوێندەوارێکی وەك غەفورەوە	٤٥
٢٩	لەگەڵ نەخوێندەواری غەفوردا	٤٥
٣٠	ئەو بەردێکی بە نەزانینەوە فڕێ داوەتە دەریایەکەوە	٤٥
٣١	غەفور نەخوێندەواری خۆی بکات بەخوێندەواری	٤٥
٣٢	هەر نەخوێندەوارێکی وەك غەفور	٤٥
٣٣	ئەم پیاوە بەچ چاوێکی نەخوێندەورانەوە	٤٦
٣٤	تەنها نەخوێندەوارێکی وەك غەفور	٤٦
٣٥	ئاشکرایە غەفور چۆن بێ ئاگا لەدنیا	٤٦
٣٦	تاوانی غەفور نەخوێندەواری نیە	٤٧
٣٧	غەفور بێ شەرمانە	٤٧
٣٨	بانەخوێندەوارێکی واتێبگەیەنین	٤٧
٣٩	لەبێ ئاگایەکی گەورەدا دەژی	٤٧
٤٠	پاش ئەم هەموو بێ ئاگاییە غەفور	٤٧
٤١	ئەم هەموو نەخوێندەواریە لەکوێوە دێنێت	٤٨
٤٢	بەچ روپەکیشەوە دەنوسێت	٤٨

٤٣	قسە بێ سەرو بەرەکانی غەفور	٤٨
٤٤	ئەم پیاوە بەستەزمانە	٤٨
٤٥	بەدەیان نەخوێندەواری وەك غەفوریش	٤٨
٤٦	ئاشکرایە چەند بێ ئاگایە لێی	٥٠
٤٧	چاوی خۆی لەوە کوێر دەکات	٥٠
٤٨	نەخوێندەوارێکی وەك غەفور	٥٠
٤٩	خودایە ئەم پیاوە ئەم هەموو رووە لەکوێوە دێنێت؟	٥٠
٥٠	خودایە ئەم هەموو بێ شەرمیەت چۆن داوە بەم عەبدەی خۆت	٥٠
٥١	ئەم بونەوەرەت لەچی دروستکرووە، خودایە؟	٥٠
٥٢	ئیدی چی بەم پیاوە بێ شەرمە بڵێین	٥٠
٥٣	لەچاپخانەکانیان وەرنەدەرێو بخوێننەوەو پاشان دەست بۆ شەرەفی نوسین ببەن	٥٠
٥٤	ئەم پیاوە گەر برێك تواناى خوێندنەوەو تێگەیشتنی هەبوایە	٥٠
٥٥	لەژێر قەڵەمە نەخوێندەوارەکەی غەفوردا	٥١
٥٦	لە نەخوێندەواری وانەبێت لەکەس ناوەشێتەوە	٥١
٥٧	غەفور بێ ئەوەی تۆزقاڵێك شەرم بیگرێ	٥١
٥٨	غەفور ئەگەر بێ ئاگایەکی گەورە نەبێت	٥٢
٥٩	نەخوێندەوارێکی ترسناك نەبێت	٥٢
٦٠	غەفور گەر راستگۆ بوایە	٥٢
٦١	غەفور چەند بێ ئاگایە لەم کتێبە	٥٢
٦٢	جگە لە نەخوێندەوارێکی وەك غەفور	٥٣
٦٣	چۆن غەفور درۆ دەکات	٥٣
٦٤	گەمە ناشیرینو پر لە شێواندنی غەفوریش	٥٣
٦٥	غەفور چ درۆیەکی شاخداری بۆ باوکی ناسانیل دروستکردووە	٥٣
٦٦	پیاوێکم نەدیوە ئەوەندە لەتێگەیشتنی پوختەی رۆمانێکدا کۆڵەوار بێت	٥٤

٦٧	غەفور لەچاویەستەکیەکی ئاشکراو دۆراودا	٥٥
٦٨	هەموو نەخوێندەواری خۆی ئاشکرا دەکات	٥٥
٦٩	ئاخر کێ کفری وا دەکات جگە لە غەفور ساڵح	٥٥
٧٠	لەچ ناوەندێکیشدا پیاوی وا دەبێتە چاوساغو رابەری فکری	٥٥
٧١	غەفور فری بەسەر باوك سالاریەوە نیە	٥٥
٧٢	چۆن لەم بێ ئاگایە تێبگەین	٥٥
٧٣	غەفور لەبێ ئاگاییەکی گەورەوە قسان دەکات	٥٦
٧٤	لەخۆیەوە قسەی وابێ سەروبەری نەدەکرد	٥٦
٧٥	ئەم پیاوە دەست پاکەی سانسۆری عێراقی	٥٦
٧٦	غەفور شەرم لەوە ناکات	٥٧
٧٧	غەفور شەرم لەهیچ یەك لەمانە ناکات	٥٧
٧٨	غەفور لێمان بووە بەنوسەر	٥٧
٧٩	ئایا جگە لە نەخوێندەوارێکی گەورە کەس هەیە قسەی وابکات؟	٥٧
٨٠	جگە لەپیاوێکی لێ کەوتوو کە ساڵانێکە حەرفێکی نەخوێندۆتەوەو فری بەسەر دنیاوە نەماوە	٥٧
٨١	نەخوێندەوارێکی وەك غەفور دەبێت بزانێت	٥٧
٨٢	گەر غەفور راستگۆ بوایە	٥٧
٨٣	غەفور گەر برێك لەعەقڵو تێگەیشتنی بخستایە کار	٥٧
٨٤	پیاوێك تەنانەت لەو قسانەش ناگات	٥٧
٨٥	غەفور هەموو ئەم قسە بێ سەرو بەرانە	٥٧
٨٦	لەزاری پیاوێکی تاسەر ئێسقان نەخوێندەوارەوە نەبێ، دێتە دەرێ	٥٨
٨٧	برۆن بخوێننەوە باتۆزێك شت فێر بن	٥٨
٨٨	دەبەخشم بەنەخوێندەواریەکەی	٥٩

٨٩	بەدبەختی غەفور لەوەدایە	٥٩
٩٠	غەفور تێناگات	٥٩
٩١	تەنها بێ ئاگایەکی وەك غەفور	٥٩
٩٢	غەفور لەبێ ئاگای و تێنەگەیشتنێکی قوڵەوە قسان دەکات	٥٩
٩٣	غەفور کە تازە شێواندنی کردووە بەپیشەی خۆی	٥٩
٩٤	کوا شەرم لەوەدەکات	٥٩
٩٥	غەفور کە لەسادەترین زاراوە فکریەکان و پوختەی رۆمانێك نەگات	٥٩
٩٦	نوسینێکی سادە تێ ناگات و دەیشێوێنێ	٥٩
٩٧	تەماشای ئەم پیاوە نەخوێندەوارە بکەن!	٦٠
٩٨	لیمان بۆتە نوسەرو بەناوی فکرەوە قسە دەکات	٦٠
٩٩	ئەوەندە ساویلکەیە	٦٠
١٠٠	غەفوری ئەنترۆپۆلۆگی ئاخر زەمان	٦٠
١٠١	بەدبەختی غەفوریش لەوەدایە	٦٠
١٠٢	غەفور بەر لەوەی شەرم بکات و لیمان ببێ بەئەنترۆپۆلۆگ	٦٠
١٠٣	بابچێ برێك بخوێنێتەوەو تێبگات پاشان دەست بداتە نووسین	٦٠
١٠٤	غەفور لەهەموو ئاراستەکاندا بێ ئاگایە	٦١
١٠٥	غەفور چاوی بەرایی نایەت ئەم شتانە ببینێ و خۆی لێ کوێر دەکات	٦١
١٠٦	غەفور لەوە نەخوێندەوارترە	٦١
١٠٧	لەبەر ئەوەی تێناگات	٦١
١٠٨	دەمامکی ئەم پیاوە نەخوێندەوارانەی لاداوەو لەماهیەت و ئاستی بێ ئاگاییان تێگەیشتووە	٦١
١٠٩	بێ ئەوەی تۆزقاڵێك شەرم بیگرێ	٦١
١١٠	بێ هیچ شەرمو دودڵیەك	٦١

١١١	غەفور بێ هیچ شەرمێك	٦٢
١١٢	نەخوێندەوارانی وەك غەفور	٦٢
١١٣	خودایە چ روو و شەرمێکت داوەتێ بۆ نوسین	٦٢
١١٤	ئەم پیاوە بێ فرتو فێڵو ئەدیبە رەسەنەی سەردەمی سانسۆری عێراقی	٦٣
١١٥	بەدبەختی غەفور لەوەدایە	٦٣
١١٦	مەحاڵە بەغەفور بگوترێت نوسەرو خوێنەوار	٦٣
١١٧	ئەم پیاوە نەخوێندەوارە	٦٣
١١٨	هەموو ئیفلیجیو بێ ئاگایی خۆی ئاشکرا دەکات	٦٣
١١٩	غەفور واز لەو گەمە ساویلکانەیە بهێنێ	٦٤
١٢٠	تازە بریاری داوەو خوداش تازە نایهێنێتەوە سەر عەقڵ!	٦٤
١٢١	ئەم پیاوە گەر بێ ئیشو لەبوختان نەگەرێ	٦٤
١٢٢	شتی وا کۆمیدی جگە لە غەفور چ کەسێك دەیکات	٦٤
١٢٣	بەڵام غەفور شەرم لەوە ناکات	٦٤
١٢٤	ئائەمەیە راستگۆییو دەستپاکی ئەدیبە رەسەنەکانی سانسۆری عێراقی	٦٤
١٢٥	لەفرتو فێڵو گەمەیەکی سەرتاسەر دۆراودا	٦٤
١٢٦	غەفور هێشتا منالی سەرەتاییەو رێساکانی خوێندنەوە فێر نەبووە	٦٤
١٢٧	بۆ ئەوەی بێ فرتو فێڵی ئەم پیاوەی سەردەمی سانسۆری عێراقیش ئاشکرا بکەم	٦٤
١٢٨	ئاشکراکردنی درۆو بوختانی گەورە نەخوێندەوارێکی وەك غەفورە کە زۆر بێ شەرمانە دەڵێت	٦٥
١٢٩	لەو سەرەوە بەکۆڵێ نەخوێندەواریو تێنەگەیشتنو بوختانەوە بێنە دەرێ	٦٥
١٣٠	ئەم درۆ شاخدارەش بێ هیچ شەرمێك دەنوسێ	٦٥

١٣١	ئەم پیاوە بوختان کەرە	٦٧
١٣٢	تازە لەوەش کەوتوون تەریق ببنەوە	٦٧
١٣٣	ساویلکەیی‌و توانستی تێگەیشتنی غەفور	٦٧
١٣٤	یاریەکی ساویلکانەی کردووە	٦٧
١٣٥	ئەم گەمەیە کە غەفور زۆر دڵخۆشە پێی، گەمەیەکی دۆڕاوە	٦٧
١٣٦	تەقەنیاتی تازە بۆ درۆکردن بدۆزێتەوە	٦٧
١٣٧	غەفور بوختانکەرێکی گەورە نەبێت بەچ ڕوویەکەوە دەتوانێت	٦٨
١٣٨	ئەم کابرایە چۆن دەخوێنێتەوەو چۆن تێدەگات	٦٨
١٣٩	بەغەفورو ئەوانەی غەفور چاوساغ‌و تیوریزەنیانە بڵێن: یەك تۆز شەرمکردن	٦٨
١٤٠	غەفور دەبینێ بەڵام ناخوێنێتەوە، سەیر دەکات بەڵام تێناگات	٦٨
١٤١	کەسێکی وەك غەفور دەکات کە توانای بینینی جیاوازی نێوان نەك دو دەق، بەڵکو پەرەگرافیشی لەدەستداوە	٦٩
١٤٢	ئائەمەیە ڕاستگۆیی غەفورو ئاستی تێگەیشتنی ئەو پیاوەی کۆمەڵێ ئەدیبی لێ کەوتوو و ڕۆژنامەنووسی مردووی، هێناوەتە سەماو هەڵپەرکێ	٦٩
١٤٣	کاتێ غەفور دەنوسێ‌و بڕێك نووسەرو ستون نوسی ڕۆژنامەکان وەك قوتابیەك قسەکانی توتی وار دەڵێنەوە	٦٩
١٤٤	دنیایەك نەخوێندەواری وەك غەفور	٦٩
١٤٥	ئائەمەیە کەشفە ئاڵتونیەکانی ئەدیبە ڕەسەن‌و ڕاستگۆو بێ فرت‌و فێڵەکانی سەردەمی سانسۆری عێراقی	٦٩
١٤٦	ئەمانەش هەر بۆ غەفور لەگەڵ شێواندنەکانیدا دەڕۆم	٧٠
١٤٧	غەفور بەو سیاسەتە کار دەکات درۆ بکە، درۆ بکە تابڕوات پێدەکەن	٧٠
١٤٨	ئایا نوسەری واکۆمیدی کەس بینویەتی؟	٧٠

١٤٩	شایەنی ئەوەیە سانتیەمەترێکی ڕۆژنامەیەکی بەدەیتێ بۆ ئەوەی تیای بنوسێ	٧٠
١٥٠	کاری وا کۆمیدی لەغەفور نەبێ لەکەس دەوەشێتەوە	٧٠
١٥١	لەناو کۆمەڵێ نوسەرو ڕۆژنامەونوسی بێ ئاگاشدا نەبێ، پیاوی وا دەبێتە چاوساغو ڕێنمایکەر؟	٧٠
١٥٢	بۆ ئەوەی شێواندنەکانی ئەم پیاوە کۆمیدیە بزانن	٧١
١٥٣	ئەو بەراوردە ئابروبەرەیەی کردووە کە ئاشکرامانکرد	٧١
١٥٤	خۆی لێ کوێر کردووە	٧١
١٥٥	ئەمەیە دەستپاکی ئەدیبە ڕەسەنەکانی سەردەمی سانسۆری عێراقی	٧١
١٥٦	کەسانی بێ ئیش‌و کاری وەك غەفور	٧٢
١٥٧	ئەم پیاوە کۆمیدیە	٧٢
١٥٨	غەفور تەنها بۆ ڕەشکردنەوەی پەرە قسان دەکات	٧٣
١٥٩	تەماشاکەن ئەم پیاوە چ ڕوویەکی هەیە؟	٧٣
١٦٠	درۆمان بەدەمەوە دەکات قسە ناکەین	٧٤
١٦١	هەندێك نوسەری پڕ ئەزموون‌و ڕۆژنامەنووسیش توتی وار قسەکانی ئەم پیاوە بەستەزمانەیان نەگوتایەوە	٧٤
١٦٢	ئەم پیاوە بوختان چی‌و درۆزنە بڵاوبکەنەوە	٧٤
١٦٣	پیاوێکی وانەخوێندەوار بشێوێنرێ	٧٤

ئەو سەلماندنەی کە (ڕێبین هەردی)
لە ژمارە (٨ و ٩) ی گۆڤاری (ئاینده) بڵاوی کردونەتەوە

ژ		ل
١	ئاخر چ بڵێین لەگەڵ پیاوێکدا کە نەك هەر جورئەتی ئەوەی نیە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێ.	١٠٥
٢	یەکەمیش ئەوە غەفور و نوسینەکانی نەبوو کە هانی داین وەڵامی بوختان نامەکانی بدەینەوە..	١٠٥
٣	غەفور لەم گەمەیەدا تەنیا نەبوو.	١٠٥
٤	بەڕاستی یەکجار سەیرە ساڵێکە غەفور گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی دەسەڵاتداری ناوچەی یەکێتیی نەماوە تیایدا نوسین بڵاونەکاتەوە کە پڕ نەبێ لە درۆ و بوختان و شێواندن.	١٣٣
٥	بوختان و تۆمەتە نامەقەکانی غەفور.	١٣٣
٦	غەفور کە ئەو شاکارە لە درۆ و بوختانانە هەڵدەبەستێ و دەینوسێ.	١٣٣
٧	کورتەی ئەو درۆیانە دەنوسمەوە کە غەفور بۆ ئێمەی کردوە.	١٣٣
٨	غەفور ئەم درۆ و شێواندن و بوختانانەی.	١٣٣
٩	ڕووی نەکردە دەم غەفور و پێی بڵێ: براکەم نوسین لەسەر خەڵکی دی مافی خۆتە بەڵام درۆکردن عەیبە.	١٣٤
١٠	درۆکردن و هەڵەکردن و نەخوێندەواری لە نوسیندا و باجی خۆی هەیە و دەبێ بیدەی.	١٣٥
١١	غەفوریش دەبێ بینۆشێ بۆئەوەی جارێکی دی فێربێ حورمەتی نوسین و فکر بگرێ و هەر لەخۆیەوە قسەی بێسەروبەر فڕێنەدا.	١٣٥
١٢	لەخۆیەوە کۆمەڵێ درۆ و تۆمەت و زانیاری هەڵەی ڕیزکرد ئەوا بێگومان باجی ئەو هەڵە و تۆمەت و درۆیانەی خۆی دەبێ بدات چونکە لە ڕێساکانی نوسین لای داوە.	١٣٥
١٣	ئەگەر غەفور درۆی نەکردوە	١٣٦

١٤	من پێم سەیرە و یەکجار سەیرە درۆکردن و درۆنوسین عەیب و عار نەبێ.	١٣٦
١٥	کاتێ ئەم درۆ شاخدارە دەنوسێ و بڵاوی دەکاتەوە.	١٣٦
١٦	غەفورێك کە ئێستاش وادەزانێ پەیوەندی یەکێك بە بەرپرسیارێکی حیزبییەوە وەك سەردەمی بەعس لەسەر بنەمای ملکەچی و پەشیمان بونەوە و تۆبەکردنە.	١٣٦
١٧	هەموو ئەمانەش (بەداخەوە) لەبەردەم یەکێتیبوونی غەفوردا بە پوولێك ناکرێ.	١٣٧
١٨	نوسینەکانی غەفور خۆی ناسنامەی نوسەری لە غەفور سەندۆتەوە.	١٣٨
١٩	ئەگەر غەفور زیاد لە جارێك بەرۆکی پێنەگرتینایە و خەڵکانێکیشی بەخۆی سەرسام نەکردایە.	١٣٩
٢٠	بۆئەوەی جارێکی دی دەریبخەین چ پیاوێکی نەخوێندەوارمان لەبەردەمدایە.	١٤٠
٢١	کەی درۆ هەڵبەستن و بوختانکردن و هەڵەی پڕ لە نەخوێندەواری دەبێ بە مشت و مڕی فکری.	١٤٠
٢٢	بەڵکو لەبەردەم گرفتێکی ئەخلاقی و نەبوونی راستگۆییداین.	١٤٠
٢٣	بەڵکو قەڵەمێکمان هەیە کە دەمامك لەسەر نەخوێندەواری و بێئاگایی لادەدات و رێگەنادات پێشێلکردنی هەموو بنەما ئەخلاقی و بابەتیەکانی نوسین هەروا بە سانایی بڕوا و باجەکەی نەدا.	١٤١
٢٤	غەفور کەوتووەتە هەڵەی واوە و قسەی بێسەروبەری وتووە !	
٢٥	بەردێك نەزان بیخاتە ئاو بە هەزاران ژیر ناتوانن دەرینایە !	
٢٦	غەفور بەردەکەی وا نەزانانە هاویشتووە..	
٢٧	ئاخر چ عاجباتیەکی دونیای رەخنە دەبێ.	
٢٨	بۆ ئەم بەحرە لە شێوان و هەڵە شەرعییەت تاشی بکا.	
٢٩	لەوانەی جورئەتی جەهالەتیان دەگاتە ئەندازەی بێشەرمی.	
٣٠	دەکرێ بەم درۆیە بڵێین ئازادی بیروڕا..	

٣١	غەفور نازانێ وەڵامبداتەوە.	
٣٢	ئەدی ئەمە راوبۆچوونی جیاوازە یان تەکنیکی درۆکردنە.	
٣٣	ئاخۆ شوێنی شەرم نیە ئەم ترۆهاتە بە راوبۆچوون دابنرێ.	
٣٤	ئەمە قەشمەریکردن نیە.	
٣٥	ئەم رستەیە درۆیەکە وەقەد کێوێ..	
٣٦	کە یەکێك بلیمەتی تایبەتی نەبێت لە شێواندنا.	
٣٧	سا بۆ ئەوەی درۆی غەفور چاتر لەبەردەستابێ.	
٣٨	غەفور ئەو ورێنەیەی لە کوێ هاوردوە.	
٣٩	دیارە ئەم درۆگەورانە زوو یاد دەچنەوە.	
٤٠	ئەم قسە پروپووچانە بەسەر کەسدا ناگوزەرێ.	
٤١	غەفور زۆر خۆشحاڵ کەم کە شەریکە درۆی لە سەرتاپای دونیادا هەیە.	
٤٢	مونیرەی تورکی ژنێکە بەزۆر کراوە بە شاهیدی درۆ.	
٤٣	ئەگەر غەفور لە رۆمانەکە تێبگەشتبایە.	
٤٤	لەراستیدا دەکرێ لەسەر هەموو دەقێك زنجیرەیەك لەم ورێنانە بنووسی.	
٤٥	زاری بەرد و داران دەترازێ زاری غەفوور ناترازێ.	
٤٦	لە رۆشنبیریی ئێمەدا کەسانگەلێك هەن ئەم درۆیانە دەکرن.	
٤٧	گەر غەفوور بچوکترین زانیاری دەربارەی لۆرانس هەبایە.	
٤٨	تا ناموستەقیمانە گومانی دزیکردن گەورەتر بکا.	
٤٩	من لای خۆم شەرم دەکەم ئەم جۆرە بازاری نیفاق دەکاتەوە.	
٥٠	بەڵام گومانم هەیە غەفور راست بکا.	
٥١	چونکی گەر حەقیقی بوایە زاتی ئەوەی دەبوو.	
٥٢	بەڵام ئەم ترسنۆکییەی غەفور.	
٥٣	خۆ ناشێت غفور زاری لەو کوفرەش دابێ.	
٥٤	غەفور دوو قسەی بەسەریەکەوە هەڵدەبەستێ.	
٥٥	غەفور لە تەقەلای ئەوەدایە خۆی لەمە بدزێتەوە بەم عەقڵەی..	
٥٦	بەش بە حاڵی خۆم نازانم ئەم هەزەل بازارە بەهای چەند و کێ دەیکرێ؟	
٥٧	ئەمە چ قسەیەکی پروپووچە و چەند شایستە بە وەڵام نیە.	
٥٨	غەفور مارسیل برۆستی نەخوێندوەتەوە.	

٥٩	بەو چەشنەی خوارەوە درۆتاشی تیاکردوە.	
٦٠	دوای ئەوە نوسەر گەر رەسەن بێ.	
٦١	شارلۆك هۆڵمزێکی تا خودا حەز بکا خراپ و بێبەهرە.	
٦٢	ئەمە نووسینی مەتەڵ و حەزرفەزرە یاخود رەخنە.	
٦٣	هەرچییەك لەسەر شەباهەت لەنێوان ئێوارەی پەروانە و مارسیل پروستا نووسیوتە درۆیە..	
٦٤	بەدۆرشبێ لێچوونی لێداتاشری.	
٦٥	خۆ کاك غەفوور بەقەد دەنکە نیسکێ لەوە ئیحراج نابێ.	
٦٦	ئیتر بۆ لەوەی تەریق بوەتەوە.	
٦٧	بێئەوەی کەس شەکری وەهای لەسەر شکاندبێ.	
٦٨	لە نموونەی پێنجەمدا سەریحەن تێنەگەیشتووە..	
٦٩	تەحدای غەفووریش دەکەم رستەیەك بهێنێتەوە بڵێ ئەمە درۆی پەروانەیە.	
٧٠	ئەمەیان قسەی گیرفانی کاك غەفوورە.	
٧١	بەڵام غەفور حاجەتی بەو درۆیە هەیە.	
٧٢	تا لە رێی ئەم درۆیەوە بڵێ.	
٧٣	یەقینم هەیە کاری وا لە خەونیشا لەدەست و خامەی غەفور ناوەشێتەوە..	
٧٤	هەنە سوود لەم درۆیە دەبینن.	
٧٥	غەفور ئەگەر لە پێشدەم بەختیار عەلیا هەست بە لێپرسراوی ناکا، دەبا لەبەردەم خوێنەردا ئەو هەستەی نەدۆراندبێ.	
٧٦	ئەگەر لەبەردەم خوێنەریشدا ئەو هەستەی نییە.	
٧٧	دەبوایە گەر حورمەتی بۆ ئێمەی خوێنەر نییە حورمەتی جەماعەتەکەی خۆی بگرێ.	
٧٨	ئەم قسانەی غەفوور کە هەر کۆلکەخوێندەوارێ لەبەردەمیا عارەقەی شەرم دەردەدا.	

لیستی سەلماندنەکانی رێبین لە کتێبی
(لەبارەی دیموکراسیەوە، وەڵامێك بۆ کاك مەلا بەختیار)

١- لەبەردەم غەفورێکداین کە نەخوێندواریەکەی بە سەد کاك مەلا بەختیار پینەناکرێ.. ل ٣٤.
٢- گوتومە غەفور نەخوێندەوارە و سەلماندومە ل ٣٥.
٣- گوتومە غەفور درۆزنە سەلماندومە ل ٣٥.
٤- فەرموو بیسەلمێنێ غەفور درۆیەنەکردوەومن بۆم داتاشیوە..ل ٣٦.
٥- بێگومان تا غەفور زیاتر بنوسێ نوکتەی خۆشتر دەبیستن ل ٣٦.
٦- خۆ بۆ هەڵەکانی غەفور عەرەب وتەنی (حدث ولا حرج) ل ٣٦.
٧- نەخوێندەواریەکانی غەفور ل ٣٦.
٨- نوسینە پڕ لە نەخوێندەواریەکانی غەفور ل ٣٨.
٩- غەفور نەخویندەوارە ل ٤٧.
١٠-غەفور درۆی کردوە ل ٤٧.
١١-گوتومە غەفور بێشەرمە ل ٤٧.
١٢-لیستێك لە نەخوێندەوار و بێشەرم و درۆزن کە من بۆ غەفورم نووسیوە.. ل ٤٨.
١٣- بەکوردی من بە فەغورم گوتووە نەخوێندەوارو بێشەرم، درۆزن و هەموو ئەمانەشم سەلماندوە ل ٤٨.
١٤-غەفورمان گرتووە نە نەخوێندەواری پیشان داوە، نە بێشەرمی کردوە، نە درۆی بۆ هەڵبەستووین ل ٤٨.
١٥-کێشەی غەفور لەگەڵ نووسینەکانی ئێمە، کێشەی پیاوێکی نەخوێندەوار و بوختانکەر و شەرم ناکات.. ل ٤٩.
١٦- نووسینە پڕ لە نەخوێندەواریەکانی غەفور ل ٥٤.
١٧- ئەو غەفورەی کە ئەو هەموو نەخوێندەواریو شێواندنەی.. ل ٥٤.

سەرجەم:

أ - کۆی سەلماندنەکان (٢٨٠) پەرەگرافە.

ب- لە کۆی ئەم (٢٨٠) پەرەگرافەی ئەم زاراوانەی پۆست مۆدێرنێتەی ئاخر زەمان مامۆستا ڕێبین هەردی لە خوارەوە دەستنیشان دەکەین:

١- زاراوەی (نەخوێندەوار) (٥١) جار بەکارهێناوە.

٢- زاراوەی (بێشەرم و شەرم ناکات) (٢١) جار بەکارهێناوە.

٣- زاراوەی (درۆ و درۆزن) (٣٧) جار بەکارهێناوە.

٤- زاراوەی (بوختان و بوختانکەر) (١٤) جار بەکارهێناوە.

٥- زاراوەی (بێئاگا) (١٤) جار بەکارهێناوە.

٦- زاراوەی (بە چ ڕوویەکەوە) (١٠) جار بەکارهێناوە.

٧- زاراوەی (ساویلکە) (٥) جار بەکارهێناوە.

٨- زاراوەی (قسەی بێسەروبەر) (٤٩) جار بەکارهێناوە.

٩- زاراوەی (چاوی خۆی لێکوێردەکات) (٣) جار بەکارهێناوە.

١٠- زاراوەی (گەر ڕاستگۆ بوایە) (٢) جار بەکارهێناوە.

١١- زاراوەی (تێناگات) (٣٩) جار بەکارهێناوە.

١٢- زاراوەی (کۆمیدی و ئەم پیاوە کۆمیدیە) (٥) جار بەکارهێناوە.

١٣- زاراوەی (گەمەی دوڕاو) (٣) جار بەکارهێناوە.

١٤- زاراوەی (نەزانانە) (٢) جار بەکارهێناوە.

١٥- زاراوەی (تەریق نابێتەوە) (٢) جار بەکارهێناوە.

١٦- زاراوەی (نەخوێندۆتـەوە و ناخوێنێتـەوە) پـتر لـە (١٥) جـار بەکارهێناوە.

١٧- زاراوەی (جورئەتی نیە) (٤) جار بەکارهێناوە.

١٨- پتر لە (١٧) جـاریش ئـەم زاراوانـەی بـەکارهێناوە، شرەنووسین، جەهلنامە، کۆڵەوار، فری بەسەر دنیاوە نیـە،هـەزەل بـازاڕ، چـەند جار قسـەی پڕوپـوچ و ئیحراج نابـێ، بەدبەختـە، کـەس شـەکری وەهای لەسەر شکاندبێ..

کۆی ئەم زاراوە پۆست مۆدێرنێتانـەی مامۆسـتا ڕێبـین بـە لانـی کـەم خۆی لە (٢١٢) زاراوە دەدات.

() () ()

لەبارەی کتێبی

(لەبارەی دیموکراسیەوە وەڵامێك بۆ کاك مەلا بەختیار)

من لێرەدا تەنها هەتاکو لاپەڕە (٥٤) ی ئەم کتێبە دەگرم چونکی تا ئێرە پەیوەندی بە بەندەوە هەیە و تیشك دەخەمە سەر ئەو قسە هەڵەت و پەڵەتانەی کە پەیوەندیان بە منەوەیە و بەشەکانی دیکە وەڵامەکەی بۆ کاك مەلا بەختیار جێدەیەڵین، چونکی من ئەو مافە بە خۆم نادەم وەکو ڕێبین هەردی لەسەر کەسانی دیکە هەڵدەم، لەکاتێکدا کە خۆیان خاوەن قەڵەمن و دەتوانن لە من چاکتر وەڵامی خۆیان بدەنەوە.

پێشەکی هەندێ خاڵ لە قسە سەرەتایەکانی ڕێبین دەخەینە بەرچاو و لەگەڵ پێداچوونەوە و توانجی خۆماندا.

١- ڕێبین هەردی لە لاپەڕە (٧ و ٨) ی کتێبەکەیدا دەڵێ: (هەموو دیالۆگێك خۆی لەخۆیدا ریسکردنێکە.. بەوەی خۆمان بخەینە ئەگەری ڕاست یان هەڵەبوون. ریسکێکە کە دەبێ هەمیشە بیکەین و سڵی لێنەکەینەوە)..

باشە ئەم لێرەدا ئەم ریسککردنە بۆخۆی بە حەڵاڵ دەزانێ و بۆ خەڵکی دیکەی بە حەرام دەزانێ، ئەگەر یەکێکی دیکە بیکات و بیەوێ دیالۆگ بخولقێنێ ڕێبین بەجنێو و قسەی ناشرین و قسەی بازاڕی وەڵامی دەداتەوە و ئەو کەسەش نابێ هیچ ریسکێکی هەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان.

٢- بە کاك مەلا بەختیار دەڵێ: (لەبەرئەوە بێدەنگ بوونم لەبەردەمیدا بەڕاستی نەزانی و وەڵامدانەوەیم بە شتێکی پێویست زانی)..

بێگومان ئەم ڕێسایە کە ڕێبین خووی پێوەگرتووە، چونکی ئەم قسەیە بە هەموو کەسێك دەڵێ و دەیکاتە دەروازەیەك بۆ جنێو و قسە ناڕەواکانی و زانیاریە هەڵەکانی و درێژدادڕیەکانی. ئەوەتا لە گۆڤاری (ئاینده) ژمارە (٨ و ٩) یشدا دەڵێ (لەڕاستیدا جاری یەکەمیش ئەوە غەفور و نوسینەکانی نەبوو کە هانیداین وەڵامی بوختان نامەکانی بدەینەوە، بەڵکو ئەو نوسەرانە بوون کە قسەکانی غەفوریان لێکردین بەبەڵگە نەویست و بێویژدانانە تۆمەتەکانی ئەویان دەگوتەوە).. لە ژمارە (٥) ی ئاینده‌ش هەمان قسە دەڵێ و پاکانە دەهێنێتەوە.

٣- ڕێبین بە قسەی خۆی گوایە یەك هەڵەی کردوە، ئەویش ئەوەیە حەدیسێکی پێغەمبەری بە ئایەت ناوبردوە.. ئەی ئەو چەندین هەڵەیەی خۆی دانی پیادەنێ لەلاپەڕە (١٢) دا و لە لاپەڕە (٤٩) و (٥٤) دا و چەندین لاپەڕەی دیکە، کە دەبێ ئێمە بڵێین نەك ڕێبین (حدث و لا حرج)!! ئەوەتا دەڵێ: (بێگومان دەشێت لە کۆڕێکدا بەهەڵە لە قسەیەك تێگەیشتبم و هەڵسابم ڕەخنەم کردبێ)..

٤- زۆر سەیر و گەلێکیش سەیر،کە ڕێبین لەو کتێبەدا لە لاپەڕە (٢٠٦) وە تا (٢٤٦) لە بەشی: (دیموکراسی و ئیسلامی سیاسی وەکو مونەززێکی بزووتنەوەی تاڵیبان قسەدەکات سەبارەت بە ئیسلام لە دووتۆی (٤٠) لاپەڕەدا، زۆر سەیریش هەموو گیروگرفت و بشێوی عێراق و کوردستان و دواکەوتن و ئاژاوەکان دەخاتە ئەستۆی شیوعیەکان، هەموو هێزە ناسیونالیستی عەرەب و ئیسلامی لەو

کێشانە دووردەخاتەوە. دەڵێن کورد بدوێنە شەرحی خۆی دەکا، بەڵام من دەڵێم نا، ڕێبین بدوێنە شەرحی خۆی دەکا.

٥- دوو جاریش سوپاسی کاک مەلا بەختیاری کردوە لە کتێبەکەیدا، چونکی نووسینەکەی ئەوی بەهەند وەرگرتووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا گومانکردنە لەخۆ کە نووسینەکانی بەهەندوەربگیرێ.

قسە عاجباتیەکان

١- ڕێبین لە لاپەڕە (١٢) دا دەڵێ: (هیچ عەیب و خەوشێکی تیا نیە مرۆڤ هەڵە بکات، بەڵام گەر هەڵەکەی بۆ پاسکرا و لەپاش چەندساڵیش هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو هەڵەیە و بگرە ئەوەی ئێمەش ڕاستمان کردۆتەوە بەهەڵە بزانێت ئیدی پێموایە ئەو حوکمەی سەرەوەی بەسەردا ناگونجێت.)...

ڕێبین پێی وایە ئەمە تەنها لەسەر خۆی قۆرخە و بۆی حەڵاڵە دەنا بۆ کەسی دی حەرامە. من لە ژمارە (١٥) ی گۆڤاری گەلاوێژی نوی ساڵی (١٩٩٩) دا بەهەڵە لەجیاتی (خەساندن) وشەی (خەتەنەکردن) م نووسیبوو، دواتریش داوای لێبوردنم لە خوێنەر کردبوو، بەڵام لەگەڵ (ڕێبین)دا چ سوودێکی نەبوو و لە هەموونووسینێکدا دووبارەیدەکردەوە و کردبووی بە (قەمیسی عوسمان) و کردی بە بنێشتەخۆشەی دەمی، ئیدی یەك دنیا قسەی نەخوێندەواری بۆ هەڵڕشتم؛ ئێ باشە ئەی بۆ هەڵەکانی خۆی پێی بڵێین چی؟!

٢- ڕێبین لە لاپەڕە (١٥) دا دەڵێ: (کاك مەلا بەختیار لەپەرەگرافی دوای ئەمەدا من بەوە تاوانبار دەکات لە هێنانەوەی قسەکانیدا ڕاستگۆ نەبووم و خۆم قسەم بۆ هەڵبەستووە. واتە من هەندێك شتم

خستۆتە دەم کە ئەو نەیگوتووە. ئەو قسەیەش ئەمەیە: (کاك مەلا بەختیار وەك گروپێکی ئایدیۆلۆژی و یەك بیروبۆچوون تەماشای دەستەی نوسەرانی ڕەهەندی کردوە). ئەم قسەیی ڕێبین لە وەڵامی ئەوەیە کە گوایە: (کاك مەلا بەختیار تەنها پرسیاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە بنیادگەری دەکات)، نەك لە (دەستەی نوسەرانی ڕەهەند) کە ئەوان لە هەردوو گۆڤاری (ئازادی) و (ڕەهەند) وەکو خەڵکێکی بونیادگەر خۆیان خستە پێشچاو. کە ڕێبین لە لاپەڕە (١٧) دا دەڵێ و لەو قسەیە پەشیمان دەبێتەوە کە دەڵێ: (دوور و نزیك نوسینێکمان نیە پەیوەندی بە بونیادگەریەوە هەبێت).

منیش دەپرسم، ئەی باشە پشت بەستن لە (تەحلیلەکانتان) بە قسەکانی جاك لاکان و دی سوسیر و التوسیر و ڕۆلان بارت و فۆکۆ، چی دەگەیەنن؟!.. منیش دەڵێم ئەگەر یەکێك تاسەر ئێسقان مارکسی نەبێ پەیتاپەیتا پەنا ناباتە بەر قسەکانی مارکس و مارکسیەکان.

٣- ڕێبین لە لاپەڕە (١٨) دا دەڵێ: (غەفور لەسەر نوسەرێك لە نوسەرەکانی ڕەهەند نانوسێ بەڵکو هەر هەموویان بەیەکەوە تاوانبار دەکات.. غەفور هەمومان بەدزیی تاوانبار دەکات).

من هەرگیز لەسەر هەموو نوسەرکانی ڕەهەندم نەنووسیوە، بەڵکو من لەسەر بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی) م نوسیووە و بەرهەمەکانیم بەراوردکردوە نەك پێم وتووە دزە. نە تەعلیقیشم هەبووە نە لەسەر فاروق ڕەفیق نە لەسەر ئاراس فەتاح و نە لەسە ڕەهەڵکەوت عەبدوڵا و ئاماژەیشم بە قسەی بەرزان فەرەج کردوە سەبارەت نۆقلێتی (حەسار) ی شێرزاد حەسەن کاتێك کە ڕێبین دەڵێ (حەسار) تاوانی کوشتنی باوکی تیا

نیە و منیش ئاماژە بە قسەیەکی بەرزان فەرەج دەدەم کە باسی تاوانی کوشتن دەکا لەو چیرۆکەدا.. من هەرگیز لەو نووسینەی خۆمدا لە گۆڤاری گەلاوێژیﻨوێ ژمارە (١٥) هەرگیز بە (رێبین هەردی) م نەوتووە دزیت کردووە و نەك هەر ئەوە بەڵکو پێشم نەوتووە نەخوێندەوارە و هەر باسی ئەویش نەبوو! کەچی لە گۆڤاری ئایندە ژمارە (٥) دا خۆیکرد بە دەم سپی و مەلابەزێن لەجیاتی ئەوان (١٦٣) رستە جنێوی پێداوم..!! من لێرەدا هەر قسەیەکی رێبین خۆی دەکەمە شایەت لە لاپەڕە (١٩) دا کە دەڵێ: (سەرەتایترین پرنسیپی نوسین حوکم دەرکردن و تۆمەت ریزکردن نیە، بەڵکو سەلماندن و بەڵگەهێنانەوەیە).. ئێمە لە خوێنەر دەپرسین کام سەلماندن و بەڵگە؟ ئەو (٢٨٠) جنێو و قسەی ناشیرینە کە پێشکەشی کردمان بە لیست، رێبین ئەوانە بە پرنسیپی نووسین و بەڵگە دەزانێ، یان ئەو بەڵگانەی من و کاك مەلا بەختیار کە هەڵیگێڕاونەتەوە و کردوونی بە (تۆمەت)..؟!!

٤- رێبین لە لاپەڕە (١٩) دا دەڵێ: (پۆستمۆدێرنەش لە خەیاڵی کاك مەلا بەختیاردا ئەو فەلسەفەیەیە کە مێژوو رەتدەکاتەوە، حیزبایەتی بێبایەخ دەکات، دەسەڵات بێبەها دەکات و دیموکراسی ناکاتە پێناوێکی کۆمەڵایەتی)..

دەبا بزانین (احمد عمر شاهین) لە عەرزکردنی کتێبی (المتظاهرون بالثقافة) واتا - ئەوانەی خۆیان بە رۆشنبیریەوە هەڵدەکێشن - چی دەڵێ لە دەمی (ئالان سۆکال و ژان بریکمۆنت) کە هەردوکیان دانەری ئەو کتێبەن بە زمانی فەرەنسی: (فەلسەفەی پۆستمۆدێرنێتە ئاراستەیەکە بەهەر شێوەیەك بێ، کەلەپووری ئەقڵانی سەردەمی رۆشنگەریی

ڕەتدەکاتەوە - لە ڕێگەی ئەو توێژینەوە تیۆریانەی کە هیچ پەیوەندیەکیان نیە بە کاری ئەزموونگەرییەوە و بە مەعریفەتی ڕۆشنبیریی ڕێژەیی کە زانست بە هیچ دانانێ جگە لە ڕۆمانێك یان ئەفسانەیەك یان بونیادێکی کۆمەڵایەتی لەنێو شتە زۆرەکانی دیکەدا).

یان دەڵێ: (کتێبەکە بە موناقەشە و شیکردنەوە باس لەو کتێبانەی فەیلەسووفەکانی پۆستمۆدێرنێتە دەکات کە بە خراپی چەمکە زانستیەکان بەکاردێنن و ئەو تێنەگەیشتنەی کە لێکۆڵینەوەکانیان دەگرێتەوە، هەروەها زمانە عەمدی و بیرکردنەوە مشەوەشەکەیان).

هەروەها دەڵێ: (سەرەڕای ورونکردنەوەی ئەم خراپ بەکارهێنانە، هەردوو نوسەرەکە - واتا سۆکال و بریکمۆنت - ئەو تەشەوشە فەلسەفی و زانستیەیان شیکردوەتەوە کە فیکری پۆستمۆدێرنێتە لەسەری دامەزراوە و، ڕەخنەیەکی زانستیان بۆ گیروگرفتی ڕێژەیی مەعریفی (Epistemic Relativism) پێشکەش کردوە لەلای ئەو فەیلەسووفانە و، زنجیرەیەك بیروباوەڕی هەڵێنجراویان ڕوونکردەوە کە لە مێژوو و فەلسەفەی زانستەوە دەرهێنراون و هیچ ناوەڕۆکێکی ریشەییان نیە کە زۆرجار پەنای دەبرێتەبەر).

من لێرەدا لەبەرخاتری قسەیەکی ڕێبین هەردی لە لاپەڕە (١٠٨) ی گۆڤاری ئایندەی ژمارە (٨ و ٩) دا پەنام بردە بەر ئەم عەرزی کتێبە، چونکی لەوێدا ڕێبین دەڵێ: (ئایا بۆئەوەی زانیاریمان لەبارەی کتێبێکەوە هەبێت مەرجە خوێندبێتمانەوە. گەر وا بێت ئەی ئەو هەموو کتێب و نوسینانەی کە تەنها کاریان عەرزکردن و پێشکەشکردنی زانیاریە لەبارەی کتێب یان نوسەرێکەوە، نرخیان چیە؟ ئایا بۆئەوەی لە ئەفلاتون شارەزا

بین مەرجە هەمو محاوەرەتەکانیمان خوێندبێتەوە؟ بۆئەوەی قسە لەسەر ئەرستۆ بکەین دەبێ و مەرجە سەرلەبەری نوسینەکانیمان شەن و کەو کردبێ، گەر واشبێ ئەی چی لەو هەزاران کتێب و نوسینانە بکەین کە عەرزی ئەو نوسینانە دەکەن، ئایا ئەمانە بۆ جوانی و پڕکردنەوەی ڕەفەی کتێبخانە نوسراون..؟))..

٥- ڕێبین لە لاپەڕە (٣٦) دا دەڵێ: ((بێگومان تا غەفور زیاتر بنوسێ نوکتەی خۆشتر دەبیستین. (تەماهی) کە ئەم عەرەبیزانە مەزنە دەڵێ لە تەمویهەوە هاتووە، لە بنەڕەتدا لە (ماهیە) وە هاتووە)).

نازانم ئەم شەکر شکاندنە لەکوێ فێربووە، بەپێی چ فەرهەنگێکی عەرەبی (تماهي) لە (ماهیة)وە هاتووە؟ ئەگەر لە (ماهیة) وە هاتووە ڕێبین بۆ دەڵێ: (لە زمانی کوردیدا چۆنایەتی بۆ بەکاردەهێنن). نازانم ئەمەیان کام زمانی کوردیە (چۆنایەتی) بەکاردێنێ بۆ (الماهیة) کەواتا فەرهەنگیەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

الماهية: جمعها ماهيات: الاجرة المعنية للمستخدم مشاهرة.

ئیدی چۆن دەکاتە (چۆنایەتی) کە بە عەرەبیەکەی دەکاتە (الكيفية). بەڵام هەر نە ئێستا با بڵێین من لە وشەی (تماهي) هەڵەبووم، ئەی من لەو نووسینەی ڕێبین لە ژمارە (٤) ی ئایندە لەژێر ناونیشانی (لەتیف هەڵمەت لێوتارد دەکاتە کوردی) نزیکەی (٢٨) پەرەگرافی عەرەبیم بۆ ڕاست کردوەتەوە کە دەکاتە پتر لە دەیان وشەی بەهەڵە وەرگێڕدراو و خۆی لێکردوە بە کەڕەی شەربەت؟!

با بە ڕێبین بڵێم کە ویستت چاو بڕەژی بەڵام کوێرت کرد، ویستت لە عەرەبی نەزانی خۆتەوە هەڵەی زمان بۆ کاك لەتیف هەڵمەت چاك

بکەیتەوە، کارێکت کردوە کە عەرەب دەڵێ: (راد یکحلها عماها).. ئاگاداری خوێنەر دەکەم کە لە دوا لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا بچێتەوە سەر ئەو بەشەی بەناونیشانی (رێبین ویستی چاو بڕەژێ کوێری کرد) کە رێبین چۆن ئەو (٢٨) پەرەگرافەی سەقەت تەرجەمە کردوە و من بۆم راستکردوەتەوە وشەی (تماهي) یش ئەو واتایە نادات کە ئەو دەڵێ لە (ماهیەت)ەوە هاتووە.

٦- رێبین هەردی لە لاپەڕە (٣٦) دا دەڵێ: ((ئەوە خۆ بۆ هەڵەکان غەفور عەرەب وتەنی (حدث و لا حرج)). کاتێ وا دەڵێ بێ‌ئەوەی بتوانێ هەڵەیەکی من دەستنیشان بکات تەنها ئەوەنەبێ کە خۆم دانم پیاناوە، ئەمەشیان بە شەرعی رێبین عەیبە نیە!

بەڵام لێرەدا چەندین هەڵەی سەیر سەیری (رێبین هەردی) دەخەینە بەرچاو:

١- لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری ئایندە دەڵێ: ((پاش ئەم هەمو شاکارە غەفور دێتە سەر بەراوردکردنی کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان بە چیرۆکێکی (فازڵ سامر) دەڵێ ئەم دوو چیرۆکە لەیەك دەچن)).

کەچی (فازڵ سامر) رەخنەگرێکی عێراقیە نەك چیرۆکنووس، بەڵکو ئەوەی من لە باسەکەمدا باسم کردوە (زەکەریا تامر)ە کە چیرۆکنووسێکی سوریە.

٢- دەڵێ نۆڤلێتی (حەسار) تاوانی کوشتنی باوکی تیا نیە، کەچی هەر خۆی لە بەرگی دووەمی حەسار باسی تاوانی کوشتنی باوك دەکات هەروەها بەرزان فەرەجیش، هەروەها شێرزاد حەسەن خۆیشی..

٣- دەڵێ ڕۆمانی (پیاوی لم) کوشتنی باوکی تیا نیە، ئەی ئەو تەقینەوەیە لە ژووری باوکەکە وروودەدات و دەیکا بە خەڵوزی چیە؟!

٤- یان دەڵێ: (رامبۆ پاش ٣٠ ساڵ لە مردنی وەك شاعیرێکی مەزن و داهێنەر و تازەگەر کەشفکرا). ئێمەیش دەڵێین رامبۆ ١٠ / ١١ / ١٨٩١ مرد، بەلاّم بەر لە مردنی لە هەموو نێوەندە ئەدەبیەکان وەکو شاعیرێکی تازەگەر ناسرابوو، هێشتا لەژیاندا بوو وازی لە شیعر هێنا دوای ئەوەی هەموو دنیا بە داهێنانەکانی رامبۆ ئاشنابوو، نەك (٣٠) ساڵ دوای مردنی، بە قسەی ڕێبین دەکاتە ساڵی ١٩٢١، بەلاّم ئەڵمانەکان لە ساڵی ١٩١٥ پەیکەرەکەیان دزی لە (شارلفیل). ئەگەر شاعیرێکی مەزن و داهێنەر نەبووبێ چۆن ئەو پەیکەرەی بۆ کراو، بەقسەی ڕێبین (٦) ساڵ بەر لە کەشفکردنی وەکو شاعیرێکی مەزن و داهێنەر و تازەگەر..!!

٥- ڕێبین پێی وایە ئەدەبی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا بەهێزتر بوو لە ئەدەبی سەردەمی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر واتا سەردەمی قەیسەریەت، مایکۆفسکی و گۆرکی و ئیتماتۆفی پێ داهێنەرترن لە تۆرگنیف و تۆلستۆی و دۆستویفسکی و گۆگۆڵ و چیخەف.

٦- ڕێبین دەڵێ (روانگە) دوو ژمارەی لە سلێمانی دەرچوو، کە وا نیە بەڵکو لە نەجەف چاپ دەکرا و لە بەغدا بلاّودەکرایەوە..

٧- ڕێبین قسەی هاوبیرەکانی خۆی بەهەڵە نەقڵ دەکات: مەریوان وریا قانع دەڵێ: سیستمی بورهانی سیستمێکی یونانیە، کەچی ڕێبین دەڵێ مەریوان دەڵێ بورهان سیستمێکی سەددەرسەد عەرەبیە.

٨- ڕێبین لە لاپەڕە (٤٧) دا دەڵێ: (من نوسیومە غەفور نەخوێندەوارە چونکە نوسیویەتی کۆمەڵگای دایکسالاری سەر بەدەرگایەتی دواکەوتووە و فرۆیدیش لە دوو لێکۆڵینەوەدا ئەمەی باسکردوە).

کەچی من لە لاپەڕە (٣٥) ی گۆڤاری ئایندە ژمارە (٦) ئەمەم نوسیوە:

((باوك سالاری وەك سیستەمێکی کۆمەلایەتی خێزان لە سەردەمە کۆنەکانی دوای مەشاعیەکانی سەرەتایی هەبووە..)).

٩- یان ڕێبین لە لاپەڕە (٤٩) دا دەڵێ: ((غەفور.. شەرم ناکات هەڵەی زانستی بخاتە سەر پەڕەی کاغەز و ناوی لێبنێت نوسین چونکە لەنێوان یەکێکدا کە دایکسالاری دەکات بەرهەمی سەردەمی کۆیلایەتی و باسی باوکی سەرەتای لە غینیای تازە دەکات و تەوتەم کە کتێبێکی گەورە و گرانی فرۆیدە دەکات بە چیرۆك و کورتی دەکاتەوە بۆ سێ خاڵ)).

من هەرگیز نەموتوە دایك لە سیستمی دایکسالاریدا دەسەلاتی موتڵەقی هەیە و، من باسی باوکی سەرەتاییم نەکردوە لە غینیای تازەدا، بەلام مۆریس گۆدۆلی - کە زۆربەی قسە ئەنترۆپۆلۆژیەکانی ڕێبین هی ئەوە.. گۆدۆلی لە دیمانەیەکی گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٦) دا باسی باوکی سەرەتایی دەکات کە دەڵێ دەسەلاتی موتڵەقی هەیە لە کۆمەڵگای غینیای تازەدا و باسی دایکسالاری دەکات، نەك من.

١٠- ڕێبین لە ژمارە (٨ و ٩) ی ئایندە بە ناوی سەعدی ئیبراهیمە نووسینێکی پڕ جنێوی لەسەرم نووسیوە، کەچی لەم کتێبەدا دەڵێ سەعدی ئیبراهیم لە ژمارە (٥)ی ئایندە ئەوەی نووسیوە و دووبارەشیکردوەتەوە لە لاپەڕە (٤٩) و (٥٤) دا.

١١-یان ڕێبین لە لاپەڕە (٣٠) دا دەڵێ: (من ڕەخنەم لە سێ کەس و بگرە لە چەند کەسێکیش لەیەك وتاردا گرتووە، کاك مەلا بەختیار چ پەیوندیەکی بەم کێشەیەوە هەیە؟).

زۆر سەیرە ئەم ڕێبینە، ئەم کەڵەنوسەری ئاخرزەمانەی کورد، بۆ خۆی شت حەڵاڵە و بۆ خەڵکی دیکە حەرامە، بە کاك مەلا بەختیار دەڵێ: ((ئێ ئەوانە خۆ قەڵەمی خۆیان هەیە و دەتوانن وەڵام بدەنەوە)).. ئێ باشە خۆ من لە ژمارە (١٥) گەلاوێژی نوێدا باسی (بەختیار عەلی) م کردبوو، نەك ڕێبین هەردی، ئیدی بۆ لە ژمارە (٥) ی ئایندە چ پەیوندیەکت بەو کێشەیەوە هەبوو تا (١٦٣) پەرەگراف جنێوم پێبدەی، کەچی ئەوان قەڵەمی خۆیان هەبوو تا وەڵامبدەنەوە؟!

١٢-یان ڕێبین لە هەمان لاپەڕە (٣٠) دا دەڵێ: ((برامان لەوساوە واز لەوە ناهێنێ من وەك (جنێوفرۆش) پیشان خەڵکی بدات). ئی باشە کورد وتویە (گونکەکان بە ژمارە مایەیان دیارە) خۆ ئەوەتا ژمارە (٥) ی گۆڤاری ئایندە جنێوەکانی تۆ، کە هەر کاك مەلا بەختیار خۆی - کە تۆ مەبەستتە - لە ژمارە (٧) ی ئایندە خشتەیەکی بۆ ئەو جنێوانە دروستکردوە کە (١٦٣) پەرەگرافە، ئەمە جگە لە ژمارە (٨ و ٩) هەمان گۆڤار و کتێبی (لەبارەی دیموکراسیەوە)!!

لەکاتێکدا قسەخۆشەکانی ڕێبین ئەمانەن: غەفور درۆزنە، غەفور بێشەرمە، غەفور شەرم ناکات، غەفور تەریق نابێتەوە، غەفور چ ڕوویەکی هەیە، نووسینەکانی فڕێدەنە سەلەی مهملاتەوە.

باشە من ویژدانی خوێنەر دەکەمە ناوبژیوان، ئەگەر ئەمانە جنێو نەبن، ئیدی چی جنێوە؟ (تۆ بڵێی جنێودان بە دایك و باوك و خوشك

ئەوانە جنێوبن لەلای ڕێبین هەردی؟ هەرکە بە کاك مـەلا بـەختیار دەڵـێ: ئەوە ڕەخنەیە نەك جنێو!!

یـان کاتـێ کـاك یاسـین بـانیخێڵانی ڕەخنـە لـە زمـانی نووسـینەکانی (بەختیار عەلی) دەگرێ، بەختیاریش نایکاتـە نامـەردی نامەیـەکی پـڕ لـە جنێوی بازاڕی دەنووسـێ بـۆی و بۆشـی ڕەوان دەکـات، ئـەو جنێوانـەش هـەندێکیان حەمـە سـەعید حەسـەن لـە ڕۆژنامـەی (ئـاڵای ئـازادی) بڵاویکردەوە، (مەریوان وریا قانیع) یـش لـە مـانگی مایسـی (٢٠٠١) دا لـە سلێمانی لەسـەر کتێبەکـەی کـاك مـەلا بـەختیار: (دیموکراسـی لـەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا) لە کۆڕێکدا و لەسەر شانۆی ڕۆشـنبیریی چەندین قسەی جنێو ئامێز و بازاڕی بە کاك مەلا بەختیار دا، ئیـدی ئـاوی بێنە و دەست بشۆ.

ڕێبین لە لاپەڕە (٤٧) دا دەڵـێ: (مـن گوتوومـە غـەفور درۆی کـردوە، چونکە بە خوێنەری گوتووە ڕێبین و بەختیار عەلی سەرچاوەیان لە ژمارە پێنجـی ڕەهـەندا بەکارنـەهێناوە، دەی لـە حـاڵێکدا مـن (١١) سـەرچاوە وبەختیاریش (٢٢) جار ئاماژەی بە سەرچاوە کردوە).

من کاتی خۆی جارێکی دیکە ئەو هەڵەیەم بۆ ڕێبین چاك کـردەوە کـە (بـەختیار عـەلی) (ژێـدەری بـەکارهێناوە نـەك (٢٢) سـەرچاوە ڕێبـین ئەوانەشی بە سەرچاوە ژماردوە کە دەڵێ: (هەمان سەرچاوە). من باسـی ڕێبینم نەکردووە کە لە چ باسێك (١١) سەرچاوەی بەکارنەهێناوە.. شاهۆ سەعیدیش لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە ٣٥٦ کەوتووەتە هەمان هەڵەوە.

ڕووی خۆر بە بێژنگ ناگیرێ

ئەمە ئەو نووسینە بوو کە ڕێبین هەردی وروژاند تا چەند لیستێك بە جنێو پڕبکاتەوە، تەنها لێرەدا ناونیشانەکەیم گۆڕیوە

() () ()

بێشك ئەنجامدانی بەرهەمی بەپێز لەلایەن قەڵەمە تازەکان دەبێتە مایەی دڵخۆشی هەر ڕووناکبیرێك کە بەتەنگی کەلتووری نەتەوەکەیەوە بێت بۆ برەودان پێی‌و دەرهێنانی لە بۆتەی کۆنەویستی‌و سەلەفیەت‌و چەق بەستوویی کە دەبێتە هۆی لەیەك جیاکردنەوەی نەوەکان‌و شوێن پەنجەکان‌و گاڵ‌و پەمووەکان. لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی بابەتیانەی کەلەپووری نەتەوە بەکۆن‌و نوێیەوە، بە بژارەکردن‌و ئیستقراو ئیستنبات، واتا خوێندنەوەو لێ هەڵنجاندنی چاك‌و وەلاخستنی، بێکارتێکردنی دەقاو دەق‌و بەخواستنی ڕاستەوخۆو داڕشتنەوەی بەزمانێکی دیکە کە لە زمانە ئەسڵەکە بەدوور نیە. بۆیە ئێمە لێرە کەس تاوانبار ناکەین کە فلانە بەرهەم لە فیسارە بەرهەم وەرگیراوە، یان فلانە بەرهەم کارتێکردنی دەقاو دەقی فیسارە بەرهەمە. بێگومان کەس لە کارتێکردن‌و فێربوون ڕزگاری نابێت، کەسیش لە (توارد الخواطر) بەدوور نیە، چونکی هەست‌و نەست‌و سۆزەکان لەلای مرۆڤایەتی وەکو چۆن خوێنەکەی یەك ڕەنگی هەیە، ئاوهاش ئەوانە زۆر لەیەکدەچن. ئەڵبەتە کوردیش هەموو ئەو سیفەتانە دەیگرێتەوە، لە خەڵکی دیکەوە فێری

نووسینی چیرۆکی هونەری بووەو فێری ڕۆماننووسینو هونەری شێوەکارو نواندنیش بووە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە هەندێ لەبرا نوسەرەکانی گۆڤاری (ڕەهەند) کە لە وڵاتی سوێد دەردەچێ، بەتایبەتی لە ژمارە (٥)دا، زۆر بەبێ منەت قسان دەکەنو ئاماژە بۆ سەرچاوەی قسەکانیان ناکەن، هیچ ژێدەرو پەراوێزێکیان نیە. یان ئاماژە بۆ سەرچاوەی قسەو باسەکانیان. ئەڵبەت لێرەشدا مەبەست هێندێ لەو نوسەرانە دەگرێتەوە: (بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانع، ڕێبین هەردی) هەندێکیان کەس ناخوێننەوەو بڕوایان بەکەس نیە. بۆیە من دوای خوێندنەوەی ژمارە (٥)ی گۆڤاری (ڕەهەند) زۆر بیرۆکەو بۆچوونم لەلا گەلاڵە بوون. هەر بۆیە پیاچوونەوەیەکی دیکە چوومەوە بەو نووسینانەی کە خۆم لەسەر هەندێ لەو برادەرانە نووسیبووم. من تەنها قسەیەك دەڵێم من حەزدەکەم ئەوەی ئێوە دەینووسن بیانخوێنمەوە، بەتەئکید زۆر بەوردیش، چونکی لەلای من پرسیار دروست دەکەن، هەر وەکو (بەختیار عەلی) لە (ئیمپراتۆریەتی وەهم)دا دەڵێ: ((لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا پرسیارە دەبێت دەمامك لەسەر دەقەکان لاببات، نەووتراوەکان ئاشکرا بکات)).. بۆیە پرسیارەکەی من "ووتراوەکان" ئاشکرا دەکات، "نەووتراوەکان"یش بەجێ دێڵم بۆ کاك بەختیار خۆیو هاوڕێکانی لە گۆڤاری (ڕەهەند)!!

(١)
ئەوانەی نێوە ووتراون

بەختیار عەلی لەو ژمارەیەی (رەهەند) لە باسێکی دوورو درێژدا کە پانتاییەکی زۆری گۆڤارەکەی داگیر کردووە، لەژێر ناونیشانی "ئیمپراتۆریەتی وەهم، مانای تازەگەری و پەیوەندیی بەمیکانیزمی کارکردنی گووتارەکانەوە...".

ئێمە لێرەدا چەند برگەیەك لەو وتارەی دەخەینە بەرچاو کە پەیوەندە بەتازەگەری کوردیەوە. دواجار ئێمەیش بەکورتی و تێرو تەسەلی قسەی خۆمان دەکەین. ئەمەشیان لەڕێگەی بەراوردکردنی پووخت و مەوزوعیانەوە...

- " لە رۆشنبیریی ئێمەدا پرسیارە دەبێت دەمامك لەسەر دەق لاببات.. نەووتراوەکان ئاشکرا بکات،... پرۆسەی پرسیارکردن پرۆسەی ئاشکراکردن و لادانی دەمامکە لەسەر دەقەکان، ئەوەی ئامانجی لابردنی دەمامکی نەبێت ناتوانێت لە هیچ هەنگاوێکدا بەرەو تازەگەری بەشدارییەکی کاریگەری هەبێت." -رەهەند- ل٣٧...
- "لەڕاستیدا یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی تێگەیشتنی هەڵە لە تازەگەری برێکی زۆری لەوەوە دێت کە زۆر جار تازەگەری بەپرۆسەی بەیەکداچوون و نزیکبوونەوە لە دەقی دیکە و نموونەی دەقی دیکە تێدەگەین" -رەهەند- ل٣٨...
- "لاوازیی سیستەمی دۆزینەوەی (لێکچوون) کەوا دەکات زۆرجار سەرچاوە راستەقینەکانی دەقێکمان بۆ نەدۆزیتەوەو بکەوینە ناوفریوی ئەو بانگەشە ساختانەوە کە دەقێك بۆ خۆی دەیکا بە

مەبەستی گۆمڕاکردنی ئێمە دەرهەق بە سەرچاوەکانی خۆی و ئەو ژینگەیەی لێوەی هاتووە..." -رەهەند-.

- "لاوازیی سیستەمی دۆزینەوەی (جیاوازی) کەوا دەکات کۆمەڵێك جیاوازی گەورە نەبینین لە نێوان دەقی نووسراوو دەقی راکێشراودا هەیە..." -رەهەند- ل٣٩...
- "یەکێکی تر لەو خاڵە گرنگانەی وادەکات تازەگەری لە رۆشنبیریی ئێمەدا مانای نەبێت سیستەمی بڕیاری وەچەکانی پێشووە، چونکە تازەگەری لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدا پێوانەو بەها نەپستمییەکانی خۆی نەچەسپاندووە..."-رەهەند- ل٣٩....
- "سەلەفیەت لە بەرامبەری دونیای ئێمەدا هیچ نیە بیلێت لە مێژیش لەناو کەلاوە مەعریفیەکانی خۆیدا، بابەتی مردوو، شیعری مردوو، گوتاری مردوو، دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەمڕۆ توانای سەلەفیەت بەجۆرێکی تر دەردەکەوێت..." -رەهەند- ل٤١...).

ئەوەی لێرەدا دوابڕگەی قسەکەی (بەختیار عەلی) بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە هەموو خەڵکانی پێش خۆی حەزف کردووەو بەسەلەفییان لەقەڵەم دەدا گوایە هیچیان پێ نیە بەرامبەر بەدنیای ئەوان...! جگە بابەتی مردوو، شیعری مردوو، گوتاری مردوو نەبێ دووبارە دەکەنەوە...

یەکەم، بێشك ئەم قسەیە تازە نیە، کورد لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە ئەم قسەیەی کردووە لەڕێگەی روانگەچیەکانەوە... دووەم، باسکردن لە مۆدێرنیزم و تازەگەریش بەدەیان ساڵ بەر لە ساڵانی نەوەدەکانی کورد بەتێرو تەسەلی باس لە ئەشکالیەتی تازەگەری کراوە،

دەیان کتێبی لەسەر نوسراوە...تازەترینیان کە باس لە وەهمی تازەگەری بکات کتێبێکی (ئـەدۆنیس)ە بـەناوی (الشـعرية العربـية)، خوێنـەر ئەگـەر بێتو بەووردی باسەکەی بـەختیار عـەلیو ئـەوەی ئـەدۆنیس بخوێنێـتەوە تێیـاندا جیاوازیـەکان لـە بۆچووندا بەرامبـەر بەتازەگـەری بـەدی ناکـات. ئـەوەی بـەختیار عـەلی هەڵگێڕانەوەیـە بـەرەو کوردانـدنـی ئــەو باسـەی ئـەدۆنیس... لـەم کتێبـەدا (ئـەدۆنیس) وەهمـی تازەگـەری دەکاتـە پێنـج وەهم. ئێمەش وا لێرەدا کورتەیان دەخەینە پێش چاو:

- "الوهم الاول هو الزمنية فهناك اتجاه يرى أن الحداثـة هـي الأرتبـاط المباشر، اليقظ باللحظة الراهنة... أصحـاب هـذا الأتجـاه ينظـرون الى الزمن على أنه نوع من القفز المتواصل الـتراتيبي، بحيـث إن مـاحدث الان، متقدم بالضرورة على ما حـدث أمـس".. واتـا: وەهمـی یەکـەم زەمانیەتە بۆچوونێك هەیە وادەبینێ کـە تازەگـەری پەیوەسـتیەکی راسـتەوخۆو وریایـە بەسـاتەوەختی ئێسـتاوە... خـاوەنی ئـەم بۆچوونەیش وادەبینن کە زەمەن جۆرێکە لە بازدانی بەردەوامو یەك لەدوای یەك، بەشێوەیەك ئەوەی ئێستا روودەدا بەگوێرەی پێویست پێشکەوتوورترە لەوەی دوێنێ روویدا".

بەختیار عەلی ئەم وەهمەی بە (بڕیاری وەچەکانی پێشوو) گۆڕیوە...

- "الوهم الثاني، هو الاختلاف عن القديم، واصحاب هذا القول يـرون أن مجرد الاختلاف عما سبق دليل على الحداثة"

واتا: وەهمی دووەم جیاوازی لەگەڵ کۆن خاوەنەکانی ئـەم قسـەیەش وادەبینن کە تەنها جیاوازی لەگەڵ رابردوودا دەلیلە بۆ تازەگەری...

بەختیار عەلیش بە(سیستەمی دۆزینەوەی جیاوازی گۆڕیویەتی...

- "الوهم الثالث هو المماثلة، ففي رأي بعضهم إن الغرب. مصدر الحداثة، وتبعاً لهذا الرأي، لا حداثة خارج الشعر الغربي ومغايره، أي لا حداثة إلا في المماثل معه".

واتاك وەهمی سێیەم لێکچوون، بەڕای هەندێکیان گوایە ڕۆژئاوا سەرچاوەی تازەگەریەو بەپێی ئەم ڕایەش، تازەگەری نیە لە دەرەوەی شیعری خۆرئاواو پێوانەکانی، واتا تازەگەری نیە جگە لە لێکچوون لە گەڵیدا نەبێ...

بەختیار عەلیش بە(سیستەمی دۆزینەوەی لێکچوون) گۆڕیویەتی...

- "الوهم الرابع وهو وهم التشكيل النثري ويرى أصحابه أن مجرد الكتابة بالنثر من حيث إنها تختلف مع الكتابة الوزنية القديمة وتأتلف وتتماثل مع الكتابة النثرية في الغرب، دخول في الحداثة".

واتاك وەهمی چوارەم وەهمی دروست بوونی پەخشانە، خاوەنی ئەو ڕایەش، تەنها نووسین بەپەخشان ئەوەیە چونکی جیاوازە لە نووسینی بەسەرروای کۆن و لەگەڵ نووسینی پەخشانی ڕۆژئاوادا دەگونجێ و لێی نزیکە، ئەوە چوونە ناو تازەگەریەوەیە...

بەختیار عەلیش بە(پرۆسەی بەیەکداچوون و نزیکبوونەوە)ی گۆڕیوەتەوە...

- "الوهم الخامس هو المضموني، ويزعم أصحابه إن كل نص شعري يتناول إنجازات العصر وقضاياه هو بالضرورة نص حديث" واتا: وەهمی پێنجەم دروست کردنی ناوەڕۆکە خاوەنی ئەم بۆچوونەیش دەڵێن هەر دەقێکی شیعری دەربارەی دەستکەوتەکانی سەردەم و کێشەکانی بێت بەتەئکید ئەوە دەقێکی نوێیە...

ئەدۆنیس لە(بابەتی تازەگەری)یشدا باسی لەم وەهمانە کردووە. بۆیە بۆ خۆمان باشە کە قسە دەکەین ئاماژە بەسەرچاوەو ژێدەر بکەین، هەموو شتێ نەکەینە هی خۆمان و بۆ خۆمانی بگەڕێنینەوە. وەکو لەمەوبەر وتمان کورد لە کوردستانی عێراق لە سەرەتای ساڵی حەفتاوە باسی لە تازەگەری و وەهمەکانی کردووە، ئەوەی لە ساڵانی حەفتا ئەنجامدرا دەشێ لە لای بەختیار عەلی و هاوەڵەکانی بە سەلەفی لە قەڵەم بدرێت، کەچی دوای چارەکە سەدەیەك ئەمان دێن باس لە هەمان ئەو ئەشکالیەتە مەعریفیە دەکەن کە ڕوانگەچیەکان داوای تێپەڕکردنیان دەکرد،دەیانویست سەرجەم کەلەپووری پێشینەی کورد تووڕدەنە دەریاوە چونکی مردوو سەلەفی بوو.

من خۆم بڕوام بە قسەکەی (ڕامبۆ) هەیە کە دەڵێ: "دەبێ تازەگرێکی موتڵەق بین". تازەگەریەتی موتڵەقیش لەسەر جووینەوەو دووبارەکردنەوە دروست نابێ...

بەختیار عەلی، هەموو نەوەکان بە (سەلەفی) لەقەڵەم دەدا، ئەگەر ئەوانیش نەك بە تەنها نەوەی کورد بگرە نەوەی هەموو دنیاش گوایە: "سەلەفیەت لە بەرامبەری دونیای ئێمەدا هیچی نیە بیلێت لە مێژیشە لەناو کەلاوە مەعریفیەکانی خۆیدا، بابەتی مردوو، شیعری مردوو، گوتاری مردوو دووبارە دەکاتەوە".

من لەم دیدەوە دەمەوێ بپرسم چونکی هەر وەکو بەختیار عەلی خۆی دەڵێ پرسیارکردن پرۆسەی ئاشکراکردن و لادانی دەمامکە: ئەوان خۆیان چییان کردووە کە تازە بێ بۆ کوردو لە هی خەڵکی دیکە نەچێ؟! چ جیاوازیەك لە خۆیاندا دبینن لەگەڵ ئەوانەی ئەوان بە (سەلەفی) ناوزەدیان دەکەن؟...

ئێمە لێرەدا بەکورتیو بەکوردی ئەو نووسینەی بەختیار عەلی لەو چەند بڕگەیەدا دەبینین کە باسمان کردو پاشانیش وەهمەکانی تازەگەری عەرەبمان هێناوە لەمەڕ ئەدۆنیس، یان هەندێ نووسین کە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی روداوەکانی کوردستانو عێراقن، وەکو خوێندنەوەی کارەساتی (ئەنفال)، یان خوێندنەوەی کتێبی (کۆماری ترس). ئەمانە نابنە بناغەیەك بۆ ئەقڵی تازەبینو تازەگەری کورد. ئێمە دەبێ ئاگامان لەوەبێ کە کاتێ هەموو شتێ رەفزو رەت دەکەینەوە دەبێ بزانین کە خۆمان چی باشترمان پێیە و ئەوەی کردوومانە چەند بەپیتو تازەنو مافی خەڵکی دیکەیان پێوە نیەو رەت کردنی هەموو قۆناغو سەردەمەکانی کوردە...!

ئێمە لێرەدا دوو بەرهەمی دیکەی بەختیار عەلی دەخەینە بەباری سەرنجو بەراووردکردنو لێدوان، ئەگەریش (بابەتی مردوو) نەبن ئەوە کارتێکردنی راستەوخۆی بابەتی دیکەی خەڵکیە. نابێ ئیدیعاکان گەورە بن، ئەگەریش گەورە بوون دەبێ بەگوێرەی گەورەیی بابەتەکان بن. ئەو دوو بەرهەمەیش (مەرگی تاقانەی دووەم)و (ئێوارەی پەروانە)ن، لە لایەن هەندێ برادەرەوە بەبێ مەوزوعیانە زۆریان پیا هەڵگوترا... لە رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) بەختیار عەلی ویستوویەتی ریالیزمێکی سیحری یان فانتازیایەکی کوردی بهێنێتە کایەوەو مایەی شانازیو دڵخۆشی دەبوو ئەگەر لە پینەو پەڕۆو کارتێکردنی چەند رۆمانێکی کەسانی دیکە سەرچاوەی نەگرتبایە، هەر وەکو چیرۆکنووس (عەتا نەهایی)یش لە ژمارە (٢٧)ی گۆڤاری (رامان)دا دەڵێ: "بەڵام لەبەر ئەوە بەفۆرمو تەکنیكو زمانی پایزی پەتریارك دەگێڕدرێنەوە، وەك ژێر مەجموعەیەکی

ئەو رۆمانە دەنوێنن، ئەگەر وانەبووایە، واتە ئەگەر فۆرمو تەکنیكو زمانی مەرگی تاقانەی دووەم، ئەزموونو تەجرەبەی خودی بەختیار عەلی بووایە (مەرگی تاقانەی دووەم) بە هەموو کەمو کورپیەکانیەوە کە پێشتر ئاماژەم پێکردوون، یەکێ لە رۆمانە باشەکان دەبوو...". بۆیە بەهیچ کلۆجێك نەیتوانیوە لە کارتێکردنی ئەو رۆمانانە دەرباز بێتو دەقی هەندێکیانی گواستوەتەوە نێو ئەم رۆمانە، تەنیا کەسایەتی (ئەشرەف)و کوشتنەکەیەتی، ئەگینا کارتێکردنی زەقو ئاشکراو لێکچوون لەگەڵ ئەم رۆمانانە زۆرە، ئەوەی بیانخوێنێتەوە ئەو راستیانەی بۆ دەسەلمێ: رۆمانی (پایزی پەتریرك)و (سەد ساڵ گۆشەگیریی)و (ئەرندێرای لێو بەبارو داپیرە شەیتانیەکەی) (مارکیز) لە لاپەرەکانی ٦,٧,٩,٦٩,٧٠,٧١,٩٥,٩٦,١٠٢... هەروەها رۆمانی (تێریزا پاتیستا)ی جۆرج ئامادۆ لە لاپەرەکانی ٨٤,٨٣و دواتر هەروەها رۆمانی (مەسیح سەر لەنوێ لەخاچ دەدرێ)ی نیکۆس کازانتزاکی.

کۆکردنەوەی رووداوی بچووك بچووك وەکو چەند سکێچێكو ئاوێتەکردنیان بەبێ هۆو پێویست نایکەن بەرۆمان، بگرە وەکو ئەوە وایە یەکێ: چەند پارچە پڕۆو کوتاڵی هەمەڕەنگو هەمەجۆرە کۆبکاتەوەو بیەوێ قاڵیەکی لێ دروست بکات، کە ئەنجام قاڵیەکی ناشیرینو بێرەواجی لێ دەردەچێو نایکەن بەقاڵی کاشان. بۆ نموونە دەیان دەستەواژەو رووداوی ئاوها ئاخێنراوەتە نێو دەقەکەوە کە بوونو نەبوونیان وەکو یەك وایە،: "ئوتووچیەكو شاگردەکانی بوون بە خەڵوز، قەسابێ زگی چوو بەشیشی عارەبانەکەیدا، ئاگر لە دوکانی جگەرچیەکی بەخیل بەربوو، کوتاڵ فرۆشێك لەسەر حەوزە وشکەکە تا مردن رژایەوە،

کۆپان دروویەك سوژنەکەی کـرد بـەچاوی خۆیـدا، دۆ فرۆشـێك خلیسـکاو مێشـکی پـژا..." ئەمانـە مشـتێکن لـە خـەروارێكو، هـەموو وردە رووداوی شارێکنو رۆژانە روودەدەنو هەموو کەسێك دەیانبینـێ یـان دەیانبیسـتێ بۆ یەکدی دەگێڕنەوە. هونەر فۆتۆکردنی واقیع نیـە، بگـرە جـوان کردنـی واقیعە، ئەگینا هونەریەکەی خۆی لە دەست دەدات. چـەند جـار دووبـارە بوونەوەی وەسفی کۆشك -کۆشکەکەی سەرهەنگ- بەوردو درشتیەوە کە ئەمـەیان تـەنیا درێژکردنەوەیـەکی ناپێویسـتی حیبکەکەیـەو درێــژدادڕی دەگەیـەنێتو لابردنـی ئـەو بڕگانـە هیـچ لـە کرۆکـی حیبکەکـە نـاگۆڕێو خوێنەر هەستیان پێناکـات، چونکـی هیـچ لاسـەنگیو بۆشـاییەك نایەتـە گۆڕێ... نووسەر وەك بڵێی باسی شارێك بکا لە ئەمریکای لاتین بێ، نەك باسی شارێکی وەکو (سلێمانی)! ئاوها رووداوەکان دەگێڕێتەوە. چونکی شارەکەی (ئەشرەف) شارێکی نێو یۆتۆبیاکان نیە، بەڵکو بەپێی زۆربەی جێگـاو شـوێنە گشـتیەکان شـاری سـلێمانیە، بـەڵام لـەدیوی دووەمیـدا جودایـە. بۆ نموونـە مـارکیز لـە رۆمانـەکانیدا کـە باسـی شـارێك دەکـا بەتەئکید باسی شارێك دەکا لە شارەکانی کۆلۆمبیا، بۆ نموونە (ماکۆندۆ) لە رۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیریی) زۆربەی سیماکانی شاری (ئارکاتاکا)ی شاری مارکیزە... یان (مارکیز) دەڵێ پیاوو ژنـە ئاشـقەکەی نێـو رۆمـانی (خۆشەویستی لـە زەمـەنی کۆلـێرەدا) باپـیرەو داپـیرەی خۆمـن. کـەچی داپیرەکەی نێو رۆمانی (مەرگی تاقانـەی دووەم) نـە لـە داپـیرەی نوسـەر دەچێو نە لە داپیرەی منو هیچ کوردێکـی دیکـەش. دەقـاو دەق داپـیرە شـەیتانیەکەی ئەرەندێرایـە لـە رۆمـانی (ئـەرەندێرای لێـو بـەبارو داپـیرە شەیتانیەکەی) مارکیز، "ئـافرەتێکی پـیرو بـە تەمـەن بـوو، بـەو گۆشـتە سپیو سەنگینەوە، ماوەیەکی زۆری دەویست تا لە جێگـای خـۆی راست بێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەکاری ئەو بۆنو بەرامە سەیرو قورسانەی لە

هەوای ژوورەکەدا پۆنگیان خواردبۆوە، گێژو بێحەواس دیار بوو کە بۆ بینینی تەرمەکەی ئەشرەف چووینە ژوورێ بۆنی ئەو مەرهـە پزیشکانەی لەتاوی ئازاری رۆماتیزم دەیدا لەخۆی، تێکەڵاوی بۆنی ئەو هەموو شووشە عەترە بوو بوو کە کردبوویان بە لاشەکەیدا. ئەو عەترانەی لەسەر رەفەی تایبەتیو رازاوە لە سووچی ژوورەکاندا ریزکرابوونو یادگاری ئەو سەردەمە بوو کە هێشتا بیوەژنێکی گەنجو ئاشق بوو"... ل٩و ل١٠ - مەرگی تاقانەی دووەم-.

داپیرە دۆستەژنی (سەرهەنگ بەدری) بووە ژنێکی داوێن پیسو تەنانەت کیژەکانیشی رام کردووە بۆ سەرهەنگ، ئەمیش سەرهەنگێکە وەکو سەرهەنگەکانی (ئال بۆیندیا) لە رۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری) یان بەتریریەکەی رۆمانی (پایزی پەتریریك)... کاتێ سەرهەنگ دەمرێ دەرگای کۆشکەکان دەکرێنەوە، بەدەردی (پەتریریك) لە رۆمانی (پایزی پەتریرك) خەڵکی خۆیان پیادەکەنو دەکەونە تاڵان کردنی، وەکو برە مانگا لە کۆشکەکەی پەتریرك تەراتێن دەکەنو دواجاریش لە لایەن خەڵکەوە تاڵان دەکرێ... گومانیش هەیە کە دەبێ (ئەشرەف) نەوەی سەرهەنگ بەدری بێت چونکی داپیرە تارادەیەك ژنی ناشەرعی سەرهەنگ بووە، ئەنجام وەکو سۆزانیەك دەیەوێ تۆبە بکاو کۆشکەکەی دەکاتە داڵدەی ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشی گەریو کولی بوو بوون ل٨٣و ل٨٤... لێرەشدا (تیریزا پاتیستا)ی جۆرج ئامادۆمان بیردەخاتەوە کە ئەویش کیژێکی خولاسی داوێن پیس بوو چەندین ئەم دەستو ئەو دەست دەکا لە پاشان دەیەوێ تۆبە بکاو دەبێتە یارمەتی دەری ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشی (جوازم) واتا گەریو گولی بوو بوون، هەتیوخانەیەك دروست دەکا بۆ چارەسەریان.

وتراوە هونەری هەر میللەتێك ئاوێنەی خۆیەتی و ڕەنگدانەوەی شتەكانی خۆیەتی... كیشوەری ئەمریكای لاتین بەوە ناسراوە كە چەندین وڵاتەو ڕژێمی تۆتالیتاری بەڕێوەی دەبات، ئەگەر ماركیز باسی ڕژێمە دكتاتۆریە یەك لە دوای یەكەكانی وڵاتەكەی خۆی بكا لە ڕۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری)دا لە بۆتەی شاری ماكۆندودا یان باسی كۆمەڵێ خەڵك دەكا كە بە تەئكید خەڵكی كۆلۆمبیان لەڕەش پێست و سوور پێستەكان و خولاسیەكان، خوێنەرێك غەیری خوێنەری كۆلۆمبی تێدەگا كە پێكهاتەی وڵاتەكەی ڕۆمانووس چییەو ڕژێمی سیاسیی و كۆمەلایەتی و ئابووری چۆنە... یان بۆ نموونە پاڵەوانەكانی دوستۆیفسكی (راسكۆلینكۆف و سۆنیاو مارمیلاودف) كە بێگومان كۆمەڵی ڕوسیای قەیسەری هەزاران راسكۆلینكۆف و سۆنیاو مارمیلادۆفیان تیا بووە، یان كەسایەتیەكانی وەكو (ئاكاكی ئاكاكافیچ)ی چیرۆكی -پالتۆ - گۆگۆڵ... بەلام ئەگەر خوێنەرێكی بیانی و بەزمانێكی غەیرە كوردی ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) بخوێنێتەوە، خەریتەیەكی زۆر سەیری لەلا دروست دەبێ سەبارەت بە شاری سلێمانی و كوردستان وا تێدەگا كە دكتاتۆرەكانی عێراق هەمویان خەڵكی سلێمانین و لە سلێمانی دادەنیشین و فەرمانڕەوایی دەكەن و كۆشك و تەلاری ئەفسانەیان هەیە.، یان هەموو ژنانی كورد لە جۆری (تیریزا پاتیستاو داپیرە و مونیرەی توركی)ن.

هەوڵدانی كوشتنی سەرهەنگ لە ڕۆمانەكەدا لەلایەن ئەشرەف و هاوەڵەكانیەوە شتێكی نوێ نیە لە ڕۆماندا، ئەم هەوڵدانی كوشتنەیش هەوڵدانەكەی ساڵی ١٩٥٩ دەخاتەوە یاد كە هەوڵی تیرۆركردنی سەرەك

وەزیرانــی عــێراق (عبدالکریــم قاســم) دراو هەوڵەکــە ســەرنەکەوت و ئـەنجامدەرانی ئـەو کـارە کەوتنـە بـەر شـاڵاوی گرتـن و ڕاوەدونـان و خۆشاردنەوە بـەدەردی ئەشـرەف، ئـەم هەوڵـەیش لـە چـەند کـارێکی ڕۆماننوسـیی عـێراق ڕەنگیداوەتـەوە، یـان دیسـان هـەوڵی کوشـتنی دکتاتۆرەکەی ڕۆمانی (بەڕێز سەرۆك) ی ئەستۆریاس. لە بەشـی دووەمـی ڕۆمانەکـەدا کەسـایەتی (خورشـیدی جادوبـان) سـەرهەڵدەدا وەکـو کەسایەتیەکی زیادە ترنجاوەتە ڕۆمانەکەوە ئەم کەسـایەتیەش بـەدەردی (میلیکـاودس) ی قـەرەج لـە ڕۆمـانی (سـەد سـاڵ گۆشـەگیری) بـەدوای ئاوێنەیەکی سیحریدا دەگەڕێ کە رابـردو و ئـایندەی تیـا بـەدیبکا و بـە جادوو هەموو شتێ مەیسەر دەکا. کەسایەتی راگوزاری لە ڕۆمانەکە زۆرن هەروەکو وتمان بوون و نەبوونیان وەکو یـەك وایـە بـۆ نموونـە (مونـیرەی تورکی) ژنێکـی داوێـن پیسـە و بازرگـانی بـە لەشـی کچەکانیـەوە دەکـا، دیسان ئەمیش بەشێکە لـە کەسـایەتی داپـیرە. ئـەو ژنەیـە کـە شـەرەفی پیاوان دەپارێزێ و نایەڵێ پیاوانی دیکە بچن بەلای ژنەکانیانـەوە: (بـەلام بزانە خودا بۆیە کەسانی سـۆزانی و نـەفامی دروسـتکردووە تـا شـەرەفی ئێمە بپارێزن، کاری ئەوان هەر ئەوە نیە ئابڕووی خۆیان بەرن، نا جەنابی سـەرۆك کارێکی دیکـەیان کـە چـاوی ئێمـەومانان لـەکاتی وەهـادا نـەبێ نایبینێت ئەوەیە بەرگری لە شەرەفی ئێمەش بکەن..)ل٧٦.

(مونیرەی تورکی)ش دیسان کەسایەتیەکە وەکو (کاترینـای بێـوەژن) لە ڕۆمانی (مەسیح سەرلەنوێ لەخاچ دەدرێ) ی کازانتزاکی، دیسان ئـەم دەستەواژە و قسەیەش سەبارەت بـەو بێوەژنـە لـە ڕۆمانەکـەدا هـاتووە، کـازانتزاکیش دەڵـێ: (بوونــی ســۆزانیەك لــە دێیــەکدا شــەرەفی ژنــان

دەپـارێزێ و لاوان لەبـەر دەرگاکانیـــان دووردەخاتـــەوە..) هـــەروەها کەسایەتی سەرهەنگ دیسان هەندێ خەسـڵەتی کوێخـا دێیەکـەی ڕۆمـانی (مەسیح سـەرلەنوێ لـەخاچ دەدرێ) ی تیایـە ئـەویش منداڵـی لووسـکەی هەیـە، واتـا (شـذوذی سێکسـی) هەیـە، دەیـان ڕووداو وەکـو مێـژوو ئامارژەیەکی ڕەمزیان پێکراوە، وەکو: ئاهەنگەکانی پیرەمێردی شاعیر لـە نەورۆزدا، کارەساتی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ لە کەرکوک، نوسەر لێرەدا بەهەڵـە شـتێکی گێڕاوەتـەوە کـە تورکمانـەکان بـەوە تاقیدەکرانـەوە کـە کـوردن بەرەچەڵـەك یـان تورکمـانن، هـەر تورکمانێکیـان بگرتایـە پێیـان دەوت بڵێ (پـڵاو) ئـەویش دەیـووت (پیـلاو)، نـەك وەکـو ئـەوەی نوسـەر نوسیوویەتی (برنج) و (پیرنج)..

ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە

ڕۆمـانی (ئێـوارەی پەروانـە) یـش دیـوی دووەمـی ڕۆمـانی (مـەرگی تاقانەی دووەمە). چیرۆك گـێڕەرەوە واتـە (الـراوي) لـە ڕۆمـانی (مـەرگی تاقانـەی دووەم) (خـەندانی گچکۆڵـە)یـە، (پەروانـە) دیـوی مێینـەی (ئەشرەفە)ە، (سەعیدی سوڵتان بەگ) لە مـەرگی تاقانـەی دووەم دیـوی دووەمی کەسایەتی فەرەیدوونی مەلەك و نەسرەدینی بۆ خۆشە..

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەش بەدەردی ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) گەلـێ ڕۆمانی جیهانی و عـەرەبیمان بیردەخاتـەوە، یەکێك لـەو ڕۆمانانـە (ژنـە ئاشـقەکان) ی هـ.د. لۆرەنـس، یـان ژنـــە ئەشـقاویەکانی سـەرجەم ڕۆمانەکانی (لۆرەنس).. زۆربەی بابەتەکانی نێو ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە، یان ئەوەتا زۆر سادە و فۆتۆکردنی و واقیعی کوردەواریـان یـانزۆر دوورن

لـــەو واقیعـــەوە. فانتازیاکـــەی ئێـــوارەی پەروانـــە فانتازیایـــەکی لاسایی‌کەرەوەی فانتازیای (مـارکین)ە دیسـان لـە ڕۆمانـەکانی (پـاییزی بەتریریك) و(سەد سـاڵ گۆشـەگیری) و (ئـەرەندێرای لێوبـەبار و داپـیرە شەیتانییەکەی)..

چـیرۆکنووس (عـەتای نـەهایی) لـەبارەی ڕۆمـانی (مـەرگی تاقانـەی دووەم) لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ٢٧ دەڵێ: (ڕاستە ڕووداوەکانی مـەرگی تاقانـەی دووەم بەهـەمان ئـاڵۆزی ڕووداوەکـانی پـاییزی پاتریـاك نییـە و کەسایەتییەکان ئەو کەسایەتییە ئەفسانەییە نیـە، بـەڵام لـەم ڕۆمانەشـدا هەوڵی ئەوە دراوە کە لەسـەر زەمینـەی واقیعـەکانی کۆمـەڵگای نوسـەر، ڕووداوە ســادەکان، کەســایەتییە ســادەکان لـــە فەزایـــەکی شـــێوە ئەفســـانەییدا، لـــە زەمـــان و شـــوێنێکی شـــێوە ئەفســـانەییدا بەرجەســـتەبکرێنەوە، درۆ، فریـــو، بـــێ‌ڕەحمی، فەســـاد و ناپـــاکی تایبەتمەندییەکانی دنیای مەرگی تاقانـەی دووەمـن. بـەڵام لەبەرئـەوە بـە فـۆرم و تـەکنیك و ز مـانی پـایزی پاتریـارك دەگێڕدرێنـەوەو وەك ژێـر مەجموعەیەکی ئەو ڕۆمانە دەنوێنن، ئەگەر وانەبووایە، واتە ئەگەر فۆرم و تەکنیك و زمانی مـەرگی تاقانـەی دووەم، ئـەزموون و تەجرەبـەی خـودی بـــەختیار عـــەلی بوایـــە، (مـــەرگی تاقانـــەی دووەم) بـــە هـــەموو کەموکوڕیەکانیـەوە کـە پێشـتر ئامـاژەم پـێکردوون، یـەکێ لـە ڕۆمانـە باشەکان دەبوو). وابزانم ئەم ڕایە دیسان بەوپێیە کە (ئێـوارەی پەروانـە) دیوی دووەمی مەرگی تاقانەی دووەمە. بەسەر ئەم ڕۆمانـەش دەسـەپێ، دیسان هەمان زمان و تەکنیك و فۆرمی ڕۆمـانی (پـایزی پـەتریریك)ە لـەو فانتازیایە بەدوور نیە، ئەوەتا ڕەووف حەسەن لە (ڕامان) ی ژمـارە (٣٣)

دا سەبارەت بە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دەڵێ: (رۆمانووس بەیەك نەفەس هەر ٢٢ بەشی رۆمانەکەی پێشکەش دەکا.. بەبێ‌ئەوەی هیچ نیشانەیەکی هونەریی باوی چیرۆك وەك قسەکەر (دیالۆگ) و کەوانەی مەنەلۆژ و فلاشباك و مۆنتاژ و ناونیشانی لاوەکی و.. تاد دابنێت، کە لەجیاتی گشت ئەمانە پێڕەوی شێوازی سەردی هونەری نوێی کردووە کە بەتایبەتی لای (مارکیزە) بەکاردەهێنرێت و بەگشتی لە ئەمریکای لاتینی نوێدا پێڕەودەکرێت).. یان دیسان (عەتای نەهایی) لەبارەی (مەرگی تاقانەی دووەم)ەوە دەڵێ: (کەڵك وەرگرتنی نوسەرێك لە تەکنیك و شێواز و زمانی نوسەرێکی تر، بەبێ پساندنی ئەزموونەکانی ئەو نووسەر و تاقیکردنەوەی داهێنانی خۆی بەمانای روانین لە دەلاقەی فیکر و ئەندێشەی کەسێکی ترەوە بۆ دنیای دەوروبەری خۆی کە کەمترین زیانی ئەم کارە ئەوەیە نوسەر هیچ شتێکی تازەی پێشکەش دنیای داهێنان نەکردووە).

دیمەنە لەیەکچووەکان

١- لەسەرتاوە دیمەنی گۆمە خوێنەکانی (ئێوارەی پەروانە) و بۆنی گۆشت و قوربانی سەربرین. مەڕ سەربرین و گۆمە خوێنە بچووکەکانی نێو رۆمانی (زانایانی تاریکی) سەلیم بەرەکات لەسەرەتاوە بەبیردێننەوە.

٢- لەم رۆمانەدا دیمەنەکانی سەرهەڵگرتن بەرەو هەندەران و ماڵ و موڵك فرۆشتن لەو پێناوەدا جێی دیمەنەکانی دوای راپەڕین لە رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دەگرێتەوە.

٣- دووبارەبوونەوەی دیمەنی (با) یەکان لە هەردوو ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانە) لە ڕۆمانەکانی (مارکیز)یش سەد ساڵ گۆشەگیری، پایزی پەتریریك، تۆفانی گەڵا.. (ئەو حکایەتەیش کە دەڵێت لە ڕۆژی لەدایکبوونمدا ڕەشەبا نیوەی شاری وێرانکردوە جگە لە خورافەتێك زیاتر هیچی تر نیە). - ئێوارەی پەروانە - (ڕەشەبایەك بۆ کاولکردنی شارە لە ئاوێنە دروستکراوەکان هەڵدەکا) لە لاپەڕەکانی کۆتایی ڕۆمانی سەد ساڵ گۆشەگیری.

٤- دووبارەبوونەوەی دیمەنی ژنە خەتاکار و سۆزانیەکان لە هەردوو ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) و (ئێوارەی پەروانە) کە دیسان کەسایەتیە ژنەکانی (مارکیز)مان دەخەنەوەیاد، (ئەرەندێراو داپیرەکەی) و (پرمینا داسا) و (خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرەدا)، یان کەسایەتی (تیریزا پاتیستا) ی جۆرج ئامادۆ..

٥- باسی مەلەسەی پیاوە تەزبیح بەدەست و دیندارەکان و (مەلا کەوسەری باغەوان) ئەم دیمەنانە شتێکی تازە نین، چیرۆکنووسی عێراقی (محمد خضیر) زۆر لەم بابەتانەی لە چیرۆکەکانی (المملکە السوداء) باسکردووە بەتایبەتی لە چیرۆکی (الشفیع) کە باسی مەراسیمی ئایینی دەکا لە کەربەلا و بەسرا یان لە زیارەتی مەرقەدەکان لە کەربەلا و نەجەف.

٦- ژنانی دەف ژەن پتر لە ئاهەنگی سیحرئامێزی میسریەکاندا زۆر باوە کە لە زۆربەی کارە ئەدەبی و هونەریەکانی میرسیەکان ڕەنگیداوەتەوە، یان وەکو ئەجوائی ڕۆمانی (لیله القدر) ی (طاهر

بن جلــون)، دیمەنــەکان چونکــی لــە دوو کۆمــەڵگای ڕۆژهــەڵاتی ئیسلامین تەقس و سرووشتەکان زۆر جیاوازیان نیە.

٧- لەم ڕۆمانەدا دیمەنەکان زۆری هیچ ڕەنگدانەوەی واقیعی کورد نیـە، بۆ نموونە نووسراوە: «ئێستا لە قسەکانی ئەو پیـاوە تێدەگەیشتم، دەمزانی ئەو پیاوانە هەموو مـێرد، یان بـاوکی ئـەو ئافرەتانـەن کـە زینایـان کـردووە، ڕەدووکــەوتوون، بــێ بنکــراون، شارەوشــار هەڵگێراون، خراپە پیشـەیان بـووە تێدەگەیشـتم ئـەو کچـە ترسـاوە چکۆلانـەی دەورووبـەرم ئـەم کچە هــەرزەکارە شــەرمنانە، هــەموو خوشکی ئەو خاتوونــە خراپەکارانـەن کچـی ئـەو دایکـە سۆزانیانەن کەبـە لێشـاو لـەو چــەند وەرزانــەی دواییــەدا دوای شــەیتانی ئارەزووەکـانی خۆیـان کـەوتوون حـەرام و حـەڵاڵیان لـەیاد خۆیــان بردووەتەوە..)ل١٠٤.

٨- دیمەنی پەپوولەکانیش پانتاییەکی زۆری گرتووەتەوە لە ڕۆمانەکە، (یوسـف عزالدیــن) ی چـیرۆکنووس لــە ژمــارە (١٨١٠) پاشــکۆی کوردسـتانی نوێــدا ســەبارەت بــەم دیمەنــە قســەیەکی مــارکیزی بیردەکەوێتەوە کە باس لە خەیاڵ و ئەندێشەی نـەنکی دەکـات، کـە پێی وابووە یەکێك لەوانەی سەردانیان دەکات هەردەم پەپوولـەکان لەپێش ئەوەوە پەیدا دەبن).

یـان دوای تــەواوکردنی ئــەم نووســینە برادەرێـك کتێبێکــی خســتە بەردەستم بەناونیشـانی (مارسـیل بروســـت والتخلــص مــن الزمــن) لــە نووسینی (جیرمین بیریە) یەو نجیب المانع کردویە بە عەرەبی و بـاس لـە

شاکارەکەی مارسیل پرۆست: (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) دا دەکات، دوای چاوپیاخشاندێك بەم کتێبەدا بۆم دەرکەوت لێکچونێکی زۆر هەیە لەنێوان ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) و ئەم ڕۆمانەدا وەکو:

١- کەسایەتی سەرەکی چیرۆك گێڕەرەوە (الـراوی) گەرچی مەسەلەی نێر و مێ هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێو (خەندانی چکۆڵە) لەجیاتی راویەکەی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو)دایە..

٢- لە ئاسوودەیەکی ونبووەوە بۆ زەمانێکی بەرگەشتەوەبوو.

٣- جیهانێکی بەرگەشتەوە بوو کە سەرجەم مەنەلۆژەکانی خەندانی چکۆڵە دەگرێتەوە.

٤- هەمیشە سەفەری پاڵەوانەکە و دەستە خوشکەکانی.

٥- هەموو کەسایەتیەکانی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)یش ئەم قسەیەی (جیرمین بیریە) یان بەسەردا دەسەپێ. با بزانین دەربارەی جیهانی پرۆست چی دەڵێ: (دانیشتوانی جیهانی پرۆست لە گەوهەردا نە بۆرژوان و نە ئۆرستۆکرات. لەڕاستیدا جگە چەند زیندەوەرێکی نەزانراو بەولاوە هیچی دیکە نین، ژنەکان بە پیاوان دەچن. پیاوەکانیش بە ژنان دەچن، چەند زیندەوەرێکن. هەردوو توخمەکەیان تیایە، یان زیندەوەری نێرەمووکن). یان دەڵێ: (ئەم کەسایەتیانەی پرۆست لە جیهانێکی نامرۆڤانەدا دەژین، کە جیهانی شەهوانیەتە و پێویستیەکانی لە زیادبووندایە، ئەو پێداویستیانەی کە تێرناکرێ جگە بەو کەسانە نەبێ کەسانی وەکو خۆیان کە رادەکەن لە راکردن و خۆشاردنەوە..).

٦- لەیەکچوونی کەسایەتی پووری (خەندانی چکۆڵە) و پووری راویەکە کە ناوی (پوورە لێونی)یە لە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو)دا.

٧- هەڵاتن بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئارام. لە (ئێوارەی پەروانە) بەرەو دارستان و لە (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) دا بەرەو نەخۆشخانە (المصح)..

٨- کەسایەتی (ئەلبێرتین) ژنە لە (گەڕانە بەدوای زەمەنی ونبوو) رێك وەکو کەسایەتی (پەروانە) وایە، کۆمەڵێ پەیوەندی بەربڵاوی هەیە. بابزانین ئەویش لەلای پرۆست چۆن وەسفی هاتووە: (لە دوای هەر قسەیەکیەوە دۆریەك هەیە، لە دوای هەر ماڵێك کە دەڵێ بۆی دەڕۆم ماڵێکی دیکە هەیە، لە دوای هەر کردەوە و کەسێکدا کردەوە و کەسێکی دیکە هەیە) ل٢٣٢.

٩- دیسان لە رۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) دا بەشێك هەیە لەژێر ناونیشانی (ئەلبێرتین ونبووە) کە ئەمەیش ونبوونەکەی (پەروانە) مان بیردەخاتەوە..

١٠- چیرۆکەکانی خۆشەویستی نێو رۆمانی (ئێوارەی پەروانە) یش وەکو چیرۆکەکانی خۆشەویستی نێو رۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) دا وان، یەك ئەوی دی رادەکێشێ و هەمووشیان لەکۆتاییدا لە راڕەوی زەمەندا ون دەبن..

١١- تەقس و ئاهەنگە سیحراویەکانی نێو دارستان لەلایەن ژنانەوە لە هەردوو رۆمانەکەدا..

١٢- جیهانی لەزەتی نامرۆڤانە لە هەردوو رۆمانەکەدا بەدیدەکرێ..

١٣- لەیەکچوونی کەسایەتی (بارۆن دی شارلۆ) لە رۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) لەگەڵ فەرەیدونی مەلەك لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)..

لەیەکچوونەکان زۆرن تادکاتە وەسفی سروشت و گیاو گوڵ و ئاو و باران بەشێوەیەکی شاعیرانە و فانتازیائامێز لە هەردوو رۆمانەکەدا. وەکو ئەوەی ئێمە لە کتێبی (مارسیل بروست و قوتاربوون لە زەمەن)

بەرچاومان کەوت ئەگەریش رۆمانەکە بخوێنیتەوە دەشێ لێکچووەکان زۆرین. بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەم بەراوردکردنانە، ئێمەیش دەلێین ئەگەر رۆمانی (ئێوارەی پەروانە) لە پینەوپەڕۆی خەڵکی دیکەنەبوایە، دەسا ئەوا یەکێك دەبوو لە رۆمانە هەرە باشەکانی کورد..

دەشێ برادەرێکی دیکە بێت هەردوو رۆمانەکە (ئێوارەی پەروانە) و (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) بخوێنێتەوە و بەراوردێکی تێروتەسەلی بکات، بەڵام ئەمەی ئێمەی تەنها بۆچوون و ئاماژەیەکە و هیچی دیکە.. زمانی (ئێوارەی پەروانە) لەنێوان دوو جۆرە زمانی شیعریدا خۆی دەدۆزێتەوە، یەکەمیان زمانی رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) کە زمانی رۆمانی (پایزی پەتریرێك) ەو دووەم هەمان شیعریەتی زمانی رۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) کە بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو پەرەگرافە زۆرانەی لە کتێبی (مارسیل پروست و قوتاربوون لە زەمەن) دا هاتووە راستی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێ..

رۆشنبیریی کوردی و سیستمی عیرفانی

ئەو نوسینەی مەریوان وریا قانع لە گۆڤاری ئازادی ژمارە (٢) بڵاوبووەتەوە لەلاپەڕە (٥) ەوە بۆ لاپەڕە (٣٣) یە واتا دەکاتە (٢٨) لاپەڕە نەك وەکو ڕێبین دەڵێ (٣٣) لاپەڕەیە. ئەوجا بزانن چەند لە گۆڤار و نووسینی برادەرەکانیشیدا وردەکارە؟!.. ئەم نووسینە لە گۆڤاری (پەیڤین) ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٩ بڵاوبۆتەوە.

بۆ راستی و ناڕاستی قسەکانی من و ئەو برادەرە هەندێ خاڵی لەیەك چوو دەهێنینەوە. باسەکەی مەریوان لە سێ بەش پێکهاتووە، یەکەم، سیستمی ئەپستمۆلۆژی تایبەتە بۆ رۆشنبیری کوردی کە

لاسایی‌کردنەوەی ئەپستمۆلۆژیە عەرەبیەکەی (الجابري)یە، دووەم کە بەشی هەرەزۆری نووسینەکە دەگرێتەوە باس لە سیستمەکانی ئەقڵی عەرەبی ئیسلامی دەکات. سێیەم کە کۆتایی باسەکەیەتی دیسان دەگەڕێتەوە سەر شەرحی سیستمی عیرفانی و باشلار و بونیادی ئەقڵی دینی.

محمود الذوادي بۆ عەرزی کتێبەکەی محمد عابد الجابري (بنية العقل العربي، نقد العقل العربي) دەڵێ:

[توصل المؤلف الى تحديد ثلاثة انماط من الانظمة المعرفية التي عرفتها الثقافة العربية الاسلامية العالمة، وهي النظام البياني (البيان) والنظام (العرفان) والنظام البرهاني (البرهان)].

بەکوردیەکەی (دانەر – مەبەستی الجابریە – گەیشتە دیاریکردنی سێ شێوە لە سیستمەکانی ئەپستمۆلۆژی کە ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی ناسیویەتی. کە ئەویش سیستمی بەیانی و سیستمی عیرفانی و سیستمی بورهانی‌یە)..

مەریوان وریاش ئاوها دایڕشتوەتەوە: (ڕێنیساسی ئیسلام سێ سیستمی ئەپستمۆلۆژی بەرهەمهێنا کە دواجار ناچاریکردبوون لەنێو بونیادی ئەقڵی دینیدا کار بکات و جیهانبینی دینی هەرسێکیان ئاراستە بکات، ئەو سێ سیستمەیش بریتین لە: ١- سیستمی (بەیان) ی. ٢-سیستمی مەعریفی عیرفانی. ٣- سیستمی مەعریفی بورهانی).

دەقی عەرەبیەکە:

فينتسب الى النظام المعرفي البياني كل من اللغويين والنحاة وعلماء البلاغة واصول الفقه والكلام ويستند هذا النظام المعرفي اساساً الى النص

(القران والحديث) والاجماع والاجتهاد و كسلطات مرجعية في تشييده لتصوره للعالم و من ثم خدمة العقيدة الاسلامية وبالاحرى فهمها).

بەکوردیەکەی: ((سیستمی مەعریفی بەیانی هەموو زمانەوانەکان و زانایانی زمان و زانایانی بەلاغە و بنچینەکانی فقه و قسه دەگرێتەوە. لە بنەڕەتدا ئەم سیستمە مەعریفیە پشت دەبەستێ بە دەق (قورئان و حەدیس) و رێککەوتن و ئیجتیهاد وەکو دەسەڵاتە مەرجەعیەکان لە بنیاتنانی و دیدی بۆ جیهان و پاشانیش خزمەتکردنی باوەڕی ئیسلامی جیهانبینی دواجاریش تێگەیشتن لێی))..

مەریوانیش ئەمە دەڵێ: ((سیستمی مەعریفی (بەیان) ی: دەبێ سەرەتا ئەوە بلێم کە (بەیان) لە - بەیان - ی بەلاغی عەرەبیەوە وەرگیراوە. و سەرجەم هونەرە زمانیەکانی عەرەبی دەگرێتەخۆی.. یەکەمین سیستمی مەعریفی ئیسلامیە و لە رووی مێژووییەوە، لە هەردوو سیستمەکەی دیکە کۆنتر و ئسوڵیتر و سوونیترە. سیستمێکە ئەگەر بمانەوێ ئینتیمایەکی ئەتنی و نەتەوەیی بۆ بدۆزینەوە دەکرێ بڵێین سیستمێکی سەد دەرسەد عەرەبیە. کارکردنی ئەبستمۆلۆژیانەی ئەم سیستمە کارکردنێکی بەلاغیانە و زمانانەیە، لەنێو دەقێکی سەرەکیدا کە (قورئان) ە، سیستمی بەیانی توانی بنەماکانی زمانی عەرەبی و بەلاغە و هونەرەکانی بەیان لەنێو فیکری عەرەبیدا بچەسپێنێت..))..

دەقە عەرەبیەکە: ((النظام المعرفي العرفاني: جملة التيارات الدينية التي يجمعها كونها تعتبر ان المعرفة الحقيقية بالله وامور الدين و تلك التي تقوم على تعميق الحياة الروحية واعتماد الحكمة في السلوك.. اذ ان طريق العرفان هو طريق الاصفياء خاصة الاولياء والائمة)).

بە کوردیەکەی: ((سیستمی مەعریفی عیرفانی: کۆمەڵێ تەوژمی ئاینەی ئەوە کۆیان دەکاتەوە کە پێیان وایە ناسینی راستەقینەی خوا و کاروباری ئاینی ئەوەیە لەسەر قوولکردنەوەی ژیانی رۆحی دادەمەزرێ و پشت بەستن بە حیکمەت لە رەوشتدا.. رێگای عیرفان رێگای پیاوچاکانە بەتایبەتی ئەولیا و ئیمامەکان))..

مەریوان وای دارشتوەتەوە: ((سیستمی مەعریفی عیرفانی: سیستمی دووەمی سیستمە مەعریفیەکانی نێو ئیسلامە، گوتارەکانی کۆی کارکردن و ئاراستەی کارکردنی ئەقڵی سۆفی ئیسلامیە، رێکخەری ئەقڵی سۆفیەکانی ناو ئیسلام و سەرچاوەی راستەوخۆی هەموو رێبازە تەسەوفیەکانی ناو ئیسلامە)).

دەقە عەرەبیەکە: ((فان النظام البرهاني يرى أن اكتساب المعرفة بالكون ككل او كاجزاء لا يتم الا بواسطة قوى الانسان الطبيعية من حس و تجربة و محاكمة عقلية و يؤكد الجابري أن (لارسطو) دوراً كبيراً في نشر منهج النظام البرهاني في الثقافة العربية الاسلامية العالمة)).

بەکوردیەکەی: ((سیستمی بورهانی وای دەبینێ بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی گەردوون بەگشتی یان وەکو بەش بەش دەستەبەرناکرێ جگە بە هێزە سروشتیەکانی مرۆڤ نەبێ لە هەست و ئەزموون و دادگای ئەقڵی و جابری ئەو دووپات دەکاتەوە کە (ئەرستۆ) رۆڵێکی گەورەی هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی میتۆدی سیستمی بورهانی لەنێو کەلەپووری رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی جیهان بین دا))..

با بزانین مەریوان چۆنی دەڵێ: ((سیستمی مەعریفی بورهانی: سێهەمین سیستمی مەعریفی ناو ئیسلامە لەرووی مێژووییەوە لە دوای

سیستمەکەی دیکەوە دێت. ئەم سیستمە سیستمێکی سەددەرسەد یۆنانییە. و ئەگەر وردتر قسەبکەین سیستمێکی ئەرستۆیە، هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی بونیادی دینی ئیسلام بەهۆی ئەو چەمك و مەنهەج و جیهانبینیە (العالمة) کە فیکری یونانی بەگشتی و (ئەرستۆ) وە (مەنتقی ئەرستۆ) بەتایبەتی بەرهەمیهێنابوو))..

مەریوان لە نووسینەکەی خۆیدا هەر یەکێك لەو سیستمانەی داوەتە پاڵ ڕێبازێك لە ڕێبازەکانی ئیسلام: سیستمی بەیانی بۆ سوونە مەزەبەکان و عیرفانی بۆ شیعەکان و بورهان بۆ شارستانی و فەرهەنگیەکانی ئیسلام.

محمد عابد الجابریش بەرلەو ئەمەی کردوە، بەیان هی سونەیە و عیرفان هی شیعەیە یان چۆن ئەم پەرەگرافەی داڕشتوەتەوە: ((لا یتردد الدکتور الجابري في اصدار نقده اللاذع للموقف العرفانی فهو في نظره موقف هروب من عالم الواقع الی عامل العقل المستقبل)) بەکوردیەکەی: ((دکتۆر جابری بەبێ دوودڵی ڕەخنەی توندی خۆی دەردەکا سەبارەت بە هەڵوێستی عیرفانی چونکی لە دیدی ئەودا ڕاکردنە لە جیهانی واقیع بەرەو جیهانی ئەقلی ئاییندە)).

مەریوانیش وای دەڵێ: ((بەوەی کە عیرفان خۆی وەکو سیستمی مەعریفی نامۆبوونی ئەقڵە لە دنیا)).

محمود الذوادي دەڵێ: ((اما علماء اصول الفقه فان النص القراني أو الحديثي عندهم استعمال و استبصار العقل ان الدلالة والاستدلال عندهم عمليتان مترابطتان))..

بە کوردیەکەی: ((بەڵام زانایانی ئسوولی فیقە دەقی قورئان و حەدیس لەلای ئەوان بەکارهێنان و بینای ئەقڵە، دال و مەدلوولیش لەلای ئەوان دوو پرۆسەی بەیەکەوەبەستراون)).

مەریوانیش وا دەڵێ: ((ئەڵبەتە هەموو گۆڕانێك لە (دال) دا بەناچاری گۆڕان لە (مەدلوول) دا دەخاتەوە. لێرەوە گۆڕان لە (دال) ی عەرەبی و فارسیەوە واتا لە جەستەی بینراو و بیستراوی ئەو دوو زمانەوە))..

الذوادي دەڵێ: (شەلە) وەلێ مەریوان دەڵێ (پێی شکاوە)!! یان ئەم پەرەگرافەی (الذوادي) چۆن داڕشتوەتەوە: ((ان أول ما يتميز به القرأن على المستوى البيان هو اعجاز لغته و ان هذا الكتاب يعلن في وضح النهار ان فيه اشارات و معلومات عامة حول كل شيء))..

بەکوردیەکەی: ((یەکەم شت کە قورئانی پێدەناسرێ لە ئاستی بەیان دا موجیزەی زمانەکەیەتی، ئەم کتێبە بە ڕۆژی ڕووناك ڕادەگەیەنێ کە هەموو ئاماژە و زانیاریەکی گشتی تیایە دەربارەی هەموو شتێ))..

با بزانین مەریوان چۆنی داڕشتوەتەوە: ((جا ئەگەر زانیمان موعجیزەی (قورئان) بە پلەی یەکەم موعجیزەیەکی زمانیە - معجزة لغوية - لەوێشەوە موعجیزەیەکی بەیانی و بەلاغیە))..

محمود الذوادي دەڵێ: ((فان الاعجاز اللغوي القرآني هو سمة يتمز بها الاسلام، كدين عن الرسالات السماوية السابقة كما تتميز بها الحضارة العربية الاسلامية - الى حد كبير - عن الحضارات الانسانية الاخرى))..

بەکوردیەکەی: ((موعجیزەی زمانی قورئان ڕەواڵەتێکە ئیسلام وەکو ئایین جیادەکاتەوە لە پەیامە ئاسمانیەکانی پێشینە وەکو چۆن - تاڕادەیەکی گەورە - شارستانی عەرەبی ئیسلامی جیادەکاتەوە لە شارستانیەکانی دیکەی مرۆڤایەتی))..

مەریوان وای داڕشتوەتەوە: ((چونکی خودی ئەو زمانە وەکو وتم هەموو موعجیزەی قورئان و ئاستەکانی دیکەی پرۆژەی ئیسلامی عەرەبی لەسەر بنیادنرابوو، و هیچ زمانێ لە دنیادا ئەوەندە مانای دەرکی (سیاسی) نەتەوەیی، شارستانی، ئایینی، لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبێ)).

یان محمود الذوادي دەڵێ: ((الموقف العرفاني موقف سحري يلغي العالم ليجعل من (انا) العارف الحقيقة الوحيدة. ان النظرية العرفانية ذات رؤية سحرية في الصميم انها تخلق كل شيء يريده العارف من لا شيء..)).

بەکوردیەکەی: ((هەڵوێستی عیرفانی هەڵوێستێکی سیحریە کە جیهان هەڵدەوەشێنێتەوە و (من) ی عاریف دەکاتە تاکە حقیقەت، تیۆری عیرفانی لە بنەڕەتدا خاوەنی دیدێکی سیحریە. هەموو شتێ بۆ عاریف دەخولقێنێ لە هیچەوە گەر بیەوێ))..

با بزانین مەریوان چۆنی داڕشتووەتەوە: ((پرۆسێسی کەشفی عیرفانی پرۆسێسکە کە (حدس) ێکی سۆفیانە ئەنجامی ئەدات، یان (ختوورە) و ئیشراقێکی دەروونیە لەرێگای نوورێکی خودایەوە کە لەنێو دڵ و دەروونی خاوەن ئیمان و (عارف) دا رودەدات)).

ئیدی وەرگرتن و نقلکردن دەبێ چۆن چۆنی بێت..؟!

محمد عابد الجابري (ابن عربي) کردوەتە گرنگترین نمایندەی سیستمی عیرفانی کە لەنێوان سالانی (٥٦٠-٦٣٨) کۆچیدا ژیاوە. مەریوانیش ئەو ناوەی گۆڕیوە بە (بابە تایەر هەمەدانی) کە لە ساڵی ١٠١٠) ی زایینی مردووە. گوایە (بابەتایەر) زمانی عەرەبی ڕەفزکردوە و بەکوردی شیعری نووسیوە، کەچی بابەتایەر شیعی مەزەب نەبوو، بگرە دەڵێن ئەهلی هەق بووە. یەکەم شاعیری کوردیش نەبووە بەکوردی شیعر بنووسێ..!

ڕاستیەکان بەجنێو لنگەوقووچ ناکرێنەوە..

ئەو قسە ڕەقانەی (ڕێبین هەردی) لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری (ئایندە) وەڵامە بۆ ئەو ڕاستیانەی من لە ژمارە (١٥) ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ساڵی ١٩٩٩ و ژمارە (٧) ی گۆڤاری (پەیڤین) بڵاومکردونەتەوە، کە لە دەرەوە و ناوەوە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بۆیە ئەوانەی باسەکانی من پێکاونی و کێچ کەوتە کەوڵیان و مامۆستایان کردە دەم سپی خۆیان و لێیان گاڵ دام تا ئەو هەموو جنێوانەم بۆ ریزکات لەبری ئەوەی وەڵامی مەوزوعیانەم بداتەوە، شەلم کوێرم دەست ناپارێزم هەموو (زەخیرەیەکی ڕۆشنبیریی) خۆی خستەکار و بەیەکجاری خۆی بەتاڵکردۆتەوە. من لە نووسینەکەی گەلاوێژی نوێدا کەسم بە دز دەرنەکردووە، بگرە بەرهەمەکانم بەراورد کردوون، کەچی ئەوان خۆیان بە (دز) دەزانن. ئەوەتا مامۆستا (ر) خۆی دەڵێ: (قسەمان لەسەر دەکات و بەدزی تاوانبارمان دەکات). جارێ مامۆستا (ئیبداعێکی) وەهای نییە تا بە دزی بکەم، یان تا ئێستا چی نوسیوە تا ئێمە تەنگەتاو بکات و حەسوودی پێبەرین و لەداخانە بە دزی دەرکەین؟!

بەڵام وتراوە: (قنگلاشکە لەخۆی بە شکە). نازانم ئەم مامۆستایە بۆ بووەتە دەم سپی: بەختیار عەلی و مەریوان وریا و بەرزان فەرەج و کەسانی دی خۆی کردووە بە (عەڕابیان)؟ کەچی ئەم ئاگای لەوە نیە کە ئەو برادەرانە ئەم (عەڕابی)یەی ئەویان پێ باش نیە بگرە زیاتر بۆیان زەرەرمەندە و، بە چەکێکی سواو و گاڵتەجارییەوە هاتووەتە مەیدانەوە، دەیەوێ لە پەنای خەڵکانی دیکەوە خۆی بە (ڕووناکبیر) ناوزەد بکات؟!

ئەو قسەیەی لە گۆڤاری پەیڤین ژمارە (٧) دا کردوومە قەت لێی پەشیمان نیم، من وەکو ئەو مامۆستایە لەترسی (دەسەڵات) دەم و دەست لە بیر و بۆچوونەکانی خۆم پەشیمان ببمەوە، ئەو مامۆستایە پار لە ڤیستیڤاڵی ئەدەبی بنکەی گەلاوێژدا لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان لە سلێمانی هەڵسا و دنیایەك قسەی ناشرینی بە حیزبەکانی کوردستان دا و لەسەروی هەموویانەوە (ی.ن.ك) وەلێ کاك (مەلا بەختیار) لێی بەدەنگ هات و وەلامێکی مەعقولی دایەوە، دو دەقیقەی نەبرد ئەم مامۆستایە هەڵسا و چوو لەسەر شانۆ داوای لێبوردنی کرد لە کاك مەلا بەختیار و لە قسەکانی خۆی پەژیوان بوەوە.

خاڵێکی دیکەش نوسەرە داهێنەرەکانی ئێستای گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی لە شێرکۆبێکەسەوە تا دەگاتە بەختیار و مەریوانیش هەموو قەرزاریاری ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەن کە پێش راپەڕین دەردەچوون هەر لە دوای ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە، ئەگەر تۆزێك ویژدان بەکاربێنن چونکی ئەو بڵاوکراوانە موڵکی بەعس نەبوون، بەڵکو موڵکی میللەت بوون بەلام دواجار بەعس بەزۆری زۆرداریدەستی بەسەراگرتن. مەکسیم گۆرکی دەڵێ: ئامادەم لە هەموو رۆژنامەیەکی زەردا بەرهەمی خۆم بڵاوبکەمەوە. بەلام مامۆستا ئەوە لە ئێمە قەدەغە دەکا و بە خیانەتی لەقەڵەم دەدات و هەرکەسێ ئەودەمە لەو بڵاوکراوانەی عێراق نووسینی بڵاوکردبێتەوە جێگای گومانە لەلای ئەو. چونکی خۆی ئەو سەردەمە لە هیچ شوێنێکەوە دیارنەبوو، خاڵێکی دیکەش دیارە مامۆستا لە بێخەبەران کەشکەك سەلاوات، کە لە سەرەتای نووسینەکەیدا ئەمە دەڵێ: ((هیچ جێگەیەك و لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەوبوە ئەدەب و رۆشنبیریەکەی لە

سەردەمی کۆیلەیەتی و سانسۆرکردندا لە ڕۆشنبیریی ئەدەبی سەردەمی ئازادی گەشاوەتر و ڕاستگۆتر بووبێ..)). ئەم قسەیەی لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نیە، چونکی دیارە ئاگاداری ئەدەبی رووسی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیە، هەموو رەخنەگرانی دنیا دەڵێن ئەدەبی رووسی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو گوڕ و تینەی جارانی نەما. ئێمەیش دەپرسین ئایا شاکارەکانی وەکو: (جەنگ و ئاشتی، ئاناکارنینا، برایان کارامازۆف، تاوان و سزا، پالتۆ، پاڵەوانی ئەم سەردەمە، شاکارەکانی تۆرگنێڤ، تۆلستۆی، پوشکین، گۆگۆڵ، چیخەف) لەسەردەمی قەیسەری و سانسۆر و کۆیلەیەتی بوون یان لە سەردەمی دوای شۆڕشی بۆلشەوی شوعیەکان بوون؟ بێگومان بچووکترین خوێنەر دەزانێ ئەمانە لەسەردەمی قەیسەریەت بوون، سەردەمی کۆیلەیەتی و سانسۆردا..

بە (مامۆستا) ڕێبین دەڵێم کە سەردەمی پێش ڕاپەڕین بە تەنیا سەردەمی (ئاڵتوونی) غەفور نەبوو بە شایەتی زۆربەی ئەو نوسەرانەش کە ئەو لەگەڵیاندا لە دەزگای سەردەم کار دەکات، هی ئەوان و خەڵکی دیکەش بوو، زۆربەی بەرهەمەکانیان ئەو سەردەمە لە دووتۆی کتێبدا لە دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی بڵاودەبوونەوە، نوسەران لەلای رژێمی بەعس جێگای مەترسی بوون، بەڵام نوسەرانی (دوای ڕاپەڕین) هاتن و هەموو شتێکیان دیزەبەدەرخۆنەکرد. مامۆستا ڕێبین توانجی ئەوەم لێدەدا کە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ و هاوکاری نووسینم بڵاوکردوەتەوە وەك بڵێی ئەوە خیانەت بێ! دیارە نازانێ ئەوانەی کە ئەو دیفاعیان لێدەکا لەو جێگایەی ئەو کاری لێدەکا زۆربەی نووسەرەکانی لە ئاسۆ بوون، ئێ باشە خۆی چی دەکا لەو جێگایەی کە زۆربەی

نوسەرەکانی لە ئاسۆ دەیاننوسی؟ باشە بۆ نموونە ئەم نوسەرانە بەزۆری نووسین و بەرهەمیان لە ئاسۆ بڵاوکردوەتەوە: مەسعود محمد، محمد مەلا کریم، د. کەمال مەزهەر. ڕەووف بێگەرد، کەژاڵ ئەحمەد، ئازاد بەرزنجی کە لە دەرچوونی ژمارە (سفری) ئاسۆدا تا بەرەبەیان لە چاپخانەی دار الحریة خەفەربووە، هیوا قادر، مەریوان وریا قانع، بەختیار عەلی و زۆر نووسەری تریش، یان زۆربەیان کارتی پیرۆزباییان ناردوە بەبۆنەی ساڵیاد و دەرچوونی ئاسۆ. کەچی منیش بەدرێژایی (٥٥) ژمارەی ڕۆژنامەی (ئاسۆ) دوو نووسینم بڵاوبوەتەوە. یەکێکیان دەربارەی ڕۆمانی (لیلة القدر) ی الطاهر بن جلون و ئەویدیکەیان وەڵامدانەوەیەکی ئیسماعیل ڕۆژبەیانی بوو، بەڵام ئەوەی ستوونەکەی ئاسۆ بۆیان نووسیبووم وەکو دواجار ڕوونیدەکەمەوە.. خاڵێکی دیکە چەند جارێ لەلای هەندێ کەس وتومە حەزدەکەم ئەو برادەرانە کەمن لە (گەلاوێژی نوێ) و (پەیڤین) بە مەوزوعیانە لەسەرم نووسیون، بە قەڵەم و بە مەوزوعیانە وەڵامم بدەنەوە و بمخەنە نێو قەپێلکی خۆم! بەڵام مەخابن، مامۆستا (ڕێبین) بووە بە عەراب و سەرجەلەکێشیان بە کۆڵێ جنێو لێم بەدەنگ هات، بەقسەی خۆی دمێکە لەسەرم وەستاوە، جا نازانم بۆ ئەم هەمو خۆڕاگرتنە؟! دیاریوو هیچیان پێ نەبوو، حەزم دەکرد مامۆستا ڕێبین ئەو (جەهلنامەیەی) منی پشت گوێ بخستایە، نەبا ئاوها شپرزە بووایە و هەموو سەلیقەیەکی ڕۆشنگەری و ئەدەبی لەکیس بدابایە. خۆزیا بێدەنگ بوایە گەلێ خاستر بوو، نەدەبوو ئەم (ئینفیعال) نامەیە بنووسێو گەرچی ئەمەیش شتێکی تازە نیە، چونکی پێشتر ئەم قسانەی ئەویان پێوتووم ئەویش لەوانەوە وەریگرتووە.

پەیڤەکەی کاك محمد موکری لە ژمارە (٧) ی پەیڤین تەنگەتاوی کردون، کە بە هیچ شێوەیەك لە دورونزیکیشەوە وێزەی مامۆستا و ئاوەڵەکانی نەگرتووە و ناوی نەهێناون، بۆیە تەئویلی ئەو پەیڤە دەکات و دەڵێ (موکری کە غەفور سالحی کردۆتە چاوساغی خۆی)!!.

لێرەدا دەقی پەیڤەکەی موکری دەهێنینەوە بزانین بۆ ئەمانەتی زانستی لە دورونزیکەوە ناوی منی هێناوە، یان ناوی د. فەرهاد پیربال، موکری دەڵێ: ((دزی ئەدەبی، هەر لە ناو کوردا نەبووە، بگرە لەنێو هەموو میللەتاندا - لەسەردەمێکدا - دیاردەبووە. تا خەڵکانێك لە دزان هاتوونەتە دەس و ئاشکرای کردون. تەنانەت لە مەحکەمەیش شکات لە دزە کراوە. نمونەش بۆ ئەم حاڵەتە (فرانسوا ساگان)ە رۆمانی کەسێکی دزی و بەناوی خۆیەوە بلاوی کردەوە، پاشان ئاشکرابوو شکاتیان لێکرد، ئەمرۆیش لەنێو ئەدەبی کوردیدا هەندێ ئەدیب تەراتێنی دزی دەکەن، پێیان وایە، نوسەرانی دی گێلن و ئاگایان لەو بەرهەمانە نییە وا ئەمان کەوتوونەتە نێویان بەئارەزووی خۆیان پەرەگراف و رستە و تەنانەت سەرلەبەری ناوەڕۆك و فۆرم و تەکنیکی دەدزن، هی واشیان هەیە بەوەندەش ناوەستێ لە چەند شاکارێکەوە وەردەگرێ و کۆلاجیان دەکات و بە روداریەوە دەیخاتەڕوو. کۆڵکە خوێنەرانیش وەك ئەوەی هەنگیان لە دارا دۆزیبێتەوە، بە شان و بالای هەڵدەدەن، پاشانیش کە دەردەکەوێ ئەو بەرهەمە دزراوە متەق ناکەن. ئەمە دیاردەیەکی خراپە و ناشارستانیە، رەنگە سونگەی ئەم کارە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی بگەڕێتەوە، گرنگترینیان نەفسیەتی نزمی خودی دزەکەیە، کە پێی وایە خەڵکانی دی گێلن، پەی بەم کارەی نابەن. دووەم هۆکاریش - ئەمەشیان

- بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ئەویش بێدەنگ بوونی ڕەخنەگرانە، یا ئەوەتا ڕەخنەگرانمان بەسەریاندا تێدەپەڕێ، یا ئەوەتا لەبەر ئیتعیباراتی تایبەتی بێدەنگ دەبن و وەك ئەوەی هیچ مەسئولیەتێکیان لە ئەستۆنەبێ و هەر ئەوەندە بڵێین (ئێمە خۆمان بۆ پیاو خراپ بکەین، ڕۆژێ هەر ئاشکرا دەبن). هۆکارێکی دیش بۆ ئەم دیاردەی دزیە هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەو کتێبانەی لێیانەوە دەدزرێن زۆر بەکەمی لە کتێبخانەکاندا هەن، بەدەگمەن دەست دەکەون، ئەگەر هەشبن نرخەکانیان گەلێ گرانە لە کڕینی کەسانی ئەدیبی ڕەسەن نایێن. ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی بەدرەنگ کتێبەکان دەسکەون و درەنگیش دزەکان ئاشکرابن.. هەندێ پاساوی نابەجێیان بۆ دەهێنێتەوە، دەڵێن: پەرەگرافەکان یا لاپەڕەکان دەقاودەق نین بەڵکو هەندێ لێکچونیان پێوەدیارە. ئەم پاکانەیە بیسەروبەرە، جگە لەوەش خۆی لەخۆیدا ناحەقی گوتنە. بەکورتی تاڵانیکردنی بەرهەمی ئەم و ئەو خەتایەکی گەورەیە، دەرهەق بە:

یەکەم: ئەو کەسەی لێی وردەگیرێ و بەرهەم و ڕەنجی بەتاڵان دەبرێ.

دووەم: بۆ ئەو میللەتەی کە چەواشەی دەکەن وای لێدەگەیەنن کە ئەم بەرهەمە زادەی ئەقڵ و سۆز و داهێنانی ئەمانە ئەو چەواشەکردنە جۆرێکە لە تاوان..

چاکتر وایە خودی ئەو کەسانەی دەست بۆ داهێنانی کەسانی دی دەبەن، بەدەنگی بەرز خۆیان ئاشکرابکەن. طاویەکان - ئاینێکە لە چیندا- قسەیێکی جوانیان هەیە و دەفەرموون ئاشکراکردنی خەتای خۆ، جۆرێکە لە تۆبەکردن.

لە دوا ژمارەی گەلاوێژی نوێدا بەڕێز د. فەرهاد پیرباڵ لە نووسینێکدا دەفەرمێ (لەسەردەمانێکدا دزیم کردوە، ئەگەر خۆم ئێستا ئەمە ئاشکرانەکەم، رەنگە هەر ئاشکرا نەبێ).

ئەمە قسەی کەسێکە کامڵ بووە، بێ سڵکردنەوە رووبەڕووی سەرەتاکانی خۆی بووەتەوە، ئەوا بەدەنگی بەرز پێ لەو خەتایە دەنێ.. خۆزیا هەموو جورئەتی د. پیرباڵ مان دەبوو، خۆزیا هەموو جورئەتی ئەوەمان دەبوو رووبەڕووی خۆمان بینەوە.

پەیڤەکەی - موکری - لێرە تەواوبوو، دەپرسم ئایا ناوی من و ناوی ئاوەڵەکانی مامۆستا (رێبین) یان تیا بوو؟ پێی وتبوون بەرچاوتان بەکلەوەیە؟ ناوی کەسیانی هێناوە و پێی وتووە تۆ دزی؟! ئیدی بە چ پێورێك بە - موکری - یشدا هەڵدەشاخێ و قسەی پێدەڵێ و دەیکاتە رەفیقی خۆی و ئاوەڵەکانی؟.

مامۆستا (رێبین) لەلاپەڕە (٤٣) ی گۆڤاری ئاینده ژمارە (٥) دا ئێمە بە کفر و نەخوێنەوار لەقەڵەم دەدا و دەڵێ: (کۆمیدیای گەورە ئەوەیە غەفور ئەوکفرانە دەخاتە دەم فرۆید و دەڵێ لەو دوو لێکۆڵینەوەدا باسی کردوە، مەحاڵە بتوانێ ناوی ئەو دو لێکۆڵینەوەمان بۆ بنوسێ).

تەماشەکە خوێنەری بەڕێز کە - مۆریس گۆدۆڵی - لەم نووسینە وەریگێڕدراوەی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (٥) کە هەردوو برای نوسەر کامیل محمد قەرەداغی و فایەق رەحیم محمد لە گۆڤاری - النهج - ەوە کردویانە بەکوردی، دەڵێ: (بابەتی کوشتنی باوك و پێشێلکردنی حرام کراوەکان لە زۆربەی ئەو کارە گرنگانەدا ئامادەییان هەیە کە فرۆید پێشکەشی کردون، هەر لە (تەوتەم و حەرام)ەوە بیگرە هەتا

(یەکتاپەرستی و موسای مرۆڤ) بە (نیگەرانی لە رۆشنبیریدا) و (پاشەرۆژی وەهم)یشەوە). یان - گۆدۆلی - دەڵێ: (دەبێت ئەوشەمان لەیادنەچێت کە ئەم چیرۆکە لەلای فرۆید تەواوکەری هەیە، ئەوەتا باوکەکە لەپاش کوشتنی جارێکی تر لەرێگەی ئەڵتەرناتیڤێکەوە دێتەوە ژیان کە ئەویش ئاژەڵێکی تەوتەمیە و لەرێورەسمێکی دیاریکراودا خواردنی حەرام کراوە..).

کاک رێبین لە ژمارە (١٠) ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا ئەم وتەیەی (مۆریس گۆدۆلی) ی کردوەتە ناونیشانی باسەکەی لەسەر تۆڤیلتی (حەسار) (باوکی کوردی لەنێوان کوشتن و زیندووبوونەوەدا)، زۆربەی قسەکانی ئەو باسەی لەو نووسینەی - گۆدۆلی - وە وەرگرتووە و بێئەوەی هیچ ئاماژەیەك بۆ (گۆدۆلی) ی بەدبەخت بکات.

مۆریس گۆدۆلی - بەناوبانگترین کۆمەڵناسی دنیایە و چەندین کتێبی دانسقەی هەیە و هەندێکیان کراون بە عەرەبی و لە دار - المدى - چاپکراون و لە یەکێ لە دوا ژمارەکانی گۆڤاری (النهج) چاوپێکەوتنێکی هەیە. دیارە ئەو مامۆستایە خۆی لەو پێ فەیلەسوف ترە بۆیە لێی وەردەگرێ بەلام بەگوێی ناکات(!!) و لەبەر قسەکانی غەفور سالح عەبدوڵلا ئەویش بەدرۆدەخاتەوە..

کاک رێبین لە ژمارە (٥) ی ئایندە لە باسی فرۆید و مۆریس گۆدۆلی وەرگێڕانەکەی منی تێکداوە و پێش و پاشی کردوە کە لە گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٠) وەرمگرتووە و قۆناغی دووەمی گریمانەکەی فت کردووە، کە (گۆدۆلی) دابەشی کردوە، بۆئەوەی سەر لە خوێنەر تێکبدات و من بەهەڵەدا ببات و خۆی بە راست دەرکات، ئەمەیش ئەخلاقیەتێکە لە

ئەمانەتی عیلمی‌یەوە بەدوورە، تەنـها نوسـەرەکانی ڕژێمـی بـەعس پێش ڕاپـەڕین ئـەم ڕەفتارەیـان دەکرد، چونکـی خـۆم دەردی ئـەم ڕەفتـارەم خواردوە. ئەی ئەوە نیە مامۆستا ڕێبین، ئەو ستوونەی ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە (١٦) ی ١٩٨٩/١١/١١.. ی کردوەتە دەسکەلای دەستی تا هێرش بکاتە سەرم. من ئەو نووسینە لێی بێبەریم، مـن شـتێکم نووسـی بـوو تـا ملی خـۆم لـە پـەتی سـێدارە دووربخەمـەوە، کـەچی هـەندێ نوسـەر لـەو ڕۆژنامەیە هەر خۆیان ناونیشانەکەیان گۆڕیبوو بەناوی (هەڵوێستێکە جێی شـانازیمە) و نـاوی سـەدام حسـێن و هـەندێ قسـەی ڕووزەردیـان تیاترنجـاندبوو، چونکـی سـاڵ سـاڵی ١٩٨٩ بـوو کـێ حـەدی هـەبوو ڕوونکردنەوە بنوسێ و بڵێ‌من شتی وام نەنووسـیوە. مـن ئـەو نووسینەم بەتەلەفۆن لە کەرکوکەوە بۆ خوێندنەوە تەنانەت بـە دەسـتخەتی منیـش نەبوو. تەنانەت لەو ڕۆژنامەیەدا گاڵتەشیان پێکردوم بە نووسین بۆئەوەی سووکم کەن چونکی من لەو چیرۆکەی بۆ جەنگ نووسیبووم - چیرۆکێکی مرۆڤایەتی بوو، باسی لە دەرد و زووخاوی ئەو جەنگە چەپەڵە دەکرد کـە سـەدام و بـەعس بەسـەر گـەلانی عێراقیـا سـەپاندبوویان - پەشـیمان ببوومـەوە لـە دوا بـەرگی ڕۆمـانی (تووانـەوە) کـە سـاڵی ١٩٨٨ بـەچاپ گەیشـت، ئـەویش خـەریك بـوو سـەرم بدا بـە فتاراتـە. ئـەم مامۆسـتایە دەشتوانێ بگەڕێتەوە سەر یەکێك لە ژمارەکـانی (هاوکـاری) سـاڵی ١٩٩٠ وابـزانم دەوروبـەری مـانگی تـەمووز بـوو بـەچاکی لـەبیرم نیـە ڕوونکردنەوەیـەکم لـە دوا لاپەڕەکـەی لەسـەر نووسـراوە، ڕاپۆرتێکـە بـۆ لەسێدارەدان.

من ئاگام لەمە نەبوو لە هەولێر بووم، هونەرمەندی شەهید و هاوڕێم – کەریم عوسمان – م بینی لە ساحەی شێخ الله وتی شتێکی خراپیان لەسەرت نووسیوە لە هاوکاری – مشوورێکی خۆت بخۆ لەوانەیە بتگرن و لەناوت بەرن. ئەم حیکایەتە زۆربەی نوسەرانی کورد لە کوردستانی عێراق ئاگادارن، ئەو برادەرە نوسەرانەم کە مامۆستا کاریان لەگەڵ دەکا لە دەزگای سەردەم شایەتی حاڵن. جارێکیان رەشنووسی ئەو چیرۆکەم دایە کاک (ئازاد عبدالواحد) ی رەخنەگر وتی چیرۆکێکی ئاساییە و چ پەیوەندی بەم جەنگە بەدناوەوە هەیە؟!

برادەرێك (م.ن) کاتی خۆی پێی وتم دەبێ تۆ لەجیاتی ئەم چیرۆکە ئیعدام بکرێی، چونکی تۆ قادسیەت بەکوشت داوە و دژی قادسیەیە! ئەمە تۆزێك بوو لەو راستیەی کە کاك رێبین نازانێ یان دەیزانێ و خۆی لێ گێل دەکا..

بۆ هەڵوەشاندنەوەی بوختانە بێسەروبەرەکانی کاك رێبین، بۆ بابەتەکەی – گۆدۆڵی – پەنادەبەمەبەر وەرگێڕانەکەی کامیل محمد قەرەداغی و فایەق رەحیم لە گۆڤاری گەلاوێژی‌نوێ ژمارە (٥) : (لە دەقی دێو و حەرام ئەوەی کە پەیوەندی بە کوشتنی باوکەوە هەیە بەشێوەی بەدوای یەکداهاتنی سەربردەکان دێت و هەمووشی لە سێ قۆناغدا هاوسەنگی وەرگرتووە. لەکۆتایی قۆناغەکانیشدا پەیوەستە کۆمەڵایەتیەکان بەتەواوی بەرجەستە بوون:

لە قۆناغی یەکەمدا؛ باسی ئاپۆرەیەکی پڕ ئاژاوەی خەڵکێکی سەرەتاییمان پێشکەش دەکات. کە لەنێوانیاندا باوك بەژن و کوڕ وکچەکانی دەورەدراوە. دەسەڵاتێکی سێکسی رەهای بەسەر ژن و کچەکانیدا هەیە و قۆرخ کردنە سێکسیەکەش پشت بە پیادەکردنی توندوتیژی و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزدەبەستێت. ئارەزووی سێکسی

کوڕەکانیش بەرامبەر بە دایك و خوشکەکانیان لەگەڵ ئەم توندوتیژیە (بەکردەوە یان بە ئەگەرەدا) بەریەك دەکەون.) من لێرەدا تەنیا ئەم هەقە بە ڕێبین دەدەم لەجیاتی وشەی (خەساندن)، وشەی (خەتەنە) کردنم بەکاربردووە. ئەمەیان هەڵەیەکی ئەنقەست نییە، چونکی خۆیشی زۆر باسی (خەساندن) دەکات لە بابەتی (باوکی کوردی لەنێوان کوشتن و زیندوبوونەوەدا) . بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم بۆئەو هەڵە بەکارهێنانی زاراوەکان..

لە قۆناغی دووەمدا؛ پلانی کوڕ و رۆڵە بێوەرییەکان دەبینین کە بڕیار دەدەن لە یاسای باوك هەڵگەڕێنەوە و بەکوشتنی یەکجارەکی لێی ڕزگار ببن.

لە قۆناغی سێیەمدا؛ و لەپاش ئەنجامدانی تاوانەکەیان لەجیاتی ئەوەی کە کوڕەکان دایکی خۆ، یان دایك و خوشکەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن. بۆیان دەردەکەوێت کە ئەگەر ئەوە بکەن ئەوا گیرۆدەی خودی ئەو ڕێگەیە دەبنەوە کە دەگاتەوە بە کوشتنی باوك. بەڵام هەلەکەیان لەدەست دەرچووە. لێرەدا ئیتر بەخواستی خۆیان پاشگەزدەبنەوە. بەم شێوەیە بەتەواوی ویستی خۆیان واز لە تێرکردنی ئارەزووە یاساغ کراوەکانیان دەهێنن کە ئەو تێرکردنە لەڕێگای پیادەکردنی توندوتیژییەوە بێت. بەڵام هەر بە وازهێنانیان لە زەماوەندکردن لەگەڵ دایك و خوشکەکانیان ئەوە بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن کە لە دەرەوەی سنووری ئاپۆرە ئاژاوەکەی خۆیاندا بەدوای ژنی تردا بگەڕێن).

ئەمە قسەی غەفور سالح عەبدوڵڵا نیە بەڵکو قسەی - گۆدۆلی - یە کە کاك ڕێبین لە من چاکتری دەناسێ.

جا خوێنەری ئازیز سووکە بەراوردێك بکە لەنێوان ئــەو سـێ قۆناغـە و تۆڤلێتی (حەسار) دا بزانە چ جیاوازیـەك بەدیدەکـەی. یـان باسـەکەی - مۆریس گۆدۆڵی - (کوشتنی باوك یان قوربانیدانی سێکسی) بخوێنەوە لە ژمارە (٥) ی گەلاوێژی نوێو، باسەکەی کاك رێبینیش بخوێنەوە لە ژمارە (یەکی) هەمان گۆڤاردا بزانە چ جاوازیەك دەبینی لـەنێوان بۆچوونـەکاندا، بەقسەی خۆی ئەو - گۆدۆڵی - ی بەفارسی خوێندۆتەوە. من بۆ شـایەتی حاڵ یەك دوو سووکە پەرەگرافێك لە هەردوو بابەتەکە دەهێنمـەوە بزانـن جیاوازیان هەیە. رێبین لە نووسینەکەی (باوکی کوردی لەنێوان کوشـتن و زیندووبوونەوەدا) دەڵێ لەلاپەڕە (٦٥): (چونکە فرۆید خۆیشـی هـەرگیز ئەم چیرۆکەی وەك یەقینێکی زانستی دانەڕشت ئەگـەرچی چاوی لەسـەر هـەندێ لـە لێکۆڵینـەوەکانی - دارویـن - بــوو، بـەڵکو وەك گریمانەیـەك تەماشای دەکرد).

چ جیاوازیەکی هەیـە لەگـەڵ ئـەم قسـەیەی - مۆریـس گۆدۆڵـێ - (لـە تێبینیەکدا فرۆید بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ چەمکی دروسـتکردنی ئـەو ئـاپۆرا ئاژاوییـە سـەرەتاییە بــە روون و راشــکاوی پشــت بــە - دارویــن - دەبەستێت).

یان چ جیاوازیەك هەیە لەنێوان ئەم قسەیەی رێبین لە وتـاری (بـاوکی کوردی...) کە دەڵێ: (باوك لە رێگەی وێنەکانیـەوە، دەگەڕێتـەوە. بـەلام گەڕانـەوەی بـاوك لـە رێگـەی وێنکانـەوە، جیاوازە لـە مانـەوەی خــودی باوك..).

لەگەڵ ئەم قسەیەی - مۆریس گۆدۆڵێ- لە وتاری (کوشتنی باوك یان قوربـانیدانی سێکسـی) دا کـە دەڵـێ: (دەبێــت ئەوشــەمان لەیادنــەچێت باوکەکە لەپاش کوشتنی جارێکی تر لە رێگەی ئەڵتەرناتیڤێکەوە دێتــەوە

ژیان کە ئەویش ئاژەڵێکی تەوتەمییە و لە ڕێورەسمێکی دیاریکراودا خواردنی حەرام کراوە).

ئەمەیە (دەست پاکی) کە کاک ڕێبین باسی دەکات؟ بە تەئکید خوێنەری هێژا ئەو دوو باسە لە ژمارە (١) و (٥) ی گەلاوێژی نوێدا بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە ئەو - مۆریس گۆدۆلێ - دەست ناپاکە - وتارەکەی خۆی لە وتارەکەی (ڕێبین)ەوە وەرگرتووە بەڵام هەندێ ترش و خوێی ئەورووپی پیاکردووە ! !

یان کە دەڵێ: (ئایا قسە هەیە لەمە کۆمیدیتر: ئایا جگە لە غەفووریش کەسێك هەیە لە دنیادا بڵێ چیرۆکێك داڕشتنەوەی کتێبێکی لێکۆڵینەوەی پڕ لە وتوێژی ئەنترۆپۆلۆگی و تیوری دەرونشیکاریەوە؟... تاد).

باشە من دەپرسم ئایا بیری (وجود) ی وتوێژەکانی قورسترە یان ئەنترۆپۆلۆژی و دەروونناسی کە ئەو دوو زانستە زیاتر پەنا دەبەنە بەر (دیراسەی مەیدانی) لەلایئەنترۆپۆلۆژیەکان و (دیراسەی سریری) لەلای زانا دەروون ناسەکان)؟. (وجودیەت) پتر پەنا دەباتە بەر زەن هیچ گۆڕەپانێکی نیە لە مرۆڤ زیاتر کە شیکاری تیا بکات. دیارە لە دنیای ڕۆمان خوێندنەوە و چیرۆك خوێندنەوە و فیکر زۆر کۆڵەوارە. باشە دەپرسم: ژان پۆڵ سارتەر بیریارێکی وجودی چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامەکانی ئایا چیرۆکی دڵداری و سێکسی و سوارچاکی بوون یان سەرجەم کوزارش بوون لە بیری وجودی (سارتەر)؟!.

با سیانەی (ڕێگاکانی ئازادی) بخوێنێتەوە و، بیرۆکەی زۆربەی ڕۆمان و شانۆنامەکانی لە دووتوێی کتێبە تیوریەکانیدا هەن بەتایبەتی (الوجود والعدم). یان نووسەران و موفەکیرەکانی لامعقول و پووچگەرایی (العبث). ئایا بیرۆکەی کتێبی - یاخیبوو (المتمرد) ی ئەلبێر کامۆ لە ڕۆمانی

(نامۆ) دا ڕەنگی نەداوەتەوە، یان (ئەفسانەی سیزیف) لە - بەدحاڵیبوون - و زۆربەی شانۆنامەکانی (کامۆ)دا؟!

باشە تۆ بڵێی هەموو ڕۆمانەکانی دنیا هیچ پەیوەندیەکیان نەبێ بە فیکر و هزرەوە؟

یان قسەیەکی سەیرتر دەکات: (ئیدی لێرەدا نابێ لە غەفور بپرسین چۆن نۆڤلێتێکی هەشتا لاپەڕە دارشتنەوەی راستەوخۆی سێ چوار پەڕەی گریمانەیەکی ئەنترۆپۆلۆگیە..!) من لێرەدا ئەوشە ناڵێم کە ئەم قسەیەی پێچەوانەی قسەکانی دیکەیەتی کە لەمەوبەر کردویەتی، دیارە قسەیەك دەکات نازانێ بەرلەوە چی وتووە؟ بەهەرحاڵ، زۆر ڕۆمانی جیهانی هەیە لەسەر دێڕە قسەیەك بنیاتنراون، یان چیرۆکنووسێ گوێی لە ڕستەیەکی کابرایەك دەبێ و ڕۆمانێکی لەسەر ڕۆدەنێ.. هەمەنگوای ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا) ی لەسەر دەستەواژەیەك ڕۆناوە کە ئەویش ئەوەیە: (مرۆڤ تێکدەشکێ بەڵام نابەزێ).. یان - شانۆنامە بەناوبانگەکەی (شەکسپیر) - هاملێت - کە لەسەر دەستەواژەیەك ڕۆنراوە (ببم یان نەبم) (To be or not to be).. ئیدی بۆ نابێ لەسەر گریمانەیەك نۆڤلێتێ ڕۆبنرێ کە بە قسەی خۆی کتێبێکە نەك سێ چوار پەڕە.. لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەیدا دەڵێ: (غەفور ڕۆمانێك دێنێت کە نەیخوێندۆتەوە بەڵام پوختەی ڕۆمانەکەی لە (ئەدەب الفنتازیا) دا خوێندۆتەوە..) (!!)

یەکەم، جارێ کاك ڕێبین هێندە پەلەپەلی کردوە وشەی (ادب) ی بە ئیملای کوردی نووسیوە (ئەدەب الفنتازیا). ئایا ئەمە سەمەرە نیە و مشتێ نیە لە خەرواری بۆ پەلەپەلی ئەم؟!

دووەم، خۆم ئەو ڕاستیەم درکاندوە و بەخۆی کەشفی نەکردووە و، دەشمتوانی لە کەسێکی وەکو ئەوی تێك بدەم و بڵێم ڕۆمانەکەم خوێندۆتەوە. ئەگینا ئێستا ئەم قسە گەورە گەورانەی نەدەکرد، ئەوێك

جودایی ئەکات لەنێوان (زەکەریا تامر) و (فازڵ سامر) دا و، نەزانێ کامیان چیرۆکنووسە و کامیان رەخنەگرە، چۆن ئەو مەتەڵەی هەڵدەهێنا، جگەلەوەی کە جنێو بکاتە پیشەی لەجیاتی رەخنەی بابەتیانە؟!

ئەوەتا دیسان لەلای خوارەوە بەراوردەکە دووبارە دەکەمەوە لەنێوان چیرۆکی (عیزرائیل) و رۆمانی (پیاوی لم) ی هۆشمان، من ناڵێم (عیزرائیل) لەوەوە وەرگیراوە..

رۆمانی پیاوی لم	چیرۆکی عیزرائیل
(ناثانیل) پاڵەوانی رۆمانەکەیە لەگەڵ خوشك و براکانیدا و باوکەکەیان کابرایەکی دڵرەق و تووندوتیژ و هەوەس بازە.	پاڵەوانەکە کوڕی خێزانەیەکە، خێزانەکەی پێکهاتووە لە باوکێکی دڵرەق، دایکێکی بێدەسەڵات و خوشك و براکانی.
باوکەکە هەمیشە لە ژن و منداڵەکانی دابراوە و لە ژوورەکەی خۆیدا خۆی دوورەپەرێزگرتووە.	باوکەکە هەمیشە لە هەموو شتێکدا لە ژن و منداڵەکانی دوورەپەرێزە.
شەوان لەگەڵ ژنەکەیدا موماسەرەی سێکس دەکات مومارەسەیەکی زۆرەملێ لەلایەن باوکەکەوە.	باوکەکە شەوانە ژنەکەی پەلکێش دەکا بۆ نێو پێخەف بۆ مومارەسەی سێکس.
ناثانیل بە دزیەوە دەیەوێ تەماشای ئەو مومارەسە سێکسە بکات لەنێوان دایك و باوکیدا.	شەوان لەژێر لێفەکەوە سەردەردێنن بۆ دیتنی مومارەسەی سیکسی نێوان دایك و باوکەکە.
لەترسی (پیاوی لم) ناوێرێ حەزەکەی بەدی بهێنێ.	دایکەکە بە عیزرائیل دەیانترسێنێ بۆئەوەی ئەو مومارەسەیە نەبینن.
لە شەوی ئەنگوستەچاو مومارەسەی سێکس دەست پێدەکات لەنێوان دایك و باوکدا.	دیسان لە شەودا باوکەکە بەرەو پێخەفی دایکەکە دەخزێ بۆ مومارەسەی سێکس.

من تێناگەم لەم نوسەرە عەجیبانەی کوردی دوای راپەڕین کە خۆشیان سەریان لێتێکچووە و لە جنێو بەولاوە هیچی دی نازان. رێبین هەردی بە عاجباتی دەزانێ کە من باسی کۆمەڵگای (غینای تازە)(*) م کردووە منیش لەو باسەوە وەرمگرتووە کە ئێوە پووختەی وتاری (باوکی کوردی لەنێوان کوشتن و زیندووبوونەوەدا) تان لێی وەرگرتووە و هیچ ئاماژەیەکتان بەو باسە نەداوە کە ناوی: (کوشتنی باوك یان قوربانیدانی سیکسی).. مۆریس گۆدۆلێ.. لەشوێنێکی دیکەی نووسینەکەیدا با بزانین دەڵێ چی: (لەسەرەتا گوتم بۆ من گرنگ نەخوێندەواری غەفور نیە، بەڵکو لای من ئەوە ترسناکە کە غەفور گەورەترین بیریارەکانی ئەم سەردەمە دەکات بە نەخوێنەوار).

وەلاهی من لە خۆم شك نابەم قسەم بە مۆریس گۆدۆلی و فرۆید و محمد عابد الجابري و میشێل فۆکۆ و فرانسیس فۆکۆیاما یان عەلی حرب وتبێ یان محمد ئەرگۆن. بەڵام وابزانم رەخنەم لە بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع گرتبوو، وتوومە ئەوەی ئێوە دەیڵێن خەڵکی دیکە وتوویانە. خوێنەری کوردی نەگبەت تۆ بڵێی گەورەترین بیریارەکانی ئەم سەردەمە ئەو دووانە و مامۆستا و (من لف لفهم) بێ؟!..

بەڕاستی ماوەیەکە گەیشتوومەتە قەناعەت کە کورد میللەتێکی گەلێ مەزنە و هەرگیز لەناوناچێ، چونکی مردووەکانی میللەتانی دی دێن و لە زیندووەکانی ئێمە شت وەردەگرن و بەناوی خۆیانەوە دەیکەنە کتێبی گەورە گەورە.. کارێکی باش نیە بۆ نوسەرانی وەکو (ئەدۆنیس، علی حرب، محمد عابد الجابري، محمد ئەرگۆن، گابریل گارسیا مارکیز، مۆریس گۆدۆلی و فرۆید) دێن لە کەلەپووری میللەتی قوڕبەسەری وەکو کورد وەردەگرن و خۆیانی پێدەکەنە فەیلەسوف، ئەمەیان گەلێ عەیبە کوردینە !..

لەشوێنێکی دیکە دەڵێ: (لەبەرئەوەی غەفور فڕی بەسەر باوك سالاریەوە نیە).. ئێ باشە عەیبە لە کەسێك بپرسی بڵێی: ٢+٢ دەکاتە چەند، ئەویش بڵێ نازانم دەکاتە (٤)؟!

رێبین لە شوێنێکی دیکەی جنێونامەکەیدا وا دەڵێ: (لەوە دەگەڕێم چ کەسێك بە غەفوری گوتووە لە سیستەمی باوك سالاریدا باوك دەسەڵاتی موتڵەقی هەبووە؟).. بەسەری هەموو لایەکمان هەر جەنابت وات پێ گوتووم، لە باسی (باوکی کوردی لەنێوان..) وا ئێژیت: (ئایا دەسەڵاتی باوکی کوردی چ جۆرە دەسەڵاتێکە؟ دواجاریش دەفەرمێ: (دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی سزادەرە). بێگومان مەبەست لە دەسەڵاتی باوکی کوردیە. کێ دەتوانێ سزادەر بێت؟ ئەو کەسەی ئەو دەسەڵاتەی کە دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە بەسەر خێزان دا یان بەسەر میللەتدا.. ئەو باسەی رێبین لە ژمارە (یەکی) گەلاوێژی نوێدا یەك پەراوێزی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نووسیویەتی (ئەم باسە بەشی یەکەمە). سەرچاوەکانی دیکەی قسەکانی کە ئاماژەیان پێدەکا بەختیار عەلی و مەریوان وریایە و هەندێ نووسینیش لەنێو کەوانەدا خاوەنەکانیان دیار نین، ناوی مەنهەجیەتی (میشێل فۆکۆ) دەهێنێ لەگەڵ دی سۆسێر و دریدا و ئەریك فرۆم، بەڵام ئەمانەیان تەنها ناو ریزکردنە و هیچی دی. بەڵام وەکو لەمەوبەر ئاماژەم پێدا سەرچاوەی سەرەکی باسەکەی - مۆریس گۆدۆلێ - یە کە ئاماژەی پێنەداوە. هەروەها لەو نووسینەدا (سیاق ثقافي) بە (رەوتی رۆشنبیری) وەرگێڕاوە کە سیاق ناکاتە (رەوت) دەکاتە (لەدووتوێ) یان (بۆتەی).. کاك لەتیف هەڵمەتی شاعیر لە هەمان ژمارە (٥) ی گۆڤاری (ئایندە) لە وەڵامی کاك رێبین دا دەڵێ: (کاك رێبین

بابەتێکی نارد بۆ گۆڤارەکە بەناونیشانی (باوکی کوردی لەنێوان کوشتن و زیندوبوونەوەدا) لە ژمارە (یەکی) گۆڤارەکەدا بڵاوکرایەوە. من بۆ مێژوو دەیڵێم ئەو وتارەم ئیمزا نەکرد وەکو ئەندامێکی دەستەی نوسەرانی (گەلاوێژی نوێ) بەلامەوە ئەستەم بوو یەکێك کوردی نەزانێ و لە گۆڤارێکی سەنگیندا بابەتی بۆ بڵاوبکرێتەوە..)..

ئەوەی من بزانم کاك شێرزاد حەسەن لە پێنج شەش کتێب زیاتر چاپکراوی هەیە، ئەوەتا بەختیار عەلیش هەر نە ئێستا دوو سێ کتێبی بە چاپ گەیاندوە بەهەرجۆرێك بێ، بەلام ئەوەی من بزانم ڕێبین هەردیە چەند پێشەکیەکی سەقەتی بۆ چەند کتێبێکی ناتەواو گومان لەسەر نووسیوە، لەگەڵ ئەو بابەتەی ژمارە (یەکی) گەلاوێژی نوێ و بابەتێکی لە ژمارە (١٦) گۆڤاری (ئێستا) کە هێرشکردنە سەر شاعیرانی کوردە بە کۆن و نوێیانەوە، ئەو نووسینەی گۆڤاری ئایندە (٤) کە کاك لەتیف بۆی ڕاستکردوەتەوە.

لەسەر باسی چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان) دا چیرۆك نووسی ناسراوی سوری (زەکەریا تامر) ی کردوە بە (فازڵ سامر). بڕوایش ناکەم هەڵەی چاپ بێ چونکی (٣) جار دووبارەی کردۆتەوە. ئەوەتا هەرسێ ڕستەکە دهێنمەوە:

((١- پاش ئەم هەموو شاکارەی غەفور دێتەسەر بەراوردکردنی کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان بە چیرۆکێکی (فازڵ سامر) دەڵێ ئەم دو چیرۆکە لەیەك دەچن..

١- لە چیرۆکەکەی فازڵ سامردا.

٢- بۆچی لە چیرۆکەکەی فازڵ سامردا))

کەچی (فازڵ سامر) ڕەخنەگرێکی عێراقی ناسراوە.. خوێنەرە چاکەکانی کوردستانی عێراق دەگمەن تێیاندا هەیە ناوی (زەکەریا تامر) یان نەبیستبێ وەکو چیرۆکنووسێکی داهێنەری عەرەب. بە نووسینەکەی خۆمدا چوومەوە وتم نەبا هەڵەم کردبێ یان هەڵەی چاپ ڕووی‌دابێ.. بەڵام دیتم من ڕاستم نووسیوە لە لاپەڕە (١٧١) ی گەلاوێژی نوێدا یەکەم ڕستەی دوای ناونیشانی چیرۆکەکە (چیرۆکی مەرگی گوڵە یاسەمین): (ئەمە چیرۆکێکی چیرۆکنوسی سوری (زەکەریا تامر)ە).

لە شوێنێکی دیکە ئەوەتا دیسان لە قسەیەکی لەمەوبەری پەشیمان دەبێتەوە وەکو چۆن پار لە فیستیڤاڵی بنکەی گەلاوێژ دوای دوو دەقیقە لە بیروبۆچوونەکانی خۆی پەشیمان بوەوە، ئەوەتا دەڵێ: (لێرەوە مەحاڵە چ بەختیار و چ هەرکەسێکی دی بە گۆران و نالی و مەحوی بڵێ سەلەفی، وەك چۆن مەحاڵە بە غەفور بگوترێت نوسەر و خوێندەوار، غەفور ڕەخنەکانی بەختیار لەو ئەزمونانە دەشێوێنێ و دەڵێ ئەوەتا بەختیار پێیان دەڵێت سەلەفی..)..

یەکەم، خۆ ئەوەتا گۆڤاری (ئێستا) ژمارە (١٦) ماوەتەوە و نەفەوتاوە، کە خودی ڕێبین خۆی ئەوانە بە کۆن و سەلەفی لەقەڵەم دەدات!

دووەم: ئەوەتا دیسان قسەکەی بەختیار عەلی لەژمارە (٥) ی ڕەهەند دهێنمەوە: (سەلەفیەت لەبەرامبەر دونیای ئێمەدا هیچی نیە بیڵێت لەمێژیشە لەناو کەلاوە مەعریفیەکانی خۆیدا، بابەتی مردوو، شیعری مردوو، گوتاری مردوو، دوبارەدەکاتەوە).

لە زمانی عەرەبی واتای وشەی (سلفی) یانی ئەوەیە (بەسەرچوو) یان (کۆن). وەکو عەرەب دەڵێ (عفا الله عما سلف) واتا خوا لەوە بووراوە کە بەسەرچوو بۆیە (السلفیة) سەلەفیەت لەوەزیاتر هیچ واتایەکی نیە، بەلام ئەم خۆی لە (سیبویە) بەعەرەبی زانتر دەزانێ، کە دەڵێ (سەلەفی دیدگایەکی ئەمڕۆیە و لەگەڵماندا دەژی سەلەفی تەنها ئەوکاتە سەلەفیە کە لە ئێرە و لە ئێستادابێ نەك لە رابردوودا))!! سبحان الله...!!!

با بێینە سەر باسەکەی رێبین لە گۆڤاری (ئێستا) ژمارە (١٦) بەناونیشانی (تارماییەکان لە شەمەندەفەرە پڕ داهێنەرەکەی شێرکۆ بێکەسدا).. لەوێ چی دەڵێ و لە (ئاینده)ش چی دەڵێ: لە (ئێستا) دا دەڵێ: (بەلام شێرکۆ بێکەس لە هەموو کەسێك زیاتر دەبێت ئەو راستیە بزانێت کە نەوەیەکی تازەش هەیە هەر لەسەرەتاوە بە رووبەڕووبوونەوەیەکی رادیکالانە بەرامبەر ئەو میراتە لە ئیفلیجیە دەستی پێکرد). یان دەڵێ: (لێرەوە لە شەمەندەفەرەکەی شێرکۆ بێکەسدا ناو و کتێبەکان هەن، بەلام بەداخەوە ناو و کتێبەکان بەس نین). دابا بزانین ئەم مامۆستایە لە (ئاینده) چۆنی دەگۆڕێ و دەڵێ: (منێك کە شێرکۆ بێکەسم بە گەورەترین شاعیری هاوچەرخ دانابێ کە تا ئێستاش تەحەدای نەوەی شیعری تازە دەکات؟ چۆن و لەکوێدا کەوتومەتەزەمکردنی خۆی و هاوچەرخەکانی؟).

یان سەیری ئەم قسەیەی بکەن لە ژمارە (١٦) ی گۆڤاری (ئێستا) دەڵێ: (بەڕاستی یەکجار سەیرە، شێرکۆ بێکەس بە سانایی بەسەر بێدەنگی و هیچ نەکردنی نەوەکانی رابردوودا تێدەپەڕێت و یەخەی نەوەی تازە دەگرێت، ئەگەرچی من نازانم مەبەست لە نەوەی تازە کێیە؟).

ئێ باشە بۆ یەخەی ئەو نەوە تازەیە نەگرێ کە جەنابتان نازانن کێیە، کە ئێستا دەڵێی تەحەدای دەکا. زۆر سەیرە نازانێ نەوەی تازە کێیە، کەچی بەناویانەوە تەصریح دەدا!!. یان لە هەمان وتاردا چی ئێژێ: (هاورێیان: سەرنج بدەن ئەونەوە بەزۆرکراو بەتازەگەرە چۆن لەگەڵ نەوەی رابردودا ستون و گۆشە مردووەکانی رۆژنامە و گۆڤارەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەش کردووە و چۆن پێکەوە ڤیستیڤاڵ دەگێڕن و دەسکەوتەکانیان بەش دەکەن، تازەگەر فێڵێك نیە بیکەین ودەمامکێك نیە بیکەینە سەرمان). ئەی ئەگەر ئەمە مەبەستی زەمکردنی شێرکۆ بێکەس و هاوچەرخەکانی نەبێت، دەسا دیارە مەبەستی نەوەکانی نیوەی هەزارەی سێیەمە؟!

یان بزانین رێبین چ دەفەرمێ (بەڕاستی نالی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و گۆران و دەیان ناوی دی چیان لی هاتوە و لە کوێن؟). (جگە لە کۆمەڵێك تارمایی و چەند کتێبێکی تۆزگرتوو چیان لێماوەتەوە)..

وەرن با بزانین لە (ئایندە) چۆن لە رقی من لەو قسەیەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە: (لێرەوە مەحاڵە چ بەختیار و چ هەرکەسێکی دی بە گۆران و نالی و مەحوی بڵێ سەلەفی)!! سوبحانەالله، بادانەوە بۆ کورد چاکتر وایە بۆ ئەم برادەرە عەیب نیە..! ئەی بەختیار بەکێ دەڵێ کەلاوە مەعیرفیەکانی خۆی؟! بۆ دیفاعکردن لە (مەریوان وریا) هیچی پێ نیە جگە لە هەندێ قسەی بێ بنج و بنەوان. فەرموو بزانن چۆن بەرگری لێدەکا: (هەر لەبەرئەوەش داوای لێبوردن لە مەریوان دەکەم و دەزانم ئەم کورتکردنەوەیە رازیناکات. بەڵام ئەوەی من دەمەوێ ئاشکراکردنی درۆ و بوختانی گەورەنەخوێندەوارێکی وەك غەفورە کە زۆر (بێشەرمانە)

دەڵێت ئەم وتارە جگە لە کورداندنی باسەکەی (بنية العقل العربي) هیچی دی نیە، خوێنەر بەتەواوی دەتوانێ هەست بەوە بکات کە ئەم تونە سیاسیە کە کرۆکی وتارەکەی مەریوان پێك دەهێنن، بەتەواوی لای جابری ونە..).

یەکەم: دەستەوسانی ڕێبین هەردی دیارە هیچی پێ نیە بۆ ڕاستیەکانی من..

بڕگەی دووەمی ناونیشانی کتێبەکەی محمد عابد الجابري قرتاندووە ناوی ڕاستی کتێبەکە ئەمەیە: (بنية العقل العربي، نقد العقل العربي).

دووەم: ئەو خوێنەرەی کە ئێوەمانان چەواشەتان کردووە چۆن هەستی پێ بکات، هەست بە چی بکا جگە لەوەی کە ئێوە هەندێ زانیاری سەقەتی پێدەدەن..! من مژدە دەدەمە ئەم (ڕێبین)ە کە لە دەرفەتێکی دیکەی عەرزەکەی (محمود الذوادي) بۆ کتێبەکەی محمد عابد الجابري (بنية العقل العربي، نقد العقل العربي) وەردەگێڕم کە لە گۆڤاری (عالم الفكر) جەڵدی (٢٠) ژمارە (٤) ی یەنایەر، فەبرایەر، مارت ساڵی ١٩٩٠ بڵاوبووەتەوە.

ئەوجا لەلای خوێنەر ئاشکرادەبێ کە مەتنی ئەو نووسینەی (مەریوان وریا) (ڕۆشنبیریی کوردی.. و سیستمی عیرفانی) چەند مافی ئەوەی پێوەیە، جگە لە هەندێ درێژدادڕی و گۆڕینی ناوی (ابن العربي) بە (باباتاهیر هەمەدانی) نەبێ. مەریوان وریا (٣) نووسینی دیکەی لەم بابەتانە لە ژمارە (١٨ و ٤٢ و ٤٣) ی ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بڵاوکردوەتەوە! هەروەها سێ ئەڵقەی نووسینێکی بەختیار عەلی بەناونیشانی (مێژوو ریتمی سروشت قەیرانی ئیرادەگەرێتی). کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

ژمــــارە (٣٥٣) و (٣٥٤) و (٣٥٥) ســـــاڵی دووەم مـــــانگی ١٩٩٢/٤ بڵاوبوونەتـەوە.. بـەختیار عـەلیش لـەژمـارە (٣٢) ی ڕۆنامـەی (ئاسـۆ)، (١٩٩٠/٢/٣) لەم جۆرە تەنزیراتەی بڵاوکردوەتەوە..

لـە لاپـەڕە (٦٨) ی گۆڤـاری (ئـاینده) مامۆسـتا لەبـەر پەلەپـەل قسەکانی (ئەدۆنیس) دەکاتە قسەی من دەڵێ: (غەفور دەنووسێ: الوهـم الثاني هو الاختلاف.. غەفور دەڵێ: (الوهـم الثـالث هـو المماثلـة.. غـەفور دەڵێ: الوهم الرابع هو التشكيل النـثري..). ئـەوەی پاکانـەکانی مامۆستا بخوێنێتـەوە بۆ بـەختیار عـەلی بۆیدەردەکـەوێ کـە (ئـەدۆنیس) زمــانی کوردی دەزانێ و لە بـەختیار عـەلی باسـەکەی (الشـعرية العربيـة) لـەوەوە دزیوە. ئەم ڕێبینە کە (الجابري) بە نەزان لەقەڵەم بـدات کە دەڵـێ: (ئـەم تۆنە سیاسیە کە کرۆکـی وتارەکـەی مـەریوان پێکدەهێـنن بەتـەواوی لای جابری ونە) ئیـدی چۆن هاوەڵـەکانی خـۆی ناکاتـە سـەرچاوەی زانیـاری (ئەدۆنیس و الجابري)! خوێنەری ئازیزە دەبێ بـۆ ئـەم جـۆرە ئەقلانـەی کورد سەڵەوات لێدەین..!

ڕێبـــین دەڵـــێ: (غـــەفور ٥٦ لاپـــەڕەی نوســـینەکەی بـــەختیار کورتکردۆتەوە بۆ ئـەم پێنـج خاڵـە) نـەخێر، مـن دەڵێم (ئـەدۆنیس) ئـەو (٥٦) لاپەڕەی نوسینەکەی بەختیاری کورتکردۆتەوە بۆ پێنج وەهم..!

یەکەمجارە قسەیەکی فرە جوان دەکا کە دەڵێ: (بەختیار بێهاوتایـە چونکـە کارێکی کـردوە لـەوەوپێش هیـچ ئـەدیبێك لـە مێـژووی ئـــەدەبدا نەیکردوە). ئەشهەد و وایە، چونکی بەختیار عەلی ئەمەیە داهێنانەکـەی و هیچی دیکە. ئەنجا ئەمەیان زۆر سەیرە مـن بـە بـەختیار عـەلیم نـەوتووە دزە، کـەچی ئـەو مامۆستایە کـە بـرادەری لەمێژینـەی ئـەوە عـەڕابێتی

ناتۆرەی دزی پێو دەلکێنێ. ئیدی ئەم مامۆستایە عەراب و پارێزەرێکی سەرنەکەوتوی بەختیار عەلیە چونکی لە دووتوێی قسەکانیدا هیچی نەوتووە خوێنەر بڕوای پێبکا یان وەکو من بەڵگەبهێنێتەوە بۆ (بوختانەکانی) من و هەڵیانوەشێنێتەوە، مەخابن!

بەڵام تەنیا بە قسەیەکی سیاسیانە دەیەوێ هەموو شتەکان دیزە بە دەرخۆنە بکات کە دەفەرمێ (تەماشاکەن ئەم پیاوە چ رویەکی هەیە؟ لە هەموو ئەو هەوڵە شۆڕشگێڕانەدا کە پێشمەرگە و رێکخستنەکانی شار بۆ راوکردنی پیاوانی رژێم دەیاندا و ئێمە رۆژانە لە سلێمانی دەمانبیست). جا چیە ئێمەش لە کەرکوک دەمانبیست نەك لە سلێمانی. بەڵام سەیر لەوەدایە باس لە هەوڵە شۆڕشگێڕانەکانی پێشمەرگە دەکات! بێگومان ئەو پێشمەرگانەش هەموو دنیا دەزانێ پێشمەرگە و رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون لەو ساڵانەدا. کەچی هەر دوێنێ ئەم بوو لە مینبەری میهرەجانەکانی بنکەی گەلاوێژ هێرشی دەکردەسەر خەباتی ئەو ساڵانەی ئەم حیزبە (ی.ن.ك) بەتایبەتی لە رۆژی یەکشەممە ١٩٩٩/١٢/١٩ لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجانە، کۆمەڵێ هێرشی قین لە دڵانەی کردە سەر ستراتیژ و سیاسەتی ئەم حیزبە و دیسان کاك مەلا بەختیار لێی بەدەنگ هاتووە و خستوویەتیەوە نێو قەپێلکی خۆی.

رێبین دەڵێ: (غەفور دەڵێ کورد لە کوردستانی عێراقدا لەسەرەتای ساڵی حەفتاوە باسی لە تازەگەری و وەهمەکانی کردوە، بەڵام کوا و کەی؟ لە چ شوێنێکدا لە چ کتێبێکدا؟).

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەیرو ورووبەڕووی کاك شێرکۆ بێکەسی شاعیری دەکەینەوە بزانە چۆن پێی دەڵێ لە ساڵی حەفتا بەیانێکیان

دەرکرد بەناوی (ڕوانگە)وەو پێنج ئەدیب و شاعیری کورد ئیمزایان کرد و داوای تازەگەرییان کرد لە ئەدەبی کوردیدا و دوای ئەوەیش گۆڤاری (ڕوانگە) دوو ژمارەی لێدەرچوو کە لەسەر بەرگی یەکەمی ئەم دروشمە نووسرابوو: •بیری نوێ، وتەی نوی، کرداری نوێ) وابزانم شتێکی لەو بابەتە بوو. ئەم ڕوانگەخوازانەش لەژێر کارتێکردنی (بەیانی ٦٩) ی شیعری عێراقی‌دا بوون کە فازڵ عەزاوی و هاوڕێکانی مۆریان کرد.

بەڵام بەیانەکەی (ڕوانگە) ئەم پێنج شاعیر و ئەدیبە مۆریان کرد! حسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شارباژێری).. ئەمە جگە لەو دەیان وتارانەی کە د. عزالدین مستەفا ڕەسول و کەمال میراودەلی و چەندانی دی لەسەر بەرهەمی ڕوانگە خوازەکان نووسران یان ئەو دەیان نووسینانەی کە دەربارەی نوێگەری دەکران بەکوردی و لە گۆڤارەکانی (بەیان) و (ڕۆژی کوردستان) و ڕۆژنامەی (برایەتی) و (هاوکاری) دا بڵاودەبوونەوە..

سەیری ڕێبین هەردی لەوەدایە کە دوای (٣٥) لاپەڕە نووسینی گۆڤاری (ئاینده) هاتووە دەڵێ: (بێگومان ئەمە گەمەیەکی یەکجار خۆشە بەڵام بەداخەوە من حەوسەڵەییم نیە و بەجێێ دێڵم بۆ کەسانی بێ ئیش و کاری وەك غەفور)..

بە برادەرێکی (ڕێبین) م وت کە (٣٥) لاپەڕە جنێوی لەسەرم نووسیوە، سەری سووڕما وتی (٣٥) لاپەڕە؟! وتی ئەمە واتای بێئیشیە.. یەکێك نەزانێ ئەم وەکو – مۆریس گۆدۆڵی – هەمیشە گەڕە بە زانکۆکانی دنیادا بۆ موحازەرەوتنەوە، بۆیە فریای (٣٥) لاپەڕە نووسینی گۆڤارێك ناکەوێ!!

یان دەڵێ: (غەفور لەبری هەموو ئەمانە تەنها بیری پرۆسەیەکی تیرۆری لەمێژوودا دەکەوێتەوە کە ئەویش ئەوەیە کە سەدام حسێن پاڵەوانەکەیەتی..).

ئێ جا ئەمە مێژووە وادەڵێ من چی بکەم؟ من وەکو تۆ و کاکە سەدام ناتوانم بەکەیفی خۆم مێژوو بنووسمەوە، چی بکەم کە بەختیار عەلی بەسەرهاتێکی وای هێناوەتەوە کە لە عێراق روویداوە وەکو چۆن لە باسی رووداوەکانی کەرکوکی ساڵی ١٩٥٩ دا یان باسی بەربوونەوەی فرۆکەکەی (عبدالسلام عارف) دا، جا بۆئەمەیان ئەو هەوڵە نەبێ کە عبدالکریم قاسم سەرەك وەزیرانی عێراق ئامانجی بوو و (سەدام) یش پاڵەوانەکەی نەبوو، بگرە فوئاد الرکابي و تحسین معلة و عبدالوهاب الغریري و عبدالکریم الشیخلي پاڵەوانی بوون، بەڵام سەدام ئەندامێکی هەرە بچووکی ئەو گروپە بوو کە تۆ خەریکە لێمانی دەکەی بە (پاڵەوان)..!

جا ئەگەر ئەوە راست نیە بۆوا هەڵچووی؟! بۆئەوەی رووداوەکانی ١٩٥٩ ی کەرکوك و عبدالسلام عارف و ئێوارە سەیرانەکانی پیرەمێرد راست بێ بەڵام ئەمەیان درۆبێ؟! لەگەڵ مندا ئەم پەرەگرافە سەمەیەرەیەی بخوێننەوە:

(غەفور بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە رۆمانەکەوە نیە، چونکە جگە لە خودا و بەختیار عەلی کەسێك نیە بزانێت لەکاتی باسکردنی تیرۆری سەرهەنگا چ چیرۆکی تیرۆرێکی لەخەیاڵدا بووە؟!). تۆ بڵێی ئەم رێبینە غەیب ناسبێ وەها قسان دەکات؟ یان دیارە بەختیار عەلی یەکێکە لە مەعصومەکانی دنیا و مەحاڵە قسەی پێبووترێ؟!!

بەڵام من بە تۆ دەڵێم با لەبەینی خۆم و خۆتدا بێ، چیرۆکی تیرۆری بەڕێز سەرۆکی ڕۆمانەکەی (میگل ئەستۆریاس) ی لەخەیاڵدا بووە. کە من لە باسەکەم لە گەلاوێژی نوێ ناوم هێناوە کەچی تۆ باسی ئەو ڕۆمانەت نەکردووە (سەرۆکی بەڕێز) ی (میگل ئەستۆریاس) ی گواتیمالی.

() () ()

من لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا وتوومە: ئەو (باوکەی حەسار) یان ئەو باوکەی ڕێبین هەردی باوکی کوردی نیە دەشێ لە وڵاتێکی ئەفەریقی وەکو (غینیای نوێ) دا هەبێ لەناو گەلی (بارۆیا) کە نێرینە دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە). بەڵام ڕێبین بۆی هەیە لە زۆرزانی خۆی گاڵتەی بەو قسەیەی من بێت. بەڵام تۆ بڵێی گاڵتەی بەم قسەیی - مۆریس گۆدۆلی - یش بێ کە لە چاوپێکەوتنێکدا وتوویەتی و کراوە بە عەرەبی و لە گۆڤاری - النهج - ژمارە (١٦) ی ساڵی ١٩٩٨ دا بڵاوبۆتەوە؟ دەڵێ: (سەردەم ئەزمونەکانم سەبارەت بە بارۆیەکان و سەبارەت بە تەقسی تەڵقینی نێرانەیان ئەم جۆرە ئالیەتەی بۆ ئاشکرا کردم، وەك دەزانی کە دەسەڵات لەناو ئەم کۆمەڵگایە دوور لە چینایەتی و دەوڵەت، لە دەستی پیاواندا بوو، ژنان بەدەربوون لە موڵکداریەتی زەوی و چەك و بەکارهێنانی چەك و لە بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی گۆڕینەوە و پارە (خوێ) و گەیشتنی ڕاستەوخۆ بە خۆر یان بە هێزەکانی ئەودیوی سروشت (ماوراء الطبيعة).. ئەو نابەرابەریەی (اللامساواة) بارودۆخەکە لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا لە دیدی بارۆیەکاندا بەڵگەنەویست بوو)..

ڕێبین کە باسی (غینیای نوێ) دەکا، ئاگای لەوە نیە کە - مۆریس گۆدۆلی - کتێبێکی هەیە سەبارەت بە پیاوانی مەزن، دەسەڵات و ڕکێف لەلای بارۆیەکان لە گینیای نوێدا..

- هەر لە ژمارە (١٦) ی گۆڤاری (ئێستا) بزانین کاك ڕێبین چۆن بەهەڵە باسی (رامبۆ) ی شاعیری کردووە و ئێمەش لە ژمارە (١٨) ی ئێستادا بۆمان ڕاست کردوەتەوە، ئەمە بە خاتری ئەوەیە تا خوێنەر بزانێ چەند زانیاریەکانی لەجێی خۆیاندا نین..

لە گۆڤاری (ئێستا) ژمارە (١٦) دەڵێ: (رامبۆ جگە لە پیاوێکی نامۆ کە دواجار بوو بە قاچاخچی لە وڵاتێکی ئەفریقیدا، هیچی دی نەبوو، و هەمومان دەزانین رامبۆ پاش (٣٠) ساڵ لە مردنی وەك شاعیرێکی مەزن و داهێنەر و تازەگەر کەشف کرا..).

- لێرەدا سەیر لەوەدایە ئەم برادەرە هەموومان دەکاتە شایەتی حاڵ،نازانم بە چ پێوەر و قەناعەتێك؟!
- ئێمەش ئەم هەڵەیەمان بۆ چاککردۆتەوە - گەرچی هەڵەکان لەژماردن نایەن - (رامبۆ ١٠ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨١مرد، بەڵام پێش مردنی چامەکانی وەکو (پاپۆڕە سەرخۆشەکە) و (درەوشانەوەکان) و (وەرزێك لە دۆزەخ) هەموو نێوەندە ئەدەبیەکانی فەرەنسایان هەژاندبوو. نەك وەکو (ڕێبین) دەڵێ (پاش ٣٠ ساڵ لە مردنی) چونکی (جیرار بوێر) دەڵێ: (ساڵی ١٩١٥ ئەڵمانەکان نیوە پەیکەرەکەی رامبۆیان دزی). واتا هەر لە دوای مردنی وەکو مەزنێك لە (شارل فیل) پەیکەری بۆ کرابوو. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە (٢٠) ساڵ مەزنترین و بلیمەترین

شاعیریفەرەنسا بوو، ئەوجا وازی لە شیعر هێنا و ڕۆیشت بۆ (حەبەشە) بەدوای بژێوی و موغامەرەکردنەوە. بۆیە بەرلەوەی بمرێ هەموو شیعری نوێی فەرەنسا قەرزاربای رامبۆ بوو، نەک دوای (٣٠) ساڵ لە مردنی..). (ئێستا) ژمارە (١٨).

- ئەفرەت لەو ڕۆژە دەکەم ئەگەر بێت و لە ڕێبین و هەڤاڵەکانی بەباشی لەسەر من بنووسن، چونکی باس نووسینی ئەوان وەکو زەمکردن و خراپ نووسین وایە. وەکو چۆن ئەم جنێونامەیەی مەدحکردنێکی گەورەیە بۆ من..

من دەمێکە چەندین نوسەری عەرەب و کورد بەباشی لەسەریان نووسیوم من چ پێویستم بە قەڵەمە بێئینسافەکەی ئەوان نیە. لەو نووسەرە عەرەبانەی بەرهەمەکانی منیان بەچاکی هەڵسەنگاندوە: د. عبدالله ابراهيم، سعدي عوض الزيدي، قحطان جاسم جواد، يوسف الحيدري، شوقي كريم، محمد زەغزاف، اسماعيل عيسى، هيثم الناشي، موسى محمد، اسماعيل شاكر الرفاعي.. ئەوەی کە خۆم ئاگام لێی بێ.. بەکوردیش محمود زامدار، محمد موکری، جلال زەنگابادی، دکتور عادل گەرمیانی.

ڕۆمانی (تووانەوە) یش یەکێکە لەو ڕۆمانە کوردیانەی کە مامۆستا ابراهيم قادر محمد، ماستەرنامەی لەسەر وەرگرتووە.

- ڕێبین بۆ قووم کردنە چاوی خوێنەر ئاماژە بەو نووسینە دەدا کە لە ستوونێکی ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە، لەمەوبەر ئاماژەم بە ڕاستیەکەیدا. بەڵام بەم مامۆستایە دەڵێم لە ساڵی ١٩٩٠ پێش کارەساتی داگیرکردنی (کوێت) دام و دەزگاکانی بەعس ویستیان بەتەواوەتی ڕۆشنبیری کوردی پاوان بکەن بەتایبەتی (شانۆ) ئەوەبوو نووسراوێکیان لەژێر ژمارە (٢٢١٨) بەناو ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی (ئۆتۆنۆمی)

کوردستان دەرکرد، کە لە (١١) خـاڵ پێکهاتبوو، بەپێی ئەو (١١) خاڵـە دەبوایـە دەقـە کوردیـەکان لەخزمـەتی بـیری بـەعس و عەرەبچیـەت بـەعس بووایـە، دانەیـەك لـەو نووسـراوەم دەسـتکەوت لەلایەن هونەرمەند (محسن محمد)ەوە شتێکم لەسەری نووسی و لـە هاوکاری بڵاوم کردەوە، چووم بەگژی ئـەو هەوڵـە چەپەڵـەوە. دوای بڵاوبوونـەوەی نووسـینەکەی مـن لـە (هاوکـاری) ژمـارە ١١٨٨ لـە ١٩٩٠/٦/٢١ ئـەمینداری ئـەو ئەمینداریەتیـە کـە (حکمـت حـاجی سەلیم) بوو و بەعسیەکی کۆنی کـورد بـوو، گـڕی گرتبـوو، یەکسـەر کۆبوونەوەی بە سەرجەم ئەمینداریەتیەکە کردبوو سەبارەت بـە مـن و ئەو نووسینەی من - وابزانم سەرجەم ڕێکخسـتنەکانی بـەعس لـە هەولێر دەمارگیر ببون و کەوتبوونە ملۆو مۆشکردن لە من- ئـەوبوو حیکمەت حاجی سەلیم پرسیبووی کە مەوقیفم چیـە لـە عەسـکەری پێیان وتبوو (سەلیمە) ئەنجا بە زمانی عەرەبی وتبـووی (لعد دبـرو لە تهمة) واتا تۆمەتێکی بۆ ڕێکخەن. هونەرمەند محسن محمد کە لـە هەولێر ماوە وەکو کارمـەندێکی ئەمانەتەکـە لـەوێ ئامـادەبوو بـۆی گێڕامـەوە، ئیـدی دوای ئـەوە نووسـینێکیان نووسـی و لـە ژمـارە (١١٩٧، ١٩٩٠/٧/٢٦ لـە (هاوکـاری) لـە گۆشـەی (هـەر جـارەی نووسینێك) بڵاویان کردەوە. ئەمەیش بۆئەوەیە کە ئەو ڕێبینە بزانێ ئێمە هەرگیز لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس تـەبا نـەبووین تـا تاوانبارمـان کات لەبری ئەوەی ڕەخنەی مەوزوعمان لێبگرێ!

ئەمـەیش هـەندێ لـە دەقـی ڕونکردنەوەکـەی (ئـەمنیدارێتی گشـت ڕۆشنبیری و لاوان)ە دەربارەمان: (ئامۆژگاری یا کاروبار ڕێکخستن)..

لە ژمارە (١١٨٨) ی ١٩٩٠/٦/٢١ ی ئەم ڕۆژنامەیەدا، مامۆستا غەفور ساڵح عەبدوڵلا وتارێکی بەناونیشانی (یازدە ئامۆژگـاری نووسـراوی ژمـارە ٢٢١٨) بڵاوکردەوە و هەندێ باری سەرنجی خۆی دەربارەی نووسراوێکی

ئەم ئەمینداریێتییە دەربڕیبوو کە لەکاتی خۆیدا بەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان و تیپە هونەریەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و تێیدا باسی ئەو خاڵانە کراون کە دەبنە بنچینەی روخسەتدانی شانۆنامە. لەپێشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئێمەیش هەر لەو باوەڕەداین هەروەکو نووسەریش بۆیچووە، کە شانۆ دەورێکی گرنگ لە کاروانی ڕۆشنبیریی گەلەکەماندا دەبینێ و پێویستە حسێبێکی زیرەکانەی بۆ بکرێ. ئەگینا لەوانەیە خەڵکێکی وا هەبن ئەرك و وەزیفەی شانۆ فەرامۆش بکەن یا بەتەواوی تێنەگەن و ببێتە هۆی دواکەوتنی لە ڕێڕەوی ئەو پێشکەوتنە مەزنەی کە ئێستا عێراقی خۆشەویستمان دەیبڕێ. لەبەر ئەم هۆیە و گەلێك لایەنی هونەری و کۆمەڵایەتی ترەوە. بەپێویستمان زانی چەند خاڵێك ئاڕاستەی تیپە هونەریەکان بکەین کە بودجەی ساڵانەیان لەلایەن ئێمەوە دابین دەکرێ کە ئەو نێوینـاوە (ئامۆژگاری).. بۆئەوەی ئەو تیپانە خۆیان لە هەندێ بیروڕای تەسك و کۆن لادەن، کە بە هیچ شێوەیەك خزمەتی قۆناغی ئێستای گەلەکەمان ناکەن. ئەم کارەیش بە ئەرکێکی نیشتمانیی - پیرۆز و ڕەوا دەزانین لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەممووزی نەمر. بۆیە زۆرمان لا سەیرە مامۆستا غەفور ساڵح ئەم کارەی ئێمە بە تەگەرە و کۆسپ دانا لەبەردەم شانۆی کوردی بزانێ و بگاتە ڕادەیەك بڵێ ئێمە ڕاستە و پرگال بەکاردێنین).. (ئێمە حەزمان دەکرد مامۆستا غەفور ساڵح عەبدوڵڵا نێوەڕۆکی نووسراوی ئێمەی بەجۆرێکی قووڵتر شیبکردایەتەوە و بۆچوونەکانی واقیعی و زانستییانە دەبوون، نەك سەرپێی و پەلە و حوکمی ناڕەوا) تادوایی نووسراوەکەیان..

ئەگەر خوێنەر بگەڕێتەوە سەر خاڵەکانی نووسراوەکە لە ژمارە (١١٨٨) دا کە لەسەریان دواوم، من لەونوسینەم دا دژ بە ئامانجەکانی ڕژێمی بەعس وەستاوم و ڕووبەڕویان وەستاوم کە شانۆی کوردی بکەنە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانجە گڵاوەکانیان لە کوردستاندا. ئەوەبوو داگیرکردنی کوێتی بەسەرداهات و من و نوسینەکەمیان لەبیرچوەوە.

ئەگەر وانەبووایە ئێستا خوادەیزانی چیم بەسەر هاتبوو چەندین کەسی وەکو مامۆستایش لە نووسینەکانیاندا منیان دەکرد بە قارەمان!!
کەچی ئێستا زیندم قسەی سارد و سووکم پێدەڵێن..!!

جارێکی دیکە ڕاستیەکان بە جنێو دەمکوت دەکا

لەسەرەتادا (قسەیەکی (باوکی ڕۆحی) مامۆستا ڕێبین، بەختیار عەلی دەهێنینەوە، لە چاوپێکەوتنی ئێزگەیی و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٢٠٩٤) لە ٩ / ٣ / ٢٠٠٠ بڵاوبوەتەوە و دەڵێ: (بەنیسبەت ئەزمونی منەوە چ بە نیسبەت ئەزموونی هاوتەمەنەکانمەوە، بە دوو ئاست ئیش دەکات، ئاستێکیان سەیرکردنیان بریتیە لەوەی گواستنەوەیەکی حەرفی هەندێ مەفاهیم و چەمك و هەندێ بۆچوونی روکاری و هیچی تر نیە. یان بۆچوونی گوازراوە لە ژینگەکانی ترەوە، بۆ ژینگەی ڕۆشنبیری کوردی بێ هیچ گۆڕان و دەستکاریکردنێك). بەختیار دەڵێ (گواستنەوەی حەرفی) و (بۆچوونی گوازراوە). کاتێ ئەمە دەڵێ لە زۆر شت دەیەوێ خۆی دەربازکات و هەمووشتە خراپەکان بخاتە ئەستۆی هاوتەمەنەکانی خۆی، کە بە تەئکید یەکێ لەوانە (ڕێبین)ە، چونکی بەڵگەکان و جنێوەکان و هەڵچوونەکانی ئەوەیان ئاشکراکرد، هەروەها (ڕێبین) چەمەکانی (مۆریس گۆدۆڵێ) ی گواستوەتەوە بۆ نێو ڕۆشنبیریی

کوردی لە نووسینەکەی بەناوی (کوشتنی باوکی کوردی)، مەریوان وریاش چەمکەکانی (محمد عابد الجابری) گواستوەتەوە لەو نووسینەی (رۆشنبیری کوردی و سیستمی عیرفانی) کە لە بەشی پێشووی ئەم باسەدا خستمانە بەرچاو . رێبین و هاوبیرەکانی دوای ئەوەی هەموو سەرەداوەکانی راستیەکان کەوتنە بەر تیشکی خۆر، نەیانتوانی بێدەنگ بن و کەوتنە بەرگریکردنێکی گیانەلایانە و، هیچ پاساوێکی پی نەما (رێبین) هیچ لۆژیکێکی پێنەبوو بۆ داکۆکیکردن لەو راستیانەی ئێمە لە هەردوو گۆڤاری گەلاوێژینوێ ژمارە (١٥) و ئایندە ژمارە (٦) دا بەیانمان کرد و بەبەڵگەشەوە هاتینە مەیدانێ، وەلێ کاتێ (رێبین) ئیدیعای ئەوە دەکا بەبەڵگە وەڵامی ئێمەیداوەتەوە، با خوێنەر خۆی راستی و ناڕاستی ئەو ئیدیعایە بەچاو ببینێ.. خۆیکرد بە دەم سپی رەهەندیەکان و بە راست و چەپدا کەوتە لاق و لەتەرگرتن و هەڵوێست فرۆشتنی ساختە. رێگایەکی دیکە کە گرتوویەتیەبەر، رێگای ناکۆك بیرکردنەوە و خۆدەربازکردن لە وەڵامدانەوەی راستیەکان.. دووبارەکردنەوەی ئەو قسانەی کە خۆی بە راستیان دەزانێ، کەچی واش نیە و زیاتر ئەم هەوڵدانەیش نوشستی بیرکردنەوەکانی و هەوڵەکانی رادەگەیەنێ..

رەهەندیەکان کۆمەڵێ ناوی موفەکیرە جیهانیەکانیان لەبەرکردووە، هەموو سەرجەم ئەو ناوانە دەڵێنەوە، بۆ نموونە بە پلەی یەکەم میشێل فۆکۆ، لیۆتارد، هابرماس، گۆدۆڵێ، شتراوس، جاك دریدا، ئەریك فۆرم و قوتابخانەی فرانکفۆرت.. تاد. بۆیە (رێبین) لە وەڵامی کاك مەلا بەختیاردا رادەگەیەنێ کە ناوی (میشێل فازولی). نەبیستووە، ئیدی ئەو ناوەی ئەوان نەیانبیستووە بوونی نیە..!! رێبین جیاوازی ناکات لەنێوان

(زەکەریا تامر) کە چیرۆکنووسێکی سوریە لەگەڵ (فازڵ سامر) کە ڕەخنەگرێکی عێراقیە!! یان نازانێ نوسەرانی پێش شۆڕشی ئوکتوبەر لە رووسیا کێن و بەرهەمەکانیان کامانەن!!

رەهەندێکی دیکەی رەهەندیەکان، بەتایبەتی رێبین، قسە هەڵبەستن بەدەم گەورە موفەکیر و فەیلەسووفەکانەوە و بێئەوەی ئاماژە بکا بە سەرچاوەی قسەکەی، وەکو ئەوەی کە لینین گوتوویە بە قسەی رێبین (ئەمانە گوی کۆمەڵگان).. جۆرە کەسێکیشە دایمە پاکانەی حارز بەدەستی پێیە و بێپەرواش پاکانە دەکات و لە قسەکانی پێشووی پەشیمان دەبێتەوە. ئەمەیش واتای ئەوەیە کە یان نازانێ لەمەوبەر چی وتووە یان ئەگەریش بزانێ جورئەتی بەرەنگاربوونەوەی نیە. بۆیە ئەگەر یەکێك قسەی هەقی لەسەر کرد و ئەو هەڵویستانەی خستە بەرچاوی، لە وەڵامدا پێی دەڵێ ئەوە راپۆرت نووسە، کەسێکە هەموو خەڵك بەهەڵە دەزانێ و خۆی بە راست، بۆیە زۆر رەهایانە داوا لە بەرامبەرەکەی دەکات دان بە هەڵەکەیدا بنێ، لەکاتێکدا خۆی دان بە هەڵەکانیدا نانێ و ئەگەریش بۆی دەستنیشان بکرێ، بگرە بەسەر ئەو هەڵانەدا بازدەدا.. ئەگەر لە نووسینێکی لەوەوبەری چی وتبێ و بەرەنگاری هەبوو ئەوا لێی پەشیمان دەبێتەوە و رێك تاوان و هەڵەکە دەخاتە ئەستۆی ئەوەی کە وەڵامی داوەتەوە. یەکێ لە سیفەتە سەیرەکانی ئەوەیە دان بە هەڵەی خۆیدا نانێ. ئەگەر بۆی بلوێ دیفاع لە هەڵەکەی خۆی دەکا. دەنا بە دیوێکی دیکەیدا دەشکێنێتەوە. بۆ نموونە من لە ژمارە (٦) ی گۆڤاری - ئایندە- دا لەژێر ناونیشانی (رێبین ویستی چاو برەژێ کوێری کرد) باس لەوە دەکەم رێبین خۆی عەرەبی نازانێ، کەچی بە لەتیف هەڵمەت دەڵێ عەرەبی نازانێ و بۆ کاری وەرگێڕان دەکات؟! کەچی هاتووە

زمانی عەرەبی بۆ عەرەبی‌زانێکی وەکو لەتیف هەڵمەت چاك دەكات. کەچی لە زیاتر لە (٣٠) پەرەگراف هاتووە بۆ کاك لەتیفی چاککاتەوە، کەوتووەتە هەڵەی واوە دەربازبون لێی مەحاڵە و ئەو هەڵانەیش مایەی پیکەنینە. ئەمە دووەم جارە دەیەوێ هەڵە و نەزانینەکانی خۆی بە هەڵوێست فرۆشتنی سیاسی بۆش و بەتاڵ پەردەپۆش بکات، بۆ باری حەقیقەتیش ئەو حەوت خاڵەی نووسینەکەی کاك مەلا بەختیار دەهێنینەوە، وەکو شایەتیەك بۆ هەڵوێستی ڕێبین، لە ژمارە (٧) ی ئایندە، کە ڕێك ئەو و هاوبیرەکانی دەگرێتەوە. نەك گۆڤارێك وەکو ئەو بۆی‌چووە:

((- دوژمنی سەرەکی و ناکۆکی بنچینەیان نەبووە.
- ئەرکی عەسکەریان نەبووە.
- بەرپرسیاری ئیداری و یاسایی و ئابوریان نەبووە.
- ڕاوەدوونەنراون و کەسیان لێ‌نەگیراوە.
- ڕێکخستنیان دروست نەکردووە و ناچاری گۆڕینی تاکتیك و مانۆڕی ناوبەناو نەبوون.
- پابەندی دیبلۆماسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەبوون.
- بەرپرس نەبوون لە ڕووداوەکان، شکستەکان، سەرکەوتنەکان، مل ملانێ و دوژمنایەتیەکان.. تاد..))

یان ئەوەی ئەم قسەیەی ڕێبین لە (ڕەهەند) ژمارە (٥) لە لاپەڕە (١٤٢) دا بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت ڕێبین چەند بێ‌لایەنە و چۆن لە سیاسەتی کوردی و کوشتنی باوکی کوردی گەیشتووە کە دەڵێ: (بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ کوشتنی باوك دران، نەك هەر تێکشان بەڵکو پەشیمانی خۆشیان ڕاگەیاند لە جیابوونەوەکەی (٦٣) ەوە بۆ هێنانەوەی

تەرمەکەی بەهەشتی مەلا مستەفا بەو کەرنەڤاڵیەتە..)). دیاریشە ڕێبین باس لە ناکۆکیەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە شەستەکان کە لە کۆنفرانسی ماوەت ساڵی ١٩٦٤ وە سەرچاوەی گرت – نەك ٦٣ – و خوالێخۆشبووماموستا ئیبراهیم ئەحمەد رابەرایەتی ئەو هەوڵانەی دەکرد بۆ پاككردنەوەی پارتی لە دەستە و تاقمی دەرەبەگ و راستکردنەوەی رێبازی پارتی. هێنانەوەی تەرمی مەلا مستەفاش بەو کەرنەڤاڵیەتە (رێبین) ئەوە بە تێکشکان و پەشیمانی یەکێتی نیشتمانی و سەرکردەکانی دەزانێ.. یان با بزانین چۆن رێبین بۆ سوکایەتی کردن بەو حیزبەی کە نان و نمەکی دەکا لە دەزگای سەردەم چی دەڵێ:

((لە وڵاتێکی وەك کوردستاندا کە ئەو دەوڵەتە هەرێمەی زۆربەی وەزیرەکانی لە هێزەکەی کاك مەلا بەختیار پێکهاتووە، نەك هەر نەیتوانیوە حاڵەتی بێئیشی هەزاران کەس چارەسەر بکات بەڵکو نەیتوانیووە مانگانەی موچەخۆرانیشی بگەیەنێتە ئاستی کرێخانووەکانیان)). یان دەڵێ: (بەڵام وەزارەتە رۆشنبیریەکەی ئەو دەوڵەتەی زۆریەی لە هێزەکەی کاك مەلا بەختیار پێکهاتوووە بە هەزار حاڵ دەتوانێ – گەر بتوانێ – گۆڤارێك دەربکات).

رێبین وەك بڵێی دەزگای سەردەم حیزبێك لە هەولێرەوە دایمەزراندوە و بۆدجەی ساڵانەی بۆ تەرخان دەکا نەك (هێزەکەی) کاك مەلا بەختیار کە (ی.ن.ك)ە. ئایا رەخنە توندوتیژەکانی رێبین دژ بە دەسەڵاتی ژێر سایەی یەکێتی ئەوە ناگەیەنن کە بارودۆخێکی پڕ هەوای ئازادی هەیە، وەلێ چاك دیارە کەش و هەوای ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بە هەلدەزانێ بۆئەوەی هێرش بکاتە سەر ئەو حیزبە و سەرکردەکانی و کەسیش نەڵێ چاوت کلی پێوەیە!

() () ()

ئەوە بوو لە ژمارە (٦) ی گۆڤاری - ئاینده - دا وەڵامێکم نووسی بۆئەو نووسینەی (ڕێبین) لە ژمارە (٥) ی هەمان گۆڤار، وەلێ هەندێکم تیا هێشتبووەوە و بەسەر هەندێ شتدا بازم دابوو، بەڵام ئەوەتا لێرەدا دەچمەوە سەریان.. (ڕێبین) لەو نووسینەی بەناونیشانی (کاتێ غەفور دەبێتە چاوساغیان) دەڵێ: (لە ڕاستیدا ئەو نووسینانەی غەفور وا بۆ ماوەی ساڵێك پترە لەسەر من و چەند هاوڕێیەکی دی دەینووسێ، ئەوەندە لە ئاستێکی نزمدان کە من وەکو خوێنەرێکی دوای ڕاپەڕین شەرم بە بڵاوبوونەوەیان لە بەربڵاوترین گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان دەکەم)).. نازانم ئەگەر خوێنەر بچێتەوە سەر ئەو لیستی جنێوانەی (ڕێبین) کە کاك مەلا بەختیار لە نووسینەکەیدا لە ژمارەی (٧) ئاینده بڵاوی‌کردوەتەوە هەروەکو لە پێشەکی ئەم کتێبەشدا بڵاومان کردوەتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە کێ نووسینەکەی لە ئاستێکی نزمدایە و شەرم لە بڵاوبوونەوەی ناکات لە بەربڵاوترین گۆڤار لە کوردستانا؟!

ژمارەی ئەو جنێوانە (١٦٣) پەرەگرافە لەگەڵ جنێوەکانی ئەمجارەی کە پتر لە (٢٠) پەرەگرافە و لەگەڵ (٥٦) پەرەگرافی دیکە (سەعدی ئیبراهیم) تۆماری کردون؛ واتەکۆی پەرەگرافەکان (٢٨٠) پەرەگرافی درێژی جنێوو قسەی ڕەقن.. هەروەها بۆی ساغ دەبێتەوە کە کام نوسین (ئەم قۆناغە پڕ بەهرەیەی کوردستان دەشێوێنێ و وێنەیەکی پڕ لە نەخوێندەواری بۆ نەوەکانی داهاتوو دروست دەکات)؟! ئەم برادەرە هەر لە سەرەتاوە و یەکەمجار ویستوویەتی لەخۆڕایی خۆی لە مەسەلەیەك هەڵقورتێنێ کە تەقەی سەری دێ لێی بەڵام وەکو عەرەب وتەنی (عسی و لعل) خوێنەر چەواشە بکات، خۆی بکا بە خاوەنی مەسەلەیەك کە هەرگیز

ناوی ئەوی تیا نەهاتبوو و کەسیش پێی نەوتبوو تۆ دزی ئەدەبی دەکەیت، چونکی نووسینی ئەوتۆی نیە سەرنج ڕاکێش بێ و ئێمەش گومانی بخەینەسەر، لەسەرئەوەی سەرجەم نووسینەکانی دوورن لە ئەقڵ و زیرەکیەوە، ئەو (٢٨٠) پەرەگرافە جنێوەش شایەتی ئەو ڕاستیەن.

ڕێبین هێندە لە نووسینی زانستی و ئەمانەتەوە دوورە بۆیە لەو نووسینەی ژمارە (٥) ی ئایندە ئەمە دەڵێ: (ئایا کەس هەیە کە نووسیمان مارکس بڕوای وابوو ژێرخان کار لە سەرخان دەکات داوای سەرچاوەمان لێبکات؟ ئەم تێزە ئەوەندە بڵاوە و گوتراوەتەوە کە کەس نیە نەیبیستبێ..) ئەم قسەیەی لە بێئاگایی گەورەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکی وادەزانێ هەموو کەسێ دەزانێ مەلی نەعامە (وشترمرخ) کەوتە تەنگانەوە سەرە بچووکەکەی دەشارێتەوە و لەشە زەبەلاحەکەی بەدەرەوە جێدێڵێ! دەتوانم گرەو لەسەر ئەوە بکەم ئەو خوێنەرانەی کە ڕێبین بۆیان (دەنووسێ) ئەم زانیاریە بچووکەش نازانن. ئیدی چۆن بزانن ژێرخان کار لە سەرخان دەکات؟! یان زۆر بە شیای بزانن ژێرخان و سەرخان چیە کە ئەم دەڵێ: (هەموو کەسێ دەیزانێ)!! یان ڕێبین ئەم قسە سەرپێیانەی کردوە کە دەڵێ: (حەسار تاوانی کوشتنی باوکی تیا ڕووینەداوە)؟! نازانم ئەمە قسەی چ فەیلەسوفێکە؟ بەتەئکید قسەی (گۆدۆڵێ) نیە، تەنها قسەی ڕووتی ڕێبینە، یان دەڵێ (چ من و چ بەرزان فەرەجیش باسی ڕوونەدانی تاوانەکە لەناو چیرۆکی حەساردا دەکەین) وشەی (ڕوو – نە – دان) ی بەکارهێناوە نەك (ڕوودان).. دەسا بزانین بەرزان فەرەج بۆ ناڕاستی قسەکەی ڕێبین لە نووسینەکەی خۆیدا (حەساری نەمر و باوکی پیرۆز) لە ژمارە (٥) ی ڕەهەند چۆن تەئکید لەسەر ڕوودانی کوشتنی باوك دەکا لە ناو چیرۆکی حەساردا..

بەرزان فەرەج دەڵێ (کوشتنی باوک وەك خەونێك، پرۆژەیەك، حەتمیەتێك، پیلانێك، وە دواتر کردەیەکە لە حەساردا ئەنجامدەدرێ).
(کردەیەك) لێرە واتای (فعل) واتا ڕوودانی تاوانی کوشتنی باوکە. یان بەرزان دەڵێ: (ئەم پیاوە قەڵەمەکەی پاش ترس و ڕاراییەکی چەندین ساڵ لە نووسین لە دڵی باوکی خوێناویکرد. پاش کوشتنی باوك و نیشاندانی دەرئەنجامەکەیش چیماوە پێمان بڵێت؟). یان دەڵێ (پاش کوشتنی ڕەمزی ئەو دەسەڵاتانە)..
(تا خەنجەرەکەی لە دڵی ئەو بوونەوەرە ئەفسانەییەدا بچەقێنێ).
ئەی ئەم هەمو قسانەی بەرزان فەرەج واتای ڕوودانی تاوانی کوشتنی باوك نەبێ لەناو چیرۆکی حەساردا ئەی واتای چیە؟ بەرزان فەرەج زۆر بەئەمانەتترە لە ڕێبین کە دەڵێ: (چۆن شێرزاد لە دنیای فرۆیدەوە ئەفسانەیەکی لێکچووی تۆتەممان بۆ دەگێڕێتەوە بە هەندێ جیاوازی جەوهەریەوە لەگەڵ گریمانەکانی فرۆیددا). کەچی ڕێبین بەرزان فەرەجیش بە درۆدەخاتەوە کە دەڵێ: (لەکاتێکدا چیرۆکەکە لە هەموو ئاڕاستەکاندا پێچەوانەی گریمانەکەی فرۆیدە) لاپەڕە (٥١) ئایندە ژمارە (٥).. لەپێناوی سەرخستنی ناڕاستەیەکانی خۆیدا تەنانەت هاوبیرەکانیشی بەدرۆدەخاتەوە!!
بەرزان دەڵێ (بە هەندێ جیاوازی)، ((نالێ: پێچەوانەی گریمانەکەی فرۆیدە)). ڕێبین نەك هاوبیرانی بەدرۆدەخاتەوە، بگرە خۆیشی بەدرۆدەخاتەوە ئەوەتا لە دوا بەرگی تۆڤلێتی حەساردا دەڵێ: (دەبێتەهۆی ئاژاوە و کارەسات و تراژیدیا)!!. من کاتێ هاتووم باسی (ئاسکەکچان و ڕۆمانی مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانە و ئیمپراتۆریەتی وەهمی بەختیار عەلی و باسەکەی مەریوان وریا قانع)

مکردوە، نەهاتووە ئەو بەراوردو و ئەو قسانەی من ڕەت بکاتەوە و بڵێ وا نیە و بەڵگە بهێنێتەوە، بەڵکو لەو حەقیقەتانە رایکردوە و بازیداوە بەسەریاندا و هاتووە (٢٨٠) پەرەگراف جنێوی بۆ ریزکردوم!! هەر ئەم قسانەی رێبینە کە دەرفەتی پێکەنین بۆ من و خوێنەران دەڕەخسێنن، نەك ئەو راستیانەی کە من باسم کردوون و هەموو خوێنەریش باوەڕیان پێی هێناوە.

(رێبین) با بزانین چۆن لە باسی رۆمانی (پیاوی لم) ی هۆڤمان گەیشتووە..

لە کتێبی (أدب الفنتازيا مدخل الى الواقع) لە لاپەڕە (٧٣) دا بە عەرەبیەکەی هاتووە: (يحدث انفجار في غرفة المذاكرة و يموت أبو ناثانيل بعد أن يصاب وجهها بحروق شديدة و يتفحم بشكل يثير الفرع) واتا: (تەقینەوەیەك لە ژووری خوێندنەوەدا ڕوودەدات باوکی ناثانیل دەمرێ دوای ئەوەی سەروچاوی بە خەستی دەسووتێ و دەبێتە خەڵوز، بەجۆرێك ترس دەوروژێنێ). کەچی دیارە (رێبین) ئەو دەقەی نەخوێندوەتەوە، یان لێی تێنەگەیشتووە چونکی بۆیە وەها سەرچیغانە ئەم قسەیە دەکا، دە ئەم قسەیە هەڵەوپەڵەی رێبین بخوێنەوە دەربارەی ئەو راستیەی کە ئێمە ئاشکرامان کردوە، دەڵێ: (سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشم یەك تۆزقاڵ ئاماژە بدۆزێتەوە کە باس لە تاوانی کوشتنی باوك بکات، ئاخر تاوانی کوشتنی باوك لەم دەقەدا کوا و لەکوێدایە؟). بێگومان مەبەستی لە دەقی رۆمانی (پیاوی لم)ە کە ئێمە ئاماژەمان پێداوە. کەچی ئەوەتا بە عەرەبیەکەی هاتووە (يموت ابو ناثانيل).. (رێبین) وا دەزانێ کوشتن تەنها بە چەقۆ و خەنجەر دەبێ. ئەی ئەو تەقینەوەیە چیە لە ژووری باوك ڕوودەدا؟. دەبێ هەر لە خۆڕایی

رووی‌دابێ یان چیرۆکێکی ڕەمزیش پێش وەخت سازدانێك و پیلانێك هەبووە؟ (ڕێبین) پەرەگرافێکی بەهەڵە وەرگێڕاوە لەو کتێبە (أدب الفنتازیا) لە لاپەڕە (٧٠) دا، کەچی لە لاپەڕە (٧٣) دا ئەو رستە زەقەی پەڕاندوە کە باسی کوشتنی ناسانیل دەکات..!! منیش هانی خوێنەر دەدەم بچێت ئەو کتێبە بخوێنێتەوە لە لاپەڕە (٦٥) ەوە تا لاپەڕە (٨٩)، بۆی‌دەردەکەوێ کە چۆن (ڕێبین) بابەتەکان چەواشە دەکات و ئاوەژوویان دەکاتەوە. یان ئەم قسەیەی (ڕێبین) بخوێننەوە کە دەڵێ: (بێگومان نە هۆڤمانی بەدبەخت و نە هیچ کەسێکی دی چیرۆکێك نانوسێ کە تیایدا خێزانێك بە راشکاوی بە منداڵەکانی بڵێ نابێ سەیری مومارەسەی جنسی دایك و باوکیان بکەن). نە لە چیرۆکی (عیزرائیل) ی شێرزاد حەسەن و نە لە رۆمانی (پیاوی لم) ی هۆڤمانیش منداڵەکان بە راشکاوی ئاگادارناکرێنەوە، بەڵام لێیان قەدەغەدەکەن و بە عێزرائیل و پیاوی لم دەیانترسێنن. با بزانین دایکەکەی نێو چیرۆکی (عزرائیل) چی دەڵی: (رۆڵە نەکەی لەژێر لێفەکەوە سەردەربێنی، ئەوەیان عیزرائیلە. هیلاکی رۆح کێشانی خەڵکە و هەندێ شەو لێرەوە تێدەپەڕێ).. (دایکە ئەی تارمایی ئەو زەلامەی هەندێ شەو لە ژوورەکەماندا هات و چۆ دەکا.. ئاو دەخواتەوە.. دەخزێتە ژێر لێفەکەی تۆ؟!). (خۆیەتی.. ئەویش عیزرائیلەکەیە). ئەی ئەمە ئاگاداری‌کردنەوە نیە بۆئەوەی تەماشای مومارەسەی جنسی باوکە بە ئاڵۆشەکەیان نەکەن کە هەموو شەوێ دەچێتە لای دایکەکەیان و بە زۆرەملێ مومارەسەی لەگەڵ دەکات. یان با بزانین لە کتێبی (ادب الفنتازیا) چۆن لە لاپەڕە (٧١) دا ناڕاستی ئەو قسانەی (ڕێبین) ئاشکرادەکات: (فلاطفال یحظر علیهم رؤیة العملیة، و من هنا فان الدخان المنبعث من غلیون الاب یضبب رؤیتهم، و

هكذا فان الاب السيء كوبيلوس، هو الذي يسمعه ناثانيل يصعد السلم حين يكون الاخير في الفراش. اذن هذا هو الاب الذي سوف يمارس نشاطا جنسياً و ان الاب نفسه هو ما يتمنى ناثانيل أن يتلصص عليه و انه سوف يعاقب بالعمى بسبب تلك الامنية).

واتا: (منداڵەکان دیتنی ئەو پرۆسەیان لێ قەدەغەدەکرێ، ئا لێرەوە دووکەڵی سەبیلەکەی باوکەکە بیناییان لێل دەکات. بەمجۆرە باوکە خراپەکە کۆبیلۆس، ئەوەی کە ناثانیل گوێی لێیە بە پەیژەکەدا سەردەکەوێ کاتێ ئەم لەنێو نوێندایە. کەواتە ئەمە ئەو باوکەیە کە مومارەسەی چالاکی سێکس دەکات و هەر ئەو باوکەیشە کە ناسانیل ئاواتەخوازە بە دزیەوە تەماشای بکات بەهۆی ئەو ئاواتەیشەوە بەکوێری سزادەدرێ). لێرەدا مەبەست لە وشەی (العملیة) مومارەسەی سێکسە. ئەمەیش ئەوەدەگەیەنێ کە (رێبین) لە تێگەیشتنی دنیای رۆمان و شیکردنەوەیدا کۆڵەوارە، بۆیە دنیای هونەر و ژیانی سادەی رۆژانەی خەڵکی لەیەك جیاناکاتەوە، کە هونەر جوانکردنی ژیانە نەك لە وتاندنی، بۆیە قسەی بازاڕی تێکەڵ بە قسەی فیکر و رۆمان دەکات کە ئەو دەیانشێوێنێ. ئەگەر خوێنەر ئەو دوو نووسینەی رێبین بخوێنێتەوە لە ژمارەی (٥) و (٨ و ٩) ی ئایندە بۆی ڕووندەبێتەوە کە چەند نوسەرێکی تەنزئامێزە. با بزنین چ ئیدیعایەك دەکات لە لاپەڕە (٦٣) ی ئایندە ژمارە (٥) دەڵێ: (سەلەفی لە واقیعی ئێمەدا کەسێکە کە دەڵێ گۆران بلیمەتە بەڵام حەرفێك بۆ ناساندنی گۆران نانووسێ. نالی دەکاتە پاشا بەڵام کەرەسەیەکی مەنهەجی ناخاتەگەڕ بۆ کەشفکردنی جیهانەکەی، دەڵێ ئێمە لەمێژە تازەگەریمان بیستووە بەڵام رستەیەکی تیوری لەسەر تازەگەری نالێ)!!

تۆ بڵێی (کەرەسەی مەنهەجی) (ڕێبین) بە جنێو تێگەیشتبێ، یان ڕستەی تیوری ئەو (٢٨٠) پەرەگرافە جنێوەیە لە نووسینەکانیدا و ئێمە تازە پێمان زانیووە؟! بۆ تا ئێستا (ڕێبین) و هاوبیرەکانی چەند حەرفیان لەسەر گۆران و نالی نووسیوە و جیهانەکەیان کەشف کردوە، جگە ئەو قسانە نەبێ کە بە گۆران و نالی و شاعیرەکانی دیکەی کوردی دەڵێن و بە کەلاوەی مەعریفیان لەقەڵەم دەدەن؟ یان ڕستە و کەرەسەی مەنهەجی دارشتنەوەی ئەو بابەتە بێت لەسەر کتێبێکی محمد عابد الجابری کە هاوبیری ڕێبین مەریوان وریا لە گۆڤاری (ئازادی) دا دایڕۆشتووەتەوە و ڕێبین پێی سەرسام بووە؟!

یان ڕێبین نازانێ (فانتازیای کوردی چیە)؟! من نەمووتبوو فانتازیای کوردی بەڵکو کاک شێرزاد حەسەن لە چاوپێکەوتنێکدا وایووتووە کە نایەوێ فانتازیاکەی ئەو لاساییکەرەوە بێ بەڵکو فانتازیایەکی کوردی بێ.. ئەگەرچی شتێ نیە ناوی فانتازیای کوردی یان فانتازیای عەرەبی یان ئیسپانی یان کۆلۆمبی بێ، فانتازیا هەر فانتازیایە و لە داهێنانی ئێمەی کوردیش نیە.. ڕێبین دیسان لە ژمارە (٨ و ٩) ی گۆڤاری ئایندەدا هاتووە بەهەمان شێوازی پێشوی وەڵامی کاک مەلا بەختیاری داوەتەوە، جنێونامەکەی ژمارە (٥) ی ئاینده بە هەق و وەڵامدانەوە دەزانێ و، حەقیقەتنامەکەی ئێمەیش بە ڕاپۆرت و نەخوێندەواری لەقەڵەم دەدات.

لە یەکەم لاپەڕەی (ئینفیعالنامەکەی) ئەمجارەیدا ئەمە ئێژێ: (ئاخر چی بڵێین لەگەڵ پیاوێکدا کە نەك هەر جورئەتی ئەوەشی نیە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێ و بێدەنگ بێ، بەڵکو جورئەتی ئەوەشی نیە دان بەو تۆمەتانەدا بنێ کە بۆ نوسەرانی ڕەهەندی ریزدەکات و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لێ پڕکردوە..).

بۆئەوەی بزانین کێ سەد دەرسەد هەڵەیە و نەزانە و، گێ ڕاستە و کێ تۆمەت دروستدەکات، لە ژمارە (٥) ی ئایندە نووسیویەتی: (لە هیچ جێگەیەك و لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەبووە ئەدەب و ڕۆشنبیریەکەی لە سەردەمی ئازادی گەشاوەتر و ڕاستگۆتر بووبێ)!!

منیش وەڵامم دایەوە و پێم وت وانیە برادەری عازیز: (دیارە ئاگاداری ئەدەبی رووسی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیە. هەموو رەخنەگرانی دنیا دەڵێن ئەدەبی رووسی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو گوڕوتینەی جارانی نەما.. ئایا شاکارەکانی وەکو (جەنگ و ئاشتی)، (ئاناکارنینا)، (برایان کارامازۆف) (تاوان و سزا)، (پالتۆ)، (پاڵەوانی ئەم سەردەمە)، شاکارەکانی تورگنێف، تۆڵستۆی، پووشکین، گۆگۆڵ، چیخەف، لە سەردەمی شۆڕشی بۆلشەوی شوعیەکان بوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ڕێبین و هاوبیرەکانی بەجێدێڵم).. کەچی (ڕێبین) هاتووە وەکو کورد دەڵێ (کەر لە کوێ کەوتووە و کونە لە کوێ دڕاوە) ئەمەی خوارەوە دەڵێ: (غەفور زۆر باشی کردوە کە وەڵامی ئەم پرسیارەی بۆ بەجێهێشتووین، بۆئەوەی جارێکی دی دەریبخەین چ پیاوێکی نەخوێندەوارمان لەبەردەمدایە. پیاوێك کە سێ چارەکە سەدە زیاترە خەوتووە و بێئاگایە لەوەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکێك لە تۆتالیتاریترین دەوڵەتەکانی ئەم سەرزەویەی بەرهەمهێنا. پیاوێك کە لە سەدەی بیست و یەکدا دەژی و بەسەرهاتی کارەساتاوی کۆلاگەکان و ئۆردوگاکانی سیبریا و رەشەکوژیەکانی ستالینی نەبیستووە. گرتن و زیندانیکردنی هەموو ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆکان و قەشەکانی لەژێر تۆمەتی ڕۆشنبیری بورجوازیدا لەلایەن لینینەوە نەبیستووە. قسەکانی لینینی نەبیستووە کە لە وەڵامی نامەیەکی گورکیدا کە داوای بەربوونی ئەو ڕۆشنبیرانە دەکات دەنووسێ (ئەوانە نەك پێشڕەوی کۆمەڵگان بەڵکو گوی کۆمەڵگان).

یەکەم: دەڵێ (سێ چارەکە سەدە زیاترە) دیارە من تەمەنم سەدەیەك زیاترەوەها سێ چارەکە نوستووم؟!

دووەم: باشە من باسی ئەدەبم کردووە یان باسی سەردەمی ستالین.

سێیەم: من باسی ئەدەبی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەرم کردوە نەك ئەدەبی سەردەمی ستالین.. ئەمە هیچ لوغز و ئالۆزیەکی تیا نیە تا (ڕێبین) تێنەگات، نەك ئەو بگرە سادەترین خوێنەریش!

وەلێ (ڕێبین) ناوی هەندێ لەو بەرهەمانە و ناوی نوسەرەکانی بەدەستی ئەنقەست پەڕاندوە، چونکی خوێنەری ئاسایی دەزانێ ئەو نوسەرانە لە چ سەردەمێکدا ژیاون و مردون، تەنها ئەو نەبێ! هەموویان بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر مردون: تۆرگنێف بەر لە تۆلستۆی مردوە، تۆلستۆی ساڵی ١٩١٠ مردوە، دۆستۆیفسکی ١٨٨١ مردوە کە خاوەنی چەندین شاکاری وەکو برایان کارامازۆف و تاوان و سزایە، گۆگۆڵ ساڵی ١٨٥٢ مردوە، لیرمنتۆف کە خاوەنی شاکاری (پاڵەوانی ئەم سەردەمە) یە لە ساڵی ١٨٤١ مردوە، چیخەف ساڵی ١٩٠٤ مردوە. سەردەمی قەیسەریەت ئەو سەردەمە بوو کە دەیان کەڵەنوسەری وەکو دۆستۆیفسکی بە حوکمی سەختگیری لە سیبریا تووندکران، بیرۆکەی زۆربەی شاکارەکانی زادەی ئەو سەردەمە سەختەیە وەکو خۆی دەڵێ. چیرۆکی (پاڵتۆ) ی چیخەف بەسەرهاتی تاڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری سەردەمی قەیسەریەتە، (ڕێبین) ئەو قسەیەشی وەکو ئەوە وابوو کە (زەکەریا تامر) ی کرد بە (فازڵ سامر).. ڕاستیش دەکا کە دەڵێ من قسەکانی لینینم نەبیستووە، چونکی لەو بڕوایەدام ئەو قسەیەی کە دەڵێ لینین وتویەتی: (ئەوانە نەك پێشڕەوی کۆمەڵگان

بەڵکو گوی کۆمەڵگان)، قسەی گیرفانی خۆیەتی چونکی سەرچاوەکەی دیاری‌نەکردوە !

پاشان لینین ساڵی ١٩٢٤ مردوە، کاتێك بوو هێشتا دەوڵەتی سۆڤیەت فریای هیچ نەکەوتبوو، هەر خەریکی دامرکاندنەوەی شەڕی دژە شۆڕشەکان بوو، کەچی لینین ستایشی نوسەرێکی بۆرجوازی وەکو تۆڵستۆی دەکات و دەڵێ: (بەرلەم نەبیلە جوتیاری راستەقینە نەبوو لە ئەدەبدا).

(ڕێبین) لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری ئاینده دەڵێ: (غەفور رۆمانێك دێنێت کە نەیخوێندوەتەوە بەڵام پوختەی رۆمانەکەی لە (ئەدەب الفنتازیا) خوێندوەتەوە و هەر ئەو پوختەیەش بەسە بۆ کەسێکی وەك غەفور بۆئەوەی ئەو هەستەی بداتێ کە رۆمانەکەی بینیوە و چیدی دەتوانێت هەم لەسەری قسە بکات و هەم بەراوردی بکات بە شتی دی).

دەبا بزانین هەر خۆی (ڕێبین) لە ژمارە (٨ و ٩) ی ئاینده بە چی وەڵامی کاك مەلا بەختیار دەداتەوە: (ئایا بۆئەوەی زانیاریمان لەبارەی کتێبێکەوە هەبێت مەرجە خوێندبێتمانەوە. گەر وابێت ئەی ئەو هەموو کتێب و نووسینانەی کە تەنها کاریان عەرزکردن و پێشکەشکردنی زانیاریە لەبارەی کتێب یان نوسەرێکەوە، نرخیان چیە؟ ئایا بۆئەوەی لە ئەفلاتون شارەزا بین مەرجە هەموو محاورەتەکانیمان خوێندبێتەوە؟).
ئێ باشە منیش مەرجە هەموو رۆمانێك بخوێنمەوە بۆئەوەی قسە لەسەر رۆمان بکەم. باشە من ئەگەر چیرۆکێکم خوێندەوە و هەستم کرد ئەو چیرۆکە پووختەی رۆمانێکە خوێندومەتەوە چی تیا بەسەرە بە دەردی جەنابت؟ یان ئەوەتا مەسەلەکە لای رەهەندیەکان مەسەلەی بانێکە و دوو هەوایە؟!

یان دەڵێ: (غەفور و نووسینەکانی نەبوو کە هانیداین وەڵامی بوختان نامەکانی بدەینەوە بەڵکو ئەو نوسەرانە بوون کە قسەکانی غەفوریان لێکردین بە بەڵگەنەویست و بێویژدانانە تۆمەتەکانی ئەویان دەگوتەوە).

١- باشە ئەگەر وایە ئەی ئەو قسەیەی ڕێبین چیە لە ئایندە ژمارەی (٥) کە دەڵێ غەفور ماوەی ساڵێکە بەردەرگای ڕۆژنامەکانی لێگرتووین و نابوو لێی بێدەنگ بین؟

٢- دیارە ڕێبین خۆی بە کابرایەکی زۆر بەویژدان دەزانێ، هەر خۆی شۆڕەسواری ئەم بوارەیە و هەموو نوسەرەکانی دیکە بێویژدانن، چونکی بە ڕێبین و هاوڕێکانی دەڵێن ئەوانەی ئێوە دەینووسن هی خۆتان نیە.

٣- باشە ئەو نوسەرانە کێن کە قسەکانی غەفوریان لێکردن بە بەڵگەنەویست. جگە غەفور کەسی دیکە بەر لەو پێی نەوتوون چاوتان کلی پێوەیە.

ئەگەریش مەبەست لە پەیڤەکەی محەمەد موکری بێ لە گۆڤاری (پەیڤین) کە لە بەشی پێشوو بڵاومانکردووەتەوە، ئەوا ئەو ناوی کەستانی نەبردووە.. وەکو ئەووایە منیش ستوونەکەی (شوان ئەحمەد) لە کوردستانی نوێ ژمارە (٢١٤٥) ببەمە سەر خۆم ئیدی منیش بکەومە وێزەی و بلێم تۆیش وەکو ئەوان شت وەردەگری بۆیە دیفاع لە ڕەهەندیەکان دەکەیت، لەبەرئەوەی کەسانێك دێن گواستنەوەی حەرفی و وەرگرتنەکانی ئەوان کەشف دەکەن دەبێ ئیدی ئەو ستوونووسە ئەو کەسانە بە سەلەفی دابنێ، ئەو کەسانەیش کە وەردەگرن بە مۆدێرنیزمیان لەقەڵەم بدات؟!

یان ڕێبین باس لە مانەوەی بونیادگەری (البنيوية) دەکات، تەنانەت مامۆستا گەورەکانی ئەم بۆچوونەش یان ئەم میتۆدە هەر خۆیان لەبیریان کرد و ئێستا لە کولەکەی تەڕیش ناوی نابەن. یان ئەم قسەیە دەکات: (زۆرجار لە دنیای فکردا رویداوە میتۆدێکی کۆن بەهۆی بەکارهێنانی زیرەکانەی ڕەخنەگرێکەوە جارێکی دی دەوڵەمەندی و گرنگی خۆی ئاشکراکردوە).. باشە کەی و کامە میتۆد و کامە ڕەخنەگری زیرەك ئەمەی ئەنجام داوە؟! دیارە بە حیسابی ڕێبین، بەختیار عەلی ئەو ڕەخنەگرە زیرەکەیە کە بونیادگەری بەکارهێناوە. بەشبەحاڵی خۆم هەولێکی سەرنەکەوتووی (د. کمال ئەبو دیب) م خوێندەوە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەسەر قەسیدەی (قمر شيراز) ی عبدالوهاب البياتي لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (الاقلام) عێراقیدا بۆیە بەختیار دوا کەسە ئەوە دەکات! جارێ (ڕێبین) هیچ بەرهەمی ئەدەبی نیە لە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان تا قوتابخانەی پۆست مۆدێرنیزم کاری تێبکات، وەکو هەندێ لە نوسەرەکانی ئەو قوتابخانەیە بەرهەم داهێنێ وەکو: ئیمبرتۆئیکۆ، ئیتاليوکالڤينۆ، جۆن بارت و مارکیز و زۆر نوسەری دیکە، یان فەیلەسوفەکانی ئەو قوتابخانەیە، وەلێ بەختیار عەلی دەشێ، چونکی ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) لاساییکەرەوەی یان وەرگرتنی ڕۆمانی (پاییزی بەتریريك)ە کە هی نوسەرێك لە نوسەرانی پۆست مۆدێرنیزمە کە ئەویش مارکیزە، ئەگینا خوێندنەوەکانی (مەریوان وریا) ڕێك لەوانەی (محمد عابد الجابري) و (جاك دريدا) و قوتابخانەی فرانکفۆرت هەلاوێر دەکرێن، هەروەکو بەختیار عەلی شایەتی ئەمە دەدات بۆ هاوتەمەنەکانی خۆی کەلەپووری بیانی دەگوێزنەوە بۆ نێو ڕۆشنبیری کوردی و ئەو نووسینەیشی لە گۆڤاری ئاینده ژمارە (٢٤) ساڵی ٢٠٠١

بەناونیشــانی (ڕەخنــەی ئێمــە لــە دۆخــی کەمخوێنییــەکی مەنهــەجی کوشندەدا دەژی) کە سەرجەم وتنەوەی قسەی خەڵکانی دیکەیە.

(ڕێبین هـەردی) دەڵـێ: (بــە ڕۆژی ڕوونــاك و لــەناو ســلێمانیدا دوو ژمـارەی ڕوانگـەیان دەرکـرد)!! یەکـەم، ئـەوە دەگەیـەنێ شـتێکی زۆر سەرپێیانە دەزانێ لەسەر ڕوانگە، ئەرێ ئەو برادەرانەی ڕوانگە کە ئێسـتا لە ژیاندان کەی گۆڤاری (ڕوانگە) لە سلێمانی دەرچووە بۆ خـاتری خـوا؟ ئەرێ کاك حسێن عارف، کاك شێرکۆ بێکەس چونکی ئـەم بـرادەرەی کـە ئەم قسەیە دەکا لـە دەزگاکـەی ئێـوە ئیـش دەکـات..؟! بۆئـەوەی ئـەز (خزمەتت) بکەم: ڕوانگە وەکو بزووتنەوەیەکی ئەدەبی وەکـو برادەرێکـی نزیکیان وتی (قد هدر دمهم) واتا خوێنیان حەلاڵ کرابوو. ئـەو سـەردەمە، بۆیە مادەکانی گۆڤاری (ڕوانگە) یان لە بەغدا ئامادە دەکرد و دەبران بـۆ شاری (نەجەف) چاپ دەکران، هەر یـەکێك لـە نزیکـانی ڕوانگـە پێـی وتم (حمید المطبعي) بۆی چـاپ دەکـردن ئەوسـاکە ئـەو گۆڤـاری (الکلمـة) ی دەردەکـرد.. ئـێ باشــە کەســێك ئەمەمــەعلوماتی بــێ چــی پــیـە بــۆ ڕۆشنبیریی کورد و چۆن بەم سەقافەتەی خۆی سـەلەفیەکان ڕاودەنـێ؟! ئێ باشە بۆ هێندە خۆی بە لووت بەرز دەزانێ وادەزانێ هەواڵی بنی عێز لەلای ئـەوە؟! باشـە بـۆ لـە دوو قوتبـی سـەرەکی ڕوانگـەی ناپرسـێ لـە دەزگای سەردەم کە ئەویشـی لێیـە کـاك شـێرکۆ بێکـەس و کـاك حسـێن عارف؟! لەوانەیە (ڕێبین) لە شوێنێکی دیکە بنووسـێ: لـە ژمـارەی (٨ و ٩) ی ئـایندەدا (نەجـەف) ـمان کـردوە بـە سـلێمانی (هەڵــەمان کـردوە شـەرمیش لەوەناکـەین دان بـە هەڵەکـەدا بنێـین) وەکـو لــە پــەراوێزێکی باسەکەی لە لاپەڕە (١٤١) ی ئایندە نووسویەتی: ((نەك هەر ئەمە بــەڵکو لە ژمارە چواری ئازادیدا هەڵەیەکمان کردوە و (حەدیسێکی پێغەمبــەرمان

بە ئایەت نووسیوە و شەرمیش لەوە ناکەین دان بە هەڵەکەدا بنێین)!
کەچی منیش لەجیاتی (خەساندن) لە ژمارە (١٥) ی گەلاوێژی‌نوێدا وشەی (خەتەنە)م بەکارهێنابوو، ئیدی کردی بە قەمیسی عوسمان و لەم نووسینەی ئەمجارەشی دووبارەی کردوەتەوە. گەرچی من لە (ئاینده) ژمارە (٦) داوای لێبوردنم لە خوێنەر کردوە و دانم بە هەڵەکەمدا ناوە، گەرچی من کفرم نەکردوە، قسەی پێغەمبەر بکەم بە وتەی خودا!!

(ڕێبین) لێردا بۆئەوەی ئیسلامیەکانیش رازی کات و دڵیان ڕاگرێ پەنای بردوەتەبەر وتەیەکی پێغەمبەر کەوتوویە: (کلکم راع و کلکم مسؤول عن رعیته). تۆ بڵێی لە (پرۆژەکەی) ڕەهەند و بەرنامەکانی مەسەلەی ژیان و (صەحوەی ئیسلامی) بدەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ڕۆژێك بێت ئەو گروپەی کە ڕۆشنبیری خۆی لە سەرچاوەی ڕۆژئاوایی مەسیحیەتەوە هەڵێنجاوە، لە سلێمانی ببنە پێش نوێژی موسڵمانان؟! ڕێبین بۆ قوم کردنە چاوی خەڵکی دەیەوێ گروپە ئیسلامیەکانیش هانبدا دژ بەوانەی ڕەخنە لە ڕێبین و (هاوبیرەکانی) دەگرن و یان بڵێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حیزبێکی دیکتاتۆرە و ئێوەش ئاگاتان لەخۆتان بێ!! یان ڕێبین پەنا دەباتە بەر ئەم قسە کۆمیدیانە کە دەڵێ: (هەر بۆ نموونە ئایا دەکرێت هەر لە خۆمانەوە کەسێك بەرین و بە هەڵبژاردەی تۆپێنی سلێمانی بڵێین یاری‌پێ‌بکەن چونکی هەموو کەسێك ئازادە و مافی یاریکردنی هەیە؟) یان دەڵێ: (ئەی کە دکتۆرێك هەڵەی کرد تووشی لێپرسینەوە نابێت کە هەڵەکەشی گەورە بوو دکتۆریەکەی لێناسێنرێتەوە و زیندانی بکرێ؟). ئەو کەسەی ئەگەر لەسەر خراپی نووسینەکانی زیندانی بکرێ دەبێ ڕێبین هەردی بێ یان دەڵێ: (دەمانزانی غەفور لەم گەمەیەدا تەنیا نەبووە).

ڕێبین وادەزانێ غەفور زلهێزێکی بەدواوەیە بەم قسەیە دەیەوێ ئاکاری خۆی و هاوبیرەکانی بشارێتەوە کە دەستێکی شاراوە وگێرەشێوێنێ لە ڕێگای دروستکردنی بوختانی سیاسی و هەڵوێستی بۆش و بەتاڵەوە. ئەمەی کە دەکرێ گەمە نیە بگرە حەقیقەتێکە (ڕێبین) و هاوبیرەکانی گێژی دەدەن بۆ سووککردنی کەلتوری کورد و مێژووەکەی، ئەگینا لەسەر ئەو هەموو چەواشەکردن و ناڕاستیە سوور نەدەبوون. یان دەڵێ: (لەراستیدا خاڵی لێکچونەکان ئەوەندە زۆرن کە مرۆڤ گومان دەکات ئەو نووسینانە بەیەکەوە یان لایەنی کەم بە پرسکردن بەیەکتری نەنوسراون).

باشە ئەگەر راست دەکا با ئەو خاڵە لێکچووەکان بهێنێتەوە تا خوێنەر بڕوایان پێبکات. وەلێ ئەگەر ڕێبین لە خەیاڵی خۆیدا خاڵی لێکچوونیشی دۆزیبێتەوە، چونکی بۆچوونەکان و قسەکانی ڕێبین هێندە سەرچیغین دەشێ زۆربەی نوسەران لەسەر چەند خاڵێك یەکبگرنەوە و بێئەوەی ئاگاشیان لەیەکدی بێ. نە من و نە کاك مەلا بەختیار بەر لە بڵاوبوونەوەی نووسینەکانمان ئاگامان لەیەکتر نەبووە، من بۆ شایەتی ئەم قسەیە کاتێ نووسینەکەی ژمارە (٦) ی ئایندەم برد بۆ کاك دڵشاد عەبدوڵلا ئەو پێێ وتم کاك مەلا بەختیار رەدێکی نووسیوە. بەماوەیەکی زۆر دوای ئەوە کۆپیەکی نووسنیەکەی کاك مەلا بەختیاریان بۆهێنام، قەتیش کاك بەختیار پێی نەوتبووم کە چیم نوسیوە تا بڵاونەبووە.. بۆیە ئەو قسەیەی ڕێبین لە واهیمە بەولاوە هیچی دیکە نیە و ئەسڵی نیە. یان با بزانین ڕێبین چۆنە سەبارەت بە کاك لەتیف هەڵمەت لەم دوو پەرەگرافەدا: (من جارێکی دی دوبارەی دەکەمەوە کە ڕێزێکی تایەبتیم

بۆ مامۆستا لەتیف هەیە).. کەچی لە دوای چەند پەرەگرافێك بە توانجەوە دەڵێ: (ئیدی من بێدەنگ دەبم و پێیان دەڵێم لەبری جارێك سەدجار ئەم وەرگێڕان و عەرەبیزانینانەتان پیرۆز).. یان لە پەرەگرافێکی دیکە عەرەب وتەنی: (ضربني و بكي، سبقني و اشتكي). با بزانین (ڕێبین) چەند سادیقانە قسە دەکا، (کاك مەلا بەختیار هیچ رەخنەیەك جا راست بێت یان هەڵە بۆی قوت ناچێ). ئێ باشە هەڵەی بۆ قوت بچێ کە هەڵەیە؟ ئەی ئەو هەموو جنێو و هێرش و وەڵامە چەواشانە چین پەیتا پەیتا لە (ئاینده) بڵاویان دەکاتەوە و کەس نابوێرێ لەبری ئەوەی کەسانی دیکە قسەی هەقیان بە (هاورێکانی) ئەو وتووە نەك خۆی؟!

(ڕێبین) هێندە ئاگاداری دنیای روناکبیری و سەقافەتە جیاوازی ناکات لەنێوان رەخنە و قسەی هەڵە و پەڵە و بوختان، یان قسەی بازاڕی و جنێوەکانی بازاڕی بن پردەکە و مەزاتخانە و کۆنەفرۆشەکان!! ڕێبین دەڵێ: (بڕوام وایە هیچ هەڵوێستێك هێندەی رەخنەگرتن ئیجابی و زیندو نیە)! سوبحانەڵا!! ئەی ئەو (٢٨٠) پەرەگرافە جنێوەی ناودەنێ رەخنەگرتنی ئیجابی؟! بەڕاستی کوڕینە زەمەنێکی سەختە کوردی تێکەوتووە نەك هیچ میللەتێکی دیکە. چونکی کەسانی وەکو ئەم برادەرە دێن و لەسەر گۆڤار و پەڕاوەکانی کوردستاندا جنێو بەم و بەو دەدەن، بەڵگەش بۆ ئەمە ڕێبین دوای (٢٨٠) پەرەگراف جنێو دەڵێ:((کاك مەلا بەختیار و غەفور خۆیان ماندووکردوە و خشتەیەکیان لەو قسانەی من (کە ئەوان ناوی جنێویان لێناوە) ئامادە کردوە و نوسیوە تەوە)).کێ ئەم قسەیە بخوێنێتەوە وادەزانێ سەرنوسەری گۆڤارەکە ئەو (٢٨٠)

پەرەگرافە جنێوانەی ئاخنیوەتە مەقالەکەیەوە بێئەوەی ئەو ئاگای لێبێ نەك ڕێبین خۆی دەست ڕەنگینی نواندوە لە ڕیزکردنیدا..!! نازانم نوسەرەکانی ڕەهەند کێن؟ من بە هیوا قادرم نەووتوە دزە، تەنها گلەییەکی بچووکم لە بەرزان فەرەج کردوە، بە فاروق ڕەفیق هیچم نەوتووە و ناشی ناسم، بە ئاراس فەتاحیش هیچم نەوتووە چونکی هیچم لێیان نەدیوە بۆنی وەرگرتنی لێبێ. مەبەستیشم نەبووە بە وردی بیانخوێنمەوە، هەروەها بەختیار عەلیش و مەریوانیش برادەرەکانم هانیان دەدام نووسینکانیان بخوێنمەوە بۆیە ئەو سەرنجانەم لەلا گەلاڵە بوون سەبارەت بە بەرهەمەکانیان.. گرفتێك لە گرفتە زۆر گەورەکانی (ڕێبین) ئەوەیە کوردیش باش نازانێ، نەك عەرەبی هەر نەیسا، وەکو بەبەڵگە لە ژمارە (٦) ی ئایندە ڕوونمانکردەوە، سەیری ئەم تەفسیرە زمانیەی ڕێبین بکەن کە دەڵێ: (فلانە سەری کردۆتە سەر خوێندنەوە، یان سەری کردوەتە سەر سەعیکردن، کە بەمانای خۆتەرخانکردن دێت). نازانم ئەم قسەیە لە کام گەڕەکەکانی سلێمانی بەکاردێت؟ دیارە لە گەڕەکی تورکی ئاوا!! ئەم قسەیشی تەنها بۆئەوەیە و جەختی لەسەر دەکات تا کاك مەلا بەختیار بەهەڵە دەریکات. هەرچەندە من لێرەدا خۆم لەوەی پەیوەندی بە کاك مەلا بەختیارەوەهەیە و تاڕادەیەك قسەیان لەسەر ناکەم - ئەگەر بەپێویستم نەزانی - چونکی کاك مەلا بەختیاریش خاوەن قەڵەمە و وەلامی خۆی هەیە، چونکی دواجار ڕێبین ئەو بوختانەمان لەسەر دەکاتە ماڵ کە ڕێکەوتننامەمان مۆرکردبێ دژ بە (حیلفەکەی ڕێبین).. یان لە شوێنێکی دیکە قسەیەکی سەیرتر دەکات: (ئەرکی هەموو ڕۆشنبیرێکیش ئەوەیە گەر هەڵەی بینی قسە بکات و

بەبەڵگەشەوە ئاشکرای بکات.. لێرە بەدواوە ئەرکی ئەو تەواو دەبێ و خەڵکانی دیش تا دواسنوور ئازادن چاو لە هەموو بەڵگەکان بپۆشن. سووربن لەسەر ئەوەی راستە). لاپەڕە ١٠٩ .. ئەی باشە خوێنەری ئازیز ئەو نووسینەی من لە مارە (١٥) ی گەلاوێژینوێ بڵاوم کردەوە ئەی باس لە هەڵە نەبوو بەبەڵگەوە؟! کە هەندێ چیرۆك و رۆمانی کوردیم لەگەڵ چیرۆك و رۆمانی دنیا بەراورد کرد بەبەڵگەوە؟ رێبینیش ویستی خۆی تاقیکاتەوە و بزانێ چەندی پێیە و عەرزی عەزەلاتی زانیاری خۆی بکات لەو رووەوە. سەیر لەوەدایە رێبین خۆی و (هاوبیرەکانی) بەراورد دەکا بە روانگەییەکان، ئەو روانگەیەی کە وادەزانێ گۆڤاری (روانگە) یان لە سلێمانی دەرکردوە. ئەگەرچی روانگە لە حەفتاکاندا پەکیکەوت بەلام چەند ناوێکی دیاری لێکەوتەوە، وەکو جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، ئەنوەر قادر جاف، فەرهاد شاکەلی و سەلاح شوان و زۆری دیکەش. ئێوە چیتان وتووە کە خەڵکی دیکە پێش ئێوە جوانتری نەوتبێ؟ ئێوە کام رۆمانتان، کام لێکۆڵینەوەتان، کام قەسیدەتان نووسیوە لە هی خەڵکی دی نەچێو یان شێواندنی هی خەڵکی دیکە نەبێ؟ یان کام لێکۆڵینەوەتان نووسیوە کە سەرچاوەکەی هی خەڵکی دیکە نەبێ و ئێوە شێواندوتانە؟! من نامەوێ زۆر بەمەدا بچمەخوارێ چونکی زۆرکەس لەم بارەیەوە نووسیویانە و دەنووسن و زەیفەکان ئاشکرابوون..

لێرەدا ناچمەوە سەر ئەو شەش خاڵەی کە رێبین دووبارەیکردوەتەوە. چونکی لە ژمارە (٦) ی ئایندە بە تێروتەسەلی راست و درۆی ئەو قسانەیم دەرخستووە و بەبەڵگەش. وەلێ دێمە سەر

خاڵی شەشەم کە دەڵێ (غەفور لەگەڵ ئەوشەدا کە مەریوان دەڵێ سیستەمەکانم لە جابریەوە وەرگرتووە، هەر دەڵێ دزە و سەرلەبەری نووسینەکەیش کە (٢٣) لاپەڕەی ئازادیە بە نەقڵی حەرفی قسەکانی جابری دەزانێ، ئەو نووسینە ئاسمان و ڕیسمان لە ستراتیژ و مەبەستی جابریەوە دوورن). جارێ قسەکەی مەریوانیش مەگۆڕن ئەو دەڵێ (ناوی سیستەمەکان) نەك (سیستەمەکان)، تەنانەت شەرحەکانیش هی (محمود الذوادي) یە کە عەرزی کتێبەکەی (الجابري) کردوە لە ژمارە (٤) ی گۆڤاری (عالم الفكر) ساڵی ١٩٩٠ بڵاویکردوەتەوە، نوسینەکەی مەریوان وریا لە ساڵی ١٩٩١ دا نووسویەتی، وەکو باسمان کرد..

دیارە ڕێساکانی نووسین لەلای ئەو ئەوەیە تەنانەت نووسینی (هاوبیرەکانی) خۆیشی چەواشەکات و بەهەڵە بنووسێتەوە یان ئەو (٢٨٠) پەرەگرافە جنێوەیە و، من نەمزانیوە جنێو بدەم و لێم لاداوە و قسەی هەق و ڕەق و تەقم کردوە. ئەوجا بە پەیڕەوکەری ڕێساکانی نووسینی دادەنێن؟! من باسی ئەو پاکانەی ڕێبین ناکەم کە لە لاپەڕە (١٣٣) ش دا دووبارەیان دەکاتەوە، چونکی سەریەشانی خەڵکی بەم شێوەیە هیچ سوودێکی نیە، تۆ بە مەنتیق وەرە پێشەوە ئەو بە جنێو و سووربون لەسەر بوختان وەڵامت دەداتەوە..!!

سەیریش لەوەدایە کە دەیەوێ لەو داوای لێبوردنە نکوڵێ بکات کە پێرار لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی لە کاك مەلا بەختیاری داواکرد!! حاڵ بە مەونیشان بەوە، سێیەم فێستیڤاڵی ساڵانەی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ بوو، لە ڕۆژی (١٩٩٨/١١/١٧ کاك مەلا بەختیار باسێکی پێشکەش کرد لەژێر ناونیشانی (مەدەنیەت لە

کۆمەڵێکی نیشتمان داگیرکراودا) کە شاعیر کاک (قوبادی جەلی زادە) کۆڕەکەی دەبردبەڕێوە.. دوای باسەکە کۆمەڵێ کەس هەڵسان موداخەلەیان کرد و یەکێك لەوانە ڕێبین بوو. دنیایەك هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی یەکێتی و باسەکەی کاك مەلا بەختیار، ئەویش وەڵامی هەموویانی دایەوە و ماقووڵانەیش وەڵامی ڕێبینیدایەوە.. ئەوەبوو بەرلەوەی کۆڕەکە تەواوبێ، ڕێبین چووە سەر شانۆ و داوای لێبوردنی کرد لە کاك مەلا بەختیار و کاك قوباد و زۆر کەسیش لەوێ بوون.. کەچی ئێستا حاشا لەوەیش دەکا ! !

ڕێبین لە لاپەڕە (١٣٨) دا هاتووە بە (١٠) خاڵی دووبارەبوو، کە ئێمە لە ئایندە ژمارە (٦) دا بە وردی ڕونمانکردەوە و ناڕاستی ئەو قسانەمان وەکو ڕۆژی نیوەڕۆ ئاشکراکرد. ئەنجا بزانە خوێنەری ئازیز ئەمجاریش ڕێبین چۆن بێ بەڵگە و سەرچیغانە قسە دەکات و دەڵێ:

نووسینەکەی غەفور خۆی ناسنامەی نوسەریان لە غەفور سەندۆتەوە، ئاخر یەکێك بنووسێ:

١- سیستەمی دایك سالاری سەر بە دەرەبەگایەتی داکەوتووە چۆن دەبێ بە نووسەر.

٢- یەکێ بڵێت تەوتەم و تابۆ چیرۆکە و کورتی بکاتەوە بۆ سێ پەڕە. چۆن دەبێ بە نوسەر.

٣- یەکێ باسی خەتەنەکردن لە تاوانی کوشتنی باوکدا بکات بە چی دەبێ بە نوسەر.

٤- یەکێك چیرۆکێکی کوردی بە نەقڵکردنی حەرفی گریمانەیەکی ئەنترۆپۆلۆگی لەقەڵەم بدات چۆن دەبێ بە نوسەر.

٥- یەکێ بڵێت دایك لە سیستەمی دایك سالاریدا دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە، لەکوێوە دەبێ بە نوسەر.

٦- یەکێك وابزانێت گریمانەی باوکی سەرەتای هەقیقیە و لە غینای تازەدا هەیە. چۆن و بەچی دەبێ بە نوسەر.

٧- یەکێك گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕۆمانێك لەگەڵ شیکردنەوەی ڕۆمانەکەدا تێکەڵ بکات، چۆن و بە چی دەبێ بە نوسەر.

٨- یەکێك نوسیومانە (کانت) کتێبی نیە بە ناوی (ڕەخنە لە فەرمانڕەوایی) لە وەڵامدا بێئەوەی ئامادە بێت یەك چارەکە سەعات بە کتێبخانەکەیدا بگەڕێ و بزانێ ڕاستمان کردوە یان نەء و لەپاش مانگێك زەلیلانە لێمان دەپرسێت بە چیدا زانیوتانە کتێبی وا نیە؟ بە چی و چۆن دەبێ بە نوسەر.

٩- یەکێك بەراوردی چیرۆکێك بە چیرۆکێك دەکات کە نە بینیویەتی و نە خوێندوێتیەوە، چۆن و بەچی دەبێ بە نوسەر.

١٠- یەکێك بنووسێ تەوتەم و تابۆ لە ڕۆمانێکدا ڕەنگیداوەتەوە چۆن دەبێ بە نوسەر بڕایەوە)..

بەرلەوەی وەڵامی ئەو خاڵانە بدەمەوە، قسەیەکی کاك مەلا بەختیار دەهێنمەوە، دیارە دەمێکە ئەم ڕایەی دەربارەی ڕێبین و هاوبیرەکانی هەیە دەبوایە ئەمجارە تۆماری بکردبایە.. دەڵێ: ((بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە کاك (ڕێبین) لەناو هاوڕێیانی (ڕەهەند) دا، لەگەڵ یەك دوو کەسی دیکەیان، لەو روناکبیرانەن، نەك هەر خوێندنەوەیەکی وردیان بۆ مێژوو نییە و لە ڕەخنەگرتندا بابەتی نین، لەوانەیش زیانبەخشتر ماف بە خۆیان دەدەن ڕەخنە لە هەموو لایەك، کەسێك و نوسەرێك بگرن، بەڵام

کە رەخنە لە خۆیان بگیرێ هەڵدەچن و دۆ و دۆشاو بە چەشنێ تێکەڵاو دەکەن کە ئیتر سنووری رەخنەی زانستی و رەخنەی نازانستی ناهێڵن، ئەمەش سەرەتای ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە خەریکە بنچینەکانی ئەودیو بونیادگەریش دەگاتە بنبەست، هەربۆیە هەڵچون و توڕەبون دەبێتە زمانی دیالۆگ. ئەم رەخنەیەی (رێبین) لە (غەفور) لەو بابەتە رەخنانەیە، کە مرۆڤ دەیخوێنێتەوە و لەگەڵ رەوتی رەخنەی کۆنی کوردی بەراوردیان دەکا، بەزەیی بە رەخنەی زانستی دێ،ئایندە ژ- ٧ - لاپەڕە ٥٤-

ئەنجا دێمە سەر ئەوەی بەڕیز بەم خاڵانەی خوارەوە وەڵامی بدەمەوە:

١- ئەی دەبێ دایك سالاری لە دەرەبەگایەتی پێشکەوتووبێ؟!

٢- من هەرگیز تەوتەم و تابۆم کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو ئەو سێ خاڵەی نووسینەکەی (گۆدۆڵێ) م هێناوەتەوە لە باسەکەی بە ناوی (کوشتنی باوك یان قوربانی سێکسی) کە لە ژمارە (١٠) گۆڤاری (النهج) بڵاوبووەتەوە.

٣- من بەهەڵە وشەی (خەتەنە)م بەکارهێناوە لەجیاتی خەساندن، بەڵام لە ژمارە (٦) ی ئایندە داوای لێبوردنم لە خوێنەر کردبوو. کەچی رێبین خۆی هەڵە دەکا بە کیلۆ و داوای لێبوردنیش ناکات!

٤- من هەرگیز نەمووتووە کە چیرۆکی (حەسار) نەقڵی حەرفی گریمانەکەی فرۆیدە، ئەمە هەڵبەستەی خۆیەتی، بگرە من وتوومە لەوەوە وەرگیراوە بێئەوەی نوسەرکەی ئاماژەی پێبکات هەروەکو بەرزان فەرەجیش دەڵێ لە دنیای فرۆیدەوەیە بە هەندێ جیاوازیەوە.

٥- من هەرگیز نەمووتووە دایک لە سیستمی دایکسالاری دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە، بەڵکو وتوومە باوک لە باوکسالاریدا دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە ئەمەیش قسەییێکی (گۆدۆڵیێ)یە و بەبەڵگەش لە ژمارە (٦) ی ئایندەدا هێناومەتەوە کەچی (رێبین) بە عەمدی ناچێتەوە سەری بۆئەوەی سەر لە خوێنەر تێك بدات..

٦- من هەرگیز نەمووتووە گریمانەی باوکی سەرەتایی لە غینیای تازەدا هەیە، بەڵام قسەکەی (گۆدۆڵیێ) م هێناوەتەوە کە دەڵێ باوك دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە لەو کۆمەڵگایەدا. خوێنەر دەتوانێ بچێتەوە سەر ئەو دیمانەیەی (گۆدۆڵیێ) لە ژمارە (١٦) ی گۆڤاری (النهج).

٧- ئەی باشە وەرگرتن چۆن دەبێ؟ یان وەرگرتن و گواستنەوەی حەرفی ئەوەیە کە تەرجەمەی حەرفی دەقێکی دیکە بێ؟

٨- باشە (رێبین) بەڵگەی چیە کە (کانت) ئەو کتێبەی نیە؟ یان سەیر و سەمەرە قسان دەکات کە دەڵێ و وادەزانێ من خاوەنی کتێبخانەیەکم وەکو کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا. (رێبین) راست دەکا ئەو کتێبە لە کتێبخانەکەی مندا نیە، چونکی ئەسڵەن من کتێبخانەم نیە لەبەرئەوەی کەرکوکیم و هێندە دەربەدەر کراوم تەنانەتماڵێکی ئەوتۆشم نیە نەخوازەڵا کتێبخانە..!!

٩- نازانم چۆن یەکێ چیرۆکێك بەراورد دەکا ئەگەر نەیخوێندبێتەوە؟ ئێ باشە هەر خۆی ئەوە دەڵێ کە مەرج نیە کتێبێك بخوێنیتەوە ئەوجا باسی بکەی، ئەگەر عەرزەکەشی بخوێنێتەوە هەر باسی بۆ دەکرێ. کاتێ من پوختەی چیرۆکێکی کوردی واش هەیە ئیدی بۆ بۆم نەبێ قسەی لەسەر بکەم؟! ئەم رێبینە هێشتا قەناعەتی هێندە سەلەفیە پێی وایە گواستنەوە دەبێ تەرجەمەی حەرفی بێت!!

١٠-بۆ ئەم خاڵەیش با هەر خوێنەر بگەڕێتەوە سەر گۆڤاری گەلاوێژی نوی ژمارە (١٥) بۆی دەردەکەوێ کە چۆن تەوتەم و تابۆ لە ڕۆمانی (پیاوی لم) دا ڕەنگیداوەتەوە یان گریمانەکەی فرۆید..

یان بزانن (ڕێبین) چی دەڵێ: (من بە زۆر غەفورم نەکردوە بە نەخوێندەوار بەڵکو پانۆرامای هەڵە و کفرە فکریەکانی خۆی نەخوێندەواری ئاشکرا کردوە..)!! یان ئەم باڵۆرەیە وەکو (ڕاستیەکانی دیکە) ی هەر دووبارەی دەکاتەوە کە دەڵێ: (من گووتوومە گۆران سەلەفیە) ئەی ئەم قسەیەی لە گۆڤاری (ئێستا) ژمارە (١٦) چی دەگەیەنێ کە دەڵێ: (بە ڕاستی نالی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و گۆران و دەیان ناوی دی چیان لێهاتووە و لە کوێن، جگە کۆمەڵێك تارمایی و چەند کتێبێکی تۆزگرتوو چیان لێماوەتەوە). (گۆران) ێك بووبێتە تارمایی و کتێبی تۆزگرتووی لێمابێتەوە، ئەگەر واتای سەلەفی نەبێ ئەی واتای چی دەبێ؟ دەبێ (ڕێبین) نەزانێ وشەی (سەلەفی) چیە بۆیە ئەو قسەیە دوپات دەکاتەوە!! یان ئەمەیش لێرەدا دووبارەدەکاتەوە: (غەفور دەڵێت من کەوتوومەتە زەمکردنی شێرکۆ بێکەس و بە سەلەفیم داناوە) لاپەڕە ١٣٣. ئێ با بزانین لە ژمارە (١٦) ی گۆڤاری (ئێستا) ڕێبین چی دەڵێ: (بەڵام شێرکۆ بێکەس لە هەموو کەسێك زیاتر دەبێت ئەو ڕاستیە بزانێت کە نەوەیەکی تازەش هەیە هەر لە سەرەتاوە بە ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕادیکاڵانە بەرامبەر ئەو میراتە لە ئیفلیجیە دەستیپێکرد). دەڵێ (ئەو میراتە لە ئیفلیجیە)! بێگومان مەبەستی لە میراتی شێرکۆ بێکەس،هاوچەرخەکانیەتی چونکی شێرکۆ بێکەس ئاگادار دەکاتەوە، کە دەبێ لە هەموو کەسێك زیاتر ئەو ڕاستیە بزانێ.. یان دەڵێ: (ئەگەر غەفور زیاد لە جارێك بەرۆکی پێنەگرتینایە و خەڵکانیشی بە خۆی سەرسام نەکردایە) لاپەڕە ١٣٩.

کەچی هەر لە دێڕەکانی یەکەمی ئەو نووسنەیدا دەڵێ (غەفور و نووسینەکانی نەبوو کە هانیداین وەڵامی بوختان نامەکانی بدەینەوە) لاپەڕە ١٠٥.

یان دەڵێ: (بەڵام لە دوای راپەڕین و ئازادی لەبەر نەبوونی سانسۆر پاشاگەردانی هەیە) ئەمە قسەی غەفورە کاک مەلا بەختیار نەك هی من).. من تا ئێستاش داکۆکی لەو قسەیەی خۆم دەکەم و بانگەشەیشی بۆ دەکەم. چونکی ئەگەر سانسۆر هەبووایە ئەم پاشاگەردانیەی رێبین و هاوتەمەنەکانی نەدەبوو، بەبێ سەرکۆنەکردن و رەقیب بە کەیفی و ماشای خۆی جنێوی بازاڕی بە خەڵکی بدات. ئەو رژێمی بەعسەی کە ئەو ئیدیعا دەکا دژی بووەوە و دژایەتی دەکا و منیش بەوە لەقەڵەم دەدا کە سەر بەو رژێمەم!! راستە رژێمی بەعس ئەوەی بۆنی کوردایەتی و هاندانی کوردایەتی تیا بووایە رێگای لێدەگرت. بەڵام دەزگایەکی رەقابەی هەبوو نەیدەهێشت کەس قسەی سووك و جنێو دژ بە کەسێکی دیکە بڵاوکاتەوە لە بڵاوکراوەکانی ئەودا. وەلێ ئێمە ئێستاش لە کاری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پابەندی زۆر یاسای ئەو دەسەڵاتەین (دەسەڵاتی عێراق) کە بەعس سەروەریەتی و لەسەرمان فەرزکراوە وەکو دەسەڵات بەگوێرەی یاساکانی ئەوان رەفتار بکەین چونکی ئێمە تا ئێستا بەشێکین لەو دەسەڵاتە عێراقیە خۆشمان بێ و تریشمان بێ هەر پێشمان دەڵێن (شمال العراق)، دەسا ئەگەر هاتوو کەسێك داوای ئەوەی کرد کە لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوبەریەتیەك هەبێ بەناوی رەقابەی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئەوە دەبێ (رێبین) یەکسەر بێ و بڵێت ئەو کابرایە بەعسیانە بیردەکاتەوە، یان ئەو کەسە خەمخۆری

ڕەوشی کـەلتور و ڕۆشـنبیری کوردی‌یـە، بۆئـەوەی خلـّت و خەوشـی تیـا نەکـەوێ و، نەبێتـە بـازاڕێکی بـەربڵاو. هەرکەسـێك بێـت و ئەگـەر پـارەی هەبوو کتێبێ بنووسێ و بـەبێ ڕەقابـەیش چـاپی دەکـا و سـوکایەتی بـە ڕۆشنبیران و داهێنەرانی کورد بکات.

١- باشە (ڕێبین) کاتێ من لە گۆڤاری ئایندە ژمـارە (٦) دا هـەموو ئـەو قسە هەڵبەستە و هەڵە و پەلاانەی ژمارە (٥) ی ئایندە م لنگەوقووچ کردنەوە بە (٣٢) لاپەڕە، بۆ باسی ئەو (٣٢) لاپەڕەیەی نەکردووە و هاتووە نووسینی پێشووی دووبارەکردووەتەوە؟!

٢- ڕێبـین ئەگـەر (٢٨٠) پـەرەگراف جنێـو بکاتـە وەلام و بڵێـی ئەمانـە کەی جنێون، ئیـدی یـەکێکی وا ئیدیعـای چ پرۆژەیـەکی ڕۆشـنبیری دەکات؟!

٣- ئەگـەر حاڵیبووبـێ کـە پـتر لـە شـەش ملیـار مرۆڤ و چـل ملیـۆن کوردیش دەزانن ژێرخان و سەرخان چیە، دەبێ چۆن پۆسـتمۆدێرن و ئەنترۆپۆلۆژیەك بێ؟!

٤- ئەگەر (ڕێبین) بڵـێ نۆڤلێتـی (حەسـار) کوشـتنی بـاوکی تیـا نیـە و هاوڕێکانی بڵێین تیایـەتی، ئیـدی چـۆن خـەڵکی دیکـە بـە سـەلەفی لەقەڵەم دەدات؟!

٥- (ڕێبین) بڵێ ڕۆمانی (پیاوی لم)کەی کوشتنی باوکی تیایە، کـەچی هـەر کتێبـی (أدب الفنتازیـا) ئـەو ئیدیعایـەی هەڵدەتـەکێنێ. ئیـدی چۆن دەتوانن کەلەپوری کورد بخوێننەوە؟!

٦- ڕێبین کاتێ من باسی ئەدەبی رووسی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەم ئەو هاتووە باسی ڕەوشی سیاسی روسیا دەکات لە سەردەمی ستالین.

٧- ئەگەر (ڕێبین)، (زەکەریا تامر) بکات بە (فازڵ سامر) ئیدی چۆن دەبێ بە ڕەخنەگر و باحیس و چۆن پرۆژەی ڕۆشنبیری پێیە؟!

٨- (ڕێبین) کە خەڵکی سلێمانیە و بشڵێ گۆڤاری (ڕوانگە) دوو ژمارەی لە سلێمانی دەرچووە، کەچی ئەو دوو ژمارەیش مادەکانیلە بەغدا ئامادەدەکران و لە (نەجەف) چاپ دەکران. ئیدی چۆن دەبێ بە ڕەخنەگر و مێژووی کوردیش دەخوێنێتەوە؟!

٩- ئەگەر (ڕێبین) یێك بڵێ مەرج نیە کتێبێك بخوێنیتەوە تا قسەی لەسەر بکەی بەڵکو عەرزی کتێبەکە بخوێنیتەوە، ئیدی سەقافەتی پێیە و خەڵکیش بە نەخوێنەوار لەقەڵەم دەدات؟!

١٠- یان (ڕێبین) دەڵێ دەبێ چاو لە بەڵگەکان بپۆشرێ سوور بێ لەسەر قسەی خۆی! ئەمەیان چ مەنتیقێکە؟!

١١- ئەگەر (ڕێبین) قسەی هاوبیرەکانی خۆی بەهەڵە نەقڵ کات، (مەریوان) بڵێ سیستمی بورهان سیستمێکی یونانیە، کەچی ڕێبین دەڵێ مەریوان دەڵێ بورهان سیستمێکی سەددەرسەد عەرەبیە. ئیدی چۆن دەبێ بە بیریاری زەمنی کوردی؟

١٢- ئەگەر (ڕێبین) وا لە باوکی کوردی گەیشتبێ کە بڵێ مەلا مستەفا باوکی کورد بوو، حیزب و سەرکردەکانی دیکە ویستیان بیکوژن، ئاوها قوڕی کردوە بەسەر (گۆدۆڵێ) ی نەگبەتدا.

سەعدی ئیبراهیم و ڕێبین هەردی
دوو دیوی یەك دراون!!

باشە کاکی (سەعدی) دوای ئەو هەموو ڕاستیانە لەبارەی ڕێبینەوە بۆت ساغ بووە کە کێ بە نەزانی بەرد فڕێدەداتە بیرەوە؟! هەر لە هەمان ژمارەی ئاییندە (٨ و ٩) سەعدی ئیبراهیم ناوێك کە بە هەموو قسە و لەفز و بوختانەکاندا دیاردەکەوێ کە لەگەڵ (ڕێبین هەردی) دوو دیوی یەك دراون. باسەکەی بە ناوی (غەفور و شارلۆك هۆڵمز و ...)، کۆمەڵێ قسەی بێسەروبەر و بێ سەرچاوە و بێبەڵگەی کردوە کە ئێمە لێرەدا ڕاستیەکان دەخەینە بەرچاوی خوێنەر..

ئەوەی ئەو بابەتە بخوێنێتەوە ئەگەر کاتی خۆی تەواو قەناعەتی بە قسەکانی من نەهێنابێ، ئەوا لە قسەکانی ئەمدا قەناعەت دەهێنێ بە ئەوەی من وتوومە. جارێ ناونیشانەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە (شارلۆك هۆڵمز) ئەوانە کەشف دەکات کە کورد دەڵێ: (کل لە چاوان دەدزن: و موحەقیقی ئاسایی کەشفیان ناکات، جگە کەسانی (شارلۆك هۆڵمز) ئاسا نەبێ. بەڕاستی ویستم وەڵامی ئەم نووسینە نەدەمەوە، چونکی سەرپاکی خۆی لە خۆیدا مەهزەلەیەکی گەورەیە. وەلێ بۆئەوەی بە چەند خاڵێك ئەم مەهزەلەیە و ماهیەتی نوسەرکەی ئاشکراکەم.. نووسنیەکەی ریزکردنی پرسیاری یەك لەدوای یەکە و قسە رەقەکانی ئەم (سەعدی) ناوەش دەکەمە لیستێك و چەند جاریش ناوی غەفور و غەفور ساڵحی هێناوە، وەکو نووسینەکەی ژمارە (٥) ی ئاینده (کاتێ غەفور دەبێتە چاوساغیان). نووسینەکەی پڕیەتی لە حوکمی سەرپێی و عەشایەری.. ئەم (سەعدی) ناوەیش (١٤١) جار ناوی غەفور و غەفور ساڵحی هێناوە وەکو لە پێشەکی ئەم کتێبەدا لە سەلماندنەکانی ڕێبین هەردی لە ژمارە

(٨ و ٩) گۆڤاری (ئایندە) لە لیستەکەدا لە ژمارە (٢٤)ەوەیە تا ژمارە (٧٨)..

نازانم ئەم برادەرە جنێوفرۆشەیش (کاکی سەعدی) بە زمانەکەی بە خەڵکی کوردستانی ئێران دەچێ، ئەدی بۆ نەهاتووە وەڵامی نووسینەکەی هاووڵاتی خۆی (عەتای نەهایی) بداتەوە دەربارەی ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) لە ژمارە (٢٧) ی (رامان) نووسیویەتی و هیچی بۆ بەختیار عەلی نەهێشتۆتەوە و تەنانەت دەڵێ زمانەکەیشی زمانی (پاییزی بەتریریك) ە.دیسان بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی کە سەعدی ئیبراهیم و ڕێبین هەردی دو دیوی یەك دراون، یان ناوێکی خواستراوە و هیچ بوونێکی نیە، نە لە ئەڵمانیا و نە لە کوردستانیش. چونکی ئەم رستانەی خوارەوە کە لەو نووسینەی ڕێبین دا هەیە بۆ وەڵامدانەوەی کاك مەلا بەختیار لە هەمان ئەو نووسینەشدا هەیە بەناوی ·غەفور و شارلۆك و هۆلمز و...) لە هەمان دوا ژمارەی گۆڤاری ئایندە (٨ و ٩):

نووسینەکەی ڕێبین	نووسینەکەی سەعدی
١- بەمە بڵێم چی؟ ئازادی بیرورا؟	تیتیلی ئازادی بیرورا قبوڵ بکەین.
٢- ئەمە ئازادی بیروڕا و مومارەسەکردنی دیموکراسیە؟ یان درۆکردن و بێشەرمی.	دەکرێ بەم درۆیە بڵێین ئازادی بیروڕا.
٣- ئەمە ناوبنێم چی؟ سەردەمی دیموکراسیەت؟ یان سەردەمی درۆکردن.	دەکرێ ئەم بیروڕا ئاوەژووکردنەوە و شێوانە بە ئازادی بیروڕا وەخەینەروو.
٤- بەمە بڵێم چی دیموکراسی هەیە و بیرورای ئازاد.	موبارەکی ئازادی بیرورا ئەو هەوڵانەش بەناوی ئازادی بیرورا.

دیارە ئەمانە وا تێگەیشتوون ئەگەر ئازادی بیروڕا و دیموکراسیەت هەبوو نابێ بە کەس بڵێین چاوت کلی پێوەیە ئەگەر هاتوو هەڵەیشی کرد، یان نابێ پێیان بڵێی ئێوە بەرهەم و بۆچوونی خەڵکی دەگوێزنەوە بۆ نێو رۆشنبیری کوردی هەروەکو (بەختیار عەلی) دەڵێ. ئەگەر پێیان بڵێی ئەوا بە درۆزن و شێواندنی ئازادی بیروڕا لەقەڵەمت دەدەن، کەچی خۆیان جنێو دەدەن بەو حیزبەی دەسەڵاتی هەیە لە ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردستان و کۆڕ و کۆبوونەوە دەبەستن دژی و کەس هیچیان پێناڵێ و هێشتا دەڵێن ئازادی بیروڕا و دیموکراسی نیە..!!

ئەم (سەعدی) ناوە لە سەرەتای نووسنەکەیدا وا دەڵێ: ((راستە کاک (ڕێبین) چی ئەوتۆی بۆ غەفوور نەهێشتۆتەوە)!!. راستە چونکی کاک ڕێبین (٢٨٠) پەرەگراف جنێوی بۆ ریزکردم.. یان دەڵێ: (تۆ ڕۆمیۆت لە جولێت بۆ جیاناکرێتەوە، پاشا لیر لە لیبۆکەکەی جیانەکەیتەوە، لاست لە خەزاڵ بۆ هەلاوێر نەکرێ)).

باشە ئەمانە قسەی (رەخنەگرە؟) دیارە کاکە سەعدی هێندە لە ڕۆمانەکەی بەختیار گەیشتووە بۆیە (پاییزی بەترییك) بە ڕۆمیۆ لەقەڵەم دەدات و (جۆلێت) یش بە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم). ئەم نوسەرە تەنزئامێزە وەها لێی تێکچووە دەڵێ: (ئەدی چلۆن تۆ تەوتەم و تابۆ بە ڕۆمان حاڵی بوو بیت).. نازانم ئەم قسەیەی لەکوێوە هێناوە، دواجار من کەی وتوومە تەوتەم و تابۆ ڕۆمانە؟ کاکی سەعدی حەزم دەکرد ئەو رستەیەت بهێنایەتەوە کە من تەوتەم و تابۆ بە ڕۆمان حاڵی بووم، دیارە جەنابتان نازانن (تەوتەم و تابۆ) چیە وەکو کابرایەکی کشاوەرزی هاتووی بە لەهجەی موکریان قسان دەکەی. یان نازانم ئەم برایە ئەم قسانەی چی

دەگەیەنن یان شیکردنەوەی چ فەلسەفەیەکە. هەر کە دەڵێ: (یەکێ وتی راسکۆ لینکۆف پیرەژنی نەکوشتووە، پیرەژن راسکۆلینکۆفی کوشتووە، وتی ماکبێث پاشای نەکوشتووە، پادشا ماکبثی کوشتووە؟). نازانم لە شانۆگەری ماکبێث مەبەستی کام پادشایە؟ ئەمە چ لێکۆڵینەوە و رەخنەیەکە خوێنەری ئازیز. یان ئەم قسەیەی کاک (سەعدی) کە ئێژێ: (من لەبەر رۆشنایی خوێندنەوەی رۆمانەکاندا دەکرێ بێمە قسان و بڵێم هەرچیەك لەسەر مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانە بەقەڵەمی غەفوور ساڵحی هاتووە لە عومومی بەدواداچوونەکانیا پەیوەندیان بە رۆمانەکانەوە نیە).ئەنجاش دەڵێ: (با لە کورتی بیبڕمەوە ئەو هەموو ئیشتیباهەی غەفوور نووسیتی و واقیعەن عەکسی رۆمانەکەن).

نازانم چۆن و بە چ دەلالەتێك؟ زۆر گەڕام لە نووسینەکەیدا دەلالەتێکی واقیعی بۆ ئەم ئیدیعا گەرەوەیی بدۆزمەوە، وەلێ مەخابن..!! یان لێرەدا چی دەڵێ و دیاریش دەکەوێ کە چەند ئاگای لە ئەدەب و ئەدەبی رۆماننووسین هەیە کە دەڵێ: (دەبێت لە پاریسدا کۆمەڵێك قەمووری نۆتەردام هەبن تاقە مووری نۆتەردام ببێتە پاریسی).. دیارە ئەم قەتاوقەت بەسەرهاتی نوسەرانی دنیا و رۆماننوسانی دنیای نەخوێندوەتەوە، کە ئەو قارەمانانەی دروستیان دەکەن رەنگدانەوەی کەسانێکە بەچاوی خۆیان دیویانە، بۆ نموونە سومەرست مۆم دەڵێ؛ ئەو پاڵەوانەی دروستی دەکەم بە تەئکید لە شوێنێکی دیکە لەمەوبەر دیومە. یان ئەو شوێنەی باسی دەکەم لە شوێنێکی دیکە هەبووە.. بڕۆ بەسەرهاتی دۆستۆیفسکی بخوێنەوە کە چۆن قارەمانەکانی دروست کردوە، هەمەنگوای بخوێنەوە، چیخۆف بخوێنەوە، مارکیز بخوێنەوە کە دەڵێ پیرەژن و پیرەمێردەکەی رۆمانی (خۆشەویستی لە زەمەنی

کولێرە) دا کەسایەتی داپیرە و باپیرەی خۆمن، برۆ سادق هیدایەت بخوێنەوە، برۆ مەکسیم گۆرکی بخوێنەوە کە چۆن زۆربەی رۆمانەکانی لە ژیانی خۆیەوە هەڵهێنجاوە، ئەوسا بزانە قسەکانی خۆت چەند لە راستیەوە دوورن! ! یان (سەعدی) دەڵێ: (لە واقیعدا لە دووی ئۆلیسۆس و ئۆدیب و سیزیف بگەڕێین).. بەڵام من پێت دەڵێم کە هەرگیز ئەمانە لە واقیع نادۆزیتەوە برادەری عازیز، چونکی ئەمانە ئەفسانەن و هۆمیرۆس و سوفۆکلێس دایانڕشتوەتەوە، سیزیف پاڵەوانێکی ئەفسانەییە و رەمزی بێهوودەیی مرۆڤ دەگەیەنێ. ئەمەیش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو کاک (سەعدی)یە ئەدەبی واقیعی و ئەفسانە تێکەڵ دەکات و سەروبنیان نازانێ! یان قسەیەکی ئێجگار سەیر و بێ ئەسڵ دەکا و دەڵێ: (واقیع لاسایی ئەدەب دەکاتەوە نەوەکی ئەدەب لاساییکەرەوەی واقیع بێت).! ! پەحا، نازانم ئەم قسەیەی لە قووتووی چ عەتارێکەوە هێناوەیەتی؟ یان هی چ رەخنەگر و ئەدیبێکە؟! باشە کام واقیعە کە لاسایی ئەدەب دەکاتەوە؟ تۆ بڵێی ئەو هەموو شەڕو کوشتار و جەنگانەی لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا روویان داوە دەبێ لاسایی کەرەوەی رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) تۆلستۆی بن؟ یان ئەو ملیۆنان چیرۆکی خۆشەویستیەی کە لە سەرەتای مێژووەوە روویان داوە تۆ بڵێی لاساییکەرەوەی (رۆمیۆ و جۆلێت) ی شەکسپیر بن؟ باشە ئەم بۆ ناوی یەکێك لەو ئەدیبانەی نەهێناوەتەوە بۆ پاڵپشتی ئەم قسەیە کە دەڵێ: (دەشێ لیستی ناویان دابەزێنین). ئێ من چیبکەم (سەعدی) کە چیرۆکی (ئەرەندێرای خەمبار و داپیرە شەیتانیەکەی) مارکیزی نەخوێندبێتەوە، تا بزانێ خاڵی جیاوازی و خاڵی لەیەکچوونی نێوان ئەو داپیرەیە و داپیرەی نێو رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) چیە؟ یان بزانە کێ قەشمەری بە را و بۆچوون دەکات یان ئەم قسە عاجباتیە دەکات و

دەڵێ: (کەچی پیرەژنی ڕۆمانی موکری، کە دار و بەردان نەماوە کۆشی لە بنیاندا هەڵنەداوەتەوە). نازانین ئەم برادەرە مەبەستی کام پیرەژن و کام ڕۆمانی موکرییە؟ ئەگەر مەبەستی ڕۆمانی (ئەژدیها) ی موکری بێ، موکری چیرۆکی واقیعمان بۆ نانووسێتەوە، بگرە سەرجەم ژنەکانی ئەو ڕۆمانە ئەفسانەین و خەیاڵی موکری دروستی کردون.. یان دەڵێ: (غەفور نووسیویەتی کاتێ سەرهەنگ دەمرێ دەرگای کۆشکەکان دەکرێنەوە بەدەردی بەتریریك لە ڕۆمانی پاییزی پەتریریك). ئێ باشە من چیبکەم ئەم کاك سەعدیە (پاییزی بەتریریك) ی نەخوێندوەتەوە! یان ئەم حوکمە چەواشەکاریە کە دەڵێ: (لە کۆشکەکەی بەختیاردا سەرهەنگێك نیە تا بمرێ) ئەی باشە (سەرهەنگ بەردی) کێیە کە لە ڕۆمانەکەدا وایە؟ بێگومان ئەم جۆرە حوکمانە لە قسەی کاك (ڕێبین) دەچن. دواجار باشە بەختیار عەلی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە تا کۆشکی هەبێ؟ ئێ باشە هەر خۆی لە دوای چەند پەرەگرافێك خۆی بە درۆدەخاتەوە کە دەڵێ: (لەپێش دەمی دەرگای ژوورەکەی سەرهەنگ بەدریا قووتبووەوە). سەعدی من دڵنیام کە تۆ نازانی ڕۆمانی (تیریزا پاتیستا) هی کێیە و نوسەرەکەی خەڵکی چ وڵاتێکە، بەڵام دەشێ دوای ئەم قسەیە لە خەڵکی بپرسی و بزانی و وەڵامیش بدەیتەوە!! ئەگەر نوسەرێکی ئاوها نەزانێ (دیوی مێینە) واتای چیە دەبێ چاوەڕێی چی لێ بکەی و چلۆن قسەکانی بسەلمێنێ و چلۆن ئیفترازەکانیت پێ قبووڵ بن هەی خودا عافووت کا؟! ئەم (نوسەرە) هێشتا کشاوەرزیە بۆیە هەموو کەرەسەکانی کشاوەرزین وەکو (هەگبە و هەمبانە).. یان لە شوێنێکی دیکەی ئەو (نووسینە) دا دەڵێ: (غەغوور دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەترەوە پارچەیەکی لە ڕۆمانی مەرگی تاقانەی هێناوە و سەددەرسەد بەدرییە لەگەڵ سەرەکی دادگا لەویادا (سەرهەنگ بەدری) دەڵێ کە خودا ژنانی وەکی مونیرەی بۆیە

دروست کردوە، تا بەرگری لە شەرەفی ئێمەش بکەن). جا منیش وتوومە: (مونیرەی تورکیش دیسان کەسایەتیەکە وەکو (کاترینای بێوەژن لە ڕۆمانی (مەسیح سەرلەنوێ لە خاچ دەدرێ) ی کازانتزاکی، دیسان ئەم دەستەواژە و قسەیەش سەبارەت بەو بێوەژنە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە کانزانتزاکیش لە زمانی یەکێك لە پاڵەوانەکان دەڵێ: (بوونی سۆزانیەك لە دێیەکدا شەرەفی ژنان دەپارێزێ و لاوان لەبەردەرگاکانیان دووردەخاتەوە). باشە من چی بڵێم ئەو ڕۆمانەی نەخوێندوەتەوە و ئەو حوکمە کوێرانە و ئەو پاساوە بۆ سەرهەنگ بەدری و ڕۆماننووس دەهێنێتەوە؟! منیش قسەیەکی کشاوەرزی دەکەم بۆ وەرامی ئەم (کاکە سەعدی)یە، کە دەڵێ: کورد بدوێنە شەرحی خۆی دەکا، حەتمەن ئەمیش ئاوهای وەسەرهاتیە کە دەڵێ: (چاترین شت ئەوەیە خێرا قسانت بکە، بە کەمترین رستە و کەمترین وشە، چونکە هێندە قسەتکرد ئیحتیمالیەتی کەشفبوونی ئیدیعاکانت زیادترە)!! بۆ بەڵگەیش بزانین کێ ئەم قسەیەی خۆی بەسەردا دەسەپێ. من لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (١٥) ڕێك (١٦) لاپەڕەم نووسیوە لەسەر ڕەهەندخوازان، وەلێ نووسینەکەی ئەو برادەرە لە (ئایندە) ژمارە (٨ و ٩) دا، (٢١) بیست و یەك لاپەڕەی نووسیوە!! (١٦) لاپەڕەکەی من بە بەڵگەوەیە، وەلێ (٢١) لاپەڕەکەی ئەو هیچ بەڵگەیەکی نیە!! یان لە شوێنێکی دیکە ئەمە دەڵێ: (دیارە ئەگەر کەمێك تەنویرمان هەبێ هەر تێکستێك لەم دونیایەدا بخوێنینەوە کۆمەڵێك تێکستی دیمان وە یادا دەهێنێتەوە..)!! باشە کاتێ ئەم قسەیە دەکا مەبەستی ئەوەیە دیفاع لە بەختیار عەلی بکا، یان هێندەی دیکە قسەکەی بەسەرابسەپێنێ کە ئەو ڕۆمانەی وەرگێڕاوە!!

دیارە ئەگەر (پاییزی بەتریریك) بخوێنینەوە (مەرگی تاقانەی دووەم) مان وەیادا دەهێنێتەوە؟! وەلێ ئەگەر سەرجەم ڕۆمانەکانی

دۆستۆیفسکی بخوێنیتەوە کام لە ڕۆمانەکانی دیکەی دنیات وەیادا دەهێنینەوە؟! یان کام یەکێ لە ڕۆمانەکانی (فۆکنەر) ڕۆمانی دیکەت وەیادا دەهێنینەوە؟! باشە زۆر دوور نەڕۆین کە ڕۆمانی (کاتژمێری بیست و پێنج) ی (کۆنستانتان جۆرجیۆ) ت خوێندەوە چ ڕۆمانێکی دیکەی ئاوها دانسقە و دەگمەنت وەیادا دەهێنێتەوە؟! یان ئەم تەفسیرە سەیرەی کە دەڵێ: (عەشق لای لۆرانس واتە سێکس لەکاتێکدا عەشق لە ئێوارەی پەروانە تەواوی مانایەکی سۆفی و ڕۆحی هەیە). عەشق یان خۆشەویستی تەنها بۆ خوداوەندن یان ئەشقێکی ئیلاهی سۆفی یان ڕۆحی دەبێو ئەگینا خۆشەویستی نێوان نێر و مێ مەغزایەکی سێکسی سەددەرسەدی هەیە، بۆیە دەشێ سێکس لەلای (لۆرانس) مەغزایەکی سۆفی هەبێ وەلێ لە ئێوارەی پەروانە بەپێچەوانەوەیە، ئەوەیشی (ئێوارەی پەروانە) بخوێنێتەوە نەك وەکو ئەم برادەرە سەرچیغانە بخوێنێتەوە..!! یان ئەم حوکمە سەرچیغیە کە دەڵێ: (بەختیار کە جیهانەکەی هەزار فرسەخ لە لۆرانس دوورە..)!!

بە چ بەڵگەیەك ئەم قسەیە دەسەلمێنێ، ڕاست دەکا کوردستان بە هەزار فرسەخ پتر لە بەریتانیاوە دوورە!! یان بەم قسەیە ماهیەتی خۆی ئاشکرا دەکات کە دەڵێ: (چونکە ئەز ڕۆمانەکەی سەلیمم نەخوێندوەتەوە و باس لە چی دەکا بەلام گومانم هەیە غەفوور ڕاستبکا)..!! بەلام قەت گومانت نەبێ (کاك سەعدی) بە خوا ڕاست دەکەم! ڕۆمانەکەبە عەرەبیەکەی ناوی (فقهاء الظلام) ە و بەکوردی (زانایانی تاریکی)ە ژمارە (١٩) گۆڤاری کەلاوێژینویش بخوێنەوە کە فایلێکی تیایە لەسەر سەلیم بەرەکات بەندەش لێکۆڵینەوەیەکی هەیە لەسەر ئەو ڕۆمانە.. ئیدی نازانم چی لە (بەماریفەتیکی) وەکو تۆ بکەم کە

ئەم جنێوە بازاڕیە تۆمار دەکەی: (بەڵام ئەم ترسنۆکییەی غەفوور لەوەی دەقەکان بخاتە بەرامبەر یەك).. عەرەب دەمێکە وتوویە: (کاسە چی تیا بێ ئەوەی لێ دەڕژێ). یان ئێژێ: (بێ ئەوەی تێکستەکەی محمد خضیر و تاهیر بن جەلون بهێنێ)!! جارێ کەس داخوازی وای دیوە کە من بچم ڕۆمانێك بکەم بەکوردی و لەگەڵ چیرۆکێکی درێژدا بەراوردی بکەم تا بە کاکی سەعدی بسەلمێنم ئەمە تا وەرگرتنەکەی بەختیار عەلی! ئەمە لە کام ڕەخنەی دنیا هەبووە، نە لە ئێران و نە لە توران و نە لە ئەڵمانیاش شتی وا نەبووە! یان باشە بڕۆ چیرۆکی (الشفیع) ی محمد خضیر و ڕۆمانی (لیلة القدر) ی طاهر بن جەلون بخوێنەوە ئەگەر عەرەبی زانی، دوای خوێندنەوەشیان تۆسقاڵێك بە ویژدان بە ئەوجا دیمەنە لێکچووەکانت بۆ کەشف دەبن. یان ئەم برادەرە ئاوها لە دزی ئەدەبی گەیشتووە: (دزی ئەوەیە تێکستێك بە حەرفی یان شوبهە حەرفی و تەنیا پاش و پیشخسیتنی ڕستە و وشە دابڕێژێتەوە).. منیش پێت دەڵێم سەردەمی ئەو دزیە زەقە بەسەرچوو، چونکی خوێنەران ئێستا کاغەزی سپی دەخوێننەوە بۆیە دزی وەها ئاشکرا دەکرێ.

سەیری ئەم قسەیەی (کاکە سەعدی) بکەن کە دەڵێ: (موکری وێنەیەکی کوردستانی کێشاوەکە فەرنساوییەك لە ئەهلی جنس بخوێنێتەوە دەڵێ فەرەنسا کەی مەملەکەتە)!! ئەم برادەرە ئێستاش وا تێگەیشتووە کە فەرەنسا ماخورێکی گەورەیە لە دنیا، وەلێ نازانێ ئەگەر مەبەست لە ئازادی بێ لەنێوان نێرو مێدا دەسا هەموو دنیای گرتووەتەوە و هیچ وڵاتێکیش نەبووە بە ماخوور. وەلێ پاڵەوانە ژنەکانی ڕۆمانی (ئەژدیها) ی موکری وەکو ئەفسانە دەیانخاتەبەرچاو، نەك خەڵکانێك هەبن وەکو مونیرەی تورکی و داپیرە دانیشتووی شاری

سلێمانی بن. و دکتاتۆرێکیش وەکو (بەتریریك) لە سلێمانی فەرمانڕەوابێ و کۆشك و تەلاری ئەفسانەیی هەبێ!!

بزانن ئەم (کاك سەعدی)یە چی دەڵێ: (غەفوور مارسیل برۆستی نەخوێندۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەم ڕۆمانە نزیکی دە بەرگی ئەستوورە).. ئەمەیان تەنها قسەی نێو گیرفانە، ئەگەرنا بەچی دەزانێ دە بەرگە و ناوی دەزگای بڵاوکردنەوەکەی نامێنێ، یان ئەگەر ئەو کابرایەکی ئەڵمانیە بە تەئکید ئەو شاکارە کراوە بە ئەڵمانی دەبێ (کاکی سەعدی) ئەگەر ڕاستی کردبایە بۆ پەرچدانەوە م و حەقیقەت شتێکی لەو جۆرەی دەکرد تاوەکو خۆم بەر لە خوێنەران باوەڕم پێی بهاتبا، ئەگەرنا ئەمەیان تەنها قسەی نێو بەرکە و هیچی دی.

ئەم ڕۆمانەی مارسیل برۆست (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا) کراوەتە عەرەبی لەلایەن (ئەلیاس بدیوي) وە لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئیرشادی قەومی‌یە لە دیمەشق بە سێ جەڵد، کۆی هەرسێ جەڵدەکە (١٣٢٩) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە، (ئەندرێ مۆرۆ) پێشەکی بۆ دەقە فەرەنسیەکەی نووسیوە هیچ ئاماژەیەك بەوە نادا کە دە بەرگ بێ تەنانەت وەرگێڕە عەرەبیەکەشی (ئەلیاس بدیوي) هیچ ئاماژەیەك بەوە ناکات. من تەنها زەمانی کوردی وعەرەبی دەزانم نەشم بیستووە کە بە فارسی دە بەرگ بێ. بەرگی یەکەمی بە ناونیشانی (لایەك لە خانووەکانی سووان) بەرگی دووەمیشی دوو بەشە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (لەسێبەری بەهاری کیژان).. (خاتوو سووان)، بەشی دووەم کراوە بە سێ بەشەوە، (شار)، (یەکەم نیشتەجێ لە بالبیك)، (کیژان لەسەر ڕۆخی دەریا).. ئەوەی ئەم (١٣٢٩) لاپەڕەیە بخوێنێتەوە دەبینێ چۆن (ئێوارەی پەروانە) لە زۆر شوێندا کورت کردنەوە و پوختەکردنی ئەو

ڕۆمانەیە. من وتوومە لە ئێوارەی پەروانە (خەندانی چکۆڵە) جێگەی (ڕوایەکەی) برۆستی گرتووەتەوە، لەوێ ناوی سەرنجە (لە گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا) ناوی موبهەمە. ئەگینا ئەم کاکە سەعدی‌یە لە خۆڕایی و بێ بەڵگە و ئیسپات بێ ئەوەی قەناعەت بە کەس بهێنێ. سەیریش لەوەدایە تاوانبارم دەکا بەوە چەمکەکان و قسەکان ئاوەژوو دەکەمەوە، کەچی خۆی لە سەرتاپا ئەو (٢١) لاپەڕەیەدا هەموو ئاوەژووکردن و قسە هەڵبەستنە؛ وادەزانێ خوێنەری کورد لە گوێی گا نوستووە!! زۆر کەیف خۆش دەبووم بە مەنتیق و لۆژیك قسەی بکردبایە و ئەو تەحلیلە سەیرانەی نەکردبایە کە نەك سەر لە خوێنەر تێك دەدا بگرە سەریشی لە خۆی تێکداوە و بەروپاشی قسەکانی خۆیشی نازانێ!! جارێ باسی هەندێ شت دەکا ئەلف و بای چیرۆکە و خوێنەری ئاسایی دەیزانێ! بۆ نموونە دەڵێ: (نازانم و لە ئێوە دەپرسم چیرۆك و کورتە چیرۆك هەنە گەڕانەوەی تیا نەبێ بۆ ڕابردوو!). باشە کاتێ من باسی هەردوو ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) و (ئێوارەی پەروانە) م کردووە، ئیشتباهات و لێکچوونەکانم هێناوەتەوە و باسی هونەری چیرۆکم نەکردوە، تا ئەو پرسیارە سەلەفیە بکات. یان ئەمە پاکانە عەجیبە دەهێنێتەوە و دەڵێ: (ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە، گەر خوێنەر چاوی خۆی کەمەکێك بکاتەوە بڕوانێ دەبینێ مەرگی تاقانەی دووەم سەرتاسەری گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتی کوشتنی ئەشرەف).

بەش بە حاڵی خۆم نەمووتووە وا نیە، ئێستاش سەد جار دەڵێم وایە، باشە ئەگەر تۆێك ڕۆمانی (پاییزی بەتریریك) ت خوێندبێتەوە ئەویش سەرتاسەری گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، هەر لە سەرەتاوە کە بەتریریك دەمرێ و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوی خۆی یان ڕۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری)، وەلێ من چی بکەم کە تۆ بەقەد نووکە دەرزیەك ئیحراج

نابێ لەوەی کە ئەو ڕۆمانەت نەخوێندوەتەوە بۆیە ئەم حوکمە جاهیزانە دەدەی؟! بە قسەی ئینشا و ڕستە و دەستەواژە ریزکردن و هیچی دی ناوریزکردنی ڕۆمان و ڕۆماننووسان ئەوە ناگەیەنێ تۆ خوێندەوارێکی باشی.

هەروەکو لەمەوبەر وتم وەکو عارەب واتەنی

ویستی چاوبڕەژێ کوێری کرد. لێرەدا هاتوو دیفاع لە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی بکات وەلێ قوڕەکەی خەستتر کردوەتەوە، بە تەواوەتی خوێنەر دەگەیەنێتە قەناعەت کە ئەو دوو ڕۆمانە لە چەند ڕۆمانێکی جیهانی نەقڵ کراون. چونکی قسەی خۆی بەسەردا سەپاوە کە دەڵێ: (هێندە قسەتکرد، ئیحتیمالیەتی کەشفبوونی ئیدیاکانت زیادترە).. نازانێ (دارستان) و المصح) دوو جێگان بۆ چاك بوونەوە، بۆ چاك بوونەوەی دەروونی یان چاکبوونەوەی نەخۆشی، ئەوانەی لەسەر مەی زەدە دەبن، دەیانبەن بۆ (المصح) تا لێی ڕزگاریان بێ دیسان ئاووهەوای دارستانیش سازگارە بۆ چاکبوونەوەی هەموو نەخۆشیەك، دەروونی بێ یان جەستەیی بێ، بۆیە تەماشای ئەم پرسیارەی بکەن: (یاران کەستان بینیوە لە بۆ شوێنی ئارام و پشووگە بگەڕێ بچێ بۆ نەخۆشخانە).. جارێ (المصح) پڕ بە پێستی وشەی نەخۆشخانە نیە، وەلێ لە کوردیدا وشەیەکی پڕ پێستی نیە. وتوومە پاڵەوانەکەی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا) دەبرێ بۆ (المصح)، بەڵام لە (ئێوارەی پەروانە) شەباهەتێکی نزیکی بۆ دۆزیوەتەوە (دارستان).. باشە (خەندانی کچۆڵە) باسی ئەو هەمو دەردەداریە دەروونیەی خۆی دەکات ئەمەیان نەخۆش نەبێ چیە. دیارە نەخۆش لەلای ئەم (کاك سەعدی)یە ئەوەیە کەیەی ئازاری هەبێ نەخۆشی جەستەیی هەبێ فەقەت!!

. ئەم پرسیارە پڕ حەماسەتە: (خودایە، ئەم کابرایە چ ڕۆمانێکی خوێندۆتەوە ئێوارەی پەروانە کەنگی و لە کوێندەر ئاهەنگی تیایە لە دارستاندا)؟

ئەمە وەکو ئەو پرسیارەی (ڕێبین) وایە کە دەڵێ کەی تاوانی کوشتنی باوك لە ڕۆمانی (پیاوی ام) دا هەیە ئێمەش بەبەڵگە بۆمان ڕوون کردەوە کە پرسیارەکەی ئەو ئەسڵی نیە و ئەو تێی نەگەیشتووە. بۆ ئەمیش خوێنەر دەکەمە سەرپشك کە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) بخوێنێتەوە.. ئەم قسەیەش دەیسەلمێنێ کە سەعدی ئیبراهیم و ڕێبین هەردی دوو دیوی یەك دراون کە دەڵێ: (دەبووا غەفوور کەمێك خۆی ماندو بکردایە و کەمێ ڕێکی و سیستم و ماقوڵیات بداتە قسەکانی، قورسایی گەمەکەی غەفوور و برادەرەکانی هەمووی لەسەر غەفوورە).. بەوەشدا دەردەکەوێ کە لەهجەی قسەکەی لە موکریانەوە دەگۆڕدرێ بە لەهجەی سلێمانی.. لەوانەیش سەریتر ئەم برادەرە وەها شپرزە بووە لەجیاتی (ئێوارەی پەروانە) نووسیویەتی (ئێوارەی پەپولە). خۆی ڕاستە پەروانە پەپوولە دەگەیەنێ بەڵام پەروانە ناوی پاڵەوانەکەی (ئێوارەی پەروانە) یە کە دەڵێ: (دەتوانن بڵێ، دارستانەکەی ئێوارەی پەپولە لە دارستانی فلانە ڕۆمان و...).. ئەوجا خوێنەری ئازیز بزانە ئەم (سەعدی ئیبراهیم)ە چەند ئاگای لە دونیای ئەدەب و ڕۆمانە و چەند وردەکارە لەم بارەیەوە!!!

ئەم قسەیەش بە قسەیەکی دیکەی ڕێبین دەچێ، سەعدی دەڵێ: (ئاخری قسەیشم ئەوەیە مارکیز کە تاونباریان کرد بە دزینی ملکیادیس وادانێن ملیکادیسم دزیوە، ئەی باقی ڕۆمانەکە چ لێدەکەن؟).

هەر بۆ ئەمانەت و بۆئەوەی راستی قسەکانی بسەلمێنێ دەبووایە بینوسیایە مارکیز ئەم قسەیەی لە چ کتێب و چ چاوپێکەوتنێکدا کردوە، من بەشبەحاڵی خۆم نازانم ئەم قسەیە لە کوێ کردویەتی و ئیدیعاش ناکەم زرۆ ئاگاداری جیهانی مارکیزم. وەلێ دەبوو ئەم برادەرە بە ئەمانەت قسە بکات. (رێبین) یش وەکو لەمەوبەر نووسیمان کە قسەیەك بەدەم لێنینەوە دەکات بێئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەیەك بکات، تەنها قسەیەکی سەرپێیە.. یان ئەم قسە سەرپێی و بێ ئیلتیزامەی بخوێننەوە: (وا فەرز کەین هەموو ئەم قسانەی غەفوور کە هەر کۆڵکە خوێندەواری لە بەردەمیا عارەقی شەرم دەردەدا، هەموو هەقیقەتن، بەڵام رۆمانەکان بکەرە هەزار بەش بەشێك نیە.. جێی خۆیەتی بپرسم ئەی ئەو نۆ سەد و نەوەد و نۆیەی دی بۆ کوێ دەبەێ؟).

جارێ نازانم مەبەستی لە (رۆمانەکان) کامە رۆمانەن، دیاری نەکردوون، یان ئەو دابەش کردنە بە چ پێوەرێك دابەشی کردوە کە ئەوەندە وردەکارە؟! ئەگینا دیار نیە، کامە رۆمان و کامە نۆ سەد و نەوەد و نۆ؟!

بۆیە منیش ئەگەر نەڵێم لە سەدا نەوەد و نۆ، بەڵکو دەڵێم سەردەرسەد، سەعدی ئیبراهیم و رێبین هەردی دوو دیوی یەك دراون.. گەلی برادەرینە ئەگەر نوسەرێك، لە بەیانیەوە باسی - ئێوارەی پەروانە- بکات و لە کۆتایی دا بڵێت - ئێوارەی پەپولە -!!، وەکو ئەوەیش وایە لە ئێوارەوە تا درەنگە شەوێك باسی عەنتەریان کرد، دواجار کابرایەك پرسی (ئەرێ عەنتەر پیاو بوو یان ژن بوو؟) ئیدی ئەم جۆرە (نوسەرانە) بە چ هەقێ دەڵێن فلان خوێنەوارە و فیسار نەخوێنەوارە؟!

پوختەی نووسینەکەی سەعد ئیبراهیم:

١- (٥٦) پەرەگراف جنێو و قسەی رەق کە تەنها لە بازاڕی ئەدەبی دوای راپەڕین پەیابوە و لەسەر دەست دەروێشەکانی رەهەند..

٢- ئاوەژووکردنی ئەو نوسینەی من لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (١٥) و قسە هەڵبزڕکاندن!

٣- ناوریزکردن بێئەوەی هیچ زانیاریەکی هەبێ دەربارەی ئەو ناوانە چ رۆماننوس بن یان رۆمان..!!

٤- یەك بەڵگە چیە لەگەڵ قسەکانی دا نیە تەنها قسە هەڵبەستن نەبێ و بە دوورە لە هەموو بنماکانی ئەدەب و رەخنە و نووسین.

٥- ئەوەی سەرجەم ئەو نووسینە بخوێنێتەوە ئەو نووسینەی من دەسەلمێنێ سەبارەت بە رەهەند خوزاەکان یان رەهەند گەراییەکان.

٦- ١٤١ جار ناوی غەفور و غەفور ساڵحی دووبارە کردوەتەوە..

٧- زۆربەی نووسینەکانی منی هێناوەتەوە تەنها بە جنێو و قسەی رەق دێتە وەڵام، بێئەوەی قسەیەك بکات لە قسە بچێ.

٨- حوکمی ئەوە دەدات و دەڵێ(هەرچیەك لەسەر لێکچوونی ئێوارەی پەروانە و مارسیل برۆستا نووسیویەتی درۆیە).وەلێ وا لێی تێکچووە و راستیەکانی من شپرزەی کردوە وا دەزانێ مارسیل پرۆست ناوی رۆمانەکەیە نەك ناوی رۆماننوسەکەیە!!

٩- وا خۆی نیشاندەدا کە لە زۆربەی شتەکان تێگەیشتوەکەچی نەهاتووە ئەمە بەبەڵگە بسەلمێنێ و بڵێ ئەمە وا نیە و وایە، کەچی بە پێچەوانەوە هێندەی دیکە تیا کەوتنەکەی زۆر سەخت کردوە.

١٠-یان ئەم ڕستە سەیرەی کە دەڵێ: (تەحەدای غەفووریش دەکەم ڕستەیەك بهێنێتەوە بڵێ ئەمە درۆی پەروانەیە).. جا ئێمە کەی باسی درۆی پەروانەمان کردوە، ئەگەر خوێنەر نووسینەکەی من بخوێنێتەوە دەربارەی (ئێوارەی پەروانە) بۆی دەردەکەوێ کە باسی درۆی پەروانەی تیا نیە و ئەم برادەرە لێی تێکچووە، جیاوازی لەنێوان ڕاستی و درۆدا ناکات!!

١١-گوایە باسی ئەوە دەکا من سێ و چوار نووسینم بڵاوکردوەتەوە و دەڵێ: (یەقینم هەیە کاریوا لە خەونیشا لە دەست و خامەی غەفوور ناوەشێتەوە). ئێ باشە ئەو نووسنیەی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ وا تەنگای گرتوون و ئۆقرەی لێ بڕیون بەدەست و خامەی مامۆستاکانتە؟ یان ئەو وەڵامە گورچك بڕەی ئایندە ژ (٦) بۆ (ڕێبین) بەدەست و خامەی جەنابتانە..؟!

١٢-یان باسی لێپرسراوی دەکا لەبەردەم خوێنەردا، باشە ئەوەی ئەم بیست و یەك لاپەڕە پڕ قسەی هەلەق و مەلەقە بخوێنێتەوە دەگاتە قەناعەت کە کێ ئەو هەستەی نیە. یان دەڵێ دەبوایە حورمەتم بۆئەوی خوێنەر دابنایە، ئەم ئەو خوێنەرەیە کە دەبێ من حورمەتی بۆ دابنێم؟!

ڕێبین ویستی چاو برۆژێ کوێری کرد

لە ژمارە (٤) ی گۆڤاری (ئایندە) دا ڕێبین هەردی نووسینێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (لەتیف هەڵمەت لیۆتارد دەکاتە کوردی) دوای خوێندنەوەی ئەو نوسینە بۆم دەرکەوت کە تاڕادەیەك ئەوەی کاك لەتیف ڕاسترە، بۆیە هەندێ سەرنجم نووسی و دوایی بیستم کاك لەتیف هەڵمەت خۆیشی وەڵامی بۆ نووسیوە، بۆیە ویستم پەشیمان ببمەوە لە بڵاوکردنەوەی‌دا. هەر کە لە وەڵامەکەی کاك لەتیف دیتم ڕاستکردنەوەکانمان جودایە بۆیە بڕیارمدا منیش سەرنجەکانی خۆم بنووسم و هەڵەکانی بۆ ڕاست بکەمەوە دەریبخەم کە لە زمانی عەرەبی چەند کۆڵەوارە..

ڕێبین هاتووە وەکو ئەوەی خۆی عەرەبی زانێکی لێهاتوو بێ هەڵە بۆ کەسانی دیکە ڕاست دەکاتەوە، بەڵام وەکو عەرەب دەڵێ: (رادی یکحلها عماها)، واتا ویستی چاوبرۆژێ کوێری کرد.. من لێرەدا تەنها پەرەگرافە عەرەبیەکانم وەرگێڕاوە و لەگەڵ ڕاستکردنەوەکانی ڕێبین دەهێنمەوە. ئەوجا خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە دەقە عەرەبیەکە و ڕاستکردنەوەکانی ئەو تەنیا وەکو دەڵێن خوایان یەکە، من بەش بە حاڵی خۆم چەندین ساڵە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا نزیکم و مامەڵەی لەتەك دەکەم. هێشتا هەندێ جار دەکەومە هەڵەوە و زۆریش خۆم لە وەرگێڕان دووردەگرم، یان لێی دەترسێم. تەنانەت وەکو ڕێبین جورئەتی ئەوەم نەکردوە هەڵە بۆ خەڵکی دیکە ڕاست کەمەوە !! بەڵام ئەمجارەیان دەیکەم و ئەرکە لەسەر شانم. لەم ڕاستکردنەوەیەدا سەرتاسەری هەڵەی زۆری کردووە، هەڵەکردنەکەی ئەو وەکو ئەوە وایە کە وەرگێڕانەکەی کاك لەتیف

هەڵمەت سەد دەرسەد راستتر بێ لەوەی خۆی. جارێکیان دەسەڵاتدارێك سەبارەت بە هەندێ شاعیری بێتوانا وتویە: (لەبەر خراپی شیعرەکانیان بەر جەڵدەیان دەن). منیش دەبێ لێرەدا بڵێم سەبارەت بەو برا وەرگێرانە لەبەر خراپی وەرگێرانەکانیان بەر جەڵدەیان دەن (مەبەست کاك لەتیف نییە).

لە یەکەم پەرەگرافدا هەڵە دەکا: با بزانین چی دەڵێ وەرگێری عەرەبی و ڕێبین چۆن چۆنی بۆ کاك لەتیفی ڕاست کردوەتەوە:

((قرأت ناقداً فنيا يعبيء و يبيع و نزعه عبر طليعية في التصوير))

ڕێبین: ((بەرهەمی رەخنەگرێکی هونەریم خوێندەوە کە تەژمی پاش پێشڕەوایەتی ئامادە و (کۆدەکاتەوە) و لە بازاڕی وێنەدا دەیفرۆشێ))..!

ئێمە ئاوهای وەردەگێڕین: ((رەخنەگرێکی هونەرم خوێندەوە پڕی دەکرد و دەیفرۆشت و ڕێبازی عیبرەتەکانی پێشڕەویە لەوێنەگرتندا)).

يعبيء = هەرگیز واتای (ئامادەکردن) نیە بەڵکو لێرەدا لە ڕستەکە دیارە کە مەبەستی (پڕکردنە) و (فرۆشتنە).

تصوير = واتای وێنەگرتنە نەك وێنە، وێنە واتا الصورة.

نزع = تەوژم نیە، بەڵکو ڕێبازە، رچەیە، بۆچوونە.. واتای (عبر) ی نەزانیوە بۆیە پەڕاندویەتی.. ((قرأت فيلسوفاً جديداً يكتشف ما يطلق عليه بصورة مضحكة اسم اليهودية - المسيحية و ينوي ان يضع بها نهاية للفسق الذي يفترض اننا قد نشرناه)).

ڕێبین ئاوهای وەرگێڕاوە: ((خوێندمەوە کە تازە فەیلەسوفێك ئەوەی دۆزیوەتەوە کە بەشێوەیەکی پێکەناوی ناوی (یەهود - مەسیحیەت) ی

لێناوه و دەیەوێت بەهۆیەوە کۆتاییەك بۆ ئەو ناپاکیانە دابنێ کە گوایە ئێمە بڵاومان کردوەتەوە)).

ئێمەیش وای وەردەگێڕین: ((فەیلەسوفێکی نوێم خوێندەوە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە بەشێوەیەکی پێکەنیناوی ناوی لێناوە (یەهودیەت - مەسیحیەت) بەنیازە بەمە کۆتاییەك دابنێ بۆ ئەو فسق و فجوورەی کە گوایە بڵاومان کردوەتەوە)).

وشەی (الفسق) ناکاتە (ناپاکی) ئەگەر ئەم وشەیە بکەینە عەرەبی دەکاتە (عدم الطهارة) او (عديم النقاء).

بەڵام (الفسق) هاوواتای (المرادف) ی (الفجور) ە واتا لە (فجر) ەوە هاتووە، ئەگەر ئافرەتێ سۆزانی بێ پێی دەوترێ (الفاجرة)، وشەی (الفسق) واتا (الخروج عن طريق الحق والصواب)..

(قرأت احد فلاسفة اللغة الشباب يشكو من أن تفكير القارة الاوروبية تحت وطأة تحدي الالات الناطقة قد تنازل للالات عن الاهتمام بالواقع).

ڕێبین ئاوهای ڕاستکردوەتەوە بۆ لەتیف هەڵمەت: (بەرهەمی فەیلەسوفێکی لاوی زمانم خوێندەوە کە گلەیی لەوەدەکات بیرکردنەوەی ئەورووپی لەبەردەم هەڕەشەی ئامێرە قسەبێژەکاندا، پاشەکشێی لە گرنگیدان لە واقع لەپێناوی ئەم ئامێرانەدا کردوە)..

ئێمەش ئاوهای وەردەگێڕین: (یەکێك لە فەیلەسوفە لاوەکانی زمانم خوێندەوە کە گازندە لەوە دەکا کە بیرکردنەوەی کیشوەری ئەورووپا لەژێر زەبری تەحدای ئامێرە قسەکەرەکاندا وازیهێنا بۆ ئامێرەکان لە بایەخدان بە واقع)..

تحت وطأة = ناکاتە (لەبەردەم) بەڵکو دەکاتە = لەژێر زەبری.
تحدي = ناکاتە (هەڕەشە) بەڵکو هەڕەشە واتای (تهدید و وعید)ە..
تنازل = پاشەکشە نیە، پاشەکشە دەکاتە (التراجع).

(قرأت مفکراً ذائع الصیت یدافع عن الحداثة ضد من یسمیهم المحافظین الجدد. فتحت لواء مابعد الحداثة یود هؤلاء الاخیرون، فیما یعتقد، ان یتخلصوا من مشروع الحداثة غیر المکتمل، مشروع التنویر و حتی اخر المدافعین عن التنویر مثل پوپر و ادورنو لم یتمکنا فیما یقول، الامن الدفاع عن هذا المشروع في بعض المجالات خاصة للحیاة: مجال السیاسة لدی مؤلف المجتمع المفتوح و مجال الفن لدی مؤلف الجمالیة. یعتقد هابرماس (لابد ان للجمیع قد عرفوه..).

ڕێبین ئاوهای وەرگێڕاوە: (بەرهەمی بیریارێکی بەناوبانگم خوێندەوە بەرگری لە نوێگەری دەکات لەبەرامبەر ئەوکەسانەدا کە بە پارێزگارانی نوێ لەقەڵەمیان دەدات. ئەم بیریارە بڕوای وایە ئەم پارێزگارە نوێیانە دەیانەوێت لەژێر ئاڵای پاش نوێگەریدا واز لە پرۆژەی ناتەواوی نوێگەری (یان) ڕۆشنگەری وەك پۆپەر و ئادۆرنۆ نەیانتوانیوە جگە لە بەرگریکردن لەم پرۆژەیە لە هەندێ بواری تایبەتی ژیاندا، کارێکی دیکە بکەن – بواری سیاسەت سەبارەت بەنوسەری کۆمەڵگەی کرازە (واتە پۆپەر) و بواری هونەر سەبارەت بە نوسەری تیورەی ستاتیکا ئادرن یورگن هابرماس (کە بێگومان هەمووان ناسیویانەتەوە)..

نەك بەهەڵە پەرەگرافەکانی وەرگێڕاوە بگرە لەخۆیەوە بۆی زیادکردون کە ئەمەیان ئەمانەت نیە، بۆ نموونە لەم پەرەگرافەدا (بەرهەم) و (ئاردن یورگن) ی زیادکردوە بۆ وەرگێڕی عەرەبیەکە، وەك

بڵێی وەرگێڕە عەرەبیەکە ناوی سیانەی هابرماسی نەزانیوە.. وشەی (پارێزگار) واتای (موحافیزکار) نادات، ئەوکەسەی پارێزگاری شاکارێکی گەورە دەگرێتە ئەستۆ، نەك ئەو کەسەی رەوشتی کۆنی خۆی دەپارێزێ.. (ضد) ناکاتە (بەرامبەر) بەڵکو دەکاتە دژ. سەرەڕای هەڵەیەکی زۆری چاپ لە پەرەگرافەکاندا، بەلام وشە راستەکان دیارن وەکو (کۆمەڵگی کرازە) کە (کۆمەڵگای کراوە)یە..

ئێمەیش وای وەردەگێڕین: ((موفەکیرێکی ناودارم خوێندەوە بەرگری لە مۆدێرنیزم دەکا دژ بەوانەی پێیان دەڵێن موحافیزکارە نوێیەکان و لەژێر ئالای پۆست مۆدێرنیزمدا وەکو پێدەچێ دەیانەوێ رزگاریان ببێ لە پرۆژەی مۆدێرنیزمی ناکامڵ، پرۆژەی تەنویر، تەنانەت دوا بەرگریکاران لە تەنویر وەکو پۆپەر و ئادۆرنۆ نەیانتوانی وەکو دەڵێ، جگە بەرگریکردن لەم پرۆژەیە لە هەندێ بوارەکانی تایبەت بە ژیان، بواری سیاسەت لەلای دانەری تیوری جوانکاری هابرماس وای بۆدەچێ (دەشبێ هەموو بیناسن)..))..

((یعتقد یورگن هابرماس.. ان الحداثة اذا کانت قد اخفقت فاخفاقها یمکن في سماحها لکلیة الحیاة بأن تتفتت الی خبرات مستقلة متروکة لکفاءة الخبراء العنیقة)) ئەم وشەی (العنیقة) هەڵەی چاپە ئێمە وای وەردەگێڕین: ((یورگن هابرماس لەو بڕوایەدایە کە مۆدێرنیزم نشوستیهێنا و نشوستیەکەیشی لەوەدایە کە رێگای‌داوە بە سەرجەم ژیان کە پارە پارەبکرێ بۆ لێوەشاوەیی شارەزایانی..))..

رێبینیش وای کوردانەوە: ((یورگن هابرماس بڕوای وایە ئەگەر نوێگەری شکستی هێناوە لەبەرئەوەیە رێگەی‌داوە بەهەمەگی (کلی) یان

بۆئەوەی دابەش بێ کۆمەڵێ بواری پسپۆڕی سەربەخۆ لەیەك کە سپێراون بە لێهاتووی سنورداری پسپۆڕان))..

اخفاق = ناکاتە شکستی، بەڵکو واتا (نوشست).

تفتت = واتا پارەپارەبوون، نەك دابەش بوون، دابەش بوون دەکاتە (التوزیع). (التقسیم)..

(بینما بقیت الخبرات) (العینیة المعنی غیر المتسامي) و (الشکل غیر المبین) لیس بوصفها تحریرا بل نمط ذلك الضیق الهائل الذي وصفه بودلیر منذ اکثر من قرن؟.

ڕێبین ئاوهای وەرگێڕاوە: (ئەمە لەکاتێکدا کە ئەزمونە تاکەکەسیە دیاریکراوەکان وەك مانایەکی بڵندنەکراوە، و (شێوەی نادیار) مانەوە نەك بەوپێیەی ئازادی بن، بەڵکو لەسەر شێوەی ئەو بێزاریە گەورەیەی بۆدلێر پێش زیاتر لە سەدەیەك وەسفی کردبوو).

ئێمەش ئاوها وەرمانگێڕاوە: (لەکاتێکدا شارەزاییەکان) ((نموونەی واتای ناهەرەبەرزی) و (شێوەی نەدیتراو) مانەوە نەك لەبەرئەوەی رزگارکردنە بەڵکو لەشێوەی ئەو بەرتەسکیە گەورەیەی کە پتر لە سەدەیەکە بۆدلێر وەسفی کردوە).

چەند سەقەت ئەم دوو رستەیەی وەرگێڕاوە.

١- العینیة المعنی غیر المتسامي: مانایەکی بڵندنەکراو، جارێ وشەی (العینیة) ی پەڕاندوە، (العینیة) لە (عینة)ەوە هاتووە واتا نموونە، تەنیا (المعنی غیر المتسامي) وەرگێڕاوە کە ئەویش هەڵەیە..

بەڵکو لە ((سمو)ەوە هاتووە، (سمو) سیفەتێکی زۆر گەورەترە لە (بڵند)، التسامي گەیشتنە پایەیەکی زۆربەرزی کەسایەتی مرۆڤ یان لە ئەخلاقدا..

((و بناء على وصفة من البريشت فيلمر يعتبر هابرماس ان الدواء لهذا التفتت للثقافة.. وانفصالهما عن الحياة لا يمكن ان يتـأتي سوى من تغير وضع الخبرة الجمالية بحيث لا تعودتجد التعبير عنها في احكام الذوق، بل حين يستخدم الاستكشاف موقف تاريخي حي، أي حين توضع في ارتباط مع مشكلات الوجود).

من چەند پەرەگرافێکم لە ڕاستکردنەوەکانی (ڕێبین)م بۆ هاوڕێیەکی خۆی خوێندەوە یان خۆیشی خوێندەوە وتی لێی حاڵی نابم، وتی لە عەرەبیەکە چاکتر حاڵی دەبم.. ئەم پەرەگرافەی زۆر سەقەتانە وەرگێڕاوە، ئەگەر ڕاستکردنەوەکەی بکەینەوە بەعەرەبی تەنانەت لەگەڵ ئەسڵەکەدا خوایشیان یەك نیە، با بزانین چۆن کوردانویەتی: ((بەپێی تێروانی ئەلبرێخت ڤیلمەر، هابرماس بڕوای وایە چارەسەری ئەم لێکهەڵوەشاندنە کلتوریە و جیابوونەوەی لە ژیان، تەنها کاتێك دەشێ کە هەلومەرجی ئەزمونی ستاتیکی بەشێوەیەك بگۆڕێت کە گوزارشت لە حوکمەکانی چێژ نەکا، بەڵکو کاتێ بەکاردەهێنرێ بۆ هەڵوێستێکی زیندوی مێژویی، واتە کاتێ کە ئەزمونی ستاتیکی پەیوەندی بە کێشەکانی بونەوە دەکات).

وصف = ناکاتە (تێڕوانی)..

الدواء = ناکاتە (چارەسەر) بەڵکو دەکاتە (دەرمان)

التفتت = واتا (داوەشین)، (هەڵبزرکان)، (پارە پارە).

خبرة = ناکاتە (ئەزمون) هەرچەندێ هەڵەی چاپ کردویە بە (ئەزمومی)، واتا (شارەزایی). ئەزموون / دەکاتە (التجربة) الذوق = ناکاتە (چێژ) بەتایبەتی لەم دەقەدا، زەوق کۆمەڵێ خەسڵەت دەگرێتەوە،

التذوق = دەکاتە چێژوەرگرتن ئێمەیش بۆی راستناکەینەوە بەڵکو ئێمە. ئاوهای وەردەگێڕین: (بەگوێرەی وەسفکردنی لە ئەلبریشت فیلمەرەوە هابرماس وایبۆ دەچێ کە دەرمانی ئەم پارەپارەبوونەی روناکبیری و جیابوونەوەی لە ژیان ناکرێ جگە لە گۆڕانی باری شارەزایی جوانکاریەوە نەبێ نایەت، بەجۆرێك گوزارشی بۆ نادۆزێتەوە لە حوکمەکانی زەوقدا بگرە کاتێ بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی هەڵوێستێکی مێژووی زیندوو، واتا هەرکە دەخرێتە پەیوەندیکردنەوە لەگەڵ گیروگرفتەکانی بووندا).

((اما الثانية فمنها اقرب الى روح كتاب (كانت) نقد الحكم.. لكنها مثلها مثل النقد يجب ان تخضع لاعادة فحص صارمة التي تفرضها مابعد الحداثة على فكر التنوير، على فكرة هدف موحد للتاريخ و للذات)).

راستکردنەوەکەی رێبین: ((گریمانەی دوهەم نزیکە لە رۆحی کتێبەکەی کانتەوە (رەخنە لە داوەری) بەڵام دەبێ وەك رەخنە بێتە ژێر رکێفی لێپرسینەوەیەکی سەختگیرەوە، لێپرسینەوەیەك کە پاش نوێگەری بەسەر رۆشنگەری و بەسەر خودو ئامانجێکی یەکتادا بۆ مێژوو دەیسەپێنێ)).

جارێ (رێبین) وەکو ئەوەی ئاگاداری سەرجەم فەلسەفەی ئەوروپا و (کانت) بێ، حوکمێکی موتڵەق دەدات دەڵێ: ((جارێ کانت هیچ کتێبێکی نیە ناوی (رەخنە لە فەرمانڕەوای) ی بێت دیارە زۆر لە خۆی رازیە و لە وەرگێڕی عەرەبی عەرەبی زانترە(!!) بۆیە وا بە رەهایی کتێبی (نقد الحكم) رەتدەکاتەوە؟ کاکی برا تۆزێ لەسەرخۆتان پەلەمکەن چونکی کورد دەڵێ شەیتان پەلەی کرد چاوێکی خۆی دەرکرد، دوور لە رووی جەنابتان.. دیارە وەرگێڕی عەرەبی درۆی فەرمووە؟! کانت باسی داد و

دادگا ناکات یان باسی ناوبژیوانی تۆپێن (الحکم)، کانت ئەگەر کتێبی واشی نەبێ دەسا وەرگێڕانەکەی هەر هەڵەیە چونکی لە سیاقی پەرەگرافەکەدا دیارە مەبەستی دەسەڵاتە، چونکی تەنویر پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە..

اقرب = ناکاتە نزیك، بەڵکو دەکاتە (نزیکتر)

لێپرسینەوە = ناکاتە (اعادة فحص).

صارم = ناکاتە (سەختگیر)

التنویر = رۆشنگەری نیە بەڵکو (بیرروونالك کردنەوەیە) بەواتای پڕ بەپێستی خۆی. شتێکی دیکە.. لەم (راستکردنەوانەی) دا لەخۆیەوە وشەی داتاشیوە بەبێ هیچ هەستکردنێك بە لێپرسینەوە.. ئێمەش ئەو پەرەگرافە وەها وەردەگێڕین (بەلام دووەمیان کە لە رۆحی کتێبەکەی (کانت)ەوە (رەخنە لە..) نزیکترە، وەلێ ئەویش وەکو رەخنە دەبێ بخرێتە ژێر دووبارەکردنەوەی پشکنینی بە زەبرەوە کە پۆست مۆدێرنیزم دەیسەپێنێ بەسەر بیری تەنویردا (بیرروونالککردنەوە)»، بەسەر بیرۆکەی ئامانجێکی یەکگرتوو بۆ مێژوو و خود).. ((هذا النقد هو ما استهله لیس فنگشتاین و ادورنو فحسب بل كذلك بعض المفكرين الاخرين (الفرنسيين و غيرهم) الذين لا يستحقون شرف ان يقرأهم الاستاذ هابرماس.. مما ينقذهم على الاقل من الحصول على درجات ضعيفة بسبب نزعتهم المحافظة الجديدة)).

دوا رستەی ئەم پەرەگرافە دەڵێ: ((بسبب نزعتهم المحافظة الجديدة)) وای راستکردوەتەوە بۆ کاك لەتیف: (بەتاوانی پارێزگاری نوێ).. خوێنەری بەڕێز، نزعە = ناکاتە تاوان بەڵکو دەکاتە رێباز، رەوشت،

(المحافظة) لە (المحافظ) ەوە هاتووە (موحافیزکار). ئەوانەی ڕەوشتی خۆیان پاراستووە.. ڕاستیەکەی وەرگێڕانەکەی کاک لەتیف لەم پەرەگرافە لەوەی ئەو ڕاستتر و نزیکترە لە ئەسڵەکە، لەخۆیەوە شتی بۆ زیادکردوە بۆ نموونە ئەم ڕستەیە کە لە پەرەگرافە عەرەبیەکەدا نیە: (مامۆستا هابرماس – لەبەرئەوەی نەیخوێندۆتەوە –).. ئێمەیش ئاوهای وەردەگێڕین: ((ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە نەک تەنها فنگشتاین و ئادورنۆ دەستیان پێکردوە بگرە هەندێ لە موفەکیرەکانی دیکەیش (فەرنسیەکان و کەسانی دیکە) کە شەرەفی ئەوەیان بەرناکەوێ کە مامۆستا هابرماس بیانخوێنێتەوە، کە بە لانیکەمەوە ڕزگاریان دەکا لەوەی پلەوپایەی لاوازیان بەرکەوێ بەهۆی ڕێبازی موحافیزکارانەی نوێیانەوە)).

((لكننا نجد في الدعوات المختلفة لوقف التجريب الفني نداء متماثلا للنظام رغبة في الوحدة، في الهوية في الامن او الشعبية)). بەم جۆرە وەریگێڕاوە ((بەڵام لە بانگەشە جیاوازەکاندا بۆ وەستاندنی ئەزمونگەری هونەری بانگەشەیەکی چونیەک دۆزینەوە بۆ ڕێکخستن، ئارەزوو بۆ یەکێتی، بۆ شوناس، بۆ ئاسایش یان بۆ جەماوەری‌بوون)).

نداء = ناکاتە (بانگەشە) بەڵکو دەکاتە (بانگەوان)

چۆنیەک = ناکاتە = المتماثل، بەڵکو المتماثل = دەکاتە لەیەکچوون.

الشعبية = ناکاتە جەماوەری‌بوون، چونکی جەماوەر دەکاتە الجماهیر، بەڵام الشعبیە دەکاتە، گەلی، یان میللەتی..

ئەو پەرەگرافە ئێمە وەهای وەردەگێڕین: (بەڵام لە بانگەشە جیاوازەکاندا بۆ ڕاگرتنی ئەزموونگەری هونەری بانگەوازێکی لەیەکچوو بۆ سیستەم دەدۆزینەوە بۆ حەزکردن بە یەکبوون و شوناسنامە و ئاسایش و میللەتی..)).

((اذ بادخال حركات الطليعية في عملية مزج يشعر الفنان والناقد بثقة في امكان كبتها اكبر حمالو كان سيشن هجوماً مباشراً عليها)) ئاوهای لێکردوە و بەم دەردەی بردوە: (هونەرمەند و ڕەخنەگر هەست ئەکەن سەرکوتکردنی بزووتنەوەی پێشڕەوایەتی لەڕێی تێهەڵکێشکردنیە (یان لەڕێی ئامیتەکردنەوە) چەندجار ئاسانترە لە هێرشکردنی ڕاستەوخۆ و ڕوبەڕو بۆسەری).

ئێمەیش بۆ توانج ئاوهای وەردەگێڕین: ((چونکی بە هاویشتنی بزووتنەوە پێشڕەوییەکان بۆ نێو پرۆسەی تێکەڵکردن هونەرمەند و ڕەخنەگر هەست بە دڵنیایی دەکەن بەوەی توانای سەرکوتکردنی گەورەترە لەوەی ئەگەر هێرشی ڕاستەوخۆی بکاتەسەر).

((الان باستطاعته تحرير اكثر النزعات التوفيقية كلبية كطريقة لتجاوز الطابع المفتت للخبرات السابقة)).

ئاوهای وەرگێڕاوە: (چونکە توانای ئازادکردنی زۆرترین تەوژمە گونجانخوازە سەگانەیەی هەیە و ڕێگایەك بۆ تێپەڕاندنی خەسڵەتی لێکهەڵوەشاوی ئەزموونەکانی پێشوو)).

بۆئەوەی لەتیف هەڵمەت بەهەڵە درەخات خۆی لەو زیاتر هەڵەی کردوە، سوچ لە قەباحەت خراپتر..

النزعات = ناکاتە (تەوژم) بەڵکو دەکاتە (التوجە) بۆچوون تاکەکەی (النزعة) یە، تەوژم دەکاتە (التيار)..

التوفيقية = ناکاتە (گونجانخوان)، بەڵکو لە (يوفق) ەوە هاتووە، دەتوانرێ بڵێین دڵڕاگرتنی دوو لایەن، یان (بەرابەرکردن).

الطريقة = ناکاتە (ڕێگا) بەڵکو دەکاتە (ڕێباز، شێوە)

التجاوز = ناکاتە (تێپەڕاندن) بەڵکو دەکاتە (ڕەتکردن).

الطابع = دەکاتە (شێوە) نەك (خەسڵەت)..

المفتت = دەکاتە پارچەپارچەبوون نە هەڵوەشاوە..

الخبرات = دەکاتە شارەزاییەکان نەك ئەزموونەکان..

ئێمە لێرەدا وەهای وەردەگێڕین: (لەبەرئەوەی لەتوانایدایە زۆرینەی بۆچوونە تەوفیقیە سەگانیەکان رزگاربکات وەکو رێبازێك بۆ رەتکردنی شێوەی پارچەپارچەبووی شارەزاییی پێشینەکان).

((لكن الراسمالية تملك القدرة الكامنة على نزع واقعية الاشياء و الادوار الاجتماعية والمؤسسات المألوفة لدرجة أن ما تسمى بالتمثلات الواقعية لا تعود قادرة على استحضار الواقع بوصفه حنينا او سخرية كمناسبة للمعاناة و ليس للاشباع)).

رێبین ئاوهای وەرگێڕاوە: (بەڵام سەرمایەداری توانایەکی شاراوەی هەیە بۆ داماڵینی واقیعبون لە شت و دەورە کۆمەڵایەتیەکان و دەزگا باوەکان، تا ئەو رادەیەی ئەوەی پێی دەگوترێت دوبارە پیشاندانەوەی ریالیزمانە، واقیعەت لەشێوەی دڵتەنگی و گاڵتەجاڕیدا زیندودەکاتەوە وەك بەهانەیەك بۆ ئازارچێژان نەك بۆ تێرکردن)،

التمثلات = ناکاتە (دووبارەپیشاندان) دەکاتە لەیەکچوونەکان، الحنين = ناکاتە (دڵتەنگی) بەڵکو دەکاتە سۆز و جۆش.

استحضار = ناکاتە (زیندو) بەڵکو دەکاتە (ئامادەکردن) لە حضورەوە هاتووە. (زیندو) دەکاتە (الحي)..

مناسبة = ناکاتە (بەهانە) بەڵکە دەکاتە (بۆنە)..

بەهەرحاڵ ئێمە ئەم پەرەگرافە ئاوها وەردەگێڕین ((بەڵام سەرمایەداری خاوەنی توانایەکی شاراوەیە بۆ داماڵینی واقیعیەتی شتەکان و دەورە کۆمەڵایەتیەکان و دامەزراوە باوەکان، بەڕادەیەك

ئەوەی پێی دەوترێ لەیەکچوونە واقیعیەکان ناتوانێ‌واقیع ئامادەبکات تەنها بەو سیفەتەی کە سۆزە یان گاڵتەپێکردنە وەکو بۆنەیەك بۆ ئێش و ئازارەکان نەك بۆ تێربوون)؟

((يبدو النزعة الكلاسيكية غير واردة في العالم يبلغ فيه عدم استقرار الواقع حداً لا يتيح مناسبة للخبرة بل للتصنيف والتجريب)).

ئاوهای وەرگێڕاوە: ((پێدەچێ تەوژمی کلاسیزم لە جیهانێکدا جێگەی نەبێتەوە کە واقیع تیایدا ئەوەندە ناسەقامگیرە کە دەرفەتێك بۆ ئەزمون ناهێڵێتەوە (جگە لە ئەزموونی) پۆلێنکردن و ئەزمونگەری)).

ئێمەیش وەها بۆی وەردەگێڕین: ((وادیارە ڕێبازی کلاسیزم لە جیهانێکدا بوونی نیە کە تێدا سەقامگیرنەبوونی واقیع دەگاتە ڕادەیەك بۆنەیەك نارەخسێنێ بۆ شارەزایی بەڵکو بۆ پۆلێنکردن و ئەزموونگەریی)).

((فالتصوير الفوتوغرافي كان يضع اللمسة الاخيرة فقط في برنامج ترتيب المرئي الذي طورته القرن الخامس العشر الايطالية))؟

یەکەم شت جارێ ئەم پەرەگرافە بەهەڵە نەقڵکراوە یان هەڵەی چاپە: چونکی (طورته) نیە بگرە (طوره)ە، چونکی بۆ (القرن) دەگەڕێتەوە کە نێرە نەك مێ لە عەرەبیدا. الخامس العشر نیە بەڵکو (الخامس عشر)ە بەبێ (ال).

التصوير= ناکاتە (وێنە) بەڵکو دەکاتە وێنەگرتن (وێنە) واتا (الصورة).

اللمسة الاخيرة = (دوا ڕەگەن) نیە بگرە (دوا دەست پیاهێنان) یان (دوا پیاچوونەوە).

ئەوەی کە زۆر سەیرە لەخۆیەوە ئیجتیهادی کردوە و بەکەیف و ماشای خۆی شتی دروستکردوە، وەرگێڕانەکەی لەگەڵ پەرەگرافەکەی سەرەوە زۆر جیایە و یەك ناگرنەوە.

با بزانین ئەو پەرەگرافە عەرەبیەی چۆن کردوە بەکوردی: (وێنەی فۆتۆگرافی دوا ڕەگەزی بەرنامەیەك بوو کە دەیویست (جیهانی) ببینراو ڕێك بخات.. بەرنامەیەك کە هونەرەکانی سەدەی پانزەهەمی ئیتالیا پەرەیان پێدا..) .. ئێمەیش ئاوهای وەردەگێڕین: (وێنەگرتنی فۆتۆگرافی تەنها دوا دەست پیاهێنانی دەخستە سەر ئەو تەرتیبە دیتراوەی کە سەدەی پانزەهەمی ئیتالیا پەرەی پێ‌دا).

((بينما كانت السينما اخر خطوة في التأليف بين التعاقبات بوصفها كليات عضوية وهو الامر الذي كان يمثل المثل الاعلى لراوايات التعلم العظيمة منذ القرن الثامن عشر)).

بزانین ڕێبین ئەم پەرەگرافەی چۆن وەرگێڕاوە:

(لەکاتێکدا سینەما دوا هەنگاو بوو بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەك لە دایکرۆنیەکان (یان بەدوایەکدا هاتووەکان) وەك هەمەکیەکی ئۆرگانیکی.. کە ئەمەش خۆی ئامانجی باڵای ڕۆمانە فێرکارە مەزنەکان بووە لە سەدەی هەژدەهەمەوە).

التأليف = ناکاتە (دروستکردن) بەڵکو دەکاتە دانان یان نووسین چونکی لە سیاقی ئەم ڕستەیەدا واتاکەی وایە. چونکی (هو الامر) بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و بۆ (المثل الاعلى).

المثل = ناکاتە (ئامانج) بەڵکو دەکاتە (بەهاکان).

ئێمە بەهەرحاڵ ئاوها وەریدەگێڕین: (کەچی سینەما دواهەنگاو بوو لە دانان لەنێوان یەك لەدوای‌یەکەکان بەو سیفەتەی سەرجەمگیری ئۆرگانیە، ئەمەیش مەسەلەیەك بوو بریتی‌بوو لە بەها بەرزەکانی ڕۆمانــە مەزنـەکانی فێرکاری هەر لە سەدەی هەژدەمەوە..).

((و سوف تتفـوق الفوتوغرافيـا والسـينما الصنـاعيتين علـى التصويـر والرواية حيثما كان الهدف هو تثبيت استقرار المرجع، ترتيبه وفقـا لوجهـة نظر تضفي عليه معنى يمكن التعرف عليه، اعده انتاج التركيب والقـاموس اللذين يمكنان المخاطب من فك شفرة الصور والتتابعـات بسرعة، و بذلـك يصل بسـهولة الى الوعـي بهويتـه و كذلـك الى الموافقـة الـتي يتلقاهــا مــن الاخرين.. حيث ان تلك البنيات من الصور و التتابعات تمثل شفرة تواصـل مشتركة بينهم جميعاً)).

بەڕاستی مـن لــە ســەرەتادا نەمویســتووە هیــچ شــتێ دەربــارەی وەرگێڕانەوەی کاك لەتیف هەڵمەت بڵێــم چونکـی ئـەو عەرەبی‌زانـە بـەڵام کاك لەتیف لە وەرگێڕانی ئـەم پەرەگرافـەدا سـەرکەوتووترە لـەو چونکـی ئەگەر خوێنەر بەراوردیان بکات ئەو ڕاسـتیەی بـۆ دەردەکـەوێ کـە زۆری شێواندوە، سەرەتای هــەردوو پەرەگرافەکـە ڕەبتیـان نیـە، عەرەبیەکـە و کوردیەکە، زۆر بە ڕەهایشەوە دەڵێ (ڕاستی ئەم پەرەگرافە بەمشێوەیە) دەبا بزانـین چۆنـی وەرگێڕاوە و چـۆن ڕاسـتیەکە ! !: (کـاتێك ئامـانج بریتی‌بێ لـە پتـەوکردن و سـەقامگیرکردنی مەرجـەع و ڕێکخســتنی ئــەو مەرجەعـە بــەپێی تــێڕوانینێك کــە مانایــەکی وای بداتــێ کــە بتوانــرێ بناسرێتەوە و کاتێ هەوڵی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتــە (ترکیـب) و قاموس بەشێوەیەك بدرێ کە گوێگر بتوانێ بە خێرایی شفرەی وێنەکان و بەدواییــەکدا هاتووەکــان (داکرۆنیــەکان) بکاتــەوە و بــەم شــێوەیەش

بەئاسانی بگات بە شوناسی خۆی وبەو ڕەزامەندییەی کە لە کەسانی دیەوە وەریاندەگرێت، چونکە ئەم بونیادی وێنە و بەدوای یەکدا هاتنانە، شفرەی پەیوەندی هاوبەشی نێوان هەموویان پیکدەهێنێ، ئەوا ئەوکاتە پیشەسازی سینەما و فۆتۆگرافی لە وێنەکردن و ڕۆمان بەرزتر دەبن. ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە کارتێکردنەکان واقع - یان گەر دەتەوێت - فانتازیەکانی ریالیزم دوچەندان دەبن)).. زۆر وشەی عەرەبی هەیە لەم پەرەگرافەدا واتاکەی نەزانیوە و بەهەڵەکردونی بەکوردی، بۆ نموونە وشەی (الترکیب) ناکاتە (پێکهاتە) بگرە پێکهاتە واتا (التکوین)ە، الترکیب لە کرداری (رکب)ەوە هاتووە.. ئێمەیش لێرەدا خوێنەرمان سەرپشك کردوە ئەگەر عەرەبیزان بێ.

ئێمەش ئەو برگەیەی کە لە نووسینەکەی داهاتووە ئاوهای بۆ ڕاست دەکەینەوە، دەشێ مەلا بەزێنیمان لەگەڵ بکات و بلێ من عەرەبی زانم!!).

((فۆتۆگراف و سینەمای پیشەسازیی بەسەر وێنەگرتن و ڕۆماندا زاڵ دەبن، لە هەرکوێیەك ئامانج چەسپاندنی سەقامگیربوونی مەرجەع بێ و ڕێکخستنی بەپێی باری سەرنجێك کە واتایەکی پێ دەبەخشێ دەتوانرێ کە بناسرێتەوە. دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانی تەرکیبکردن و فەرهەنگ کە هەردوکیان وا لە (موخاتەب) دەکەن شفرەی وێنەکان و بەدواداهاووەکانی خێرا بکاتەوە. بەمجۆرە بەئاسانی دەگاتە ئەوەی هەست بە ناسنامەی خۆی بکات، هەروەها بەو ڕەزامەندیەش کە لە کەسانی دیەوە پێی دەگات، چونکی ئەو بنەمای وێنەکان و بەدواداهاتووەکانی دەکاتە شفرەی بەردەوامی هاوبەشی نێوان هەموویان).

((المصـور والروائـي اذا رغبـا في الايكونـا بدورهمـا مسـاندين (قليلـي الاهمية رغم ذلـك) لمـا هـو موجـود عليـهما ان يرفضـا الانكبـاب علـى تلـك الاستخدامات العلاجية)).

ئاوهای وەرگێڕاوە: (ئەگەر وێنەکار و ڕۆماننوسیش نایانـەوێت بـەپێی خۆیان ببن بە پشتیوانی (هەرچەند کەم بایەخی) ئەوەی کـە هەیـە، ئـەوا دەبێ خۆیان لەم بەکارهێنانە چارەسەرکەریانە بپارێزن).

(اذا رغبـا) ی کـردوە بـە (ئەگـەر نایانـەوێت)، بگـرە واتـای (ئەگـەر بیانەوێ) یە.

(بدورهمـا) ی کـــردوە بــە (بــەپێی خۆیــان)، بگــرە واتــای (لــەلای خۆیانەوە)یە.

ئـەم رستەیەشـی ئاوهـا وەرگـێڕاوە: (قليلـي الاهميـة رغـم ذلـك) = (هەرچەند کەم بایەخی).

جارێ وشەی (قليلى) کۆیە واتا (جمع) ە یان جووتە (مثنى) نەك تاك وای زانیوە ئەو وەرگێڕە عەرەبە بەکوردی قسـەی کردوە (قليلي) (کـەم بایەخی).. !

(يرفضا الانكبـاب) ی کردوەتـە ((بپـارێزن))، ئەمـەیش واتـای هـەردوو وشەکەیە يرفضا = رەتی بکەنەوە.

(الانكباب) (خۆدادانەسەر) یان (خۆخەریك کردن).

ئێمەیش وامان وەرگێڕاوە: (وێنەگر و ڕۆماننوس ئەگەر ویستیان لەلای خۆیانەوە نەبن بە پاڵپشتی ئەوەی کە هەیە (سـەرەڕای ئـەوەی کـە کـەم بایـەخن) لەسـەریانە ئـەوە رەتکەنـەوە کـە خۆیـان خـەریك بکـەن بـەو بەکارهێنانە چارەسەریانەوە)..

((واولئك الذين يرفضون اعادة فحص قواعد الفن يتابعون عملاً؟؟ناجحاً في الامتثال الجماعي بنقلهم بواسطة (القواعد الصحية) للرغبة الوبائية في الواقع باشياء و مواقف قادرة على اشباع هذه الرغبة)).

خوێنەری ئازیز هەموو زمانێك کەسایەتی خۆی هەیە بەتایبەتی زمانی عەرەبی، وەکو شمشێرێکی دوودەم وایە ئەگەر بیزانی خێر و بەرەکەت، ئەگەریش نەیزانی ئەوا کارەساتێکی مەعریفیت بۆ دروست دەکا. بەدەردی (ڕێبین) کە سوورە لەسەرئەوەی کەوشەی (فحص) دەکاتە (پیاچوونەوە) برادەر نەخێر ئەم وشەیە واتای هەیە لە عەرەبیدا و بەکوردیەکەی (پشکنینە) ئەویش لەم ساڵانەی دوایەدا ئەم وشەیەی بۆ دۆزراوەتەوە ئەگینا کورد وشەکەی وەکو خۆی بەکاردەهێنا (فەحس)..

(یرفضون) ی کردوە بە (ئامادەنین)، بەڵکو واتای (ڕەتیدەکەنەوە)

الوباء = واتا (پەتا).

ئەم پەرەگرافەی وا وەرگێڕاوە: ((ئەو کەسانەی ئامادەنین جارێکی دی بە ڕێساکانی هونەردا بچنەوە، دەتوانن بەهۆی یاسا ڕاستەکانەوە ئارەزووی وەبائی خۆیان بۆ واقع بەو شت و هەڵوێستانە دەربڕن کە ئەو ئارەزووە تێردەکات و بەم شێوەیەش بە سەرکەوتووی درێژە بە پیشەکەیان بدەن (کە برتیە لە) تواندنەوەی لەناو گرپدا)).

ئێمەش وای وەردەگێڕین: (ئەوانەی کە ڕەتیدەکەنەوە پشکنینی بنەماکانی هونەر دووبارەبکەنەوە. بەدوای کارێکی سەرکەوتودا دەچن بۆ (سەردانەواندنێکی) بەکۆمەڵ بە گواستنەوەیان لەڕێی (بنەما ڕاستەکانەوە) بۆ حەزێکی پەتائامێز لە واقیع دا بە شت و هەڵویستە بەتواناکانەوە بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزووە).

((و بدل ان يبحث العمل الفني فيما يجعله عملاً فنياً و فيما اذا كان سيجد جمهوراً تمتلك الاكاديمية السياسية و ترفض معايير قبلية لما هو جميل)).

ئاوهای بۆ کاك لەتیف راستکردوەتەوە: (لەجێی ئەوەی بەرهەمێکی هونەری هەوڵی لێکۆڵینەوە لە شتێك بدات کە دەیکات بە بەرهەمێکی هونەری و لەجێی ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەك بێت لەبارەی ئەوەوە کە ئایا دەتوانێت بینەرێك بۆ خۆی پەیدا بکات (لەجێی ئەمانە) ئەکادیمیای سیاسی پێوەرە پێش ئەزموونیەکان جوانی زەوت دەکات و دەیسەپێنێ..).

العمل = ناکاتە (بەرهەم) بەڵکو (بەرهەم) بەعەرەبی پێی دەوترێ (انتاج).

وشەی (جمهور) لەم دەقەدا (جمع) ە نەك تاك چونکی دەڵێ (جمهور تمتلك) و ئاشکرا (بینەرێك).

بە چ قەناعەتێك ئەو هەموو بۆچوونانەی داتاشیوە چۆن دەزانێ و بە چی (معایير قبلية) کە پێوەرەکانی پێش ئەزموونەکانە و نەیتوانیوە بەکەس قەناعەت بێنێ کە ئەو راست دەکات و زۆریش لەخۆی رازیە. برادەر وانابێ (برەك لەسەرەخۆ) بەڵام من خۆم تووشی ئەو حوکمدانە ناکەم بۆیە لەجێگای وشەکە (قبلية) بەبەتاڵی دەهێڵمەوە. یان وشەی (زەوت دەکات) ی لە کوێوە هێناوە کە دەکاتە (داگیرکردن) خۆی پەرەگرافەکە بەعەرەبیەکەی دوودێڕ و نیوە لە کوردیدا دەکاتە ئەوپەڕی چوار دێڕ، بەڵام کردویە بە شەش دێڕ و هەندێك!! (لەجیاتی ئەوەی کاری هونەری بگەڕێ بۆ ئەوەی دەیکا بە کارێکی هونەریی ئەگەر هاتوو

جەمهورێك بدۆزێتەوە خاوەنی ئەکادیمیایەکی سیاسی بێ و پێوەری...... دەسەپێنێ بۆ ئەو شتەی کە جوانە..).

((التفسير الذي قدمناه للتو لصلة بين الفنون الصناعية والميكانيكية و بين الادب والفنون الجميلة، صحيح في خطوطه العامة لكنه يظل ذا نزعة اجتماعية و تأريخية ضيقة - او أحادية بعبارة اخرى - و اذا تجاوزنا تحفظات بنيامين و ادورنو)).

ڕێبین ئاوهای وەرگێڕاوە: ((ئەو ڕاڤەکردنەی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هونەرە پیشەسازی و میکانیکیەکان و نێوان ئەدەب و هونەرەجوانەکان پێشکەشمانکرد لە هێڵە گشتیەکانیدا ڕاستە بەڵام ئەم تەفسیرە هەر بە تەوژمێکی (نزعة) کۆمەڵایەتی و مێژووی تەسك، یان بە دەربڕینێکی تر - تاك ڕەهەندانە ماوەتەوە)).

دەربڕین = ناکاتە(عبارة)بەڵکو دەکاتە (التعبير) عبارة زیاتر دەکاتە ڕستەیەکی نووسین.

ئەم ڕستەیەی پەڕاندوە (واذا تجاوزنا تحفظات بنيامين و أدورنو).!!

ئێمەیش ئاوهای وەردەگێڕین: ((ئەو تەفسیرەی کە ئێستا پێشکەشمان کرد بۆ پەیوەندی نێوان هونەرە پیشەسازیەکان و میکانیکیەکان و ئەدەب و هونەرەجوانەکان ڕاستە لە هێڵە گشتیەکانیدا، بەڵام بەخاوەن ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی تەسك - یان یەك لایەنە - دەمێنێتەوە.. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر بێتو تەحەفوزاتەکانی بنیامین و ئادورنۆ تێپەڕکەین یان (پشتگوێخەین)..)).

((فيجب ان نتذكر أن العلم والصناعة لم يعودا اكثر تحرراً من الشك المتعلق بالواقع من الفن والكتابة.. والاعتقاد في خلاف ذلك سيعني اعتناق

مقولــــة في نزعتـــــها الانســـــانية للوظيفــــــة المفيســــــتوفيلية للعلــــوم والتكنولوجيات..)).

ئاوهای وەرگێڕاوە: ((دەبێ لەیادمان بێت چیدی زانست و پیشەسازی زیاتر لە هونەر و نووسین لەو بەدگومانیە رزگاریان نەبوو کە واقع دەخاتە ژێر گومانەوە. بڕواهێنان بە شـتێکی جیـاواز لەمـەش بـەمانای قبوڵکـردن مانایەکی هیومانیستانەیە بۆ وەزیفەی شەیتاناوی زانست و تەکنەلۆژیا)).

جارێ یەکەم شت ئەم رستەیەی لەخۆیەوە خسـتوەتە سـەری: (واقـع دەخات ژێر گومانـەوە) ئەگـەر بـەوردی چـاو بـە پـەرەرافـە عەرەبیەکـەدا بگێڕین رستەی وامـان بـەرچاو ناکـــەوێت ئـــەو مانایـــە بـــدات.. وشـــەی (بڕواهێنان) لەجێی خۆی بەکارنـەهێناوە، وشـەی (المعلـق) ی پـەڕاندوە. وەلــێ بەهــەرحاڵ ئێمــە ئاوهــای وەردەگێڕین: ((دەبــێ بـــەبیر خۆمـــانی بهێنینـــەوە کـــە زانســـت و پیشەســـازی ئیـــتر زۆر ئـــازادنین لـــەو گومانـــەی پەیوەندە بە واقیع لە هونەر و نووسیندا. بەپێچەوانەی ئەوەش بڕوا وایـە واتای بڕواهێنان بە گوزارشـتێك لـە رێبـازە مرۆڤایەتیەکـەیدا بـۆ وەزیفـەی مفیستوفیلیای زانست و تەکنەلۆژیەکان..)).

((فالحداثة في اى عصر ظـهرت لا يمكـن ان توجـد دون نسـف لليقـين و دون اكتشـاف (افتقـار الواقـع للواقـع) بجـانب اخـتراع ضـروب جديـدة مـن الواقـع)).

بەڕاستی ئـەم پەرەگرافـەی لنگـەوقوچ کردوەتـەوە: ظـهرت = ناکاتـە دەرناکەوێت، بەڵکو دەکاتە (دەردەکەوێت) وشەی (توجد) کـە (مۆنـث)ە دەگەڕێتەوە بۆ (الحداثة) هەموو شتێکی لـیتێکداوە.. یـان ئـەم رسـتەیە لێی نەگەیشتووە و بەهەڵە وەرگێڕاوە (افتقـار الواقـع للواقـع) کردویـە بـە

(نـاواقعی بوونـی واقـع). جـارێ وشـەی (افتقــار) تێنەگەیشــتووە. واتــا (پێویسـتی) یـان (نـەبوونی) یـان (پێداویسـتی) لـەوەش سـەیرتر وشـەی (افتقار) بە (فەقیر) تێگەیشتووە.. بابزانین چۆنی وەرگێڕاوە: ((نوێگەری لە هیچ سەردەمێکدا دەرناکەوێت بـەبێ لـەناوبردنی یـەقین و دۆزینـەوەی (ناواقعیبوونی واقع) لەگەڵ داهێنانی شێوەی تازەی واقعدا)).

ئێمەش ئاوهای بـۆ وەردەگێڕین: ((مۆدێرنـیزم لـە هـەر سـەردەمێکدا دەرکەوێ بەبێ تەقاندنەوەی یەقین و بەبێ دۆزینەوەی (پێداویستی واقیع بۆ واقیع) نابێ، لەتەك دۆزینەوەی جۆرە نوێیەکان لە واقیعەوە)).

((فالجمال يوجد في حالة معينة (هي العمل الفـني) تـأتي في البدايـة مـن الزائقة دون أي تحرير مفهومي، هي شعور اللذة مستقلا، من أي اهتمام قـد يثيره العمل، اذا كانت تتفق مع مبـدأ الاجمـاع الشـامل الـذي قـد لا نبلغـه أبداً)).

العمل = ناكاتە بەرهەم بەڵكو دەكاتە (كار)

(الزائقة ديارە هەڵەی چاپە، ئەگەر الذائقة بێ.. !)

ديارە وشەی (تحرير) هەڵەی چاپە و خۆی (تحديد)ە.

بەهەرحاڵ هەڵەی چـاپیش خزمـەتی ئـەم نووسینەی نـەکردوە بـەڵام هەڵەکان زەقن و ديارن.. ئێمەيش ئاوها وەريدەگێڕين:

((جوانـی لـە حاڵـەتێکی دیاریکراودا هەیـە (ئـەویش کـاری هونەریـە) لەسەرەتاوە لە (الزائقة) وە دێت بێ هیچ دیـاریکردنێکی چـەمکی ئـەویش هەستی لەزەتـە بەدەرلـە هـەر بایـەخێك کـە کارەکـە بیوروژێنـێ، ئەگـەر هـاتوو لەگـەڵ مـەبدەئی لەسـەر ڕێکـەوتنی سەرتاسـەری یـەکبگرێ کـە هەرگیز پێی ناگەین..)).

وشەی (الزائقة) م وەکو خۆی داناوە چونکی ڕوون نیە هەڵەی چاپە یان نا..!

ڕێبین ئاوهای وەرگێڕاوە: ((جوانی لە حاڵەتێکی دیاریکراودا هەیە.. کە ئەویش بەرهەمی هونەریە و سەرەتا و بە لە هەر دیاریکردنێکی چەمکی لە هەستەکانەوە دێ، بریتیە لە هەستکردن بە چێژ بەدەر لە هەر گرنگی‌پێدانێك کە ڕەنگە بەرهەمەکە بیوروژێنێ، بەمەرجێك لەگەڵ ئەو بنەمایەدا بگونجێ کە هەموان لەسەری ڕێکەوتون (بنەمایەك کە ڕەنگە هەرگیز نەیگەیەنێ)).

((يمكننا ادراك اللامتناهي العظمة اللامتناهي القوة، لكن كل تقديم لشيء الغرض منه جعل العظمة أو القوة (مرئية) تبدو لنا غير ملائم بصورة مؤلمة)).

ڕێبین ئاوهای وەرگێڕاوە: ((دەتوانین دەرکی مەزنی بێ‌سنور، هێزی بێ‌سنور بکەین، بەڵام پێشکەشکردنی هەر شتێك بەمەبەستی ئەوەی مەزنی یان هێزمان بۆ (بینراو) بکات، نەگونجاو دێتە پێش چاومان)).

بەڕاستی لەخۆیەوە ئیجتیهادی کردوە لە زمانێك کە سەری لێدەرناچێ و لێی نازانێ و ئەمەیش یەکێکە لە دیاردە ترسناکەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی و ویستویەتی بەئەنقەست ڕاستەکانی کاك لەتیف هەڵمەت بەهەڵە دەرکات..

جارێ (اللامتناهي) = لە (نهاية)ەوە هاتووە نەك لە (بلاحدود) ەوە. ڕستەی کۆتایی ئەم پەرەگرافە کە ئەوەیە (تبدو لنا غير ملائم بصورة مؤلمة) ئاوهای وەرگێڕاوە: (نەگونجاو دێتە پێشچاومان)!؟ ڕاستیەکەی ئاوهایە: (بەشێوەیەکی دڵتەزێنی ناجۆر دێتە بەرچاومان)، ڕاستی

وەرگێڕانەکەی ئاوهایە: ((دەتوانین درکێکی رادەبەدەری مەزن و رادەبەدەری هێز بکەین، بەڵام پێشخستنی هەر شتێك مەبەست ئەوەیە تا وا بکەی مەزنایەتی یان هێز ((بینراو)) بێ بەلامانەوە بەشێوەیەکی دڵتەزێن نەگونجاوبێ)).

(لجعلنا نرى ان ثمة شيئاً يمكن ادراكه لكن لا يمكن رؤيته او جلعه مرئياً و هذا هو موضوع الرهان في التصوير).

زۆر سەیر ئەم پەرەگرافەی وەرگێڕاوە، هەرگیز بەلای وشەی (الرهان) دا نەچووە لەخۆیەوە کردویە بە (بابەتی سەرەکی) بەڵام واتای (گرەوە). ئێمەش ئاوهای بۆ ساغ دەکەینەوە: ((وامان لێبکا شتێ ببینین دەشێ ئیدراکی پێبکرێ بەڵام ناشێ ببینرێ یان بکرێتە بینراو ئەمەیش بابەتی گرەوەکەیە لە وێنەگرتندا..)).

((و من المسلم به ان المؤسسة الادبية كما يرثها بروست من بلزاك و فلوبير، قد تم تخريبها من حيث ان البطل لم يعد شخصية بل هو الوعي الداخلي بالزمن، و من حيث ان تعاقب الحكاية الذي كان فلوبير قد حطمه، يوضع هنا موضع التسأل بسبب الضوت السردي.. و رغم ذلك لايثار تحد جدي لوحدة الكتاب، لأوديسا ذلك الوعي.. حتى اذا كانت تؤجل من فصل الى اخر)).

رێبین ئاوهای راستکردوەتەوە: ((ئەو دەزگا ئەدەبیەی پرۆست لە بەلزاك و فلۆبیرەوە بە میرات وەریگرتووە، لەو رووەوە وێرانکرا کە چیدی قارەمان کەسایەتیەك نیە، بەڵکو هوشیاری ناوەکیە بە زەمەن، لەو روەشەوە کە بەدوایەکداهاتنی چیرۆکەکە (کە پێشتر فلۆبیر

تێکی شکاندبوو) بەهۆی دەنگی گێڕانـەوەوە دەخرێتـە ژێـر پرسیارەوە، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش هەڕەشـەیەکی جدی لـە یـەکێتی کتێـب، لـە ئودیسـای ئـەو هوشـیاریە نـاکرێت. تەنانـەت گــەر لــە فەسـڵێکی دیـش دوابخرێ)).

ئەم رستەیەی پـەڕاندوە لەسـەرەتاوە (و مـن المسـلم بـه) کـە بـەلانی کەمەوە دەکاتە (حاشاهەڵنەگرە) و زۆر وشەی دیکەیش، وەلـی ئێمە وای بۆ ساغ دەکەینەوە: ((حاشا هەڵنەگرە کە دامـەزراوی ئـەدەبی هـەروەکو پرۆست لە بەلزاك و فلۆبێرەوە بـەمیراتی بـۆی ماوەتـەوە وێرانکرا گوایـە قارەمـان بەکەسـایەتی نەمایـەوە بـەڵکو هۆشـی ناوەوەیـە بـە زەمــەن، بەوپێیـەش کـە بـەدواداهاتنی حیکایـەتیش کـە فلۆبـێرتێکی شـکاندبوو. لێرەدا دەخرێتـە جێگـای پرسـیار بـەهۆی دەنگـی گێڕانـەوە، سـەرەڕای ئەوەش تەحدای جیدی ناوروژێنێ بۆ یەکێتی کتێب، ئۆدیسا ئەو هۆشـەی هەیە، تەنانەت ئەگەر بێتو دوابخرێ لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە)).

((فتماهي الكتابة مع نفسها عبر كل متاهة السرد الذي لا ينتـهي، كـاف لتضمين تلك الوحدة التي قورنت بوحدة فينومولوجيا العقل)).

رێبـین ئاوهـای وەرگـێڕاوە: ((تــەماهی نوســراو لەگــەڵ خۆیــدا، لەسەرتاسەری پێـچ و پـەنا بێکۆتاییـەکانی گێڕانـەوەدا، بەسـە بۆئـەوەی ئاشکرای ئەو یەکێتیە بکات.. یەکێتیـەك کـە لەگـەڵ فینمۆلۆژیـای ئـەقڵدا بەراوردکراوە)).

نازانین بە چ زمانێك (ئاشکرا) دەکاتە (تضمین)، ئــەم وشـەیە بـە دوو واتا دێت (مسۆگەرکردن) یان ناوەڕۆکەدان لە (ضمن)ەوە هـاتووە. بـەڵام ئێمە لەبەرئەوەی هیچ واتایەك لەم دوو واتایەمان لـە دەقـە عەرەبیەکـەدا لەلا روون نیە. بۆیە ئەم رستەیە راستناکەینەوە..

((الفنان والكاتب يعملان دون قواعد لكي يصوغا قواعد ماتم عمله فعلاً و من هنا حقيقة ان للعمل والنص سمات حدث)).

ڕێبین لە ڕاستکردنەوەی ئەم پەرەگرافەدا: (من هنا حقيقة) ی کردوە بە (لەبەر ئەمەشە).. (دەق و بەرهەم) ی لەبەر پەلەپەلی دواوپێشی کردوە هەرچەنێ وتمان (بەرهەم) واتا (انتاج) ە نەك (العمل)..

ئێمەیش وەهای بۆ ڕاست دەکەینەوە: ((هونەرمەند و نوسەر هەردوکیان بەبێ ڕێسا ئیش دەکەن، تا چەند ڕێسایەك داڕێژن بۆ ئەو کارەی کە بە ڕاستی تەواوبووە، حەقیقەتیش لێرەدایە کە کار و دەق شێوەی ڕوودراویان هەیە..

با بزانین چۆنی بۆ کاك لەتیف ڕاست کردوەتەوە: ((هونەرمەند و نوسەر بێ ڕێسا کاردەکەن، بۆئەوەی ڕێسای ئەو کارەی بەکردەوە تەواوبوو، دابڕێژن، هەر لەبەرئەمەش کە دەق و بەرهەم خەسڵەتی ڕوداویان هەیە)).

لێرەدا وشەی (فعلاً) بۆ تەئکیدکردنە نەك (کردەوە).. بەڕاستی خوێنەری ئازیز ئەمە نموونەیەك بوو لە خەرواری ئەو ڕاستکردنەوانەی بۆ کاك لەتیف هەڵمەت، لەلایەن ڕێبین هەردییەوە..

کەمخوێنی مەنهەجی . .
یان بۆچوونە ناکۆك و فرە وێژیەکان...؟!

من دوای خوێندنەوەی ئەو نوسینەی (مەریوان وریا قانع) لە گۆڤاری (ئایندە) ژمارە (٢٤) ساڵی ٢٠٠١. لە بەشی تەوەری ڕەخنە، لەژێر ناونیشانی (رەخنەی ئێمە لە دۆخی کەمخوێنییەکی مەنهەجی کوشندەدا دەژی)، هەستم بە زۆر ناکۆکی کرد لە بۆچوونەکانی سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی بە گشتی و ڕەخنەی کوردی بەتایبەتی، سەرەڕای ئەوەی خۆی گازاندە لە بێ مەنهەجیەتی ڕەخنەی کوردی دەکات کەچی خۆی نەیتوانی بوو مەنهەجێك بۆ ئەو قسانەی خۆی دابنێ، بۆیە کەوتبووە گەلێ ناکۆکیەوە. یان کە لە مەنهەج دەدوێ باسی هیچ مەنهەجێکی نەکردوە، بگرە هەندێ قسەی تێکەڵ و پێکەڵ نەبێ و هەموو ڕۆشنبیر و نوسەرانی کوردی بە گێل تێگەیشتووە لە بواری ڕەخنەو ئەدەبدا. بۆیە ئەم قسەیەی خۆی لە لاپەڕە (١٠٥)ی گۆڤاری ئایندە بەسەر خۆیدا دەیسەپێنم و ئەگینا کەسی دیکە ناگرێتەوە جگە لە خۆی و هەندێ برادەری کە لەم بوارە ئیش دەکەن، کە دەڵێ: (تەنها ئەوانەی تۆتالیتێر و تاك هەقیقەتین باس لەوە دەکەن کە هەموو شتێك ئەوان خۆیان خولقێنەرین و ئەوەی ئەینوسن و ئەیلێن هیچ پەیوەندیەکی نەبە مێژووی ئەدەب و نە بە مێژووی فیکر و نەبە مێژووی نوسینەوە هەیە و هەر هەمووی بەسەربەخۆیی لە نوکی زێڕینی قەڵەمەکانی ئەوانەوە

دەڕژێتە ناو کایە جیاوازەکانی ئـەدەبی کـوردی. ئاشـکرایە ئـەوەش ئـەم جۆرە قسانە دەکات لە چ قەیرانێکی فیکری و مەعریفی و ئەخلاقیدا دەژی)[٢٩] ! ! لەو نووسینەیدا کۆمەڵێ چەمك و قسەی بێ مەنهەجی دەربڕی لە دوای شەش پرسیاری گۆڤاری ئایندە کە ئەمانەن:

١- دەقی ڕەخنەیی خوێندنەوەو تێگەیشتن و دواندنی هێما و ئاماژەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکەیە، کەچی لای ئێمە ڕەخنە ئەوەندە دەپەرژێتە سەر کەسایەتی نوسەر ئەوەندە گرنگی بە کەسایەتی دەق نادات، ئەم دوو ئاڕاستەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

٢- پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەری دەق و ڕەخنەگر و خوێنەر پەیوەندییەکی نیمچە پچڕاوە. جاری وا هەیە دەق هەیە بەڵام ڕەخنە نییە، یان بە پێچەوانەوە یاخود دەق و ڕەخنە هەیە، بەڵام خوێنەر لە بەرامبەریاندا سست و کزە، ئایا پەیوەندی نێوان دەق و ڕەخنەو خوێنەر لە ئەدەبیاتی کوردیدا چ ئیشکالیەتێکی هەیە؟

٣- بۆچی زۆربەی کات تێگەیشتنی خوێندەوارانی ئێمە بۆ ڕەخنە ئەوەیە کە پاشکۆی دەقە، یان ڕەخنە هەمیشە دوای بوونی دەقی ئەدەبی دێت، ئایا تێکستی ڕەخنەیی نابێتە مایەی هاتنە ئارای دەقی داهێنەرانەی تر؟

٤- بوونی دیدی ئەدەبی مولتەزیم داواکاری هەندێك بۆ پێویستی بوونی ڕەخنەی مولتەزیم لەسەردەمی ئەمڕۆدا چۆن لێکدەدرێتەوە؟

٥- ئایا نەبوونی ڕەخنەی بەراوردکاری هۆکاری ئەوەی هەندێ لە نوسەران دەست والاّ بن لە وەرگرتن و گواستنەوەی برگەو وێنەی تێڕوانینی نوسەرانی تر بە بێ ئاماژەدان؟

٦- لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا زەمینەی دروستبوونی ڕەخنەی هاوچەرخ لە ئارادایە؟ ئەگەر وەڵامەکە بە ئا یان نا لەبەرچی و هۆیەکانی کامانەن؟..

() () ()

سەبارەت بە مەنهەج هەندێ ئاماژە دەکەین، بۆ وە بیرهێنانەوەی خوێنەر کە کاک مەریوان بەلایدا نەچووە و سەرجەم قسەکانی بێ نموونەو سەرچاوە و ژێدەرن کە نووسینەکەی دەکاتە (٢٦) لاپەرەی گۆڤارەکە.. (ڕێنیە ویلیک) سەدەی بیستەم وا وەسف دەکات کە (بێگومان بە ڕاستی سەردەمی ڕەخنەیە، بەهۆی ئەو شۆڕشەی کە لە مەنهەجەکاندا ڕوویداوە)[٣٠].

(محمد مفتاح)یش دەڵێ: (نەبوونی تیۆرەکان و مەنهەجەکان زۆر جار بوونەتە هۆکاری واتەواتێکی لەفزی بنەمای کزو بێ سوود)[٣١].

الجوهری دەڵێ: چەند هەنگاوێکی ڕێکوپێکە کە توێژینەوەر دەیگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەك یان پتر و بەدوایدا دەچێ تا بگاتە ئەنجامێك)[٣٢].

مەنهەجی ڕەخنەیش جودایە لەگەڵ چەمکی نەخشەی توێژینەوە (البحث)، کە ئەمەیان (مەریوان وریا) لە نووسینەکەیدا درکی پێنەکردوە، کاتێ باس لە کەمخوێنی مەنهەجی ڕەخنەی کوردی دەکا، لە ئاستی کۆمەڵێ زانیاری تێکەڵ و پێکەڵەوە خوێنەر چەواشە دەکات، تەنانەت مەنهەجگەلێکی ئەوتۆی دیاری نەکردووە جگە ئەوە نەبێ دوو سێ مەنهەجی ناوەزەد کردوە، کەچی لە کاتێکدا دکتۆر عەلی جواد ئەلتاهیر بە ژمارەیەك ناو و مەنهەج دیاری کردوون وەکو: (بنەمایی، زمانەوانی،

ڕەوانبێژیی، ڕەوشتی، زانکۆیی، سەربوردەیی، ئایینی، ڕۆژنامەوانی، دەروونی، سایکۆلۆژی (نفسانی)، فۆرمی (الشکلی)، فۆرمالیستی (الشکلانی)، جوانکاری (هونەری)، ئەفراندنی، ڕەخنەی داهێنەرەکان، ئینتباعی (کارتێکردن)، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، مارکسی، شیکاری، بونیادگەری، دەقی...)[٣٣].

راستە ڕەخنەی کوردی وەکو ڕەخنەی عەرەبی خاوەن پەیڕەوی تەقلیدیو کارتێکردنە، کەچی مەریوان وریا لە زۆربەی ڕەخنەکانیدا یان لە ژێر کارتێکردنی مەنهەجە عەرەبیەکانە، یان ئەوەتا مەنهەجەکان تێکەڵ دەکات، هەروەها لە زۆر شوێنی قسەکانیدا وا لە دەقی ئەدەبی گەیشتووە کە دەبێتە: (بەڵگەنامەیەك کە جگە لە ئاشکرا کردنی ڕووداوەکانی مێژوو هیچی دیکە نییە...)[٣٤]، هەرکە دەڵێ: (بەشێوەیەکی گشتی بنەما فەلسەفییەکانی گرنگیدان بە تێکست تاڕادەیەکی زۆر لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەقیقەت بەرەنجامی کۆمەڵێك پەیوەندیی هەمەلایەنەو لەناو تێکستیشدا لەباتی هەقیقەتێك چەندەها هەقیقەت ئامادەن کە دۆزینەوەو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنیان وابەستەی دیدی خوێنەری تێکست و ئەو دەزگا چەمکی و بنەما مەنهەجی و خەیاڵە ئێستاتیکیەیە کە خوێنەر هەڵگرێتی)[٣٥].

هەر لە سەرەتای وەڵامی بۆ پرسیاری یەکەم، باس لە کۆمەڵێ جیاوازی و دید دەکات کە دەڵێ: (دوو دیدی تەواو جیاواز بۆ پەیوەندی نێوان ئینسان و هەقیقەتیش لە ئارادایە...)[٣٦] بێ ئەوەی ئە (دوو دیدە) ئاشکرا بکات، بەڵکو دەچێ بە تان وپۆی قسەی دیکەوە کە زۆر جار پەیوەندیان بە وەڵامی پرسیارەکەوە نامێنێ.

یان هەر لەبارەی مەنهەجەوە لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا ئەمە دەڵێ: (با جارێکی دیکە ئەو ڕاستیە مەنهەجییە دووبارە بکەمەوە کە

ڕەخنە بە هیچ مانایەك پاشکۆی ئەدەب نییە..)[٢٧]. ئێمەش لێرەدا کۆمەڵێ ڕاستی دەهێنینەوە کە هەمووی پێچەوانەی ئەو قسەیەی ئەوە. دەووترێ، (هەموو نووسەرێك و ڕەخنەگرێك دیدی زاتی خۆی هەیە، ئەوەی کە نوسەر دەیشارێتەوە ڕەخنەگر ئاشکرای دەکات) ئەمەیە ئەرکی ڕەخنە، نەوەکو ئەوەی (مەریوان وریا) بۆی دەچێ، یان دەوترێ (ئەوەی لە بەرهەمی نوسەر موجەڕەد بێ لەلای بەرهەمی ڕەخنەگر مەلمووسە). یان جۆرج پۆلیە - دەڵێ: (هەموو دەقێکی ئەدەبی ویستگەیەکی تیایە کە ڕەخنەگر لەوێ دەوەستێ و گوتاری خۆی دەنووسێ لە پانتاییە ڕێژەیەکەیدا).. ڕەخنە ئەوە نییە بەبێ دیاری کردن‌و دید کارێکی ئەدەبی بگرێ و لەسەری بنووسێ، وەکو ئەوەی کاك (مەریوان) کە لەسەر کەمخوێنی مەنهەجی کوردی نووسیویەتی، بەڵکو ڕەخنەگر بەدیدی خۆیەوە لەبەرامبەر شتێکدا دەوەستێ و لەسەری دەنووسێ، وەکو دکتۆر (مهند یونس) دەڵێ: (وەکو وەستانی (بیرگۆت) لە بەرامبەر تابلۆکەی (ڤێپر مێر) لە ڕۆمانی (گەڕان بە دوای زەمەنی ونبوودا)ی مارسیل پرۆست)[٢٨].

یان دەوترێ ڕەخنەگریش دیدی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەبێ ئەم دیدە لەگەڵ دیدێکی دیکە یەك بگرێ کە ئەویش دیدی نوسەرە، بەم جۆرە پرۆسەی تێرو تەسەلیە کە تۆکمە دەبێ، بۆیە ڕەخنەگر ناتوانێ بەبێ دەق بوونی هەبێ.. یان دەوترێ ڕاستە کە (مانا) لەلای نوسەر لەلای (ڕەخنەگر) دەبێتە (ئاماژە)، یان بە پێچەوانەوە... جیرار جینیت دەڵێ: (نوسەر لەگەڵ گەردوون قسە دەکا، بەڵام ڕەخنەگر لەگەڵ ئەدەب و ئامرازەکانیشی ئاماژەیە..) ئیدی چۆن ڕەخنە پاشکۆی ئەدەب نییە، یان دەوترێ، گوتاری ڕەخنەگر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوتاری ئیشی نوسەرە..

یان زۆر کە قسە دەکات ناتوانێ بە نموونەیەکی بچووک قسەکەی خۆی بسەلمێنێ، بۆ نموونە کە دەڵێ: (فەلسەفەی زات و فەلسەفەی دژبە زات یان دەرەوەی زات.. لە یەکەمیاندا گریمانی ئەوە ئەکرێت کە زاتێکی هەموو شتزان و خاوەن هەقیقەت و دەستنیشانکەر ئامادەیە و لە مەوقعێکی خوداییانەوە ئاگاداری هەموو ڕاستی و مەبەست و ماناکانە، تاد..)[٣٩]. ئەم قسەیە دەکا بێ ئەوەی نموونەیەکی هەبێ بۆیە خوێنەر بۆی هەیە ئەم قسەیە بەهی گیرفانی بزانێت، چونکی هیچ هەقیقەتێکی زانستی بەبێ بەڵگەو تاقیکردنەوە نییە.. یان کە دەڵێ: (گرنگیدان بە نوسەر خۆی وەك بەشێك لە خوێندنەوەی تێکست دەشێت بەشێك لە نهێنیەکانی تێکستمان بۆ دەرخات)[٤٠] جارێ وەکو ڕەخنە زانێك لەم بەشەی قسەیەدا هەر بۆ نموونە ئامازەی بە ڕەخنە گرێکی گەورەی وەکو (سانت پیڤ) نەکردووە کە ئەو لە ناو ڕەخنەگرانی دنیا بایەخی بە مێژووی کەسایەتی نوسەرداوە. یان لەشوێنێکی دیکە دەڵێ) هەندێك تێکستیش هەن بۆ خوێندنەوەیان ناچارین بۆ ژیانی تایبەت و مەبەستەکانی نووسەرەکەی بگەڕێینەوە)[٤١] نازانین ئەو تێکستانە کامانەن کە ئەم داواکاریانەمان لێ ئەکەن؟! جارێ نوسەرێك کە دەقێك دەنووسێ سەرەتا بۆ خۆی دەنووسێ دوا جار بۆ خوێنەر، ئەو نوسەرەیش هیچ شتێ لە پێش چاو نادا تا خوێنەر پێویستی بە زانیاری هەبێ لەبارەی ژیانی تایبەتی ئەوەوە تا لە تێکستەکەی بگات بۆ نموونە نوسەرێکی بۆرژوازی وەکو (گۆگۆل) تووشی دەردی سەری نەبوە تا بە هەزار حاڵ هەوڵبدات پارەی پاڵتۆیەك کۆکاتەوە و بیکڕێ تا لە سەرمای سەختی ڕوسیا بیپارێزێ و ئەنجا هات چیرۆکێکی داهێنەرانەی وەکو (پاڵتۆ) بنووسێ، بەڵام وەکو _فلادیمێر ناباکۆف– دەڵێ: (مەبەستی گۆگۆل یەکەم ویستویەتی ئیدانەی کارەساتەکانی بیرۆکراتی ڕووسیا

بکات)[٤٢] یان دەڵێ: (بۆ نموونە بۆ خوێندنـەوەی ئـەدەبی (هەمـەنگوای و مـارکیزو عـەبدولڕەحمان مونیـف) پێویسـتیمان بـە ناسـینی ژیـانی تاکـە کەسی ئـەو نوسـەرانە نییـە)[٤٣]. نـازانین ئەمـەیش لەسـەر چ گریمانەیـەك ڕاوەستاوە؟! ئەگەر خوێنەرێ یان ڕەخنەگرێ بیـەوێ بزانـێ هەمـەنگوای چی وای لێکردووە ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا) بنووسـێ نابـێ بزانـێ ئایا هەمەنگوای خۆی ڕاوچی بوە؟ یان سوودی لە (مۆبی دیك) وەرگرتووە بۆ نووسینی ئەو ڕۆمانە؟ یان ئەو چیرۆکە سـیحراویانەی نێـو ڕۆمـانی (سـەد سـاڵ تـەنیایی) مـارکیز چۆن ڕوویـان داوە یـان خـەیاڵێکی ڕووتـــە بـــۆی هاتوون، خوێنەر دەپرسێ بۆ نموونە (ئۆڤیلیا) ئەو کیژەی نێـو ڕۆمانەکـە کە دەمرێ بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان چۆن بوو؟ بەڵام مارکیز خۆی دەڵێ لە شارەکەی ئێمە وتیان کچێك مـردوو بـەرەو ئاسـمان بـەرزبوەوە، یـان چۆن بزانێ (عبد الرحمـن مونیـف) چۆن ئەوسـێ بەشـەی ڕۆمـانی (أرض السواد)ی نووسیوە ئەگەر نەزانێ دایکی عێراقیەو لە عێراق لەدایك بـوە و ژیاوە، بۆیە زۆر گرنگی بەو مێژووەی عێراق داوە؟ یان دەڵـێ: (بـەڵام بـۆ خوێندنەوەی شـیعری ڕامبـۆ و شـانۆگەریەکانی ژان ژێنیـە و شـیعرەکانی محمـد عومـەر عوسمـان و محمـود دەرویـش ناسـینی وردی ژیـانی نووسەرەکان زۆر نهێنی ناو تێکستە ئەدەبیەکانمان بۆ ڕووندەکەنەوە)[٤٤] ئەوەی شیعرەکانی (ڕامبۆ)یە سـەر تـا سـەری دنیـای داگیر کـرد لەسـەر سوڕمان بێتەوەی هەزاران خوێنەر ئاگایان لـە ژیـانی ڕامبـۆ بـێ، یـان ژان ژێنیـە کاتـێ لـە کوردسـتان شـانۆگەری (کارەکـەرەکان) نمـایش کـران و دەنگ و سەدا و جەماوەرێکی زۆر چوون بە پیریەوە و دەنگی دایەوە، بێ ئەوەی زۆربەی بینـەران نـاوی (ژان ژێنیـە) یـانیش بیسـتبێ. یـان (گوڵـە بەدەکان)ی بۆدلێر دنیای تووشی سەرسووڕمان کـرد بـێ ئـەوەی لەسـەدا

نەوەدی خوێنەرانی بزانن ئەو شاعیرە نەفرەت لێکراو بەد مەستە کێیە؟..

کەچی کاک (مەریوان) لە شوێنێکی دیکەی قسەکانی پێچەوانەی ئەو قسەیەی سەرەوە دەکات کە دەڵێ: (گریدانەوەی دنیای خەیاڵی نێو تێکستی ئەدەبی بە ژیان و بیۆگرافیا و مەبەستەکانی نووسەر خۆیەوە دیدێکی کورت بینە بۆ تێکست)[٤٥].

یان باسی ئەوە دەکات کە هیچ تێکستێك بێ نوسەر نییە، بەڵام ئەوەی لەبیر چووە دەیان دەق و سەدان تێکست هەن نوسەرەکانیان نادیارە و قەڵەم و کاغەزیان بەکارنەهێناوە وەکو ئەو دەڵێ، بگرە خاوەنی ئەو تێکستانە نەك کە دیار نین بگرە زۆربەشیان نەخوێنەوار بوون. بەتایبەتی ئەو تێکستە دەماودەم نەقڵ کراوانە، ئەفسانە و داستان و شیعری فۆلکلۆری، وەلێ دواجار خەڵکیدیکە هاتوون کۆیان کردوەتەوەو ئامادەیان کردووە و نەبوونەتە خاوەنی ئەو تێکستانە، بۆ نموونە (ئۆسکارمان) نەبۆتە خاوەن تێکستەکانی نێو (توحفەی موزەفەریە).. بۆ ئەم حوکم دانە موتڵەقانەی کاك مەریوان هیچ بنەماو ئەساسێکیان نییە، چونکی دەڵێ: (بێگومان تێکستی بێ نوسەر بوونی نییە، هەموو تێکستێك بۆ ئەوەی لە دایك بێت نووسەرێك هەڵدەستێ و قەڵەم و کاغەز دێنێت و دەست دەکات بە نووسین)[٤٦]. گەرچی ئەم قسەیە زۆر شتێکی بەدیهیە و دەمێ ساڵە چەندان نوسەری کورد ئەم قسەیان کردووە، گەرچی ئەم قسەیەی کاك مەریوان عەریزە نووسیش دەگرێتەوە چونکی ئەویش (هەڵدەستێ و قەڵەم کاغەز دێنێت و دەستدەکات بە نووسین)!.

یان لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا دەڵێ: (بارت لە نووسینێکی بەناوبانگیدا باس لە کۆتایی نووسەر و دەسەڵات و سەردەمی نوسەر

دەکات)[٤٧]. باشە کامە نووسینی -ڕۆڵان بارت-؟ چونکی بارت (١٥) کتێب و چەندین لێکۆڵینەوە و نووسینی هەیە کە لە ژماردن نایەن[٤٨]. وەکو (ئەفسانەییەکان)، (توێژینەوەی ڕەخنەیی)، (نووسین لە پلەی سفردا)، (ڕەخنەو حەقیقەت)، (چێژی دەق)...تاد.

بەڵام لاوەکی کردنی نوسەر لەلایەن (بارت)ەوە و ڕاگەیاندنی مەرگی دانەر یان نوسەر یەکێکە لەو چەمکانەی بونیادگەری کە لە ماوەیەکی قیاسیدا نەماو لەبەین چون، هەروەها دوای ئەویش تەفکیکیەت بە ماوەیەکی کورت. (ئەو هەڵوێستەی بارت سەبارەت بە دانەر یان نوسەر جیانابێتەوە لەو هەڵوێستەی (بارت) سەبارەت بە (خود) کە وەهمێکە ئەگەر خودی کەسایەتی دەقی ڕۆمان بێ، یان خودی نوسەر یان خودی ڕەخنەگر، بەڵکو تەنانەت خودی خوێنەریش)[٤٩] بە پێی ئەو قسەیەی بارت گوایە (نوسەر) یان (دانەر) دەمرێ و دەقێکی دی دێتە کایەوە کە ئەویش دەقی ڕەخنەگرە، وەلێ دەیان نوسەر تا ئێستا مردون وەکو مردنی فیزیکی بەڵام وەکو دەق و تێکست زیندوون، نموونەکانیش بێ ئەژمارن، لە دۆستۆفسکی و تۆلستۆیەوە تا دەگاتە ئەلیوت و ڕامبۆ، لە ئەلیوتەوە تا دەگاتە مارکیز... تاد. ئەو قسەیەی سەرەوەی مەریوان وریا خەتەرناکترین شتن لە ڕەخنەی کوردیدا کە تۆ قسەی یەکێك بکەیتەوە ئەڵێی لە فلانە شوێن و کات و ئەو زاتانەیش بۆ شایەتی قسەکە لەوێ بوون و ئەوانیش شایەتی بۆ بدەن، ئەگینا دەچێتە قالبی قسەی گیرفانەوە.. جارێکیان من ئەوەم وت کە ڕێبین هەردیو برادەرەکانی زۆرجار سەرچاوە بەکارناهێنن لە نووسینەکانیاندا، کەچی ئەو بە قسەی ناشرین وەلامی دامەوە، بەلام ئەمەتا ئەم قسانەی مەریوان سەرچاوەکانیان دیار نین و لە چ کتێبێکدا هاتوون؟!

یان لە شوێنێکی دیکە قسەیەکی دیکەی زۆر بە دیهیانە دەکات: (مەبەستی بارت لە مەرگی نووسەر مەرگێکی ئیستعارییە..)[٥٠] ئەم جۆرە تروحاتانە لەشەستەکاندا هەبوەو لە نوسەرانی بونیادگەریەوە مابۆوە.
یان لە شوێنێکی دیکە دەڵێ: (ڕەخنەگرانی ئێمە سیاسەت دروستیکردون و تا ئێستاش لەسەر ناوناوبانگێکی سیاسییانە دەژین)[٥١].

من دەڵێم ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەو ڕەخنەگرانە کامانەن کە پێچەوانەی ئەمانەن؟ تۆ بڵێی ئەو ڕەخنەنووسانە بن کە شتی خەڵکی دەهێننەوە و بە خوێنەر کوردی دەفرۆشن و وەکو تووتی ئلسل شتەکان دەڵێنەوە؟ تا ئێستا ئەمانە دەقێکیان نەنووسیوە لەسەر جەستەی دەقێکی کوردی بێ!.

من دەتوانم ناوی چەند ڕەخنەگر و توێژینەوەری دنیای بۆ بهێنمەوە کە زۆربەیان لە سیاسەتەوە هاتوون بۆ ئەدەب و بوون بە ڕەخنەگر، (سارتەر) ئەندامی حیزبی شیوعی بوو، بۆریس بۆرسۆف، هربرت مارکۆز، لطفی خولی، ئەندرێ مارلۆ، جۆرج لۆکاش، ئەرنست فیشەر، ڕۆمان یاکۆبسن، لۆسیان گۆڵدمان و فازڵ سامر و یاسین النصیر و حاتم صگر و چەندان ناوی دیکە...

یان لە جێگایەکی دیکە ئەمە دەڵێ: (ڕەخنەگران ئەمڕۆکە هەندێکیان بەشێکی زۆری دەستگاکانی بڵاوکردنەوەو چاپو میدیایان لە ژێر دەستدایەو هەندێکی دیکەیان پۆلەکانی زانکۆیان لەژێر دەستایەو لەوێوە پیادەی دەسەڵاتی ئەدەبی و ڕەخنەیی خۆیان دەکەن. ئەمانە بەردەوام ئەو دیدە بۆ ئەدەب و بۆ ڕەخنە و بۆ تێکست و بۆ خوێنەر بەرهەمدەهێننەوە کە لە یەك کاتدا تێکست و خوێنەر و هەموو هەوڵدانێکی مەنهەجیانەی قووڵ بۆ ڕامان لەو پەیوەندیانەی نووسەر و تێکست و خوێنەر بەیەکەوە گرێدەدات پەراوێز دەکەن)[٥٢].. من هەر

لێرەشدا کۆمەڵێ ناو دەهێنمەوە بۆ (مەریوان وریا) کە خۆی زۆر لە نووسینەکانیدا پەنایان بۆ دەبا و بە کەڵە توێژەرو ڕەخنەگر ناویان دەبات، تۆ بڵێی ئەمانەیش وەکو ڕەخنەگرەکانی لای خۆمان (هەموو هەوڵدانێکی مەنهەجیانەی قووڵ پەراوێز دەکەن)؟. بۆ نموونە (ڕۆلان بارت) مامۆستا بوو لە (کۆلیج دۆفرانس)، فۆکۆ، دریدا، شتراوس، هایدگەر، ژۆلیا کریستیڤا، التوسیر، فلادیمیر ناباکۆف، تازفیتان تۆدۆرف و ڕۆمان یاکوبسن و بگرە دەیانی دیکە مامۆستای زانکۆکانی دنیا بوون و لە دنیای ڕەخنە و توێژینەوەشدا ناویان دیارە و خاوەنی دەیان کتێبن لەو بارەیەوە، ئەمە جگە لە چەندینی دیکە خاوەنی دەزگای چاپەمەنیو گۆڤاری بەناوبانگ بوون، بۆ نموونە (سارتەر) خاوەنی (چەرخە نوێیەکان) بوو، سهێل ادریس خاوەنی گۆڤاری (اداب)ی بەیروتی بوو.. لە عێراق و وڵاتانی عەرەبیشدا گەورە ڕەخنەگران خاوەن گۆڤار و سەرنوسەری بڵاوکراوەو چاپەمەنین.. لە قسەکانیشیا دیارە کە ئەوانەش سەلەفیەتی ئەدەبین چونکی هەر ئەوانیش نەوەیەکن کۆی ئەو دەزگاو دامەزراو و ئامرازانەی لەبەر دەستدایە ! !

ئێمە لەم باسەدا بەرگری لە ڕەخنە و لە ڕەخنەگر ناکەین لە کوردستان، وەلێ ئامۆژگاریەکانی (مەریوان وریا) وا نینو هەڵەنو لە قسە ڕیزکردنو دووپاتکردنەوەی پەرەگراف و گوزارشەکان هیچی دیکەنین، یان زانیاری بێ سەرچاوەو ژێدەر ڕیز دەکات، ئەوێك کە نەتوانێ سووکترین پێناسە بۆ شیعر و ئەدەب دیاری بکات، ئەگەریش بیکات بەو پێوەرانە دەبێ کە بە خەیاڵی ئەودا دێن، کاتێ دەڵێ: (بەڵام ئەگەر پێناسێکی دیکەمان بۆ شیعر هەبوو کە تێیدا ئیتیفاقمان کردبێت لەسەر ئەوەی کە شیعر لێدان لە تەلی عاتیفە نییە، بەڵکو هەوڵدانێکی بەردەوام و فرە لایەن و بێکۆتایی ڕۆحێکی پشکنەر بۆ ناسینی وجود و ئینسان و

جیهان)[٥٣]. مەریوان وریا لەم قسەیەیدا پێیوایە ئەگەر شیعرێك یان ڕەخنەیەك بە پێی ئەو پێوەرانەی ئەو نەبێ کە لە باسەکەدا بۆی دانـاون. دەسا شیعرەکانیان لە (شیعربوون) -الشعرية- دەکەون، ژمارەیەکی زۆری ئەو جۆرە شاعیرانە دەمرن، هەروەها ڕەخنە گرەکـانیش دەکەون، ناوی ڕاستەقینەش لە خوێنەر دەسەنێتەوە. یان دەڵێ (ڕەخنە گرێکمان نییە بتوانێت و بیەوێت بۆ نموونە دیدی ئێمە بۆ شیعر تـازە کاتـەوە)[٥٤]. من سەد دەرسەد لەم قسەیەدا لەگەڵیدامو وایشە، بەڵام ئایا خۆی و برادەرانی گۆڤاری (ڕەهەند) توانیویانە بەو ئەرکە هەڵسن، یان هەندێ خەڵکی تازە کارو منالکار لە دنیای ئەدەبدا دێن خوێندنەوەی سەقەت پێشکەش دەکەن بۆ قەسیدەکانی هەندێ شاعیری ناسراوی کورد، وەك بڵێی بیانەوێ ئەو شاعیرانە بکەنە پرد بۆ پەڕینەوە بۆ ڕۆخ و کەناری ڕەخنە؟!

هەر لە هەمان پرسیاری دووەمدا ئەسڵی مەبەستی پرسیارەکەی لەبیر چووەو هاتووە کەوتۆتە (بەراوردکردنێك لە نێوان ئەو دیوانە تازەیەی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، دیوانی (گڕی دڵ) کە ئەمساڵ خستوویەتیە بەردەمی خوێنەران، لەگەڵ ئەزموونی گۆراندا)[٥٥].

پێی وایە ئەگەر دکتۆر عیزەدین ڕەخنەگر و توێژینەوەرێکی باش بوو دەبێ شاعیرێکی باش بێ، ! جاری ئێمە بەرگری لە دکتۆر عیزەدین ناکەین، چونکی وەکو شاعیر نەناسراوە، بەڵکو لێکۆڵەوەرو مامۆستای زانکۆیە چەندین کتێبی ئەکادیمی هەیە بە کوردی و بە عەرەبی وەکو (الواقعية في الادب الكردي)، (احمد خانی فیلسوفا و مفکرا) چەند لێکۆڵینەوە لە بارەی ژانرە ئەدەبیەکانی کوردیەوەو هەروەها لە بارەی ڕوانگەوە، دەبوایە کاك مەریوان بەر لەوەی ئەو قسە سەرپێیانە سەبارەت بە (گڕی دڵ) -ئەندێشە بە شیعر-ی دکتۆر عیزەدین بکات، لەو

پێشەکیەکەدا ئەم قسە مەتەوازیعەی دکتۆری بخوێنیبایەتەوە کە دەڵێ: (ئێستاش دەڵێم من شاعیر نیم و نەمویستووە لە کۆڕی شاعیراندا جێگەم بێتەوە)[٥٦]. ئیدی مەریوان وریا بۆچی لە زۆربەی نموونەکاندا هاتووەتە سەر باسی (شاعیریەتی) دکتۆر عیزەدین؟!.

یان لە شوێنێکی دیکە ئەمە دەڵێ: (هەمووان دەزانین گۆران لە قەسیدەیەکی بەناوبانگیدا لەوە ئەدوێت کە ناتوانێت خەیاڵ و هەست و وێناکردنەکانی بخاتە ناوچوار چێوەی هەڵبەستەکانییەوە)[٥٧].

ئەو بەیتەی قەسیدەکەی گۆران ئەمەیە کە دیارە کە مەریوان لە بیری نەماوە، ئەگینا بۆ زانینی خوێنەر دەیهێنایەوە:

....(هەرچەندەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم)...

ئەمەی -گۆران- ئەزمەی زۆرینەی داهێنەران دەگەیەنێ، کە خۆی لە خۆیدا هەقیقەتێك ڕوون دەکاتەوە، ئەمە لەو دەمە شیعریەدا فریا نەکەوتنی گۆران دەگەیەنێ تا ئەو خەیاڵە بخاتە ناو چوار چێوەیەك و هیچ پەیوەندیەکی نییە بەبێ دەنگی دوای داهێنان، مەکسیم گۆرکی دەڵێ: (بە چەندان سەعات لە پشتی مێزەوە دادەنیشتم تاکە دێڕێکم نەدەنووسی..)

یان باسی (بێدەنگی) لای گۆران و (بێدەنگی) لەلای دکتۆر عیزەدین دەکات، کە دەڵێ: (بێدەنگی لای گۆران بێدەنگی دوای قسە کردنێکی داهێنەرانە بێت.... لای دکتۆر عیزەدین بێدەنگی بەر لە قسەکردنێکی هونەرییە جۆرێکە لە لاڵبوون لە بەردەمی شیعر و دنیا و دیاردەکاندا)[٥٨]...

مەسەلەی بیرۆکەی ئەم (بێدەنگی)یە کە مەریوان وریا لەم نووسینەیدا وروژاندویەتی. (سۆزان زونتاغ) لە کتێبی (جوانکاریەکانی بێدەنگی)دا

باسی کردووە، کە باسی (بێدەنگی دوای قسەکردن دەکات، هەروەها (ئیریل. ئی. فیتن) لە لێکۆڵینەوەیکدا سەبارەت بە (بێدەنگی) لە چیرۆکەکانی (کلاریس لسبکتەر) دەکات لە ژێر ناونیشانی (گوتاری بێدەنگی پۆست مۆدێرنێتە لە کارەکانی ژنە نوسەری بەرازیلی، کلاریس لسبکتەر).. هەر لەوێدا باسی نوسەرێکی عەرەبی وەکو (ئیهاب حەسەن) دەکات کە دەڵێ: (حەسەن، چۆنیەتی تەوزیفکردنی بێدەنگی دیاری کرد بەو پێیەی کە جۆرێکە لە مەجاز بۆ جیاکردنەوەی جۆری نوێ لە نووسین، کە لە زۆربەی کولتوورەکانی ڕۆژئاوا سەری هەڵداو گەشەی کرد لە سالآنی ١٩٦٠-١٩٧٠).. بۆیە باسکردنی (بێ دەنگی) لە سێ و چوار ستوونی باسەکەی مەریوان کەشفێکی نوێ نییە تا بەسەر گۆران و دکتۆر عیزەدیندا بیسەپێنێ، بۆیە شتێکی تازەی پێشکەش نەکردوین. دەتوانین عیبارەو قسە لەو باسەی (فیتن) بهێنینەوە کە لەگەڵ ئەوەی کاك مەریوان جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە، بۆ نموونە دەڵێ: (شکست دەهێنێ لەوەی کە گوزارش بکا لەوەی هەراسانی کردوە، یان نەخشەیەك دارێژێ تا کۆنترۆڵی ئەو شڵەژان و نیگەرانی و تێکچوونە بکات کە هەستی پێدەکات)... یان دەڵێ (توانای قسەکردنی نەما لەگەڵ خەڵکیدا) یان (فیتن) دەڵێ: (بێدەنگی لە لای ئەو ژنە نووسەرە بەرازیلیە دەبێتە گەڕانەوە لەبەر زەحمەتی بەیەکگەیشتن و بۆ شکستی زمانیش بە تەواوی هەروەکو لە کارەکانی نوسەرانی پۆست مۆدێرنێتە ڕوو دەدات، نوسەرانی وەکو (بۆرخیس)، (بارثیلم)، (ناباکۆف)، (پیکیت)...).

یان کاك مەریوان لە لاپەڕە (٩٤)دا دەڵێ: (ئەو دەرسەی ئێمە لە گۆرانەوە فێریدەبین ئەمەیە: بۆ ئەوەی بتوانین بێدەنگبین دەبێ بدوێین)[٥٩] ئەوەی لە بیرچووە کە سەرەڕای ئەوەی -گۆران- شاعیرێکی

گەورەیە، وەلێ هەندێ شیعری هەیە، شیعرەکانی دکتۆر عـیزەدین لەوانـە زۆر بەهێزترن، بۆ نموونە:

(لە ژێر ئاسمانی شینا
لەپاڵ لوتکەی بەفرینا
کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام)

بەڵام لە گەورەیی گۆران کەم ناکەنەوە . . .

دکتۆر (عیزەدین)یش دەڵێ:

ڕاستت ئەوێ باڵندە بووم
دەریا و کێوو دەشتم ئەبڕی
سنووری زۆر خاکی گێتیم
بێ باك ئەدڕی
بە ئاستانی باپیرۆکا
بێ ترس هەڵچووم
گەڕۆکێ بووم
بێ ناوو ئەدرەس و ئەلبووم...

دواجار مەریوان وریا نازانێ بـێ دەنگیـەکی دیکـە هەیـە لـە ئـەدەبدا، بێدەنگ بوونەکـەی (رامبـۆ) بـۆ هـەتا هەتایە، کاتـێ لـە تەمـەنی هـەژدە ساڵیدا وازی لە شیعر هێنا و ڕووی کردە (حەبەشە) بۆ قاچاخچیەتی. یان ئەحمەد هەردی دوای (رازی تەنیایی) هیچی ئەوتۆی نەووت و تـا ساڵانی هەشتاکان بێدەنگ بوو، بەڵام کە بڕیاری دا هەندێ درێژە بـەو شـیعرانەی (رازی تەنیایی) بدات بێدەنگیـە جوانەکـەی (ڕازی تـەنیایی) شـڵەژان، لـە لوتکـەی بـەرزی شـیعری لاویـەوە هاتـە خـوارەوە و دیوانەکـەی فـراوان کردوە...

بێگومان ئەو تروحاتانەی مەریوان وریا لەو نووسینەیدا هێنـدە پـەل و پۆیان هاویشتووە و فرە ویژیـەکی ئـەوتۆی تیایـە، خوێنـەر لـە ئـەنجامدا دەگاتە ئەوە کە بڵێ یان ئەوەتا ئەمانە قسەی کـوردی نـین یان فرێدانـی کۆمەڵێ خوێندنەوەی بەسـەریەکەوە و دەبـێ بێـی دێـڕ بـە دێـڕ قسـەکان بخەیتەوە سەر ڕچەی ڕاستەقینەی خـۆی و ساغیان کەیتـەوە بـۆی، مـن زیاتر بۆ ئەوە دەچم کە خـاوەنی خـەیاڵێکی خۆشـی ڕەخنـەیی بـێ و بـە پێی ئەو خەیاڵە خۆشە مەرج بۆ هەموو شتێ دادەنێ، بۆ پێناسـە کردنـی شـیعر، بـۆ پێناسـەکردنی ئـەدەب، بـۆ پێناسـەکردنی ڕەخنـــە، بـــۆ پێناسەکردنی دەق و خوێنەر، بۆ پێناسەکردنی جوانکاری.. تاد. ئەو پێی وایە (ڕەخنەی کوردی ئەوەتەی هەیە ڕێ لە هاتنە کایـەی ئـەم ڕەهـەندە گرنگـەی ئـەزموونی ئینسـانی ئێمـە لـە پـەیوەندیدا بـە تێکسـت و کـارە هونەرییەکانـەوە دەگرێـت)[٦٠]... بێگومـان مەبەسـتی (جوانـی)یـە، یـان ڕێگای لەدایکبوونی ئەو جوانیە گرتـووە!! بـاش ئێمـەش دەپرسـین ئـەو جوانیانەی دەقی کوردی چیە کە ڕەخنەی کوردی باسی نەکردون؟! یـان کاك مەریوان بۆ ئاشکرایان ناکات، تا بڵێین ئەشـهەدومابیلا وایـە؟!. یـان دەڵـێ: (ئـەدەبی ئێمـە خـاوەنی کۆمـەڵێك تێکسـتی لـە ڕادەبـەدەر جوانـە)[٦١]..ئـەی بـۆ خـۆی لـە دەرەوەی ڕەو دەخوێنـێ (یغنـی خـارج السرب) و با بێت یەك لەو دوو تێکستانەمان بۆ بخوێنێتـەوە، نـەك بچێتـە سەر باسێکی وەکو (سیستەمی عیرفانی) کە کوردی نییە، یان نـەك بێـت لـە کتێبـی (دەسـەڵات و جیـاوازی) وەکـو خـۆی دەڵـێ: (بەشـێکی زۆری تەرخانە بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ و عەمەلیاتی ئەنفال و میکانیزمەکانی کارکردنی دەسـەڵات لـە وڵاتێکـی وەکـو عێـراقدا)[٦٢]. کـە خۆی لـە زۆربـەی ئـەو باسـەی بۆ ڕەخنـە دژ بـە سیاسـەت دەوەسـتێ و هەموو قەیرانە ئەدەبیـەکان دەگەڕێنێتـەوە بـۆ سیاسـەت، کـەچی دێ لـە

باتی ئەوەی کتێبێك لەسەر شیعری نالی و مەحوی و گۆران و نوری شێخ سالح بنووسێ، ئەو کتێبە دەخاتە بەردەست، چونکی بابەتێکی حازر بە دەستە..!!

یان دەڵێ: (ڕەخنە کە ئیشکردن نەبێت لەسەر تێکست، تێکستیش کە جیهانێك نەبێت پڕ لە بیرو بۆچوون و ئینسان و گروە و پڕۆژە و پێکدادان ململانێ و جوانی و خەمباری و تووڕەیی و هتد.. ئیدی چی لەوە ئاسانترە ببێت بە ڕەخنەگرو حوکمی دۆگمایی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی بدەیت..)[٦٣].

دیارە مەبەستی لەم قسەیە ڕەخنە واتا ئیشکردنە لەسەر دەق، کەچی ئەم قسەیەی بۆچوونەکانی لەمەوبەری هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەڵێ (ڕەخنە بە هیچ مانایەك پاشکۆی ئەدەب نییە)، وەکو دەزانین ئەدەب کۆمەڵێ تێکستە و ڕەخنە ئیش لەسەر ئەو تێکستانە دەکات، ئیدی دەبێ پێشکۆیی و پاشکۆیی چۆن بێ؟! تەنانەت (بارت)یش لە قسەکانی پێشووی پەشیمان بوەوە سەبارەت بە مردنی نووسەر..

یان دەڵێ: (بە بۆچوونی من لەناو هەر ڕەخنەگرێکی گەورەدا نوسەرێکی گەورەو لەناو هەر نووسەرێکی گەورەدا ڕەخنەگرێکی گەورە پەنهانە)[٦٤].

ئەمەیش وا نییە، ئەگەر وابووایە شاعیرێکی گەورەی وەکو (تی، ئێس، ئەلیوت) دەستنووسی چامەی (وێرانە خاك)ی نادا بە (ئەزرا پاوەند) تا پیا بچێتەوە و دەیان پەرەگراف و بەیتی لێ لابدات، یان بلینسکی بەو هەموو زانستە ڕەخنەییەی خۆیەوە شیعرێك یان ڕۆمانێکی نەنووسی، چونکی ئەگەر بینووسیبایە نەدەگەیشتە ئاستی بچووکترین ڕۆماننووسی ڕوسیا. ڕەخنەگر خۆی لە خۆیدا چاودێری ئیشی نوسەر دەکات. ڕاستە (مارسیل پرۆست) مومارەسەی نووسینی ڕەخنەی هەبوە،

بەڵام ئەو نووسینانە تەنها کۆمەڵێ ئینتباعات بوون، هەروەکو نووسینەکانی (ئەلیوت)، بەڵام زۆر دەگمەنە ڕەخنەگری گەورە ببێتە نووسەرێك یان شاعیرێك یان ڕۆماننووسێکی گەورە، تەنانەت موحازەرەکانی فلادیمیر ناباکۆف تەنها خوێندنەوەی چەند ڕۆمان و دەقێکی گەورە بوون، هەروەکو خوێندنەوەکانی (سومەرسێت مۆم) بۆ (١٠) دە ڕۆمانی نەمری جیهانی، چونکی ئەدەب ئامرازو ژانری تایبەتی خۆی، هەروەها ڕەخنە و ڕەخنەگریش.

یان ئەوانەی (سارتەر) دەربارەی (فلۆبێر) و (بۆدلێر) نووسیویەتی، باسی سەربووردی ژیانیان دەکات بە وردی، بێئەوەی دیاریکردنێکی ڕەخنەیی نووسیبێ بۆ کارە ئەدەبیەکانیان. ئەمانە (هەموو) نین بەڵکو (تاکن)و دەگمەنن..

یان لە وەڵامی پرسیاری چوارەم دا سەبارەت بە ئیلتیزام، دژی هەموو ڕەخنەگرە مارکسی و وجودیو غەیرە وجودی و واقیعی دەوەستێ و خۆی پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئیلتیزام، یەك دنیا ڕستەی پرسیار ڕیز دەکات، بێ ئەوەی هیچ ڕوون بکاتەوە و ئەنجامیش لەم پەرەگرافەدا دەڵێ: (ئیلتیزام کاتێك دەبێتە ڕەگەزێکی تایبەتی داهێنان، کە باوەشکردنێکی بەرپرسیارانە و فەلسەفیانە بێت بە جیهان و کێشەکانیدا لە دیدێکی ئەخلاقی واشەوە کە تێیدا نووسین سەرقاڵی زیاترکردنی بڕی جوانی و بڕی بەختەوەری و بڕی خۆشەویستی بێت لە جیهاندا)[٦٥].

ئیلتیزام وشەیەکی عەرەبیە (الالتزام) بە کوردیەکەی پتر واتای (پابەندبوون) دەدات و هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرێ، واتا پابەند بوون بە کێشەیەکەوە، پتر لەلای سارتەر کێشەکە سیاسیە، پتر ئەم ئەدەبی مونتەزیمەش لە داهێنانی ڕیالیزمی سۆشیالیستیە و ئەو پێناسەیەی مەریوان وریا قبووڵ ناکات، بۆیە وجودیەت هیچ کاتێك مەسەلەی ئیلتیزام

نایگرێتەوە چونکی بایەخ بە فینۆمینۆلۆژیا دەدات (الظاهراتیة)، ئەدەبی ناما قووڵ و پوچگەرایی (العبث) هەڵقووڵاویی ئەم دیدە وجودیەیە، کە مرۆڤی یاخیبوو (المتمرد) ئامادە دەکات و دژ بەو پابەند بوونە (ئیلتیزام)ە مارکسیەیە، (سارتەر) کاتێ (دەستە چەپەڵەکان)ی (الایادي القذرة)ی نووسی سەرومڕ دژ بەو ئیلتیزامە وەستا کە مەریوان وریا باسی دەکات!.. لەسەردەمێکدا (سارتەر) کتێبی (ئەدەبی مولتەزیم)ی نووسی لە هەندێ بیری وجودیانەی خۆی پاشگەز بووبۆوە..

دواجار مەریوان وریا پێی وایە هیچ ئەدەبێك نییە لە دەرەوەی ئیلتیزام بێت و (بەرهەمهێنانی هەستێکی ئەخلاقی و بەرپرسیاریەتێکی گەورە بەرامبەر بە جیهان)[٦٦]. (ئیلتیزامیش لەلای سارتەر جۆرێك بوو لە تەتەڕوف و هیچی دیکە)..

بۆیە نە ئەو ئیلتیزامە سارتەریە و نە ئەو ئیلتیزامە یوتوبیایەی مەریوان لە دنیای ئەدەبدا قبووڵ نین، یەکەمیان باوی نەماوەو دووەمیشیان وەکو وتمان یوتوبیایەکی (مەریوان وریا قانیع)ە !!

دیسان مەریوان لە وەڵامی پرسیاری پێنجەمیشدا هەمان بەدیهی و قسەی دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێ: (هەر ڕەخنەیەك لە تێکست خۆیەوە دەست پێبکات و سەرقاڵی دۆزینەوەی دەنگ و بێدەنگییەکانی ناو تێکست بێت ڕەخنەیەکی بەراوردکارە)[٦٧].

جارێ مەریوان وریا دیارە هیچی ئەوتۆی نەبیستوە لە بارەی (النقد المقارن)وە کە دەیان کتێبی لەسەر نووسراوەو شێوازو بۆچوونی خۆی هەیە هەروەها بنەماو ڕێسای خۆی هەیە بۆ خوێندنەوەی دەق کە بە کوردی (ئەدەبی بەراوردکاری)یەو یەکێ لە مامۆستایانی کورد کە پسپۆڕ لەم بوارە دکتۆر عەزیز گەردییەو چەند کتێبێکی هەیە، ئەمە سەرەڕای چەند دکتۆر و ڕەخنەگری بیانی و عەرەبی، دیارە ئەگەر ئەو قسەیەی

مەریوان وریا لەجێی خۆی بوایە کە دەڵێ هەموو (ڕەخنەیەك لە تێکستێك خۆیەوە دەست پێبکات ڕەخنەیەکی بەراوردکارە) ئیدی چ پێویستی بەو هەموو پسپۆڕو لێکۆڵینەوە و کتێبانە دەکرد لە بارەی ڕەخنەی بەراوردکارەوە (النقد المقارن) کە ئیشی ئەوەیە دوو دەق بەراورد دەکات لە هەموو ڕوویەکەوە و بێئەوەی تومەتی دزی بداتە پاڵ هیچ کامێك لەو دوو دەقە یان ئەو چەند دەقانە. لە لایەکی دیکەوە مەریوان باسی تێکستی تەنیایی (ڕۆبنسن کرۆسۆ)ی دەکا لە ئەدەب دا کە بوونی نییە. ! !

هەموو دەزانین (ڕۆبنسن کرۆسۆ) ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (دانیێل دیڤۆ)یە کە ئەو دەریاوانەیە تووڕ دەدرێتە دوورگەیەکەوەو بەتەنیایی هەڵدەکات و یوتوبیایەك بۆ خۆی دروست دەکات، لەمەیاندا زۆر سەرچیغانە بۆ مەسەلەی بەراوردکاری و ئەدەب چووە. ڕاستە کارتێکردن و ئیزافە و سوود وەرگرتن هەیە، بەلام وەرگرتنی دەقاو دەق یان گواستنەوەی بیری کەسانی دیکە لە قاڵبێکی جیاواز دا نیە.. بەو قسانەی دەیەوێ هەندێ پاکانە بکات بۆ هەندێ وەرگرتنی دەقی ئەدەبی دەقاو دەق، وەکو ئەوە وایە بلێی ئەحمەدی خانی، ڕۆمیۆ جۆلێتی خوێندوەتەوە ئەنجا (مەم و زینی) نووسیوە، یان بە پێچەوانەوە، کەچی ئەوەی زانراوە هەردوو شاعیرەکە (شەکسپیر و ئەحمەدی خانی) وەکو خاك و وەکو سەردەم و ولاتیش زۆر دوورن لەیەکەوە، بگرە هیچیان زمانی یەکدیان نەزانیوە و بڕواش ناکەم (خانی) زانیبێتی کە شەکسپیر کێیە؟

یان باسی (ئامێزانبوون) -التناهص- دەکات، پێیوایە هەموو تێکست و دەقەکانی دنیا تێ هەڵکێشی یەکدی و -التناص-ن! ! بۆ ئەم قسەیەشی پەنای بردوەتە بەر (ژولیا کریستیڤا) کە یەکێکە لەوانەی

(ئـالان سـۆکال و ژان بریمکۆنـت) لـە کتێبـی: (ئەوانـەی خۆیـان بەڕۆشـنبیریەوە دەردەخـەن) پێیـان دەڵـێ: (لـە نووسـینەکانیاندا بەشێوەیەکی دووبـارە چەمك و زاراوە زانستیەکان بەشێوەیەکی هەڵـە بەکار دێنـن یـان چۆن چەمکـە زانستییەکان بـە خراپـی بـەکاردێنن)[٦٨] جـارێ ئـاوێزانبوون (التنـاص) زۆر جیایـە لەگـەڵ وەرگرتنـی دەقێك بـێ ئەوەی ئاماژەی پێ بدەیت، ئامێزان بوون، دەقێك یان بەشێك لـە دەقێك تەوزیف بکەیت بۆ دەقێکی دیکە و ئاماژەی پێ بدەیـت، هـەر بـۆ نموونـە چامەی (وێرانە خـاك)ی ئـەلیوت کـە چـەندین دەقـی دیکـەی تیـا ئـاوێزە کردووەو ئاماژەی بە دەقەکان داوە، وەکو دەقەکانی (سـفر التکویـن) لە تەورات و ئینجیل و چەندین دەقی دیکە، یان (ولێم گۆڵدنیك) بۆ نووسینی ڕۆمـانی (پاشـای مێـش) سـوودی لـە ڕۆمـانێکی سـەدەی هەژدەیـەم وەرگرتـوەو ئاماژەیشـی پێـداوە. مـەریوان وریـا پێـی وایـە (هاوچـەرخ بوون)یش میتـۆدو مەنهەجێکـە لـە فیکـر و ڕۆشـنبیریدا، هاوچەرخ دەبێ (المعاصر) لە لای ئەو واتای چی بێ؟ تۆ بڵێی زاراوەیەك بـێ لـە چەشـنی ڕیالیزم و بونیادگەری و مۆدێرنیزم؟ یان ڕەخنەی هاوچەرخ و نا هاوچەرخ لـەلای ئـەو چـی دەگەیـەنێ؟. وەکـو زانـراوە ڕەخنـە کۆمـەڵێ میتـۆد و مەنهەجـەو شـان بـە شـانی دەقـەکان ڕێدەکـات و چـەرخی خـۆی دیـاری دەکـات و دەقـی سـەدەکان دەخوێنێتـەوە، مێـژووی مرۆڤایـەتیش بـە قۆناغـەکان دیـاری کـراوە نـەك بـە سـەردەم یان چـەرخ، چونکـی چـەرخ بەشێکە لە قۆناغ، چونکی قۆناغ سەدان ساڵ دەگرێتەوە، وەلـێ دەشـێ چـەرخ سـەدەیەك تێپـەڕ نـەکات، بۆیـە کـە باسـی (ڕەخنـەی هاوچـەرخ) دەکەین دەبێ چەمکی ئەو ڕەخنە و چەرخە پێناسە بکەین، یان ڕەخنەی بەراوردکاری بـە موهاتـەرات تێدەگـات، هـەروەکو لەمەوبـەر وتم مـەریوان دیارە تۆسقاڵێك زانیاری نییە لە بارەی ئەم هەموو کتێبەوە کە لـەبارەی

(النقد المقارن) ڕەخنەی بەراوردکاریەوە نوسراون و وانەیەکی تایبەتیشە لە زۆربەی زانکۆکانی دنیا. یەکێك لە مامۆستاکانیشی (ئەدوارد سەعید)ە.. باشە ئەو چۆن لە ڕەخنەی بەراوردکاری گەیشتوە؟!.

بێگومان ئەو هەوڵدانانەی کە لە بواری ڕەخنەی بەراوردکاری کوردیدا هەیە، یەکێك لە نووسینەکانی مەریوان وریای گرتۆتەوە بۆیە وا هەڵچووە ئەو ئەگەر بڵێ هەموو (ڕەخنەیەك لە تێکست خۆیەوە دەست پێبکات ڕەخنەیەکی بەراوردکارە) وەلێ تێی نەگەیاندوین چۆن و بە چ پێوەر و مەنهەجێك؟!. یان باشە کاك مەریوان دەڵێ گوایە نەبوونی ڕەخنەی بەراوردکاری زیانی گەورەی لە داهێنەرە گەورەکانی ئەدەبی کوردی داوە؟ باشە کەچی لەمەوبەر دەڵێ‌هەموو ڕەخنەیەك لە تێکستەوە دەست پێبکات ڕەخنەیەکی بەراوردکارە! ئەوەی ئێمە و خوێنەرانیش بیزانین ڕەخنەیەك نییە لە تێکست خۆیەوە دەست پێنەکات، تۆ بڵێی لەسەر هەوا دەست پێبکات؟! لە شوێنێکی دیکەش زۆر نەقیزی بۆچوونەکانی لەمەوبەری خۆی قسە دەکات، کە پێی وایە ئەگەر ڕەخنەی بەراورکاری هەبوو: (ساتەوەختە مێژووییە تایبەتیەکانی ئێمە بە مێژووی داهێنانی جیهانی تێکەڵ نەکەن)[٦٩].

کەچی لەمەوبەریش باسی ئەوە دەکات کە تێکستی تەنیایی ڕۆبنسن کرۆسۆیی نییە و هەموو ساتە وەختەکان و داهێنانەکان تێکەڵن و یەك ئەوی دیکە ڕادەکێشێ. ئێستا کورد چەند پسپۆڕێکی هەیە کە لە بواری ڕەخنەی بەراوردکاری ئیشیان کردووەو کتێبیان هەیە وەکو دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول و دکتۆر عەزیز گەردی... تاد.

مەریوان وریا، یان وێنەی (نالی) دەهێنێ گوایە تاوانبار کراوە بەوەی (ئیستعارەو وێنەی شیعری لە ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی و فارسیەوە دزیوە)[٧٠]. جارێکی دیکە جیاوازی ناکات لە نێوان دزی و بەراوردکاری

یان کارتێکردن، وەکو لەمەوبەر وتمان تۆ بڵێی شەکسپیر و ئەحمەدی خانی (ڕۆمیۆو جۆلیت)و (مەم‌وزین) یان لە یەکدی دزیبێ؟! گەرچی خەڵکێك دێن ئەم دوو تێکستە بەراورد دەکەن و ناڵێن دەقی لەیەکدی دزراوە و ئاوێزان بوونیش (التناص) نین. دزینی دەق زۆر جودایە لەگەڵ ئەم دوو شتە، دزی ئەدەبی ئێستا جۆری هەیە، ئەو جۆرە کلاسیە نەماوە سەرومڕ دەقێکی ئەدەبی بدزرێ، بەڵکو چەندین پارچە و پەرەگراف لە دەقێك وەردەگیرێ بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکرێ.. یان لە مەریوان وریا چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکەین ئەم قسەیە بکات: (ئەوەی دزی ئەدەبی دەکات بالێگەڕێین ویژدانی خۆی موحاکەمەی بکات)[٧١].

ئێمەیش دەڵێین باشە ئەوەی ویژدانی هەبێ هەرگیز بەری ڕەنجی خەڵکی دیکە دەدزێت، با ئەو دزیە هەر چییەك بێ نەخوازەلا دزی ئەدەبی کە ئەمەیان کارەساتی فیکری مرۆڤایەتیە؟!. یان دەڵێ: (هەندێك کەسی دیکەش هەن هەموو وێکچوونێك لە نێوان بەرهەمێکی عەقڵی و خەیاڵی نووسەرێکی کورد و بەرهەمی یەکێکی دیکەی سەر ئەم هەسارەیە ڕاستەوخۆ بە دزی لەقەڵەم دەدەن)[٧٢].

بۆ ئەم قسەیەی مەریوان وریا سەرنجی بۆ نووسینێکی وەرگێڕدراو ڕادەکێشم کە لە گۆڤاری (ئایندە) ژمارە ٢٢ دا بڵاوبوەتەوە، بە ناونیشانی (خەڵاتی ئەو کەسانە دەکرێت کە دزییە فیکریەکان دەدۆزنەوە)[٧٣] کە عبداللە سیوەیلی وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و تێدا هاتووە: (لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا ناتوانیت تەنها یەك پیت لە بیر یارێك یان ئەدیبێکەوە وەربگرێت ئەگەر بێتو ناوی خاوەنەکەی نەهێنیت، بەتایبەتی لە ئینگلترە مافێك هەیە کە پێی دەوترێت (مافی گواستنەوەی فیکری)، بەپێی ئەم مافە دەبێت پارەیەکی دیاری کراو بدرێت بەو بیریارە).. یان لەو نووسینەدا هاتووە: (د. صلاح فضل پێیوایە کە دەبێ

جیاوازی بکەین لــە نێـوان کەڵەکە بوونـی زانیـاری نـاو لێکۆڵینـەوەکان و نووسینە ڕووناکبیریەکان، مەرجی ئەمانەتیش لەم کەڵەکەبوونەدا بریتییـە لە ئاماژەکردن بە خــاوەنی قسـەکان، بـەم کـارەش ئـەوان نابنـە دز)[٧٤].
دەسا منیش بەو دکتۆر (صلاح فضل)ە دەڵـێم لـەلای ئـەدەبی ئێمـە لـەم ڕووەوە خــەرمان بەرەکـەت هێنـدە لەم خەڵکانـە هــەن کــە وا دەکــەن و ئاماژەیش بەکەس نادەن..

سـەرنجەکان زۆرن دەربـارەی ئـەو نووسـینەی مـەریوان وریـا قــانیع. وەلــێ ئەمانـە مشـتێکن لـە خـەروارێك، جـاریێ ڕسـتەکان و پــەرەگراف و زاراوەکــان زۆر لــە ڕادەبــەدەر دووبـارە کراونەتــەوە ویسـتم لیســت و ئامارێکیان بۆ بکەم، بەڵام کات بە فیڕۆ دانـە.. دوا قسەشـم بـەم وتەیـەی (بارت) خۆی کۆتایی پێ دەهێنم کـە لـە (چێـژی دەق)دا دەڵـێ: (ڕەخنـە خوێندنەوەیە واتا کۆمەڵێ ستراتیژ و مــانۆری میتـۆدی و ڕەوانبێژیـە، کـە گوزارش لە خودی خۆیان دەکەن، یان لەوانەیە گوزارش لە خودی خۆیان نەکــەن، هیچیــان نییــە جگــە لــەوەی تەنــها خــودی خۆیــان وەســف دەکەن)[٧٥].

سەرچاوەکان:

١- گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ژمارە: (١ و ١٥) ساڵی ١٩٩٩.
٢- گۆڤاری (ئاینده) ژمارە (٥ و ٦ و ٧ و ٨ - ٩) ساڵی ٢٠٠٠،١٩٩٩.
٣- گۆڤاری (رەهەند) ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٨.
٤- گۆڤاری (ئازادی) ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢.
٥- گۆڤاری (ئێستا) ژمارە (١٦) ساڵی ١٩٩٩.
٦- عالم الفكر المجلد العشرون، العدد الرابع ليناير، فبراير، مارس١٩٩٠.
٧- أدب الفنتازيا مدخل الى الواقع.. ت .. ي .. ابتر. ترجمة صبار سعدون السعدون. منشورات وزارة الثقافة العراقية.
٨- البحث عن الزمن المفقود. ترجمة الياس بدوي، منشورات وزارة الثقافة والارشارد القومي. دمشق.
٩- دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا. مەلا بەختیار (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ساڵی ٢٠٠٠.
١٠- الشعرية العربية - أدونيس - دار الاداب ١٩٨٥.
١١- گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٠) دیمەشق ١٩٧٨.
١٢- نۆڤلێتی _حەسار) شێرزاد حەسەن.
١٣- مەرگی تاقانەی دووەم - رۆمان - بەختیار عەلی.
١٤- ئێوارەی پەروانە - رۆمان - بەختیار عەلی.
١٥- دمشق الحرائق - مجموعة قصص - زكريا تامر - دمشق.
١٦- گۆڤاری (المدى) ژمارە (١٤) ١٩٩٦.
١٧- گۆڤاری (رامان) ژمارە (٢٧) و (٢٣).
١٨- مارسيل بروست والتخلص من الزمن - جيرمين بيرية. ترجمة نجيب المانع، اصدارات دار شؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦.
١٩- رواية (فقهاء الظلام) سليم بركات.
٢٠- گۆڤاری بەیان ژمارە (٤٨) ١٩٧٧.
٢١- کۆمەڵە چیرۆکی (نێچیر) محمد موکری ١٩٩٨.
٢٢- گۆڤاری (ئێستا) ژمارە (١٨) ساڵی ١٩٩٩.
٢٣- گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٦) ساڵی ١٩٩٨.
٢٤- گۆڤاری (پەیڤین) ژمارە (٧) ١٩٩٩.

٢٥- ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (١١٨٨ و ١١٩٧) ساڵی ١٩٩٠.
٢٦- ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە (سفر)، (١٨ و ٣٢ و ٤٢ و ٤٣) ساڵی ١٩٨٩ ، ١٩٩٠.
٢٧- لەبارەی دیموکراسیەوە وەڵامێک بۆ کاک مەلا بەختیار، ساڵی ٢٠٠١، سلێمانی، ڕێبین هەردی.
٢٨- گۆڤاری (العربي) ژمارە ٤٩٤ یەنایەر ساڵی ٢٠٠٠.
٢٩- ئاینده/ ژمارە - ٢٤، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم \ سلێمانی.
٣٠- مفاهيم نقديه، رينيه ويليك، ترجمه محمد عصفور -١٩٨٧ - الكويت.
٣١- ديناميه النص، محمد مفتاح، بيروت و الدار البيچاو ١٩٨٧.
٣٢- الجوهري، الصحاح في اللغه و العلوم، بيروت ١٩٧٤.
٣٣- على جواد الگاهر، مقدمه في النقد الادبي، بغداد ١٩٨٣.
٣٤- اتجاهات النقد الادبي الحديث في العراق - داود سلوم - ١٩٨٩ الموصل.
٣٥- ئاینده ژمارە ٢٤.
٣٦- هەمان سەرچاوە.
٣٧- هەمان سەرچاوە.
٣٨- الموقف الپقاڤي العدد ٦ السنه الاولى ١٩٩٦ العراق.
٣٩- ئاینده ژمارە ٢٤.
٤٠- هەمان سەرچاوە.
٤١- هەمان سەرچاوە.
٤٢- محاچرات في الادب -فلاديمير ناباكوف.
٤٣- گۆڤاری ئاینده ژمارە ٢٤.
٤٤- هەمان سەرچاوە.
٤٥- هەمان سەرچاوە.
٤٦- هەمان سەرچاوە.
٤٧- هەمان سەرچاوە.
٤٨- عشرون عاما على رحيل رولان بارت، الحسن المختار، جريده البيان الاماراتيه العدد ٤٨، ١٠ /١٢/٢٠٠٠.
٤٩- هەمان سەرچاوە.
٥٠- ئاییندەی ژمارە ٢٤.
٥١- ئاییندەی ژمارە ٢٤.
٥٢- ئاییندەی ژمارە ٢٤.

٥٣- ئایندەی ژمارە ٢٤.
٥٤- ئایندەی ژمارە ٢٤.
٥٥- ئایندەی ژمارە ٢٤.
٥٦- گرێی دڵ -ئەندێشە بە شیعر، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ساڵی ٢٠٠١ سلێمانی.
٥٧- ئایندەی ژمارە ٢٤.
٥٨- هەمان سەرچاوە.
٥٩- هەمان سەرچاوە.
٦٠- هەمان سەرچاوە.
٦١- هەمان سەرچاوە.
٦٢- هەمان سەرچاوە.
٦٣- هەمان سەرچاوە.
٦٤- هەمان سەرچاوە.
٦٥- هەمان سەرچاوە.
٦٦- هەمان سەرچاوە.
٦٧- هەمان سەرچاوە.
٦٨- گۆڤاری (العربي) ژمارە (٤٩٤) ساڵی ٢٠٠٠ الكويت.
٦٩- گۆڤاری ئایندەی ژمارە ٢٤.
٧٠- هەمان سەرچاوە.
٧١- هەمان سەرچاوە.
٧٢- هەمان سەرچاوە.
٧٣- ئایندە ژمارە ٢٢ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٧٤- هەمان سەرچاوە.
٧٥- عشرون عاما على رحيل رولان بارت، اعداد، الحسن المختار جريده البيان الاماراتيه، بيان الپقافه العدد ٤٨، ١٠ / ١٢ / ٢٠٠٠.
٧٦- مجلة الثقافة الاجنبية العدد الاول لسنة ٢٠٠١، خطاب الصمت ما بعد الحداثة في اعمال الكاتبة البرازيلية كلاريس لسبكتر.. ايرل، اي، فيتز، ترجمه مازن جاسم الحلو...

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

ژ	ناوی کتێب	جۆر	نوسەر
١	چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز	دەقی ئەدەبی	هێمن
٢	ئەژدیها	ڕۆمان	موکری
٣	چەپکێ کورتە چیرۆکی ڕوسی	چیرۆك	و/موکری
٤	بەناوی ژیانەوە..ئەریك فرۆم	لێکۆڵینەوە	و/ئازاد بەرزنجی
٥	فەرهەنگی خەم/٤	شیعر	حەسیب قەرەداخی
٦	سەما	کورتە چیرۆك	ڕەئووف بێگەرد
٧	قوبادی جەلی زادە	شیعر	قوبادی جەلی زادە
٨	ژوانگەی ژان و هەژان	ڕۆمانە شیعر	جەمال شارباژێری
٩	کورد و ئاشوری	لێکۆڵینەوە	کرێکار عەبدوڵا حوسێن
١٠	بۆننامە	قەسیدەیەکی درێژ	شێرکۆ بێکەس
١١	لە خزمەتی ئەدەبدا	لێکۆڵینەوە	مەلا بەختیار
١٢	بازنەکانی ململانێی و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی کورد	لێکۆڵینەوە	مەحمود مەلا عیزەت
١٣	سەرچاوەکانی کوردناسی	مێژوو	د.فەرهاد پیربال
١٤	باران	کورتە چیرۆك	حەسەن جاف
١٥	دارمانی خەونەکان	شیعر	محەمەد ڕەنجاو

١٦	موسافیر و چاوەڕوانی نەورەسێک	شیعر	ئاسۆ جەبار
١٧	کەنارەکانی خەون	شیعر	شیرین.ک
١٨	چناری شێر	ڕۆمان	جەبار جەمال غەریب
١٩	بەسەرهاتی سیاسی کورد	ڕوداوی سیاسی	میرزا موحەمەد ئەمین
٢٠	ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا	یاداشت	جەمال نەبەز
٢١	هەڵۆکانی ژێر خاک	کورتە چیرۆک	محەمەد ڕەشید فەتتاح
٢٢	کەمتیار	ڕۆمان	کەریم دەشتی
٢٣	چیرۆکی حکومەتێکی خەیاڵی	چیرۆک/مێژوو	مامۆستا زێوەر
٢٤	ئەم ژوورە هیچی تیانییە	هەڵبژاردەیەکە لە شیعری گەلان	و/لەتیف هەڵمەت
٢٥	تیرێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس	ڕەخنە	کۆمەڵێ نوسەر
٢٦	هوشیاری دەروونی	سایکۆلۆژی	فوئاد تاهیر صادق
٢٧	مەلی بەفر	ڕۆمان	غەفور صالح عبدالله
٢٨	تەنیا مەرگ	سی دەقی شانۆیی	و: عبدالمطلب عبدالله
٢٩	ڕۆژنامەی کوردستان	ڕۆژنامەگەریی	و/شێرزاد کەریم
٣٠	ئێمە ئەم شیعرانەمان نوسیووە	ئەدەبی منداڵان	و/د.عەزیز گەردی
٣١	چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا	ڕۆمان	و/ئەرخەوان
٣٢	سێ تەڵ وەنەوشە بۆ کەزێ کانی شیعر	ڕەخنە	ڕەئوف عوسمان
٣٣	یاداشتەکانی گیڤارا	یاداشت	و/بورهان قانع
٣٤	ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ	ڕەخنەی ئەدەبی	د.کەمال مەعروف
٣٥	نزار قەبانی	ئەدەبی	تەها بابان
٣٦	کافکا	ئەدەبی	هیمدادی حوسێن
٣٧	دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا	ڕەخنە	مەلابەختیار
٣٨	بنەماکانی مۆزیک	مۆزیک	ع.ج.سەگرمە

٣٩	شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین	شیعر	ئەحمەد باوەڕ
٤٠	یادگاری خانەقاە	یاداشت و شیعر	بنەماڵەی شێخ ڕەئوف
٤١	تەنیا ئاو تەنیا باران	شیعر	عبدالمطلب عبدالله
٤٢	لەکەناری ڕوباری پیدرادا دانیشتم و گریام	ڕۆمان	و/ یاسین عومەر
٤٣	بێ کتێب هەڵناکەم	تێڕوانینی ئەدەبی	شێرزاد حەسەن
٤٤	پاڕانەوە لەئاو	شیعر	جەمال غەمبار
٤٥	شاتوو	چیرۆک	د. عیزەدین مستەفا
٤٦	کۆمەڵگای کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی	لێکۆڵینەوە	عەتا قەرەداغی
٤٧	دەربارەی هونەری سەرکردایەتی کردن	سایکۆلۆژی	و: سابیر بکر بۆکانی
٤٨	لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژییە لەمەڕ کۆمەڵگای کورد	کوردۆلۆژی	ڕەحیم سابیر
٤٩	مولازم تەحسین و شتی تریش	نۆڤلێت	د. فەرهاد پیرباڵ
٥٠	دەربارەی ئەدەب و مێژوو	ئەدەبی	ئومێد ئاشنا
٥١	دوای بیست ساڵ	شانۆگەری	یاسین قادر بەرزنجی
٥٢	ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتیەکان	لێکۆڵینەوە	و: شوان ئەحمەد
٥٣	نمایشی جەستە بێدەنگەکان	چیرۆک	سەمەد ئەحمەد
٥٤	گەڕانەوە بۆ حەیفا	نۆڤلێت	و: ئەحمەد عارف
٥٥	ئەلف / تێکست	ڕەخنە	محەمەد نوری ئەحمەد
٥٦	سۆنێتەکانی ولیەم شەکسپیر	سۆنێتە	و: کاوە ئیبراهیم محمد
٥٧	ڕەخنەی کوردی لە لوتکەی لۆژکەوە بۆ هەڵدێری جنێو	غەفور ساڵح عەبدوڵلا	کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەیی